

# ئاینده ئێستایه


خاوەن ئیمتیاز : حسێن عارف

سەرنووسەر : دڵشاد عەبدوڵڵا

دەستەی نووسەران :

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل – کامەران سوبحان - سەباح ڕەنجدەر – دانا فایەق – ئیدریس عەلی

سەرپەرشتی هونەریی: حەمید ئەزمودە

کۆوارێکی ئەدەبییە دوومانگ جارێک دەزگای ئاراس و سەردەم وەکو پڕۆژەی هاوبەش بڵاویدەکەنەوە

ناونیشان : هەولێر ، شەقامی گوڵان ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

سلێمانی ، شەقامی سالم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

تەلەفۆن : سەرنووسەر ٠٧٥٠٤٥١٢٧٨٦ ، ٠٧٧٠١٥٣٢١٤٥

ئیمێڵ: dlshad 7@yahoo.com - aeynda@yahoo.com

ژمارە ( ٩٠ ) مایسی ٢٠١٠

نرخ ١٥٠٠

# ناوەڕۆک


٤ – لەپکە و مازی ........................ سەرنووسەر
٦ – ڕوانینێکی بنیادگەرانە ........................ پێشڕەو عەبدوڵڵا
١٢ – چەند سەرنجێک لە شیعری بەردی هەتاو ........................ هادی محەمەدی
٢٤ – لەبەر دەروازەی کرێملین شین دەگێڕم ........................ و: لەیلا ساڵحی
٣٠ – پووچی و جوانی ........................ و: ڕەسووڵ سوڵتانی
٣٤ – دیدار : محەمەدی حەمە باقی ........................ کامەران سوبحان ـ دانافایەق
٥٢ – دیدار : زوهدی داودی ........................ سەلاح حەسەن پاڵەوان
٥٦ – دیدار : گەروس عەبدولمەلکیان ........................ دانا فایەق
٦٢ – ئەلف لام میم ........................ کەوڵۆسی
٦٨ – داخران ........................ عیسا چیایی
٧٠ – منداڵانی گەڕەک ........................ هیوا قادر
٧٢ – مردنی من و خۆم ........................ حەمە کاکەڕەش
٧٤ – لە گوڵزارا ........................ کاوە گوڵ کار
٧٦ – چەند دلڕەقە ساڵ ........................ هۆشیار عەبدوڵڵا
٧٨ – پێشانگای دووەمی جەنگ ........................ حوسێن لەتیف

٨٠ – سووتەمەرۆ ........ محەمەد ئەمین ئەحمەد

٨٤ –تۆفان ........ جەلیل کاکەوەیس

٨٨ – دوو کورتە چیرۆک ........ شیرین . ک

٩١ – خەون ........ موعتەسەم ساڵەیی

٩٦ – سوپرمانەکەی شانگەهای ........ و:ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

١٠٠ – سێهەمین ڕۆخی ڕووبارەکە ........ و: سابیر مەلوول شاکر

١٠٤ – چاوخشاندنێک بەسەر نامە گۆڕینەوەی نێوان ........ و: شۆڕش سوڵتانی

١١٠ – ڤان کوخ : ژیانێکی تاریک لە ژوورێکدا ........ و: هەورامان وریا قانع

١١٤ – شەوکوتەکان : وەک ڕۆمانێکی واقیعی ........ ئیدریس عەلی

١١٨ – جەمال غەمبار و ڕووبارێک بە قەڵەمی خۆی ........ ئیدریس عەلی

١٢٢ –بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥ ـ ٢٠٠٥ ........ .کەمال غەمبار

١٢٦ –(لەبات) نیشتیمانی منە ........ کامەران سوبحان

# لەپکە و مازی

پڕۆژەی کاری هاوبەش لە نێوان هەردوو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس) و (سەردەم) دەگەڕێتەوە بۆ دوو ساڵ لەمەوبەر، ئەوکات لەچەند دانشتنێکدا باسی چاپکردنی کتێب پێکەوە و دۆزینەوەی بازاڕی فرۆشتنیان و دامەزراندنی ناوەندێکی دابەشکردن کرا، بەداخەوە شتێکی ئەوتۆی لێ شین نەبوو، قسەوباسەکانیش هەروەکو پڕۆژەی ناو دانیشتنەکان مانەوە ، بەڵام نییەتی هاوکاری لە لایەن هەردوولا هەر لە ئارادا بوو.

لە ماوەی چەند هەفتەی دواییدا کە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بە زمانی ئاشکرا رایگەیاند کە تووشی گرفتی دارایی بووە و ناچارە هەندێک لە گۆڤارەکانی گۆشاوگۆش سەرببڕێ بۆ دەرباز بوون لەو گرفتە، یەکێک لەو گۆڤارانەش ئاینده و ئەوی تریشیان ڕۆڤار بوو، سەرەڕای گۆڤارەکانی تریش.

دیارە ئەو جۆرە بڕیارە زۆر کاریگەریان دەبوو لەسەر ڕەوتی گۆڤارەکان و ئەگەر ئەوەی سەردەم بڕیاری لێ دا بوو جێبەجێ بکرابا هەردوو گۆڤاری ناو براو دەبوونە قوربانی، چونکە دیارە گۆڤارێکی ئەدەبی سێ مانگ جارێک بڵاوبکرێتەوە و پاداشتی نووسەرەکانی نەدرێ و بەکاغەزوو بەرگی خراپیش چاپ بکرێ چی دەگەیەنێت ؟ ئەوە خراپترین جۆری مەرگییان دەبوو.

کورد دەڵێ: عێل باوانی عێلە . سەرۆکی دەزگای ئاراس کاک بەدران ئەحمەد کە دۆستی دەزگای سەردەم و برادەرێکی نزیکی منە ئەو هەواڵەی بیستبووەوە، بۆیە بە پەرۆشەوە ئەو پڕۆژە کۆنەی زیندوو کردەوە و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەموو جۆرە هاوکاری و پشتیوانییەک و لەوانەش چاپ کردنی هەردوو گۆڤارەکەوگرتنە ئەستۆی بەشی هەرە زۆری تێچوونیان ، کە ئەو هەڵوێستە مەردانەیە مایەی ستایش و پێزانینە. ئەو بەدەنگەوە هاتنە لە لایەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەزگای سەردەمەوە بە جوانی هەڵسەنگێنرا و بڕیاری ئەوەش درا کە بخرێتە قاڵبی جێبەجێکردنەوە. بە پێی بڕیاری ژمارە (٢٠٩) ی ڕۆژی ٢٠١٠/٤/١٢ لە لایەن ئەنجومەنی ناوبراوەوە ڕاسپێردرام بۆ جێبەجێکردنی، وەکو پڕۆژەیەکی هاوبەش بۆ ئەوەی لە هەولێر کە پایتەختی هەرێمە خولێکی تازەی هەردوو گۆڤاری( ئاینده و ڕۆڤار) دەست پێ بکەین.دیارە بۆ من ئەم هەنگاوە بە دوولاوە قازانجی تێدایە، یەکیان بەوەی گۆڤارەکان کە هەردووکیان بەرپرسیارییەتیان لە ئەستۆی من دایە لە گەورەترین ئەزمە رزگاریان دەبێ و دەکەونەوە چالاکی بە گوڕو تینێکی باشترو هەروەها منیش لەو هەموو هاتوچوونەی نێوان سلێمانی و هەولێر رزگارم دەبێ کە لە هەقیقەتیشدا بێتاقەت ببووم بە دەستییەوە .

مەحوی دەڵێ :"لە دنیا تێپەڕێ هەرکەس بە باڵی هیممەت ئازایە"

ئەو جۆرە هیممەتەش جورئەت و ئازاییەتییەکی دەویست و ئەم جارەش ملی ڕێگام گرت و خۆم و گۆڤارەکەشم بە هیممەتی برایانم لە هەردوو دەزگای ئاراس و سەردەم ئەو پردەشمان بنیاتنا. دەبوو پرۆژەی هاوبەش لەنێواندا هەبێ، ڕەنگە هەندێک بە موغامەرەشی تێ بگەن، بەڵام دەرگا کردنەوە لە بەرانبەر یەکتریدا ڕۆحێکی سەردەمیانەیە و بەهاو ئەخلاقێکی نوێش دێنێتە ئاراوە. ئەمین مەعلوف لە تازەترین کتێبیدا بە ناوی "نا هاوسەنگی جیهان "بەوە دەست پێ دەکا کە "ئێمە چووینە ناو سەدەی نوێوە بێ ئەوەی قیبلە نومایەکمان پێ بێ . " ئەوەی ئێستا لێرەدا ڕوودەدا ئەوەیە قیبلەنوما نییە. هەموو شتەکان لە حاڵەتی پەرت بوون و پەرتەوازەیدان ، دەرچوون لە قاڵبی کۆنی ڕابردوو پێویستە، بەڵام لەوەش پێویستر ئەوەیە چیمان پێیە بۆ ئێستا تا ببینە خاوەنی داهاتوو، ئەوەی پێویستە ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ خۆماندا و لەناو خۆماندا، لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵماندا دەژین.

دار کە لار بوو سێبەری لارە بۆیە دەبێ هەموو ئاراستەیەک بەو مەبەستە بێت کە دارەکە ڕاست و ڕەوان لق و پۆپ دەرکا و بەم لاو ئەولادا لار نەبێتەوە ئومێدم زۆرە ئەو کارەی ئێمەش لەو چوارچێوەیەدا بێ و بەو ئاراستەیەدا بڕوا،ئەوەش دەمێنێ: هەریەکەو شیری خۆی .

خوێنەری بەڕێز: لێتانی ناشارمەوە کە ئەو پرۆژەیە لەم خولە تازەیەدا پێویستی بە ماندووبون و شەونخوونی زیاتر دەبێ، پێویستی بە هەوڵ و کۆششی نووسەران و قەڵەمی تازە دەبێ. پشت بە هێزی پاک و کردەوەی پاک و بیری پاک و ئەندێشەی پاک و ئەزموونی دروست دەتوانین درێژە بە خەونەکانمان بدەین و خزمەتێکی شایستە بە ئەدەب و زمانی کوردی و باری ڕۆشنبیری لە کوردستاندا بگەینین . دیارە پرۆژە و بەرنامەی تازەشمان بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کردوە. ئەگەر چی ڕەوتی هەردوو گۆڤارەکە کە یەکیان تایبەتە بە ئەدەبی هاوچەرخ و ئەوی تریان هەرجارەو باسی داهێنەرێک دەکا لە کۆن و نوێدا، ئەوانەی لە بوارەکانی ئەدەب یا هونەردا خزمەی کوردو زمان و ئەدەب و مێژووەکەیان کردوە، بەڵام یەکیان تەواوکەری ئەوی تریانە و گرنگ ئەو گۆشەنیگایەیە کە لێیەوە دەتوانین ببینە سەکۆی دەنگی بێگەردی ئەدەبەکەمان.

دنیا بنی قووڵە، ئەو قووڵییە لە چییەوە هاتووە؟ لە لێکدانەوەو خەون و خەیالاتی مرۆڤەکانەوە. مەبەستیش لەو پەندە هەرئەوەیە نەک مانا فیزیکییە ڕووتەکەی دنیا. ئەو هەموو خولیایەش دەبێتە ئیلهام بەخشمان بۆ بەردەوام بوون و گەڕان، ئەم پەندە بەو دیوەشدا لێکدەدرێتەوە کەمەردووم وریا و وردبین بێ و ڕوویەک و دیوێکی دنیا دەستخەڕۆی نەکاو لە خشتەی نەبا. ئەوەشیان ڕاستە، بەڵام هیممەت و کارکردن و لە خۆبوردوویی و گیانی پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردن کە ئەوەیان خەسڵەتێکی دیموکراتیانەیە، ناکرێ پشتگوێ بخرێ و بایەخی پێ نەدرێ، ئێستا ئەوانە لە نان و ئاو پێویسترن بۆ ئەم ئەزموون و ئەم سەردەمە.

لە ژمارەی ٨٩ ی گۆڤاری ئاییندەدا بە کەمێک تووڕەبوون و زۆرێک لە نائومێدی باسی ئەوبارە نالەبارەم کردبوو کە ڕووبەڕووی گۆڤارەکانمان ببووەوە، لە هەندێک جێگەشدا زمانی دەربڕین گەیشتبووە حاڵەتی گاڵتەجاڕی، ئێ ئەمەش هەقی خۆم بووە، گۆڤارێک ئەو هەموو هەڵکشان و داکشانەی دیبێ تا دەساڵی تەمەنی تێپەڕ بکاو ئێستا لەو ڕۆژگارە کە بودجەو داهاتی هەرێم ئێجگار زۆرە و دەزگای سەردەم خۆشی خاوەن تەلارێکی گەورەو چاپخانەی خۆیەتی ئەوجا گۆڤارێکی بەو دەردە بڕوا دەبێ لەوەش زیاتر دەستم داگرتبا، بەهەرحاڵ ئومێد دەکەم ئەو تەمە زوو بڕەوێتەوە وە لەسەر ماڵی ئاینده، ئەو هەورە زوو بەر پەنجەرەی ڕۆڤار بەربداو هەروەها ئەم پرۆژە جیدی و جوانە لە چاوی بەدکارو لە زمانی خەفیە و ئەغیار پارێزراو بێ و بەخێر و خۆشی بۆ ئەدەبەکەمان بگەڕێتەوە .

وام دەهاتە پێش چاو کە (ئاینده) وەکی سوژن بێکەسە ! بەڵام ئەوەی ڕوویدا وای دەرناخا، ژمارەیەکی زۆر نووسەری دڵسۆز لەوادەی دروستبوونی ئەو ئەزمەیەدا پەیوەندییان پێوەکردین و ئامادەیی خۆیان نیشان دا کە لەبڕی ئەوەی پاداشت لە گۆڤارەکە وەربگرن ئەوان پاداشت بۆ گۆڤارەکە کۆدەکەنەوە و بە خۆڕایی تێیدا دەنووسن بۆ ئەوەی (ئاینده) بەردەوام بێ و تووشی نوچدان نەبێ. کە ئەوەیان جێگەی خۆشحاڵی و سەربەرزیمانە. هەروەها ئەو بەدەنگەوە هاتنەی دەزگای ئاراسیش ئومێدێکی تری پێ بەخشین، هەر ئەو پشتگیریەشە هانمان دەدا بە گوڕ و تینێکی زیاتر بکەوینە کار و درێژەدان بە بڵاوکردنەوەی هەردووگۆڤارەکە، دوومانگ جارێک ، واتا ئەم مانگە ئاینده دەربچێ و مانگی داهاتوو ڕۆڤار. خوێنەرانیش ئاگادار دەکەینەوە کە نوسینگەی گۆڤارەکانمان لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانیدا هەیە و هەر نووسەرێکی بەڕێزیش لە ڕێگای نووسینگەی گۆڤاری (ئاینده)و(ڕۆڤار)ەوە کە هی هەولێر لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراسەو هی سلێمانیش لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە. aeynda@yahoo.com - mailto:aeynda@yahoo.com یا پەیوەندی بکا بۆ ناردنی بابەتەکانیان و پێشوەخت سوپاسی هەموو جۆرە هاوکارییەکیشیانین.

دڵشاد عەبدوڵڵا



# ڕوانینێکی بنیادگەرانە

## بۆ کۆ شیعری ( دڵم لەو جۆرە شوێنانەیە)ی دڵشاد عەبدوڵڵا دا

پێشڕەو عەبدوڵڵا

**پێشەکی**

ئەم باسە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە بنیادگەری بەدیوەفکری و مەعریفییەکەیدا نەک دیوە زمانی و کۆمەڵایەتی و . . . . تاد.
پاشانیش دۆزینەوەی ئەم یاسایانە لە دەقی شیعری (دڵم لەو جۆرە شوێنانەیە) ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە خستنەڕووی بنیادگەرییە وەک جۆرێک لە دید و تێڕوانین بۆ ژیان و مرۆڤ بە گشتی ، نەک وەک ڕێباز و قوتابخانەیەک ، کە سالآنێکە تێپەڕبووە و بەسەرچووە ، چونکە سەیرکردنی بنیادگەری وەک بیرکردنەوە ، ئەگەری ئەوەی لە پێشە کە لە هەموو زەمەن و کاتێکدا شیانی دەرکەوتن و بزربوونی هەیە .
ئێمە لەو باوەڕەداین ئێستاشی لەگەڵدابێت بنیادگەری وەک جۆرێک لە بیرکردنەوە درێژە بە ژیانی خۆی دەدات ، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای (دڵشاد عەبدوڵڵا) بدۆزینەوە پاڵپشت بە ڕاو دەقە شیعرییەکانی.

## ڕەگە سەرەتییەکانی بونیادگەری

لێرەدا مەبەستمانە ئەو هێڵە گشتییە بدۆزینەوە کە چەمک و مانای بنیادگەری خۆی لەسەر بینا دەکات. ئەم دۆزینەوەیەش لە خۆیدا گەڕانە بە شوێن ئەو سیستەمە شاراوە و ناوەکییەی بنیادگەری لەسەری دەوەستێت و دەیکاتە خاڵی جووڵانی لە خۆیەوە بۆ سەر هەژموونی دەق بە گشتی.
واتە گەڕان بەدوای بنەما یەکەمییەکانی بنیادگەریدا خۆی لە خۆیدا پەیڕەوکردنی خودی ڕێبازی بنیادگەریە ، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە خۆی نەک شتی تر.
واتە ئێمە هەر بە ڕێگای خۆی دەمانەوێت لە خۆی تێبگەین و میتابنیادگەریانە لە بنیادگەری ڕابمێنین . باشتریش ئەوەیە لە خودی چەمکەکەوە هەنگاو هەڵنێین و وردە وردە بەناو میتا فۆری چەمک و زاراوەکەدا بڕۆین بۆ گەیشتن بەو مانا بیرکردنەوەیەی لە هەناوی ئەم چەمکەدایە
(زاراوەی بنیادگەری سەرچاوەکەی لە زمانە ئەروپییەکاندا لە بنچینەیەکی لاتینییەوە هاتووە (stuere) بە مانای دروستکردن ، یان ئەو ڕێگەیەی کە دروستکردنەکە پێکدەهێنێت .
دوایی ئەم وشەیە پەرەی سەندوو لە هونەری بیناسازیدا بە کار هات بۆ ڕێکخستنی بەشە بچووکەکان کە دەبێتە هۆی بەخشینی ئێستێتیکا)

بە مانایەکی تر بنیادگەری ئەو بنیادەیە کە بەشە بچووکەکان لە بەشە گەورەکاندا ڕێک دەخات و چۆنایەتیان پێ دەبەخشێت . واتە کەشف کردن و دۆزینەوەی ئەو سیاقە گشتییەی کە بنیاد (پێکهاتە) بچووکەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە بنیادگەریە .
واتە بنیادگەری لە بنەڕەتا بە شوێن ئەو هارمۆنییەتەدا دەگەڕێت کە پێکهاتە جیاوازەکانی دەخاتە باری هاوسەنگ بوونەوە ، هەر ئەم یاسایەش بوو وایکرد بنیادگەری لە یەک بواردا قەتیس نەبێت و بەردەوام فرە واتا بێت و هەمیشە لە خۆگۆڕیندا بێت ، چ لە ماناو چ لەو بوارەی کاری لێدەکات هەروەک ڕۆلان بارت دەڵێت :
( بنیاد زاراوەیەکی کۆن و ڕەسەن و خاوەن ماهیەتێکی هەلکۆڵەرە (anatowical) ئێستاش بە کاردێت لەناو گەلێک زانستی جیادا )
خۆئەگەر بڕوانینە دەوروبەرمان هەست بە کۆبوونەوەی شتەکان دەکەین لەگەڵ یەکتر . بە شێوازێک لە نێوان هەموو بەشە کۆبووەکاندا هارمۆنییەت و ڕێسایەک هەیە لە نێوانیاندا . ( ڕۆجە گارۆدی ) لە باسی بنیادگەریدا دەڵێت :
( مەبەست لە بنیاد ئەو ڕێکخستنەیە کە پێکهاتووە لە یاساو پەیوەندی نێوان سنووری جیاجیای یەک گرووپ ، یاساکە مانای هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکان دیاریدەکات )

واتە بنیادگەری ڕوانینی وەهایە کە مانای هەر شتێک لەناو سیاق و ئەو هاڕمۆنیەتەدایە کە لەگەڵ شتەکانی تر تێیدەکەوێت . واتە لەناو یاریگای تۆپێندا فیکەی ناوبژیوان کاتێک مانای هەیە کە لەناو یاریدا بێت ، بە بێ بوونی ئەم یاریە ناوبژیوان فیکەکەی مانا و دەسەڵاتی نییە .

مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا کاتێک مانای هەیە ، کە وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی ، یان کارێکی ناو کۆمەڵگا ڕاپەڕێنێت چونکە بەوە دەکەوێتە ناو ئەو سیاقەوە کە کۆمەڵگای لەسەر بینا کراوە، بەدەر لەوە مرۆڤ لە دەرەوەی سیاقی کۆمەڵگادا بەهاو مانای نییە .

( جان بیاجێ ) سێ خاسیەتی سەرەکی داڕشت بۆ بنیادگەری ئەوانیش :

١- سەراپاگیری
٢- ئاڵوگۆڕی
٣- خۆڕێکخستن

لەگەڵ ئەمەشدا بنیادگەری بەردەوام لە خۆگۆڕین و خۆنوێکردنەوەدایە چونکە سیاق و هاڕمۆنیەتەکان بەردەوام لە گۆڕان و خۆنوێکردنەوەدان ، هەر بەم ڕوانینە سەیرکردنی ئەدەب لە چاوی بنیادگەرییەوە هیچی کەمترنییە لە زانستی ماتماتیک ، کە کۆمەڵێک یاسا هەیە . ئەم یاسایانە ژمارەکان ڕێکدەخەن و بەردەوامیش لە گۆڕاندان . هەر ژمارەیەکیش بنەمایە بۆ لە دایکبوونی ژمارەیەکی تر، ژمارەکان لە پاڵ یەکتردا مانا وەردەگرن. ئەدەبیش لە بنیادگەریدا سیستەم و یاسایەکی زمانەوانییە و هەر ڕەگەزێکی ئەدەبیش لەناو خۆیدا خاوەنی یاساو ڕێسای خۆیەتی. شیعر لە پشتەوەیدا یاسایەک ئاراستەی دەکات ئەویش ( شیعرییەتە) واتە بنیادگەری بە شوێن شعرییەتی شیعردا دەگەڕێت . نەک ماناو مێژووی لە دایکبوون و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەوروبەری ئەو شیعرە .

ئەوە بوو لە فەرەنسا گۆڤاری ( شیعرییەت – poetiave) دەرچوو لەسەر دەستی ( تۆدۆرۆف ) و ( جیرار جنێت ) و ( هێلین ) و ( رکیسوس ) ساڵی ١٩٧٠ ، کە گرنگیان بە لایەنی ئازادبوونی شیعر داو دەیانگوت ئەدەبیەت دەرباز بوونە لە ئەدەب بەمانایەکی تر شیعریەت خۆ دەربازکردنە لەو یاسایانەی کە شیعر پێشتر هەیبووە ، واتە تازەیی و داهێنانی دەقێک ئەوەیە لە دەقەکانی تر نەچێت .

ئەم یاسایە ئەو هێڵە گشتییەیە کە بنیادگەری سەیری دەقی ئەدەبی پێ دەکات و بەم یاسایەش موحاکەمەی تازەیی و کۆنی دەقەکان دەکات و هەڵیاندەسەنگێنێ . ئەمەش لە بنەمادا خۆ دەربازکردنە لەو سیاقانەی کە پێشتر هەیە و شکاندنیانە ، لە پاڵ ئەمەدا دروستکردن و دانەوەی سیاقێکی جیاواز و هاڕمۆنێتیەکەی ترە و داهێنانی ڕووتەختێکی ترە بۆ ڕیزکردن و دووبارە داڕشتنەوەی پێکهاتە جیاوازەکان .



ئێمە لەم باسەدا دەمانەوێت یەکێک لەو دەقە شیعرییانە بە پێوانەکانی بنیادگەری ڕاڤەبکەین ئەویش کۆ شیعری ( دڵم لەو جۆرە شوێنانەیە ) کە شاعیر (دڵشاد عەبدوڵڵا ) وەک یەکێک لە ئەزموونە تازەکانی شیعریی خوێنەری ئاشنا کردوە پێی . هەڵبژاردنی ئەم دەقە بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ ، یەکەمیان کاتێک شیعرەکانمان خوێندەوە هەستمان بە بنەماکانی بنیادگەری کرد لەم دەقەداو دووەمین هۆ، شاعیر بۆ خۆی پێشەکییەکی نووسیوە لەبارەی ئەم دەقانە و ئەم پێشەکییە شاهید و بەڵگەیەکی زیندووە بۆ ڕەوایەتی کارەکەمان . شاعیر دەنووسێت :

(ماوەیەکی زۆر شیعری کوردی گرفتاری دووجۆرە نەخۆشی بوو ، یەکیان نزیکبوونەوەی لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەو ئەندازەییەی ئەو هەڵومەرجە ببووە کۆتێک بە دەست و پێیەوە ئاڵا بوو)

شاعیر لە ڕێگەی ئەم گوتەیەوە زانیاریەکمان دەداتێت ، لەسەر ئەم دەقە تازەیەی کە دەمێکە لەدەرەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە درێژە بە خۆی دەدات ئەم وابەستەبوونەی شیعریش بە دەرەوەی خۆی ، واتە دەقێکە لە پێناوی دەقدا، یان شیعرێکە بۆ شیعر خۆی نەک بۆ شتێکی دەرەوەی خۆی ، شاعیر بە نەخۆشی دەزانێت ، ئێمە باش ئەوە دەزانین ، کە کۆڵەکەی بنیادگەری ( مەرگی نووسەرە ) کە ڕۆلان پارت ڕایگەیاند . مەرگی نووسەر سڕینەوەی نووسەر نەبوو تا مردن ، بەڵکو دابڕانی نووسەر و دەق بوو لە ژینگە و دەورووبەرو سیاسەت و . . . تاد . واتە دەق لاشەیەکی زمانەوانییە.

شاعیر بەوەندە ناوەستێت و نەخۆشیەکی تری شیعر دەستنیشان دەکات و دەڵێت :

(دیوەکەی تری نەخۆشییەکە کە ڕەهەندی ناقۆڵا و ترسناکی تەجرید و وشەسازی ئاڵۆزو دوورکەوتنەوەیە لە واقیع )

لێرەدا دەرگایەک هەیە شاعیر دایدەخات لەسەر شیعر . ئەویش فڕینی شاعیرە بۆ جیهانێک لە دەرەوەی واقیع و نەگەڕانەوە بۆ سەر زەوی . ئەم دەقەی شاعیر دەقێکە ( شیعرێکە ) قاچێکی لە واقیعدایەو قاچەکەی تری لەناو فەزای شاعیردایە ، کە فەزایەکی تەواو ناوەکییە واتە شاعیر لە نێوان ئاسمان و زەمیندا ژیان دەگوزەرێنێت و شتی زەوی دەباتە ئاسمان و شتی ئاسمانیش دەهێنێتە سەر زەوی . خۆ ئێمە ئەگەر بنۆڕینە بنەماکانی بنیادگەری کە سەرەتاکەی لای (دی سۆسۆر) دەستپێکرد و (سۆسۆر) لە باسی زماندا کۆمەڵێک زاراوەی لەیەک جیاکردەوە ئەوانیش ( زمان - زبان- گوتن ) بوو، دی سۆسۆر لەگەڵ ئەوەی گوتی ( زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتی مەلەکەی زمانە، کۆمەڵێک نەریتی گرنگە کە کۆمەڵگایەکی تایبەت هەڵیبژاردووە بۆ یارمەتی دانی ئەندامەکانی بۆ ئەزموونکردنی مەلەکەی زمان )

واتە سۆسۆر ئەگەر چی زمان بە دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگا (واقیع ) دەزانێت بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا زاراوەی (زبان) ی بەکارهێنا ، کە (زبان) ئەو یاسا ناوەکییەی ناوەوەی مرۆڤە کە تەحەکوم بە زمان دەکات و وا دەکات مرۆڤ لە ساتێکی گونجاو و دروستدا شتەکانی خۆی بڵێت .

واته (زمان) دەرکەوتەی کۆمەڵگاو زبانە لە ئاستە فیزیکیەکەیدا . بەم دێرە شاعیر لە لایەک خەیاڵەکانی خۆی دەکاتە واقیع و لە لایەکی تر واقیع دەکاتە خەیاڵ.

لای ( دڵشاد عەبدوڵلا )ش ، شوێنی ڕاستەقینەی شیعر و شاعیریش ئەم شوێنەیە ، کە لەناو واقیعدا خەیاڵ بەرجەستە دەکات و لە خەیاڵیشدا واقیع دەخولقێنێ ، هەموو کارەکەش لەسەر ڕووتەختی زمان دێتە ئەنجامدان ، دیارە زمانی شیعریش لە خۆیدا هەڵگری ئەم دوالیزمەیە لەلایەک هەمان زمانی کۆمەڵگایە و لە لایەکی تریش زمانێکی تایبەتە بە خودی شاعیر . شاعیر لە شوێنێکدا لە ژێر دەسەڵاتی زماندایەو لە لایەکی تریشەوە زمان لە ژێر دەسەڵاتی شاعیردایە ، شاعیر ئەم دوالیزمە دەباتە ناو دەقی شیعرەکانەوە دەنووسێت :

( پێغەمبەرێک لە ناوماندایە
بە هەموو جوانی و ناشرینییەکانیەوە
دڵی بە هەموو شتێکی ئێرە خۆشە
دڵی لە هەموو شتێکی ئێرە دەگوشرێ
پێغەمبەرێکی دژە. . .
هەموو گریانەکانیمان کردۆتە شیعر
جورئەتی ئەوەم کوا ئەی بۆدلێری هاوڕێم
کە گاڵتە جاڕییەکانیشی بکەم بە شیعر )

ئەگەر لەم پارچە شیعرییە وردبینەوە ، لە شاعیردا پێغەمبەرێک هەیە لە یەک کاتدا دڵی بە دنیا خۆشە و لە هەمان کاتیشدا لێرە بێزارە ، واتە لەگەڵ خۆیدا دژە و لە لایەک گریانی دەبێتە شیعر و لە لایەکی تر گاڵتە جاڕییەکان کۆبوونەوەی ئەم لێکدژانە ، کۆبونەوەی ئەم پێکهاتە ئاڵوز و بەیەکداچووەی لێرەدا هەیە تەنها لە دەسەڵاتی زماندایە ، هەمان دوالیزمە کە شاعیر باوەڕی پێیەتی و بنیادگەریش وەک یاسایەک سەیری دەکات ، تاکە یاسایەک کە ئەم لێکدژیە لە خۆدەگرێت و لە سیاقێکدا ڕیز بەندی دەکات . بەتەنها لە توانای زماندایە ، لە واقیعدا دەشێت بۆ ساتێک هەبێت، بەڵام تا ئەبەد نییەو لە یەکتر جودا دەبنەوە و بێ یەکتر دەژین ، بەڵام لە ناو زماندا بۆ ئەبەدی بەیەکەوە هەڵدەکەن و خزمەت بە یەکتر دەکەن ، بە مانایەکی تر (گریان ) مانای ( گاڵتە جاڕی ) ئاوەڵا دەکات و ( گاڵتە جاڕیش ) مانای (گریان) شرۆڤە دەکات ، ئەوەی ئەم دوالیزمە ڕادەگرێت زمانە لە دەسەڵات و هەژموونی خۆیدا .

( مەچووە گۆڕستان
ڕۆحی هەریەکەمان
پڕە لە گۆڕ
بە گوڵ دایانپۆشە )

دیسانەوە شاعیر لە زماندا شتە دژەکان کۆدەکاتەوە و پێکەوەیان گرێدەدات ، واتە شاعیر لە ڕۆحی ئێمەدا گۆڕ دەبینێت چونکە لای شاعیر مردن لە ناوماندایەو لە دەرەوەی مرۆڤ نییە .

بۆیە دەبێت گوڵ لەسەر گۆڕی ڕۆحمان دابنێین ، چونکە ڕۆحمان هەر لەو شوێنە دەبێت بژیت مردووە نەک لە گۆڕستاندا چونکە گۆڕستان کۆگای جەستەکانە نەک ڕۆح .

ئەم گەمە شیعرییەگەمەیەکە بۆ دۆزینەوەی سیاق و ئاراستەیەکی تر لەناو شیعردا و جارێکی تر تێکشکانەوەی ماناکان و داڕشتنەوەیان لە خودی زماندا ، نەک لە واقیع دا.

(ژوورەکەم هەر خۆم بووم تێیدا
بەردەوام دەنگی چەند کەسێک دەهات
کەلو پەلیان کۆ دەکردەوە
جانتایان ئامادە دەکرد بێزارییان نیشان دەدا
لە پەلەپەلیاندا بەر شتێک دەکەوتن گوێم لە لەرینەوەیان دەبوو )

ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی بنیادگەری و لە وێوە سەیری مرۆڤ بکەین تێ دەگەین مرۆڤ لە ناو بنیادگەریدا ، تۆڕێکی ئاڵۆزە و وەک دەفرێک پڕە بە دەنگی ئەویتر و هەمیشە بارە بە یاساو ڕێساکانی ئەویتر ، مرۆڤ هیچ کاتێک تەنیانییە و ئەگەر لە تەنیایشدا بێت.

هەمیشە گوێگرو قسەکەری تر هەن لە ناو مرۆڤدا ، کە قسەی خۆیان دەکەن و ناوەناوەش گوێدەگرن و دەڕۆن ، واتە مرۆڤ لەناو سیاقێکی گشتدایە و هەڵگری ڕۆحێکی گشتیە ، کە ئەمەش بوونی ئەوی ترە لە منی مرۆڤدا ، منێکی تاک و ڕەها لە دیدی بنیادگەریدا بوونی نییە ، بەڵکو مرۆڤ ئەو پێکهاتە ئاڵۆزو چڕەیە کە پڕە لە کۆبوونەوەی منەکان و هەریەکەشیان نوێنەری جۆرێک لە ژیان و جۆرێک لە بیرکردنەوەن ، بەڵام هەموویان لە یەک شوێندا جێگیرن ئەویش ناخی مرۆڤە و هەموویان بە گەرووی یەک مرۆڤ شتەکانی خۆیان دەڵێن .

شاعیر لە ڕێگای شیعرەوە خۆی دەپشکنێ و هەست بە دەنگ و ڕەنگی خەڵکی تر دەکات لە ناو خۆیدا کە قسەیان هەیە و دێن و دەڕۆن ، بەڵام هەمیشەش تەنیاییەک هەیە لەناو شاعیردا کە منەکان ناتوانن بیدوێنن ، چونکە ساتی تەنیایی شاعیر ساتی هاتنی شیعرە و شیعر بە تەنیا لە تەنیاییەکانی شاعیردا گوێ لە دڵی شاعیر دەگرێت واتە شیعر لەو شوێنەیە کە شاعیر هەر خۆیەتی و کەسی ترنا، تەنیایە و غەریب و بێ کەس.

## سەرچاوە و پەڕاوێزەکان


١- دکتور صلاح فضل، نظریه البنائیه فی النقد الادبی ، مطبعه الامانه ، مکتبه الانجلو المصریه ، سنه ١٩٧٨، مصر ، ص ١٣٩
٢- سانکار راتیندران ، البنویه التفکیکیه ، ت: خالده حامد ، دار الشؤون الپقافیه العامه بغداد ، سنه ١٩٨٧ ،ص ١٥
٣- دکتور عمر محمد گالب ، المژاهب النقدیه ، دار الکتب ، الموصل، سنه ١٩٩٣، ص٢٠٧
٤- جان بیاجیه ، البنیویه ، عارف منیحنه و بشیراوبری ، منشورات عویدات ، الطبعه ، الرابعه ، بیروت ، سنه ١٩٨٥
٥- بروانه : هەڤاڵ سەلیم تەیب ، بونیادگەری دناڤ ڕەخنا کوردیدا دەزگەها سپێریز یا چاپ و وەشانێ ، چاپا ئێکێ ، چاپخانا حاجی هاشم ، هەولێر سالا ٢٠٠٦ لاپەڕە ١٠٩
٦- دڵشاد عەبدوڵلا ، دڵم لەو جۆرە شوێنانەیە ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم سلێمانی ساڵی ٢٠٠٩، لاپەڕە ٥
٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥
٨- فردنیان سوسور ، ت ، د. یوئیل یوسف عزیز ، المکتبه الوطنیه بغداد، سنه ١٩٨٥ ، ص ٢٦-٢٧
٩- دڵشاد عەبدوڵلا ، دڵم لەو جۆرە شوێنانەیە ، لاپەڕە ٨١
١٠- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨١
١١- سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ١٠١

# چەند سەرنجێک لەشیعری بەردی هەتاو (sunstone) و دوو وەرگێڕانی کوردی

هادی محەمەدی

ئۆکتافیۆ پاز ساڵی ١٩١٤ لەگوندی میکسفاک لەنزیکی مکزیکۆسیتی چاوی بەجیهان پشکووت و ساڵی ١٩٩٨ ماڵاوایی لەژیان کرد. بەڕای زۆربەی رەخنەگران، پاز بەیەکێ لە گەورەترین شاعیرانی سەدەی بیستەم دەناسرێت. لەشیعر و وتار و تۆژینەوە، نزیکەی ٤٠ بەرهەمی چاپ کردووە. لەدەیەی ١٩٩٠ وەک یەکەم نوسەری مکزیکی، خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلی وەرگرت.
پاز لەدەیەی ١٩٥٠ دا بەنوسینی هەزارتۆیی تەنیایی، کەبریتی بوو لەتۆژینەوەیەک لەرۆح و فەرهەنگی مکزیکی دا، وەک نووسەرێکی مەزن، خۆی ناساند. بەڵام لەساڵی ١٩٥٧دا بەنووسینی شیعری دەگمەنی بەردی هەتاو، ناوبانگی جیهانی بەدەست هێنا. ئەم بەرهەمەکەبەشاکارێکی شیعری سەدەی بیستەم دەزانرێت، چەندین جار بەزمانی ئینگلیسی و زمانەکانی تر وەرگێڕدراوەو زۆر کتێب بۆ نرخاندن و شێکردنەوەی نوسراوە. یەکەم جار ئەحمەد میرعەلایی لەدەیەی ١٩٧٠ بەزمانی فارسی وەریگێڕاوە.
ئێلیۆت فاینبێرگێر، هاوڕێ و شاگردی پاز، چەند ساڵ پێش مەرگی پاز، هەموو شێعرەکانی پازی بەدوو زمانی ئیسپانی– ئینگلیسی چاپ کردووە.

بەڕای رەخنەگران، ئۆکتافیۆ پاز رۆحی مکزیک بوو. ئەو سروودی نیشتمانی خۆی چریکاند و لەگەڵ رۆحی مۆدێرنی ئەمریکا و ئۆروپا تێکەڵی کرد. ئاشنایی وی لەگەڵ دوو رەوتی سێمبۆلیزم و سوررِیالیزم لەئۆروپا و بەتایبەت لەفەرانسا و دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ ئاندرێ برێتۆن، پێشەنگی رەوتی سوررِیالیست و، ئاشنایی لەگەڵ شیعری مۆدێرنی ئینگلیسی، بەرهەمەکانی ئزرا پاوند و ئلیۆت و تێکەڵ کردنی لەگەڵ شیعری ناوچەیی ئەمریکای لاتین، بەتایبەت نەریتی ئازتێک، بوو بەهۆی ئەوەکەپاز لەشعری هاوچەرخی جیهانی دا موعجزەبخولقێنێ.
ریچارد رۆدریگوس دەربارەی پاز دەنوسێ: "بەڕای من مرۆفی مکزیکی خاوەن رەگەز و تەبارێکی جیاوازەکەبریتییەلەباوکی ئیسپانیایی و دایکی سورپێست. پاز دەڵێ مرۆف بەدژواری دەتوانێ هەر دوو نەریت بپارێزێ. پاز وەک کەسێکی ئەمریکایی دەست بۆ قەڵەم دەبات کەمیراتێکی کولتوری تریشی هەیە. هەروەها پازساڵگارێک لەفەرانسا و هێند ژیا و لەگەڵ کولتووری ئەم وڵاتانەش ئاشنا بوو. دەتوانین بێژین هیچ شاعیر و نووسەرێک بەرادەی پاز ئێنترناسیۆناڵ نییەو وەکو ئەو ناتوانێ بەجوانی کولتووری جیهانی بنەخشێنێ."



بابەتی شعری پاز بریتییەلەپرسی مرۆڤ لەرەهەندێکی جیهانی دا، مرۆڤ لەهەر رەگەز و تەبارێک و لەهەر قوژبنێکی دنیادا. وارێکی وێران کەتی. ئێس. ئێلیۆت بەزمانێکی تاڵ و گەزندەو تەوساوی دەیخولقێنێ، پاز لەشێعری بەردی هەتاودا، جارێکیتر بەزمانێکی شیرینتر، بەڵام پڕ حەسرەت، دەینەخشێنێ. بەڕای پاز، لەجیهانی مۆدێرن دا عشق تەنیا لەرەهەندی جەستەدایەو رۆحی ون کردووە، عشقی راستین مردووەو بۆتەبەرد. زەمەن وەک هەتاو بۆتەبەرد و بزاف و دینامیزمی خۆی لەدەست داوە. بەمهۆیە، مرۆڤەکانیش بووگن بەبەرد. تۆژینەوەی وی لەمەڕ ئاییینی تانتری و عرفانی بودایی لەهێند بوو بەهۆی ئەوەکەپاز بانتر لەعشقی جەستەیی، شکۆی عشقی متافیزیکی بناسێت. پاز رەگ و ریشەی لەخۆنامۆیی مرۆڤی هاوچەرخ رافەدەکات. ئەو لەمەڕ زۆر پرسی وەک هونەر، شیعر، عشق، سیاسەت، دین و ئەفسانەکار و تۆژینەوەی ئەنجام داوە. پاز لەگفتوگۆیەک دا لەکمبریج (١٩٨٨)، دیدگای خۆی لەمەڕ ئەدەبیات و سیاسەت بەمجۆرەباس دەکات: "ئەگەر نرخاندنی نووسەرێک باشە، دەبێ پڕهەست (passionate) بێت. نرخاندن (کریتیک) دەبێ لایەنگرانەیان ئامانجدار (partial)بێت. کریتیکی بێ لایەن (impartial) تەنیا بۆ زانکۆکان بەکار دێت."

قسەی سەرەکی پاز لەشعرەکانی دا ئەوەیەکەئەگەر خەڵک نەتوانن پێکەوەبەئاشتی و بەتەبایی بژین، ناتوانن گەشەبکەن و پێشکەون. ئەو لەمەڕ ئەفین و سیاسەت بەجوانی دبێژێ:

"ئەفین و سیاسەت دوو بواری پێوەندی مرۆڤن، وەک پێوەندی گشت و پاژ، وەک پێوەندی جووت و گرووپ. لەسەدەی بیستەم دا، قەیرانی عشق لەقەیرانی ئەتۆمی جیا نییە. هەر دوو نیشانەی یەک نەخۆشین، ئەگەر جیهانی ئێمەدەیەوێت بەتەندروستی بگات، پێویستی بەهەتوانێکی دوولایەنەهەیە: بۆ چاکسازی سیاسەت، دەبێ عشق بژێنینەوە."

دبێژن "پاز پێاوێکەئەفینداری بێدەنگییە، بەڵام ناتوانێ بێدەنگ بێت"، ئەو بەتۆژینەوەلەناسنامەی مکزیک دا، رەمز و رازی جیهان دەبینێتەوە. ئەگەرچی پاز لەناوچەگەرایی خۆی دەبوێرێت، بەڵام کولتووری مکزیک لەخوێنی دا شەپۆل دەدات.

پاز لەهەزارتۆی تەنیایی دا دەنوسێ: "مێژوو بەسەرهاتی خوێناوی کابوسێکە، بەڵام گەورەیی مرۆڤ لەوەدایەکەلەسروشتی ئەم کابوسە، جوانی و بەرهەمی بەرز دەخولقێنێ. یان بەوتەیەکیتر، مێژوو بریتییەلەبوونی کابووس بەخەون. [مێژوو] بەهۆی ئافراندن، مرۆڤ لەترسی دزێوی راستییەکان – بۆ ساتێک – رزگار دەکات. مرۆڤ لەهەموو شوێنێک تەنیایە. بەڵام لەوەها شەوێکی بەرز و درێژی بەردین دا، تەنیایی خەڵکی مکزیک کەهێشتا دیلی دەستی خودایانی چڵێسن، لەچاو تەنیایی خەڵکی ئامریکای باکوور، زۆر جیاوازە، خەڵکی ئەمریکای باکور و لەجیهانی ئابستراکتی ماشێنی دا بەسەر دەبەن. بەڵام مرۆڤ لەدۆڵی مکزیک دا دەستی لەئاسمان و زەوی دەبڕێت. مرۆڤ لەمکزیک لەنێوان هێز و دەسەڵاتی ناکۆک و لەنێوان چاوانی بەردین و دەم و زاری هەڵلوشەردا لەهەڵداچوون دایە. راستییەکانی ژیانی مرۆڤی مکزیکی لەگەڵ بارودۆخی مرۆڤی ئەمریکی کەخۆی خولقاندوویە، زۆر جیاوازە."

سەرەتا: یەکەم جار ساڵی ٢٠٠٠ کورتەیەک لەشیعری "بەردی هەتاو"م وەرگێرا کەبەهاری هەمان ساڵ لەهەفتەنامەی سیروان چاپکرا. دواتر چەند جار ویستم هەموو شیعرەکەوەرگێڕم، بەڵام بۆم نەکرا، تا ماوەیەک لەمەو پێش بەڕێکەوت دەقێکی تری فارسی (دەقی ابولقاسم اسماعیل پور)م بینی، ئەم دەقەلەڕووی فۆرم و زمانەوەهێندەبەهێز بوو کەهانی دام هەموو شێعرەکەوەرگێڕم. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەڕای دوو دەقی فارسی، دەقی ئۆرژیناڵ و سێ دەقی ئینگلیسیم لەئینتێرنێت وەرگرت و هەموو شێعرەکەم تەرجومەکرد. ئێستا لەم نووسینەدا بەکورتی دوو دەقی کوردی (ئەحمەدی مەلا و یونس رەزایی) لەگەڵ دەقەکانی تر بەراورد دەکەین.

رەنگەبتوانین ئەم سێ بەرهەمەبەسێ شاکاری بەرزی شیعری سەدەی بیستەم بزانین: واری وێران، ت. ئێس. ئێلیۆت (١٩٢٢)؛ شینگێری بۆ ئیگناسیۆ، ف. گ. لۆرکا (١٩٣٦)؛ بەردی هەتاو، ئۆکتافیو پاز (١٩٥٧). یەکەم بەرهەم بەزمانی ئینگلیسی نوسراوەو، دوو بەرهەمی تر بەزمانی ئیسپانیایی نوسراون. ئەم سێ بەرهەمەبۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێردراون. پێشتر لەبابەتێک دا باسی شیعرەکەی ئێلیۆت مان کرد. لێرەدا دەمانەوێ باسی بەردی هەتاو بکەین و دوو دەقی کوردی بەردی هەتاو رافەبکەین و بەپێی دوو دەقی فارسی و دەقی ئینگلیسی بەراوردێک بکەین.

لەمێژووی گەلان دا، کولتوور رۆڵی گرنگ و هەندێجار بنەڕەتی دەگێڕێ، ئەگەر نەتەوەیەک خاوەن کولتووری هەراو و دەوڵەمەند بێت، دەتوانێ لەبواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی دا پێشکەوتنی مەزن بەدەست بێنێ. دەق (یان تێکست)یش توخمێکی سەرەکی کولتوور پێکدێنێ؛ چ دەقی ئەدەبی هونەری (شیعر، پەخشان، رۆمان و ...)؛ و چ دەقی فکری ئێپیستمۆلۆژی (فەلسەفە، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و ...). ئەگەر نەتەوەیەک خاوەن دەق بێت، دەقی تۆکمەو بەهێز، دەتوانێ خاوەن هونەر، سینەما و راگەیاندنی بەهێز بێت، یان بەگشتی بەفەرهەنگ و پێشکەوتوو بێت. فەرهەنگی هەراو و دەوڵەمەند و خوێنەری وشیار و شارەزا، نووسەری مەزن و دەقی تۆکمەدەخولقێنن، پاشان نووسەر سەرلەنوێ کولتوور دەخولقێنێ و زیندووی دەکاتەوە؛ یانی نووسەر و فەرهەنگ، پێوەندی دیالکتیکیان پێکەوەهەیە. نووسەرێک دەتوانێ دەقی تۆکمەبخولقێنێ و کولتوور بپشکوێنێ، کەخاوەن ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی و زانستی بێت، خاوەن سەبک و ستایل بێت. بەڵام شاعیران و نووسەرانێک کەخاوەن ستایل نەبن، نابن بەخاوەن بەرهەم و لەمێژوودا نامێننەوە. کورد نەتەوەیەکی دواکەوتووە، شەرمنە، هێشتا خاوەن کریتیکی زانستی نییە؛ عەباس مەعروفی، نووسەری بەناوبانگی ئێرانی دەڵێ: "ساڵی ١٩٨٠ دەقێکی خۆم بۆ هوشەنگ گوڵشیری، نووسەری گەورەی ئێرانی خوێندەوە، کاتێ خوێندنەوەکەم تەواو بوو، راشکاوانەپێی وتم لەرادەبەدەر نەخوێندەواری، بچۆ کۆپان بدورێنەلەوە باشترەکەخۆت فریو بدەی. مەعروفی دەڵێ زانیم راست دەکات. چووم و ساڵگارێک خۆم بۆ خوێندنەوەو راهێنان تەرخان کرد". وەک دەبینین، رەخنەی راشکاوانەی گوڵشیری، نووسەرێکی پەروەردەکرد، کەئەمڕۆ لەجیهان دا ناسراوە. با خوێنەرانی ئێمەش بەشێوەی جدی و شێلگیرانەخۆیان بۆخوێندنەوەو راهێنان تەرخان بکەن و ببن بەخاوەن سەبک و ستایل، یان بڕۆن کۆپان بدوورن!

وەک پێشتر وتمان شیعری بەردی هەتاو، دەقێکی تۆکمەیە، شاکارە، شان لەشانی شیعرەکەی ئێلیۆت دەدا و بگرەلەزۆر بابەتەوە، ئێلیۆت بەتۆزی پێیدا ناگات. پێویستەبزانین کەئێلیۆت بەئەندێشەکەسێکی کونسێرفاتیف و لایەنگری سەبکی کلاسیک و بەهاکانی سەردەمی کلاسیکە، بەڵام پاز کەسێکی ئێجگار هیۆمانیست و پێشکەوتن خوازە؛ ئێلیۆت سەرەتای شیعرەکەی بەمجۆرەدەست پێدەکات:

ئاڤریل غەدارترین مانگە،
لەخاکی مردوو یاس و سۆسەن دەروێنێ
خەون و یادگاری تێکدەرژێنێ
بەرێژنەی بارانی بەهاری
ریشەی تەزیو دەبزوێنێ.

زستان گەرمای پێدەبەخشین
بەبەفری فەرامۆشی خاکی دادەپۆشی
وزەی ژیانی بەلاسکی وشکهەڵاتوو دەبەخشی.

وەک دەبینین ئێلیۆت ئاڤریل، کەمانگی نوێبوونەوەو ژیانەوەی سروشتە، بەمانگێکی غەدار دەزانێ و لەئافریل بێزارە، بۆوەی کەناکۆکی و پارادوکس دەخولقێنێ و دۆخی کۆن دەڕوخێنێ و بەرەو داهاتوو دەروانێ؛ بەڵام لەبەرانبەردا، زستان، مانگی مەرگی سروشت و ژیان، ستایش دەکات.

بەڵام پاز بەپێچەوانەوەبەمجۆرەشێعرەکەی دەست پێدەکات:

داربییەک لەبلوور
سنەوبەرێک لەئاو
فوارەیەکی بەژنبەرز، با- کەوانی دەکاتەوە
درەختێک سەما دەکا، ریشەی لەقووڵایی دا
رۆخی چۆمێک کەپێچ دەدا و دەخوشێ، دەخرۆشێ

بەدەور خۆیدا دەنوشتێتەوەو بەردەوام بەرێوەیە:
مرۆف بەخوێندنەوەی ئەم کوپلەیەرەوتی بەردەوامی ژیان و گۆڕان و نوێبوونەوەهەست پێدەکات. بەوتەی هراکلیتوس هەموو شتێک بەرێوەیە. پاز دواتر لەدرێژەی شیعرەکەی دا بەزمانێکی ئێجگار بەرزی هونەری و ئستاتیکی و وردبینانەدیمەنی خەوناوی عشق و خۆشەویستی دەنەخشێنێ، لەبواری فەلسەفەدا بیرمەندانی چەپ لەدەیەی ۱۹۲۰دا دیانوت مرۆف رۆح و ئەندێشەی خۆی دۆڕاندووەو بووەبە شت: (reification)، پاز لەم شیعرەدا دبێژی لەم سەردەمەدا عشق و خۆشەویستی مانای خۆی دۆراندووەو بووەبەبەرد:

گڕ دەگرم و ناسووتێم،
بۆ ئاو دەگەڕێم
[بەڵام] لەچاوانت دا ئاو نییە
چاوانت بەردن،
مەمکەکانت، سکت، سمتەکانت بەردن،

پاز سەرەڕای ئەوەکەکەسێکی هونەرمەندە، مرۆڤێکی بیرمەندەو خاوەن ئێنسکلۆپیدیای زانستییە. بۆ نموونەپاز لەم شیعرەی دا بەزمانی شیعر باسی پێویستی هەڵوەشاندنەوەی بنەماڵەی دارزیو و تاک هاوسەری بورژواییی دەکات:

هلۆئیز وتی: "لێم گەڕێ با قەحبەی تۆ بم"
بەڵام کابرا خۆی بەیاسا ناساند
بۆیان مارەکرد و بەمجۆرە
خەڵاتیان کرد: خەساندیان.

پاز لەبەشێکیتری شیعرەکەی دا باسی جیهانێک دەکات کەشایانی مرۆف بێت؛ جیهانی سۆسیالیستی:
"شکۆی دابەشکردنی نان،
دابەشکردنی هەتاو،
دەبەشکردنی مەرگ،
حیرەتی لەبیرکراوی زیندوو بوون"
بەردی هەتاو، دەقێکی ئێجگار تۆکمەیە، خاوەن فۆرم و ستایلە، خاوەن ئەندێشەی قووڵ و هەراوە، دنیایەک پرسیار دەوروژێنێ و مرۆف سەرسام دەکات. بەردی هەتاو لەو دەقانەیەکەسنوورەکان (سنووری جوغرافی، کولتووری و زمانی) دەبەزێنێ و جیهانی دەبێتەوە. بەردی هەتاو، دەقێکی فەرهەنگسازە:

دەرگای هەستی تیشک هەڵبێنە و هەڵمسێنە
لێگەڕێ با روخساری ئەم رۆژە ببینم
لێگەڕێ با روخساری ئەم شەوە ببینم
هەموو شتەکان تێکدەئاڵێن و دەگۆڕێن
کەوانەی خوێن، پردی ترپە
بمبەبەرەو ئەوبەری شەو
ئەو دەفەرەکەمن تۆم و ئێمەیەکتر
ئەو هەرێمەکەهەموو راناوەکان لێکئالاون،

دەرگای هەستی: هەستیت بکەرەوە، دەهەستەوە،
روخسارت بپشکوێنە، تا رەنگەتۆش بوونت هەبێ،
گرژی روخسارت بکەرەوە،
سەرهەڵبێنە، با بتبینم،
چاو لەروخسارم ببڕە
تا دەمی مەرگ لەژین بڕوانە،
دیمەنی دەریا، نان، کانی، گەشەبەرد،
کانییەک کەروخساری هەمووومان دەتوێنێتەوە
بوونێکی بێ روخسار،
بوونێک کەزمان لەئاستی لاڵ دەبێ...

دەمەوێ واوەتر بڕۆم، بەرەو داهاتوو
بەڵام ناتوانم:
ئاخر هەر ساتێک بەسەر ساتێکی تردا دەچۆڕێ
خەوم بینی، خەوی ئەو بەردانەکەبێ خەون
لەوێ لەکۆتایی ساڵانی بەردین دا
بیستم خوێنم لەزیندانی خۆی دا گۆرانی دەڵێ
دەریا بەچرپەی نوور گۆرانی دەچرێ،
دیوارەکان یەک لەدوای یەک کشانەوە
گشت دەرگاکان کرانەوە
هەتاو لەنێو تەوێڵم دا تەقیەوەو
پێڵوەکانمی کردەوە
مەتۆلکەی ژیانمی کردەوە
من لەخۆم رزگار دەکا و
لەخەوی قووڵی حەیوانی چاخی بەردین دەرمدێنێ،
سێحری ئاوێنەکانی
[جیهانی] ژیاندەوە



دەقی احمد میرعلایی لەدەقی ئۆرژینالْ وەرگێڕدراوە، بەڵام اسماعیل پور لەدەقی ئینگلیسی ئ. واینبێرگێر، یونس رەزایی لەدەقی میرعلایی وەریگێڕاوەو ئەحمەدی مەلا لەدەقی فەرانسی، دەقی ئینگلیسی ئ. واینبێرگێر (Eliot Weinberger) لەدوو دەقی دیکە تۆکمەترە.

هەر دوو دەقی فارسی، دەقی بەهێز و سەرکەوتوون، چونکەهەر دوو وەرگێڕ بەئەزموون و خاوەن ستایلن. دەکرێ بڵێین وەرگێڕانی میرعلایی، وەرگێڕانێکی ئازادەو زۆر پابەندی دەقی ئۆرژینالْ نییە، بەڵام دەقی دووهەم بەبەراورد لەگەڵ دەقی ئینگلیسی، وردبینانەتر و پابەندترە. لە هەندێ شوێنیش دا لەدەقی میرعلایی بەهێزتر و تۆکمەترە، بۆ وێنەمیرعلایی دەسپێکی شێعرەکە بەمجۆرە وەردەگێڕێ:

بیدی از بلور، سپیداری از طب،
فوارەای بلند کەباد کمانی اش می کند،
درختی رقصان اما ریشەدر اعماق،
بستر رودی کەمی پیچد، پیش می رود،
روی خویش خم می شود، دور می زند
و همیشەدر راەاست:

بەڵام اسماعیل پور بەمجۆرەوەردەگێڕێ:
بید بلور، سپیدار یَب،
فوارەای بلند با کمانەی باد
درختی ژرف ریشەاما رقێندە
رودی روندەو پیچندە
دورزنندەچو مداری دەوار
همارەدر راە:

وەک دەبینین هەر دوو دەق تۆکمەو سەرکەوتوون، بەڵام دەقی دووهەم، زیاتر گرنگی بەتەکنیک و فۆرم داوە. رەنگەگەورەترین لاوازی دەقی دووهەم لەوەدایەکەلەدوو شوێن دا، کەباسی پرسی سێکس دەکا، دوو کوپلەلەشێعرەکەسانسۆر دەکات. هەروەها لەشوێنێک دا وشەی "angel"ی بە "eagle" وەرگرتووەو لەجیاتی ئەوەبە"پەری" وەری بگێڕێت، بە"هەڵۆ" وەریگێڕاوە. دەقی میرعلایی، کەلەدەقی ئۆرژینالْ وەرگێڕدراوە، وشەی "فریشتە"ی دادەنێ، ئەمەنادروستی وشەی دانانی وشەی هەڵۆ دەسەلمێنێ.

بەڵام هەر دوو دەق لەڕووی زمان و فۆرمەوەئێجگار لاوازن، رەنگەهۆکاری سەرەکیش لەوەدایەکەهیچ کام لەدوو وەرگێڕ خاوەن ستایل نین، لەو شاکارەمەزنەجیهانییە، دەقێکیان خولقاندووەکەنەک هەر هەستی جوانیناسی خوێنەر رازی ناکا، بەڵکوو خوێنەر تووڕەدەکا کەبۆ دەبێ وەها دەقێکی شاکار بەمجۆرەبەخوێنەری کورد بناسێندرێت.

ئەحمەدی مەلا کەبەوتەی خۆی زۆر بەم دەقەوەماندوو بووە، ئەو جۆرەکەلەپێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: هێشتا لەکاری خۆی رازی نییەو بەهەستێکی شیاوی خۆنەویستانەئاوات دەخوازێ کەلەداهاتوودا کەسێکی شارەزاتر باشتر ئەم دەقەوەربگێڕێت. هەروەها دەڵێ: "شێوە[فۆرم] وەرناگێڕدرێت". پێویستەلەم بابەتەوەئاماژەبەچەند خاڵێک بکەین: راستەکەوەرگێڕ ناتوانێ فۆرمی دەقی ئۆرژینالْ وەربگێڕێت، بەڵام وەرگێڕ دەبێ لەدرێژەی پرۆسەی وەرگێڕان دا ۱) فۆرم و پێکهاتەی دەقی ئۆرژینالْ تێکبشکێنێ ، ۲) فۆرمێکی شیاو بەدەقی خۆی بدات؛ وەک ئەو کارەکەدوو وەرگێڕی ئێرانی و بەتایبەت اسماعیل پور کردوویە.

فۆرم یانی چی: فۆرم یانی چنین و لێک تەنینی پیتەکان، وشەکان، رستەکان و کوپلەکان هەم لەڕووی ئاسۆیی و هەم لەڕووی ئەستوونییەوە، هەم بەپێی ماتریاڵی زمانناسانەو، هەم بەپێی توخمی ناوەرۆک (بەهای کولتوری کۆمەڵناسانە)، بەجۆرێک کەدەق خاوەن کێش و هارمۆنی و مۆسیقا بێ و خوێنەر هەست بەتێکنیک و تۆکمەیی فۆرم و زمانی دەق بکا و هەستی ئێستاتیکی تێر و پاراو بێت. دەقی سەرکەوتوو بەجۆرێک تان و پۆی فۆرم و ناوەرۆک لێکدەتەنێ کەخوێنەر سەرسام دەکات.

ئێستا با بزانین ئایا دوو وەرگێڕی کورد وەها کارێکیان کردووە؟ کاک ئەحمەدی مەلا یەکەم کوپلەی شێعرەکە بەمجۆرە وەردەگێڕێت:

شۆڕەبیەکی کریستاڵین، چنارێکی ئاوین،
فوارەیەک کەبا دەیچەمێنێتەوە،
درەختێکی جوان چێنراو هەمیشەسەما دەکا،
رچەی رووبارێ کەدەچەمێتەوە،
پێشدەکەوێ، دەکشێتەوە، لار دەبێتەوەو
هەمیشەش هەر دەگا:

پێشتر دوو دەقی فارسی ئەم کوپلەمان هێنایەوە، ئێستا بۆوەی بەراوردێک بکەین، باشترین دەقی ئینگلیسیش دێنینەوە، ئـ. واینبێرگێر بەمجۆرەوەریدەگێڕێ:

a crystal willow, a poplar of water,
a tall fountain the wind arches over,
a tree deep-rooted yet dancing still,
a course of a river that turns, moves on,
doubles back, and comes full circle,
forever arriving:

با لەپێشدا باسی مانا و ناوەڕۆک بکەین: لەدێڕی یەکەم دا بەهەڵە دوو وشەی "شۆڕەبی" و "چنار" دانراون. شۆڕەبی بەفارسی دەبێتە"بیدمجنون" و بەئینگلیسی دەبێتە"weeping willow" بەڵام نەدوو وەرگێڕی فارسی و نەسێ وەرگێڕی ئینگلیسی، هیچ کامیان بەشۆڕەبی وەریان نەگێڕاوە. هەروەها لەجیاتی "چنار" دەبێ سنەوبەر یان سپیندار دابنین، وەک دەبینین دوو وەرگێڕی ایرانی "سپیدار" دادەنێن و سێ وەرگێڕی ئینگلیسیش poplar دادەنێن؛ بەمانای سپیدار یان سنەوبەر. هەروەها کریستاڵین و ئاوین نادروستن، میرعەلایی کەلەدەقی ئۆرژیناڵ وەریگێڕاوەدەنوشێ: "بیدی از بلور، سپیداری از یب"، هەروەها وەرگێڕی ئینگلیسی دەنوسێ: "a crystal willow, a poplar of water"، کەوابوو بۆوەی ئەم بەشەبەدروستی وەرگێڕین دەبێ بنوسین: "داربییەک لەبلور، سنەوبەرێک لەئاو". لەدێڕی دووهەم دا وشەی "بەرز/ بەژن بەرز" کەرۆڵی ئاوڵناوی فوارەدەگێڕێ، تەرجومەنەکراوە. لەدێڕی سێهەم دا، دەستەواژەی "جوان چێنراو" هەڵەیە؛ شاعیر دەڵێ: "a tree deep-rooted yet dancing still"، یانی "درەختێک سەما دەکا، ریشەی لەقووڵاییی دایە". لەدێڕی چوارەم دا وشەی "رچە" هەڵەیە، رچەلەزمانی کوردی دا زیاتر بۆ توولەڕێی نێو بەفر دەوترێ و بۆ رۆخ و بەستێنی رووبار بەکار نایەت. دێڕی شەشم "هەمیشەهەر دەگا" هەڵەیە. هەر سێ وەرگێڕی ئینگلیسی دەنوسن: "forever arriving" و دوو وەرگێڕی ئێرانی یەکیان دەنوسێ: "همیشەدر راەاست" و ئەویدی دەنوسێ: "همارەدر راە". کەوابوو دروست ئەوەیە بنوسین: "بەردەوام بەڕێوەیە".

بەڵام لەڕووی فۆرمەوەئەگەر ئەم بەشەلەگەڵ دەقی فارسی و دەقی ئینگلیسی بەراورد بکەین دەزانین کەاسماعیل پور و واینبێرگێر چۆن وشەکان و رستەکان لێکدەتەنن و چ هارمۆنی و موسیقایەک بەدەقی خۆیان دەبەخشن، بەڵام دەقی کوردی هێندەهارمۆنیک و تۆکمەنییە.

دەقی اسماعیل پور:

رودی روندەو پیچندە
دورزنندەچو مداری دەوار
همارەدر راە:

خوێنەر بەخێرایی هەست بەمۆسیقی پیتەکان (د، ر، ن، چ) و مۆسیقی وشەکان (روندە، پیچندە، دورزنندە، مدار و دوار) دەکات.

دەقی واینبێرگێر:

a tree deep-rooted yet dancing still,
a course of a river that turns, moves on,
doubles back, and comes full circle,
forever arriving:

سەرەرای مۆسیقی پیتەکان، خوێنەر بە قووڵی هەست بەمۆسیقی وشەکان دەکات. لەدێڕی یەکەم دا (tree, deep, root ô still, dance)، لەدێڕی دووهەم دا (course, river, turn)، لەدێڕی سێهەم دا (double, back, come, full, circle)، لەدێڕی چوارەم دا (ever, arrive, for).

بەڵام لەدەقی کوردی دا ئەم جۆرەجوانکاری و تێکنیکەبەدەگمەن دەبینین.

کاک ئەحمەدی مەلا بەشێکی تری ئەم شێعرە بەمجۆرە وەردەگێڕێ:

ناوتم فەرامۆش کرد، مێلوسینا،
لۆرا، ئیزابێل، پرسێفونا، ماریا،
خاوەن هەموو روخسارێکەو بێ روخسارە،
هەموو زەمەنێکی و هیچیشیانی،
لەدرەخت دەکەیت و هەروەها لەهەوریش،
تۆ هەموو باڵندەیەکی و ئەستێرەیەکیشی،
هەر بەنووکی شمشێر دەکەیت و
بەپیاڵەیەکی خوێنی دەستی جەلادیش دەکەیت،
لاولاویت و دەخشێی، رۆح دادەپۆشێ و رەگی

هەڵدەکێشێ و لەخۆی جودای دەکەیتەوە،
لێرەدا دەقی ئینگلیسی ئەم کوپلەبەوەرگێڕانی "ریمۆند سۆلار" دێنینەوەو پاشان باسی چەند هەڵەیەکی رێزمانی و کاتی فرمانەکان دەکەین:

Ive forgotten your name, Melusina,
Laura, Isabel, Persephone, Mary,
your face is all the faces and none,
you are all the hours and none,
youre a tree and a cloud, all the birds
and a single star, the edge of the sword
and the executioners bowl of blood,
the ivy that creeps, envelops, uproots
the soul, and severs it from itself,

وەک دەبینین لەدێڕی یەکەم دا "فەرامۆش کرد" هەڵەیەو دەبێ بنوسین :"فەرامۆش کردووە". لەدێڕی سێهەم دا "خاوەن هەموو روخسارێکەو بێ روخسارە"، راناوێ پاشبەندی "کە" هەڵەیەو دەبێ بنوسین: "روخسارێکی". ئەم دوو دێڕەش لەڕووی رێزمانەوە هەڵەیە: "هەر بەنووکی شمشێر دەکەیت و بەپیاڵەیەکی خوێنی دەستی جەلادیش دەکەیت"، وردەپیتی "بە" لەهەر دوو رستەدا بەهەڵەبەکارهێنراوە.
ئێمەپێمان وایەبۆوەی ئەم کوپلەیەبەدروستی وەربگێڕین کەفۆرمی هەبێ و بەدروستی مەبەستی شاعێر بپێکین دەبێ بەمجۆرەوەریگێڕین:

من ناوی تۆم لەبیر چووە
ملوسینا
لۆرا، ئیزابل، پرسێ فونە، ماری،
تۆ هەموو روخسارەکانی و هیچیان
تۆ هەموو سەعاتەکانی و هیچیان،
تۆ درەختی، هەوری
تۆ هەموو باڵندەکانی
تەنیا ئەستێرەی
تۆ لێواری شمشێرێکی
تۆ خوێنی پێکی جەلادی،
لەولاوێکی
دەخوشێ
رۆح لەباوەشی خۆی دەگرێ
رەگ و ریشەی هەڵدەکەنێ و
لەسروشتی خۆی
دایدەبڕێ،

هەروەهائەگەر ئەم رستەیە"پڵنگان لەنێو ئەو چاوانەدا خەون دەخۆنەوە" لەگەڵ دوو دەقی ئینگلیسی و دوو فارسی بەراورد بکەین تێدەگەین کەبەجوانی تەرجۆمەنەکراوە.
دەقی ئۆرژینالْ (ئیسپانیایی) بەمجۆرەیە:

o de esos ojos,ólos tigres beben sue

بۆ وەرگێڕانی ئەم دێڕەهانامان بۆ گوگل برد: "ببر نوشیدنی رویای ێن چشم"، یانی: "پڵنگ نۆشەخەونی ئەو چاوە".
وەرگێڕی ئینگلیسی "ریمۆند سۆلار" بەمجۆرەوەریدەگێڕێت:

tigers drink their dreams in those eyes

وەرگێڕانی تری ئینگلیسی بەمجۆرەیە:

the tigers come to these eyes to drink their dreams,

میرعلایی بەمجۆرەوەریدەگێڕێ:
چشمانی کەببرها برای نوشیدن رویا بەکنارش می ێیند،
یونس رەزایی بەمجۆرە:
جووتێک چاو کەبەورەکان بۆ خواردنەوەی خەون خۆی ئەخزێننەپاڵەوە، بەڵام بڕوانن اسماعیل پور چەندەتۆکمەو جوان و شارەزایانەوەریدەگێڕێت:

چشمانی کەببرها را
رویانوش
درمی افکند

یانی:
ئەو چاوانە
کەخەون بەپڵنگ دەنۆشێ و
دەیخەوێنێ (١)

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینین کەوەرگێڕانی اسماعیل پوور لەهەموو وەرگێڕانێک (دوو ئینگلیسی، دوو فارسی و دوو کوردی) شیاوترە؛ جووتێ چاو کەدنیایەک رەمز و راز و سێحر و ئەسوونی تێدایەو دڕندەترین ئاژەڵ (پڵنگ) دەستەمۆ دەکات، دەبێ لەوەرگێڕان دا و لەرستەدا رۆڵی سوژە / بکەری پێبدرێت.

١. خواجوی کرمانی تە عبیرێکی لەم چەشنەی هھیە:
"هندوی بت پرست پستت؛ آهوی شیرگیر مە ستت؛
رفتە از دست من، ز دستت؛ بردە آرام من بە دستان."

نازانم کاک ئەحمەد کەئەم دەقەی لەزمانی فەرانسی وەرگێڕاوە، بۆچی وشەی "مینیژۆپ"ی فەرانسی دەعەرەبێنێ و ئاوای لێدەکات:
مینیجۆبەگەنمەشامییەکەت کەرویشکەدەکات و گۆرانی دەچرێ
ئایا بەمجۆرەباشتر نییە:
مەزرای داوێنت دەشنێتەوەو سرود ئەڵێ
ئەم کوپلەش:

the endless corridors of memory, the doors
that open into an empty room
where all the summers have come to rot,

بەمجۆرەوەردەگێڕێ:
قاوشەبێ بنەکانی زاکیرە
بەرەسالۆنێکی بەتاڵ دەرگاکان کراونەتەوە
کەگشت هاوینەکان تیایەبۆگەن دەبن،

ئێمەپێمان وایە:
"تولەرێگای توناوتونی بیرەوەری،
بەدەرەو دۆلا رادەبرێ و
بەژوورێکی چۆڵ دەگات
کەلەودا
هاوین دەرزێت"
چ لەرووی تێکنیک و چ لەرووی ناوەرۆکەوەشیاوترە.
ئەمەچ زمانێکەکەشاکارێک بەمجۆرەوەردەگێرێت:
"قژەجالۆکییەی نێو هەراو هوریای
سەر زەردەخەنەی کات بەسەر تێپەرێو"
ئایا بەمجۆرەباشتر نییە:
"قژێک
کەبە دەستی جاڵجاڵۆکەتەنراوە
لەسەر بزەی سالانی دوور"
زمانی ئەم دەقەهیچ لەزمانی ئەدەبی ناچێ و قەت ناتوانێ هونەر و ئەندێشەی هەراوی پاز بگێڕێتەوە؛ زمانی ئەدەب تۆکمەیە، هاوکات هەم بیر دەوروژێنێ و هەم دڵ دەبزوێنێ؛ دەقی هونەری کاتێک سەردەکەوێت، کەشوور و شەوقێک بخولقێنێ، هەرچەندەدەقێکی هونەری، پتر هەستی مرۆڤ بەجۆش بێنێ، بایەخی هونەری و ئستاتیکی زیاترە. هونەر کاتێک بەپوختەیی تەواو دەگات، کە وەک ریژنەبارانێک لەشوور و شەوق دابکات و هەستی خوێنەر/بیسەر ببزوێنێ، یانی خوڕاگری خوێنەر/بیسەر تێکبشکێنێ و یەکسەر دڵ و دەروونی داگیر بکات. توێکڵی تەنگ و ئەستووری "من"ی خوێنەر/ بیسەر تێکبشکێنێ و لێی بستێنێ؛ لەم کاتەدا پەیامی هونەر هێندەبەهێزەکەهەموو سنورێک دەبەزێنێ. (٢)

لێرەدا کوپلەیەکی تر دێنینەوە:
"نووسینی گڕ لەسەر گەوهەر،
درزی نێو تاشەبەرد، شازادەی ماران،
کۆڵەگەی هەڵم، کانی نێو گاشەبەرد،
سیرکێکی مانگین، دەنوک لێدانی هەڵۆ،
دەنکی ئانیس، درکێکی بچووک و
کوشندەکەئازاری نەمر دەبەخشن،
شوانی نێو دۆڵەژێر ئاوییەکان و
پاسەوانانی دۆڵی مردوان،
ستوون بۆ پاڵپشت بەرەو خەرِندی گێژبوون خواردەبێتەوە
رووەکی خشۆک، رووەکی ژەهراوی،
گوڵی قیامەت، ترێی ژیان،
خانمی نەیژەن و روناکی،
هەیوانی یاسەمین، خوێی نێوبرین،
دەسکێ گوڵەباغ بۆ گولەباران کراو،
بەفری مانگی ئاب، مانگی قەنارە،
نوسینی دەریا لەسەر بازلت،
نوسینی با لەسەر بیابان،
وەسیەتی هەتاو، هەنار، گەنم،
لەم کوپلەدا شاعیر زیاتر باسی ناکۆکی و پارادۆکس دەکات، بەڵام وەرگێر پارادۆکسەکان تێکدەدات. بۆ وێنەکورد قەت ناڵێ "بەفری مانگی ئاب"، زۆر بەساکاری دەڵێ: "بەفری تەموز"، بەفر لەمانگی تەموزدا پارادۆکسە، نەک لەمانگی ئاب دا کەهەوا فێنکی کردووە. هەروەها دەنکی ئانیس بەکوردی دەبێتە: "تۆوی رازیانە". هەروەها ئەم سێ لێکدراوە: "ئاگرنوس، دەریانوس و بانوس" زۆر لە"نوسینی ئاگر" "نوسینی دەریا" و "نوسینی با" شیاوترن و باشتر پارادۆکسی مەبەستی شاعیر دەپێکن:

ئاگرنوس لەسەر یەشم
درزی نێو بەرد، شاژنی ماران
ئەستوونی مژ، کانیاوی نێو بەردەلان
ئاڵقەی تریفە، هێلانەی هەڵۆ
تۆوی رازیانە
چقڵی وردی مەرگهێنەر

٢. زیباشناسی سخن پارسی، بدیع، میر جلال الدین کزازی، نشر ماد/ مرکز، تهران ١٣٧٨، ل ١٥.

چقڵی ژانی تاهەتایی
کیژەشوانی دۆڵی دەریا و
دەرگەوانی دەرەی مەرگ
لەولاوی داشۆڕاوی
سەر هەڵدێری گێژ
مێوی ژاکاو، گیای ژەهراوی،
گوڵی ژیانەوە، هێشووی ژیان
خاتونی نەیژەن و برووسکە
باڵکۆنی یاسەمین،
خوێی نێو برین
گوڵێکی سوور
بۆ پیاوێکی گولەپێکاو
بەفری تەمووز،
مانگەشەوی لەخاچدراو
دەریانوسی سەر بەردی ڕەش
بانوسی سەر لمی بیابان
دواین تیشکی هەتاو
دەنکی هەنار، گوڵەگەنم،

دەقی کاک ئەحمەدی مەلا، سەرەڕای ئەوەکەدەقێکی خاوەن فۆرم و هارمۆنیک نییە، لەزۆر شوێن دا، ناوەڕۆک و ماناش دەشوێنێ، بۆ وێنەئەم کوپلە:

"let me be your whore" said Héloise,
but he chose to submit to the law
and made her his wife, and they rewarded him
with castration;

"ڕوخسەتم بدەرێ کەببمە سۆزانی تۆ،" ئەمەقسەکانی
"ئیلۆیسا"یە، بەڵام دەسبەرداری یاساکان بوو،
بەهاوسەر قبوڵی کرد و خەساندنیش بو بەپاداشتی؛

سەرەڕای شێواندنی زمانی شێعرەکە، لێرەدا دوو هەڵەی سەرەکی دەبینرێ: ١. روون نییەبکەر کێیە؟ چونکەوەرگێڕ لەمەبەستی شاعیر تێنەگەیشتووە؛ ٢. "دەسبەرداری یاساکان بوو"، هەڵەیە، بەڵکوو لێرەدا مەبەست هاوڕێی هلۆئیزەکەمل بۆ یاسا کەچ دەکا و واز لەپێوەندی ئاشقانەدێنێ و لەگەڵ هلۆئیز زەماوەند دەکات، بەڵام وەک زۆربەی ژیانی هاوبەشی بنەماڵەی تاکهاوسەری، پێوەندی خۆشەویستی بەتەواوی دەمرێ و تووشی ئلیناسیۆن دەبێت، بەجۆرێک کەکابرا دەخەسێت. دەبێ ئەم کوپلە بەمجۆرە وەرگێڕین:

هلۆئیز وتی: "لێم گەڕێ با قەحبەی تۆ بم"
بەڵام کابرا خۆی بەیاسا ناساند
بۆیان مارەکرد و بەمجۆرە
خەڵاتیان کرد: خەساندیان.

وەرگێڕ درێژەی شێعرەکەی بەجۆرێک وەردەگێڕێت، کەخوێنەر لەمەبەست تێناگات و سەری لێدەشێوێت:

"تاوان چاکترە
ئەو عاشقانەی کەخۆ دەکوژن، دەست درێژکردنی برا بۆ خۆشک، وەکو
نەینۆکەعاشقەکانی هاوچەشنی خۆیان،
چاکترەنانی ژەهراوی بخۆن،
داوێنپیسی سەر دۆشەکی خۆڵەمێش،
عیشقی دڕندە، وڕێنە،
لاولاوەی ژەهراوین، نێرباز وەکوو
مێخەکێکی گۆپکەکردوو تف لەڕوو، چاکترە
لەو مەیدانەی کەنەعوور دەگەڕێ ڕەجم بکرێی،
ئەو نەعوورەی کەباسی جەوهەری ژیان دەکات،
ئەبەدییەت بەچەند سەعاتێکی قوپاو دەگۆڕێتەوەو
خوولەکەکانیش بەزیندان، زەمەنیش بەپارچەمس و بەپۆخڵەواتێکی
موجەڕەد؛"

با لێرەدا بەکورتی باسی "بەردی هەتاو" وەرگێڕانی یونس ڕەزایی بکەین و بزانین ئەو چۆن ئەم بەشەی وەرگێڕاوە؟ ئەڵبەت دەبێ ئەوەش بزانین کەڕەزایی تەنیا پشتی بەدەقی فارسی "میرعلایی" بەستووە، وەک پێشتر وتمان، وەرگێڕانی میرعلایی، وەرگێڕانێکی بەرێژەئازادە؛ کەوابوو کاتێ بەزمانی سێهەم وەربگێردرێت، دیسان ئازادتر دەبێت و لەدەقی ئۆرژینال زیاتر دوور دەکەوێتەوە. هەروەها هەموو ئەو خاڵانەکەپێشتر باسمان کرد، وەک فۆرم، ستایل و کێش و مۆسیقا، لەم دەقەشدا کەمتر دەبینرێن. بەڵام زمانی ڕەزایی لەزمانی ئەحمەدی مەلا سوارتر و بەهێزترەو هەم باشتر لەمەبەستی شاعیر تێگەیشتووە، هەم باشتر خوێنەر تێدەگەیەنێ، بەڵام دەقێکی هارمۆنێک نییەو کەمتر هەست دەبزوێنێ؛ کوپلەی پێشوو بەمجۆرەوەردەگێڕێت:

ئەلوئیز وتی "لێگەڕێ ببمەنەشەمەی تۆ"
بەڵام پیاوەخۆی بەدەستی یاساوەدا
ئەوی خواست و ئەوانیش لەجیاتی خەڵات
یەختەیان کرد،
چ پیرۆزەتاوان و
خۆکوشتنی ئەوینداران، خوشک و برا
کەوەک دوو ئاوێنەی شەیدای وێکچوونێ خۆیان بوون
لەگەڵ یەک دەست تێکەڵ دەکەن،
چ پیرۆزەنانی بێ ئابڕوویی خواردن،
زیناکردن لەپێخەفی خۆڵەمێشدا

چ بەرزەئەوین و شەلاقێک لەچەرمی خاو
وڕێنەی لاولاوی ژاراوی،
نێربازێکیش کەبەجێی مێخەک تف لەبەر ئێخەی دەدا،
چ شیرینترەبوونەبەرد لەجێی بەکۆمەڵ
لەوەی خۆ بەدەست ئەو ماشینەوەدەی
کەشیلەی ژین هەڵدەهێنجێ، وەک هەویر هەڵی دەڕێژێ و
لەساتی بێ تاقەتی دا
بەئەبەدیەت دا ڕمبازێن دەکا
لەساتەکان بەندیخانەساز دەکا
زەمان دەکاتەقەرەپوڵی مسی و بێ بایەخ؛

کورد ناڵی "یەختەیان کرد" و دەڵێ: "خەساندیان". هەروەها "نەشمە" وشەیەکی فارسییەو لەکوردی دا دەبێ "قەحپە" یان "سۆزانی" دابنین. هاروەها دوو دێڕی: "لەساتی بێ تاقەتی دا/بەئەبەدیەت دا ڕمبازێن دەکا" هەڵەیەو مانای شێعرەکەدەشێوێنێ؛ جگەلەوەش لەجیاتی "گووی دەرهەست"، "بێ بایەخ"ی داناوە، کە قەت ناتوانێ مەبەستی شاعیر بپێکێ. لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیەکەتاوان، خۆکوشتن، پێوەندی سێکسی خوشک و برا، ڕسوایی و نێربازێک کەپێویستی بەتف هەیەنەک گوڵ، باشترەلەژیانی تاک هاوسەری، ژیانی بنەماڵە کەبناغەی سیستمی کۆمەڵایەتی گەندەڵ و سەرەڕۆ پێکدێنێ، شیلەی ژیان دەگوشێ و ساتەکان بۆ مرۆف دەکات بەزیندان و زەمەن دەکات بە"گووی دەرهەست" "abstract shit"

دەبێ ئەم بەشەبەمجۆرەوەرگێڕین:
چ باشتر تاوان
خۆکوشتنی ئەڤینداران، خوشک و برا
کەوەک دوو ئاوێنەی شەیدای یەکتر
لێکدەئاڵێن،
چ باشتر نانی ڕسوایی،
چ باشتر خۆشەویستی لەنێو نوێنی خۆڵەمێش دا
چ باشتر عشق و تاژانگی تاڵ
وڕێنەی مێوی ژەهراوی و
نێربازێک کەلەجیاتی گوڵ، تف لەئێخەی دەدات،
خۆزگەم بەبەردی مەیدانی گشتی
نەک بەرداشێک
کەشیلەی ژیان دەگوشێ
تاهەتایی
دەکات بەپووچی
ساتەکان دەکا بەزیندان و
زەمەن دەکا بەسکەی مس و گووی دەرهەست؛

هۆکارێکی تر کەلەوەرگێڕان دا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ، بریتییەلە"زەوق". زەوق یانی چی؟ بەڕای زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ئەدەبیات، زەوق بریتییەلەجۆرێک توانا و لێوەشاوەیی کەتەنیا بەهۆی ژیان لەنێو کۆمەڵ دا و لەگەڵ خەڵک دا بەرهەم دێ و وەها توانایەک بەمرۆف دەبەخشێ کەدەتوانێ جوان و دزێو بناسێت، لەجوانێ چێژ وەرگرێت و لەژیان دا و لەئاکار و ڕەفتاری خۆی دا چەند توخمێک لەجوانی بگونجێنێت. بەڵام زۆرجار داوەری زەوقی بەتەواوی لەداوەری ئەقڵانی بەجیاواز دەزانن، چونکەئەقڵ لەداوەری دا هۆکار و ئاکامەکان لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام داوەری زەوقی، زیاتر لەچێژ و غەریزەپێڕەوی دەکات. بەڵام ئایا زەوق لەسروشتی مرۆف دایە، یان بەپێی پەروەردەبەرهەم دێت؟ (٣)

لەم بابەتەوەبیروڕا جۆراوجۆرن، بەڵام بەگشتی دەتوانین بێژین هەر کەسێک بەڕێژەیەک زەوقی هەیەکەدەتوانێ پەروەردەی بکات و گەشەی پێبدات، بەڵام وەرگێڕ و نوسەر دەبێ بەجۆرێکزەینی خۆیان پەروەردەبکەن کەبتوانن بەرزترین ئاستی زەوق و جوانیناسی خوێنەران بناسن.

زمانی ڕەزایی لەچاو زمانی ئەحمەدی مەلا، سوارە، ئەگینا زمانێکی هەرەقورس و ناخۆشە، بۆ نمونەبڕوانن بەجۆرێک بەنێو جوتەچاوی پڕ ڕەمز و ڕاز و سێحراوی دا "تێدەپەڕێ" کەوێنەی هەرەناسک و خەیاڵی شاعیر تێکدەدا و دەیشێوێنێ:

من بەنێو چاوەکانت دا تێدەپەڕم هەر وەکوو بەنێو ئاودا جووتێک چاو کەبەورەکان بۆ خواردنەوەی خەون خۆی ئەخزێننەپاڵەوە،
پێشتر باسی ئەم جووتەچاوەمان کرد، بەڵام لێرەدا فرمانی "تێدەپەڕم" زیاتر ئاژەڵێک دێنێتەپێش چاومان کەبەتەقڵەکوت بەنێو چۆمێک دا تێدەپەڕێ، نەک جووتێ چاوی ئەفسووناوی کەپێش بەگوزەری سەدەکان دەگرێت.

بۆ نیشاندانی زمانی قورس و ناشیانەچەند بڕگەیەک دێنینەوە:
"لەنێو ڕاڕەوەتاریکەبێ ئەژمارەکانمەوە"
"وەخۆهاتنەوەیەک، بەچاوی پشکووتووەوەقوچاوە
ئەڕوانێتەبەخۆدا هاتنەوەی"
"هۆدەگەلێ وەک پاپۆڕەبەجم و جوڵەکان"

لەشوێنێکی تردا دەڵێ: دیوارگەلی کەنادیترێن. سەرەڕای هەڵەبوونی ئەم ڕستەیە، گێنانی پیتی "گەل" بۆ کۆکردنەوەزۆر ناخۆش و ناشیانەیەو نوسەر و وەرگێڕی شارەزا قەت بەکاری ناهێنێ؛ بۆ وێنەع. حەسەن زادەلەوەرگێرانی ڕۆمانی گەورەی حەمەدۆک دا، یەک جاریش ئەم پیتەی بەکار نەهێناوە.

یان ئەم بەشەلەشێعرەکەی بەمجۆرەوەرگێڕاوە:
بیر لەدەستەوئەژنۆبوونی ڕێکی مرۆف بوون،
لەشکۆ و گەورەیی نان بەخشینەوەو، هەتاو و مردن بەش کردن،
مۆجزەیی لەبیرکراوی زیندوویی:

وەرگێڕ بەمجۆرەناتوانێ مەبەستی شاعیر بپێکێ: ئەو دەڵێ نان بەخشینەوە، کەزیاتر بەزەیی مرۆف دەبزوێنێ، بەڵام شاعیر دەڵێ دابەشکردنی نان و هەتاو، کەبەشێوەی هێمایی باسی بەهاکانی

سۆسیالیزم دەکات، ئەم‌لە کوێ و ئەو لەکوێ:
ئێمەبۆ یەکێتی فەوتاومان دەڕوانین
بۆ قوژبنی دڵتەنگی مرۆڤ،
بۆ شان و شکۆی مرۆڤ،
شکۆی دابەشکردنی نان، دابەشکردنی هەتاو، مەرگ،
حیرەتی لەبیرکراوی زیندوو بوون؛

نوسەر یان وەرگێڕ چۆن دەتوانێ دەقی تۆکمەبخولقێنێت؟ دەبێ بەئاستێک لەپەروەردەی زەینی بگات کەلەرستەو دەستەواژەی لەرزۆک و پرژوبڵاو خۆببویرێت. بۆ نمونەئەگەر لەجیاتی "شەلاقێک لەچەرمی خاو"، بنوسین: "تاژانگی تاڵ"، بەجۆرێک تان و پۆی‌مانا و نێوەرۆک لەگەڵ‌هارمۆنی و فۆرم لێکدەتەنین کەلەزمانی نزم و لاواز رزگار دەبین (ئەم دوو وشەپێکەوەلەفۆرم دا جۆرێک کێش و مۆسیقی دەخولقێنن، لەرووی ناوەرۆکیشەوە، تاژانگ هەردەم ژان و ئازار و تفتی و تاڵی وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە، کەوابوو هەم لەفۆرم دا و هەم لەناوەرۆک دا لەگەڵ یەک دێنەوەو دەستەواژەیەکی تۆکمەپێکدێنن.)؛ هەروەها لەم دەستەواژەیەدا زمان ئارکائیک کراوە(تاژانگ وشەیەکی هەرەکۆنەکەئێستاش لەزاراوەی هەورامی دا لەجیاتی شەلاق بەکار دێت). کەوابوو نوسەربەشێنەیی و لەدرێژەی پرۆسەیەکی پەروەردەی زەینی- زمانی - ئەدەبی دا دەتوانێ بەزمانێکی تۆکمەو هارمۆنیک بگات. نوسەر/ وەرگێڕی بەئەزموون دەتوانێ بەداهێنانی کۆمەڵێک تێکنیکی لەم چەشنەببێت بەخاوەن ستایل و دەقی تۆکمەبخولقێنێت.


سەرچاوەکان:

١. سنگ افتاب، پاز، احمد میرعلایی، نشر کتاب زمان، تهران ١٣٨٢.

٢. درخت درون، اکتاویوپاز، ترجمە: ابوالقاسم اسماعیل پور، نشر اسگورە، تهران ١٣٨٢.

http://www.geocities.com/scriptorpress .
www.geocities.com/scriptorpress
mailto:cenacle@mindspring.com/
#363, Seattle, Washington 98107, cenacle@mindspring.com/
Kassandra Kramer, Scriptor Press 2442 NW Market Street
(1957), by Octavio Paz, edited by Raymond Soulard, Jr.&
3. Sunstone,

4.Octavio Paz, The Sun Stone, translated by Eliot Weinberger.

5. Octavio Paz, Sun stone, Tr: David Ulansey.

6.spanish. , google , PIEDRA DE SOL Octavio Paz

٧.بەردەهەتاو، وەرگێڕانی لەزمانی فەرانساوە: ئەحمەدی مەلا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠١.

٨. گۆفاری سەردەم، ژمارە٨، نیسانی ٢٠٠٠، بەردی هەتاو، وەرگێڕانی یونس رەزایی، ل ٧٢-٩٦.

٣. نقد ادبی، دکتر عبدالحسین زرین کوب، انتشارات سخن، تهران ١٣٨٣، ل ٥٤-٥٥.



# لەبەر دەروازەی کرێملین شین دەگێڕم

## ((لێکدانەوەی ژیان و شیعری ئانا ئاخماتووا))

ئەحمەد پووری
و: لەیلا ساڵحی

کاتێک "ئاخماتووا" یەکەمین کۆمەڵەشیعری خۆی لەساڵی ۱۹۱۲ دا بەنێوی "شەوگار" لەچاپدا، ۲۳ ساڵی تەمەن بوو، لەکۆڕ و کۆبوونەوەئەدەبییەکانی ئەو کاتدا نێوی کەوتبووەنێو نێوان، تا ئەو کاتەهەندێک شیعری لەگۆفارەئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەدا چاپکرابوو. بێجگەلەوەش دۆستایەتی ئەو لەگەڵ "گۆمیلیۆف" کەیەکێک بوو لەشاعیرە ئاژاوەگێڕ و نێوبەدەرەوەکانی ئەو کاتە، "ئاخماتووا"ی بەناوبانگتر کردبوو، ڕوسیا لەبەرەژانی شۆڕش و گۆڕانکارییەقووڵەکاندابوو. هێزی بەرەنگاری و دژی قەیسەر، پاش تێکشکانەکەی ۱۹۰۵ خەریکی ئەوەبوو خۆی بۆ هەڵمەتێکی بەرینتر تەیار بکا. شیعری ڕوسیای ئەو سەردەمەبەسەرۆکایەتی "بیریووسۆف" و "ئێلکساندر بلووک" لەژێر چۆکی بێ ئەملاو ئەولای سەمبۆلیزم دابوو.

بەڵام هێماخوازی و شاراوەوێژی و ڕەمز و نهێنی سەمبۆلیزم، بۆ کۆمەڵگەی پڕ لەجووڵەو زیندوو و شۆڕشگێڕی ئەو دەمەی ڕوسیا لەبار نەبوو. جموجۆڵی بەرچاوی کۆمەڵایەتی لەئەدەبیات و هونەریش دا پێویستی بەراشکاوی و نەشاراوەیی بوو، لەسەر بنەمای پێداویستییەکی وەها بوو، کەدوو قوتابخانەی "فۆتۆریسم" و "ئاکمەئیسم" بەدژی سەمبۆلیزم وەدی هاتن.

فۆتۆریسم بنج و بنەمایەکی ئیتالیایی هەبوو. لەو ساڵانەدا "ئیمیلیۆ فیلیپۆ مارینێتتی" لەئیتالیا قوتابخانەی فۆتۆریسمی دامەزراندبوو، مانیفێستەکەشی ساڵی ۱۹۰۹ لەگۆفاری

"فیگارۆ"ی پاریس دا بڵاو کردبووە، ئەو قوتابخانەیەبەو بڕوایەوەکەئیتر چاخی ماشینیزمی نوێ، گۆڕەپانی درکاندنی هەستەرۆمانسی و پڕ لەنهێنییەکان نییە، ڕاستەوخۆ هەڵمەتی کردەسەر سەمبۆلیزمی فەرانسەوی و بەوەلانانی ئەو یاسا ڕێزمانی و ئەدەبی یانەی لەشیعر دا خەڵک خوویان پێگرتبوو، هەندێک قاڵبی نوێی شیعری پێکهێنا، بەڵام تەنیا سەرنجدانی ئەو قوتابخانەیەبەفۆڕم و کاریگەرییەک کەلەنیچەو تیۆری کەڵەپیاوی ئەوی وەرگرتبوو، ئەم قوتابخانەیەی کردەیەکێک لەکاریترین قوتابخانە ئەدەبییەکانی ئیتالیای سەردەمی مۆسوولینی، بەڵام لەڕوسیا "مایاکۆفسکی "و "خەلبینکۆف" لەو قوتابخانەیەوەک شۆڕشێک لەفۆڕمی شیعر دا کەڵکیان وەرگرت و بەوەکارهێنانی بۆچوونەگشتییەکانی فۆتۆریسم، شیعریان لەدژواری و پێچیاوی ڕزگار کرد و لەزمانی باوی ئاخاوتنی ڕۆژانەیان نزیککردەوە، "مایاکۆفسکی" بەدەکار کردنی وشەی ناسراو و تایبەتی و بەدوور لەجوانکاریەکانی سەمبۆلیک، وێڕای پێکهێنانی گۆڕانکاری لەخاڵ دانان و درێژ و کورتی دێرەکان، شیعری کردەچەکی شۆڕش، بەڵام بزووتنەوەی "ئاکمەئیسم" لەبنەڕەتەوەڕوسی بوو. "گۆمیلیۆف"، "سێرگێئی گرۆد تێسکی"، "ئۆزیپ ماندلشتایم"، ئانا ئاخماتووا"، "بووریس پاستێرناک" و چەند کەسێکیدی، بۆ دژایەتی لەگەڵ سەمبۆلیزم ئەو قوتابخانەیەیان بنیات نا. بەپێچەوانەی فۆتۆریستەکان " ئەوان بەشوێن گرتنەبەری ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەو کەڵک وەرگرتن لەو ڕێبازەبۆ ڕاپەڕین و شۆڕش نەبوون. لەڕاگەیەنراوی ئەواندا ئاوا هاتبوو: بەڕای ئێمەگوڵی سوور بەهۆی گەڵاو ڕەنگ و بەرامەی خۆی سەر لەنوێ بووەتەوەگوڵێکی سووری ڕاستی و هیچ پێوەندییەکی بەئەوینی پڕ لەنهێنی یان هیچ شتێکی دیکەی لەو بابەتەوەنییە. "ئاخماتووا " کەنەیدەویست بچێتەڕیزی هونەرمەندان و شاعیرانی شۆڕشگێڕەوە، تێکەڵ ڕیزەکانی ئەو قوتابخانەیە بوو. پاشانیش لەگەڵ "گۆمیلیۆف" کەیەکێک بوو لەپێشەنگەکانی ئەو قوتابخانەیەزەماوەندی کرد. نائارامیی و ناسەقامگیریی شۆڕشەکەبووەهۆی ئەوەی بابەتێکی وەک ئەوەی کەهونەرمەندان دەبێ تەنیا سەرقاڵی هونەر بن، بەسانایی وەرنەگیرێ و بۆ زۆربەی هونەرمەندەکان و بەتایبەت "گۆمیلیۆف" بەرەورووبوونەوەلەگەڵ وەها بابەتێک دژوار بوو، بەڵام ئەو کەپیاوێک بوو سەری لەکێشەدەخورا، چووەڕیزی دژەشۆڕشەکانەوە. ساڵی ١٩١٢ "لوو"کوڕەگەورەی "ئاخماتووا" و " گۆمیلیۆف" لەدایکبوو. " گۆمیلیۆف" چووە نێو ئەرتەشەوەو زۆربەی کاتەکانی خۆی بەڕاپەڕاندنی کار و باری سەربازییەوەرادەبوارد.

"ئاخماتووا"ساڵی ١٩١٤ دووهەمین کۆمەڵەشیعری خۆی بەناوی "تەسبیح" بڵاو کردەوە. ئەو کۆمەڵەشیعرەش پێشوازییەکی بێوێنەی لێکرا. "تەسبیح" کۆمەڵەشیعرێکی ئەویندانەیەو هەموو شیعرەکان بریتییە لەئەوین و سەرخۆشی و تێکشکان لەئەوین دا.

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ سەرانسەری ڕوسیای هەژاند. شەونشینییە ئەدەبی و شەوەشیعرەکان جێی خۆیاندا بەکۆبوونەوەی گەرموگوڕی سیاسی. شاعیرانێکی وەک "ئاخماتووا"کەتا ئەوکاتیش لەو هەژانەبەدوور بوون، زۆر دەگمەن بوون. هەر لەو ساڵەدا "ئاخماتووا"سێهەمین کۆمەڵەشیعری خۆی بەناوی " ڕەوی باڵندەسپییەکان " بڵاو دەکاتەوە. بڵاو بوونەوەی ئەو کتێبەچەند مانگ بەر لەشۆڕش بوو، هەر بۆیەبەهێند نەگیرا و سەرنجێکی شیاوی پێنەدرا. بەپێچەوانەی "شەوگار" و "تەسبیح" کەچەند جار لەچاپدرانەوە، کتێبی سێهەمی ئەو لەسنوورەکانی "پیترۆگراد " بەو لاوەتر نەچوو و تەنانەت نەگەیشتەکتێب فرۆشەکانی "مۆسکۆ"ش. هەڵبەت بارودۆخی ئاڵۆزی ئەو سەروبەندەیەکێک لەهۆیەکانی پێشوازی نەکردن لەو کتێبەبوو. "ئاخماتووا"خۆی لەو بارەیەوەدەڵێ: هەم خوێنەران و هەم ڕەخنەگران لەمەڕ ئەو کتێبەوەبەئینساف نەبوون و جوانیان هەڵنەسەنگاندووە. ئەو کتێبەلەبارودۆخێکدا بڵاوبووەوە، کەهەر ناکرێ لەگەڵ دۆخی کتێبەکانی پێشووم بەراورد بکرێ. هاتوچۆ بەتەواوی ڕاگیرا بوو، تەنانەت نەیان توانی کتێبەکەبۆ مۆسکۆش بنێرن. گۆڤار و ڕۆژنامەکان هەموو ڕاگیرابوون و هەر بەو هۆیانەش بوو کەلەسەر ئەو کتێبەهیچ قسەو باسێک نەهاتەئاراوە. پێم سەیرەبۆچی ئەوڕۆش کەس سەرنج ناداتەئەو خاڵە.

"ئاخماتووا" پاش سێ ساڵ دوور بوونەوە لەمێردەکەی کە لە مەیدانی شەڕدابوو، لێی جودا بووەوە، سێ ساڵ دواتر چوارەمین کۆمەڵەشیعری خۆی بەناوی "دار چنار" بڵاو کردەوە، هەر لەو کاتەدا "گۆمیلیۆف" گیرا و پاش موحاکەمەیەکی کورت بەتاوانی تێکۆشان بۆ لەناو بردنی حوکومەت سزای ئیعدامی بۆ دەرچوو. پاش مردنی "گۆمیلیۆف" شکو دڕدۆنگی لەلایەن حوکومەتەوەسێبەری بەسەر ئانا دا کێشا و ئیتر لەوەبەولاوەساڵەپڕ جەزرەبەکانی ژیانی پڕ لەترس و دڵەخۆرپەی ئانا دەستی پێکرد، لەچاپدانەوەی کتێبەکانی ئەستەم و دژوار بوو. بەبڕوای حوکومەت "ئاخماتووا"ژنی "گۆمیلیۆف"ی دژەشۆڕشەکەهەرگیز هیچ شیعرێکی بۆ شۆڕش نەهۆنیوەتەوەو لەگەڵ هونەرمەندانی دژەشۆڕشی وەکو "ئۆزیپ ماندلشتایم" دۆستایەتی و هاتوچۆی هەیە.

"ئاخماتووا"لەو ساڵانەدا وەک هاوڕێی شاعیری خۆی "پاستێرناک" دەست دەکات بەوەرگێران و توێژینەوە، هەروەها ژیاننامەو لێکدانەوەی شیعرەکانی پووشکین بڵاو دەکاتەوە.

لەساڵی ١٩٣٥ دا "لوو"ی کوڕی دەست بەسەر دەکرێ و پاش ماوەیەکی کورت بەر دەبێ، بەڵام سەرلەنوێ بەوەپاڵنانی چەند

تاوانی نادیار دەست بەسەر دەکرێتەوە. "ئاخماتووا"ئەو رۆژانەبەتاریکترین رۆژەکانی ژیانی خۆی دەزانێ. لەو سەروبەندەدا دەستدەکات بەنووسینی شیعری بەرز و بەناوبانگی "سەردوولکە" و لەساڵی ۱۹٤۰دا تەواوی دەکات. بەڕای تاقمێک لەڕەخنەگران شیعری سەردوولکە یەکێکەلەشاکارەکانی شیعری مودێرنی ڕوسیا:

ئەوان لەکازیوەی بەیانی دا بردیانی و ئەمن بەشوێنت دا هاتم
دەتگوت بەدوای تابوکەت دا هەنگاو دەنێم
لەهۆدەتاریکەکان دا
منداڵان شیوەنیان دەکرد
مۆمیش دووکەڵی دەباراندەسەر روخساری پیرۆزی درەوشاوە
سارد، دواهەمین ماچ لەسەر روخساری پیرۆز
سارد، دڵۆپەعارەقەکانی سەر تەوێڵ
وەک ژنانی ئێستێرلیتسی
لەبەر دەروازەی کرێملین شین دەگێرم
لەولاوەتر، یەکێک ئەسرینی چاوانی دەسڕێتەوە.
گمەگمی کۆتری بەندیخانەدەتوێتەوە
سەهۆڵ دەجووڵێ و "نێوا" دەبزوێ
بەخوشانی هێورەوەبەرەو دەریا.

لەساڵی ۱۹٤۰دا "لوو" بەبێ تاوان دەناسرێ و بۆ بەشداربوون لەشەڕی نیشتمانی، لەگرتووخانەئازاد دەکرێ. "ئاخماتووا"لەساڵەکانی ۱۹٤۰ تا ۱۹٤٥ چەند شیعرێک لەمەڕ شەڕەوەدەهۆنێتەوەو یەکێک لەهۆنراوەکانی وەک سروودێکی نیشتمانی لەبەرەکانی شەڕدا دەگوترێتەوە:

چراکان کوژاونەتەوە
خەندەکی مەتەریزەکان لەناو خانووەباخەکان دا. . .
هەتیوەکانی پێترزبۆرگ
هەموو منداڵانی منن. . .
لەو ژێرخانەدا
سینگ هەناسەی دێتەوەبەر
ئێش و ژان لەسەر تەوێڵ چڵ دەدەن
لەنێو گرمەی بۆمبەکان دا
دەنگی منداڵێک دەبیسرێ.

ئازادی "لوو" لەبەندیخانەو چاپی شیعرەکانی "شەڕ"ی "ئاخماتووا"لەگۆفارەکان دا، هیوای تەواو بوونی مەودای قاچاخی شیعرەکانی ئانای بەدیهێناوە، بەڵام پاش شەڕ، زەبر و زەنگ لەپانتایی ئەدەبیاتدا پەرەدەستێنێ. "ژێدانۆف" کومیساری کولتووری "ئیستالین" لەوتارێکی توند و تیژ دا کەلە"لینینگراد" و "ئیزۆستیا" دا بڵاوی دەکاتەوە، "ئاخماتووا" و "میخائیل زوشچێنکۆ"ی تاوانبار کرد بەناهۆگر بوون بەکولتووری شۆڕشەوەو تەنانەت "ئاخماتووا"بەشاعیرێکی نیمچەراهیب – نیمچەسۆزانی لەقەڵەم دەدا و هەروەها شیعرەکانی سەردەمی شەڕی ئەو بەو بیانووەی کەدارماڵن لەناهومێدی و هیوابڕاوی و بەدوورن لەهەموو هیوا و هاندانێک، بەهیچ دەزانێ. پاشان هەر بەپێشنیاری ئەو ئانایان لەشووڕای نووسەران وەدەرنا و بۆ جارێکیتر ترس باڵی بەسەر ژیانیدا کێشا.

دوای مردنی "ئیستالین" لەساڵی ۱۹٥۳ دا، قەرەبووکردنەوەی ڕابردوو و گەڕاندنەوەی مەزنیی و شکۆی ئەو سیاسەتمەدار و هونەرمەندانەی کەلەچاخی "ئیستالین" دا ڕقیان لێ هەڵگیرابوو، دەستپێدەکات، بەڵام "ئانا" بڕوای بەم کەشوهەوا نوێیەنییەو بەترسەوەئەو چەند شیعرەبڵاو دەکاتەوە:

تووشی سەرسوڕمانم دەکەی کاتێک دەڵێی لەبیرم دەبەنەوە
منیان سەدان جار لەبیر بردۆتەوە
سەدان جار لەگۆڕ دا ڕاکشاوم
خاتوو خوای شیعر کوێر و گێژ،
وەک تۆوێک لەژێر عەرزی دا ڕزام
کوا جارێکی تر وەک قەقنەس
لەناخی خۆڵەمێشەوەڕادەبێ و لەشەقەی باڵان دەدا
بەرەو ئامێزی شینایییە ڕەسەنەکان.

بەڵام ئەوجار هەر بەڕاست ئیزنی چاپو بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی دەدرێ. هەڵبژاردەیەک لەهۆنراوەکانی پێشووی لەساڵی ۱۹٥۸ دا چاپدەکرێ و پێشوازییەکی یەکجار باش و بێ هاوتای لێدەکرێ. بۆ جارێکیدی "ئاخماتووا"سەرنجی کۆبوونەوەئەدەبییەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و شیعرەکانی وەبرەو دەکەوێ. ئەو لەو ساڵانەدا خەریکی نووسینی شیعرەبەرزەکەی خۆی بەناوی "بێ قارەمان" دەبێ. ئەو شیعرەبۆ یەکەمینجار لەساڵی ۱۹٦۲ دا بڵاو دەکرێتەوە. "ئاخماتووا"لەو شیعرەدا کەدەکرێ بڵێین پوختترین و پڕ پێچ و پەناترین کارێتی، کەلێن و پەسیوەنیوەڕوون و نیوەتاریکەکانی چل ساڵ ژیانی خۆی دەخاتەبەر چاوی خوێنەران.

لەساڵی ۱۹٦٤ دا "ئاخماتووا"سەفەرێک بۆ ئیتالیا دەکات تا خەڵاتی "ئانتا – تائورمینا" کەخەڵاتێکی بەناوبانگی ئەدەبییە وەربگرێ. هەر لەو ساڵەش دا بەبانگێشتنی زانکۆی "ئاکسفۆرد" دەچێتەبەریتانیا و دکتۆرای شانازی لەلایەن ئەو زانکۆیەوەوەردەگرێ.

"ئانا ئاخماتووا"بێ شک یەکێکەلەشوێن دانەرترین هۆنەرانی شیعری مودێرنی ڕوسیا. کاریگەری ئەو لەسەر شاعیرانی پاش خۆی وەک "یەفتوشینکۆ"، "ئاندرێ وازنێسنێسکی" و "بلاخمادوولینا" حاشاهەڵنەگرە.

"ئاخماتووا" لەدواپین ڕۆژەکانی ساڵی ۱۹٦٥ لەنەخۆشخانەیەکی نزیک مۆسکۆ دەخرێتەژێر چاودێری و دەرمانەوەو لە٥ ی مارسی ۱۹٦٦ لەتەمەنی ۷۷ ساڵان دا ماڵئاوایی لەژیان و شیعر دەکات.

# چەپکەشیعرێکی ئانا ئاخماتووا

## ١ "سەر لێشێواوی"

چ خنکێنەرە ڕووناکی
چەندە ئارام نیگاکانی دەشنێتە ناو هەناومەوە
چەندە ساکار ئەو پیاوەیە خسیرم دەکا
بەڵام ساتێک دادێتەوە
–بەر لەوەی وشەیەک بڵێ –
خوێن ڕووخسارم بەجێ دێڵێ
داخۆ ئەوین دەبێتە کێلی ژیانم؟

ناڕوانیە من، خۆشت ناوێم
خودا نەت حەسێنێتەوە، چەندە جوانە ڕووخساری تۆ و
من باڵەکانی منداڵیم لێ ون بووە
تا لە شەقەی باڵ بدەم و بفڕم.

تەمێک وەسەر چاوم دەکشێ
تا هەموو شتێک و هەموو ڕووخسارێک
لێڵ ببینم
جگەلەو گوڵاڵە سوورەی
لە کونی دوگمەی کۆتەکەت داوە.

## ٢

وا ئێستە بەهار هات پڕ لە ڕەنگ و میوە
چەندی خایاند چاوەڕوانیم
پازدە بەهاری پڕاوپڕ لە خۆشی
زەویم لە ئامێز وەرێنا و
قەت لێی جودا نەبوومەوە
تا پاییز نهێنی خەوتووی
لە گیانی من دا خوێندەوە.

## ٣ "بەڵێ بۆ تۆ"

بەڵێ بۆ تۆ؟ ئەوەشێت بووی؟
من تەنیا بەڵێ بۆ خودا دەڵێم.
ئیتر ئەم ژان و ئازارەم ناوێ
مێردەکەم زیندانەوانەو ماڵەکەشم بەندیخانە.

بەڵام ئەوەمن بووم کەهاتمەشوێنت
لەرۆژێکی زستانی دا
کەباران هەموو پێدەشتی داگرتبوو.
زیندانەکەت چ رووناک بوو
ئەو بەری پەنجەرەبەلام
چەندەتاریک.

ئێستەلەزستانێکی دیکەدا
باڵندەباڵ لەشووشەی هۆدەکەم دەسوێ و
خوێنیش پەڕ و باڵی سپی
ئەرخەوانی دادەگێرێ

ئیتر ئارام و دڵخۆشم
سوپاس بۆ تۆ ئەی خۆشەویستی هەمیشەم
چون زیارەتگەرێکت رێ داوەتەماڵەکەت.

## ٤ "هەموو رۆژێ"

هەموو رۆژێ، گشت بەیانێک
کەچاوەکان یەستا هەر یەخسیری خەون
لەگەڵ خۆم دەدوێم بەدەنگی بەرز
ئەویش وەک خوێن لەدەمارما
وەکوو هەڵمی هەناسەکان لەسینگم دا
وەکوو عەشقێکی بەختەوەرانەو
غەدرێکی چاوەڕوان کراو
لەلەشم دا
هەر چڵ دەدا.

## ٥ "ئیتر لەلێوانێک ناخۆینەوە"

ئیتر ئێمەبەلێوانێک ناخۆینەوە
نەقومەئاوێک و نەچۆڕەشەرابێک.
ئیتر ماچەکانی بەری بایانانیش تەواو دەبن
چاولێکردنی ئێوارانی خۆرنشین،
لەپشت پەنجەرەکانەوە.
ئەتۆ لەگەڵ خۆردا دەژی و
من لەگەڵ مانگ
بەڵام لەناو هەردووکمان دا
تەنیا ئەوینێک زیندووە.
کەبۆمن هەفاڵێکی وەفادار و شیرینەو
بۆ تۆ
کیژێکی خوێن شیرین.
بەڵام چاوی خۆڵەمێشیت
ترسێکیان تێدا دەبینرێ
تۆی بوویەهۆی نەخۆش بوونم.
دیدارەکان درەنگ درەنگ و کەم خایەن
لەشیعرم دا هەر دەنگی تۆیەدەخوێنێ و
لەشیعرت دا رۆحی منەهەڵوەدایە.
ئاورێکی وا داگیرساوە
نەفەرامۆشی و نەترس پێی ناوێرن.
لەو کاتەدا بریا تۆ بتزانیبایە
چەند تامەزرۆی لێوی وشک و چێرەییتم.

## ٦

مەگەر من نەبووم لەپای خاچ دا
مەگەر من نەبووم لەزەریادا خنکاو
خەفەت ناخۆم چون ئێستاکە
لێوەکانم تامی تۆیان بیر چۆتەوە.

## ٧

پێمان وابوو نەدار و دەست کورتین
بەڵام کاتێ لەکیس چوونی هەموو شتێ دەستی پێکرد
هەموو رۆژێکمان بوو بەبیرەوەری
ئەوسا شیعرمان هۆنیەوە
بۆ هەموو ئەوەی هەمان بوو
بۆ دلۆفانی خوداوەند

## ٨ دەڵێی لێرە

هەرگیز دەنگی مرۆڤ نایە تەگوێ
تەنیا بای سەدەبەردینەکان
دەرگا ڕەشەکان دەکوتن.
دەڵێی لێرە
لەژێر ئەم ئاسمانەوە
تەنیا من زیندوو ماومەوە
چونکە هەوەڵ مرۆڤێک بووم
ئاواتەخوازی جامێکی شەوکەران بووم.

## ٩ "بۆ شیعر"

منت تا ئەو شوێنەبردووە، هیچ ڕێگەیەک نایگاتێ
بەگۆ ئەستێرەیەکی ئاگرینەوە
تا نیشتمانی ڕەشی خەم
بۆ من ناهومێدی بووی
فریو بووی
بەڵام، سوکنایی، هەرگیز.

## ١٠ "چوارینەکان"

ڕۆژەکانی سپی و بەتاڵی کریسمەس
کرێوەو بەفر و بادەوە
بەمن چی شەقامەکان خلیسکن
جێگەیەکم نییەبچم
*
هەمووان دەبەخشم و
لەپای خاچی مەسیح دا
ماچ دەکەم نێوچاوانی ئەوەی کەخەیانەتی کرد
لێوەکانی ئەوەی نەیکرد.
*
ڕەنگی زێر دەگۆڕێ،
مەڕمەڕ دەبێتەخاک
پۆڵا ژەنگ دێنێ
نەمان هاوڕێی هەموو شتێکەلەدونیا دا
تەنیا خەمەخۆڕاگرە
تا ئەو کاتەی وشەبەشکۆ بمێننەوە.

## ١١ "ئەو کاتەی کەتووڕەی"

ئەو دەمەی قین براووسکەی دا و هەڵچوو
ئێمەش ئاواتی مردن و تێداچوونی یەکترمان
خواست
ڕەنگەنەمانزانیبوو کەئەم دونیایە
بۆ هەر دووکمان شوێنێکی یەکجار بچووکە.
نەشتەری تیژی یادەکان بێ بەزەیی
دەترووشێنن
–ئەو جەللادەبێ ڕەحمانە
پاشان لەجەنگەی شەوێکی پڕ لەژان دا
بەگوێچکەت دا دەچرپێنن:
بۆ هەمیشەباری کردووەخۆشەویستەکەت!
ئینجا لەناو دووکەڵی ئەو عوودەی وا دەسووتێ
بەشادمانی و بەدرِدۆنگی و خۆرپەوە
تێت دەڕوانن
بەو چاوانەی کەناکرێ لێیان دەرباز بی
ئیتر دڵت
هێور هێور تێک دەچرژێ.

سەرچاوە: یخماتوا، ینا، خاطره ای در درونم است،
ترجمه احمد پوری، نشر چشمه، تهران: ١٣٧٧



# پووچی و جوانی

## ڕوانینێک بۆ نهیلیزمی ئەلبێر کامۆ

کەیوان پاژەن
و: ڕەسووڵ سوڵتانی

"ئەگزیستانسیالیزم" دژی چوارچێوەدار کردنی بیر و هزرە، ئەم فەلسەفەیە شێوەیەکە بۆ بیرکردنەوە، ئەو فەلسەفەیە باس لە بابەت و چەمکگەلێکی وەکوو ئازادی، و دەست ئاوەڵایی، بڕیاردان و بەرپرسیاریەتی دەکات، بەڵام کاتێک لە فەلسەفەیەکدا بنەمای باوەڕگەلێکی دەستنیشانکراو ڕەچاو نەکرێت و تەنیا "بابەتی" هاوبەش بێتە بەرباس، دیارە هەموو کەسێک لە ڕوانگەی تایبەتیی خۆیەوە لە بابەتەکان ورد دەبێتەوە و لێیان دەڕوانێت، هەر ئەو شتەی کە بەرۆکی ئەگزیستانسیالیزمیشی گرتەوە.

ئەگزیستانسیالیزمەکان بە گشتی ڕایان وایە کە مرۆڤ "هۆکارە" و کردەوەکەشی لە بیرکردنەوەکەی گرینگترە.

ئەوەی هەیە هیچ فەلسەفەیەک لە سەردەمی خۆیدا، هەتا ئەو ڕادەیە، نەیتەنیوەتەوە، دیارە بە لای ئەگزیستانسیالیستەکانەوە ئەم مەسەلەیە وەک پوانێک سەیر ناکرێت، لەبەر ئەوەی کە، کاڵبوونەوە و سوانی بەدواوەیە، هەر بۆیەشە "ژان پۆل سارتەر" دەڵێ: کەس بەو شێوەیەی کە ئێستا ئەگزیستانسیالیزم، پۆلینبەندی دەکرێت، گوێی لێڕاناگرێت، لەبەر ئەوەی هەموو شتێکە و هیچیش نییە. واتە بەبێ ئەوەی مانایەکی هەبێت هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت.

له لایەکیشەوە دەبینین کە نهیلیزم واتە حاشالێکردن و نکۆڵی، ئەلبێر کامۆش لە یەکەم ڕوانیندا، نکۆڵی لە ژیان دەکات، بەڵام هەتا کوێ؟ هەتا ئەو شوێنەی بتوانێت لە پلەیەکی ژوورترەوە ژیان بسەلمێنێت. ئەو خۆی دەڵێ: "چوومە نێو تونێلێکی تاریکەسەلاتەوە بۆ ئەوەی بگەمە ڕووناکایی"

کامۆ دەچێتە نێو تونێلی "ئەگزیستانسیالیزم و نهیلیزم"ـەوە، بەڵام هەر خۆی دەپارێزێت، ئەو هیچکات ناکەوێتە گێژاوی فەلسەفییەوە، هەر بۆیەشە ئەو وەڵامانەی دەیانداتەوە تەواو جیاوازن لە وەڵامی کەسانی دیکە.

کامۆ، بە دوو بێهیوایی "کۆمەڵایەتی" و "ئایینی" بیر و هزرەکانی دەستپێدەکات و لەسەر ڕێگەی خۆی بە کۆکردنەوەی ئەزموونی ئەگزیستانسیالیستی، دەگاتە تونێلێک کە پووچگەرایی"نهیلیزم" دیارییەکەیەتی و بە ئازایەتییەکی لەڕادەبەدەرەوە لێی وەژوور دەکەوێت، چونکە دەزانێت لە ڕێگەی ناسین"مەعریفە"ـدا کۆنەپارێزی و خۆ پاراستن کۆتایی هەموو شتێکە.

دواتر جەوهەری هزری ئەو، بۆ دەربازبوون لەو پووچییە "مرۆڤی یاخی" دەخولقێنێت. ئەو دەڵێ:"هیچ مەسەلە و بابەتێکی فەلسەفی لەوە گرینگتر نییە کە، بڵێی ژیان شیاوی ئەوە بێت بۆی بژیت؟" ئەو پرسیارە بوونناسانەیە دەبێتە بنەمای تەواوی گەڕان و هەوڵەکانی ئەو، هەروەها زۆر لەجاران پتر لە چەمکە ئەگزیستانسیالیستییەکانی دوور دەخاتەوە، ئەو توێژینەوە و گەڕانەی کە بۆ هێورکردنەوەی کەلکەڵەکانی ئەو دەست پێدەکرێت، و تێیدا ئیتر تیۆرییە ناسراوەکانی پێشوو وەڵامدەریان نییە، بەڕای ئەو دوو فۆرم لەگۆڕێدایە، یان دەبێ ئیمان بە ئایینێک بێنین و بێینە سەر ئەو باوەڕە کە جیهان و ژیانی ئێمە مانایەکیان لە دەرەوەی خۆیانەوە هەیە، واتە ئەم جیهانە خۆی هیچ مانایەکی نییە و ماناکەی لە

شوێنێکی دیکەیە کە ئێمە ناتوانین وەیدۆزین، لە ڕاستیدا ئێمە ناتوانین، نە خۆمان و نە جیهان و نە ئەوانیتریش بناسین و دەستەوستان دیلی پیرۆزایەتیین.

بەڵام فۆرمی دووهەم، "هەستکردن بە پووچی"ـیە. دەڵێین هەستکردن بە پووچی نەک پووچی خۆی. ئەوەش جگە لەوەی کە دەکرێ بڵێین بەرهەمی ڕۆچوون بە نێو زنجیرە بیرکردنەوەیەکدایە، شتێکی دیکە نییە، لەوانەیە بکرێت وەکو جۆرە پووچییەکی کۆمەڵایەتیی لێکبدەینەوە لە بەرامبەر پووچیی فەلسەفیدا، لەم ڕوانگەیەوە ژیانی ئۆتوماتیکیی مرۆڤی ئەم سەردەمە، خۆی دەکرێ یەکێک بێت لە هۆکارەکانی ئەو هەستە، واتە پووچگەرایی، هەر ئەو بابەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هزر و بیرکردنەوەکانی کامۆ، لە هەمانکاتدا کە دەکرێ تەواو پووچیش بن، بەڵام بە پووچیان دانەنێین.

کامۆ بە هێنانە گۆڕێی "پووچیی" تەنیا یەکەمین هەنگاو هەڵدەگرێت، ڕاگەیاندنی بێهوودەیی و پووچیی مرۆڤ لەو دۆخ و قۆناغەدا کە تێیدا دەژییێت.

بەڵام خۆ ئەوە تەنیا لایەنێکی مەسەلەکەیە، ئەو لە هەنگاوەکانی دیکەیدا مەسەلەی "یاخیبوون و ڕاپەڕین دژی پووچی" و هێنانە ئارای ژیانێکی باشتر دێنێتە گۆڕێ، لێرەدا نەک بێهوودەیی "ژیان" بەڵکو، باس لە تاقەتپڕووکێنیی دۆخی ئەو ژیانەیە. بارودۆخێک کە مرۆڤی سەدەی بیستەمی گەمارۆ داوە و پەیوەندییەکی نامرۆیی و میکانیکیی هێناوەتە گۆڕێ کە لەسەر بنەمای "پارە" و "بەرژەوەندیی ئابووری" دامەزراوە، هەلومەرجێکی داسەپاو لە لایەن سەرمایەداریی تازە پێگەیشتوو کە ئامانجە سەرەکییەکەی تەنیا و تەنیا وردکردن و هاڕینی مرۆڤە لە گێژاوێکدا بە ناوی "سەرمایە" و "بەرژەوەندیی ئابووری" کە بەرهەمی پیشەسازییە و وەک چۆن جۆلاتەنەی جاڵجاڵۆکە، جروجانەوەر دیل

دەکات ئاوا مرۆڤ لەخۆیدا دەبەستێتەوە، پەلەقاژەی ئەو بوونەوەرە دیلە تەنیا دەبێتە هۆی تەنگتربوونەوەی ئاڵقەکان، هەر بەو جۆرەش هەوڵەکانی ئەو مرۆڤە گرفتارەی "کار" و "سەرمایە"ـیەش جار بەجار زیاتر بەرەو هەڵدێری مەرگ و نەمانی دەبات. ئەوەیە کە قارەمانەکانی کامۆ بەردەوام بە سەرسووڕماوییەکی گەپجاڕانەوە لە دەورووبەری خۆیان دەڕوانن.

لە ڕۆمانی بێگانەدا کەسایەتیی سەرەکی واتە "مۆرسۆ" لە بەرامبەر بڕیاری ئیعدامی خۆیشیدا، خەمسارد و سەرسووڕماوە، نە نارەزایەتی دەردەبڕێت و نە هاوار و دادێتی، وەک بڵێی هیچ بۆی گرینگ نەبێت، بۆی گرینگ نییە چ شتێک لە دەوروبەریدا دەقەومێ، تەنانەت هەواڵی مەرگی دایکیشی ڕایناچڵەکێنێت، داوای لێدەکەن بۆ دواهەمین جار ڕووخساری دایکی ببینێت، بەڵام ئەو نەک حەزی لێ نییە، بەڵکو بەبێ ترس، لەبەرچاوی خەڵک دەیدرکێنێ و دیارە سەری لە گریانی خەڵکەکە سووڕ ماوە، ئەو دوای وەرگرتنی تەلەگرافێک لە (خانەی پیرانەوە) دەڵێ: "دایکم ئەمڕۆ مرد، پێشمولیە دوێنێ بوو، نازانم، لە خانەی پیرانەوە تەلەگرافێکیان بۆ ناردم: "دایک، مەرگ، ناشتن، سبەی، لەگەڵ ڕێز..."خانەی پیران دەکەوێتە هەشتا کیلۆمەتریی جەزیرەوە، سەعاتی دوو سواری پاس دەبم و دوای نیوەڕۆ دەگەمێ."

لە ڕۆمانی "تاعوون"یشدا، سەیر دەکەی، مرۆڤەکانی شارێکی تاعوون لێدراو، تەنیا سەیرکەرن، چونکە دەزانن هەوڵەکانیان هیچی لێ شین نابێتەوە.

لە شانۆی "خراپ لێکگەیشتن"یشدا، هەموو شتێک لە ژیاندا بە لای دایک و کچەوە وەک یەک وایە، ئەگەر هەوڵێک دەدات، ئەویش لەوپەڕی بێ هانە(ئەنگیزە)یی دایە، لە ڕاستیدا دنیا لەبەر چاوی ئەو شتێکی ژیرانە نییە، لە شانۆنامەی "کالیگۆلا"دا تاکی نموونەی

دەسەڵات، تەنیا گەرەکییەتی کەڵک لەو دەسەڵاتە وەرگرێت کە ئازادی پێیبەخشیوە، بۆ ئەوەی مەودای بەزۆر داسەپاوی نێوان مەرگ و ژیانی خۆی کورتبکاتەوە.
کامۆ خۆی سەبارەت بە کالیگۆلا دەڵێ: "کالیگۆلا مرۆڤێکە کە حەز و گرۆیی بۆ ژیان، هانی دەدا ئەوانیتر لە نێو بەرێت، ئەو مرۆڤێکە کە بەهۆی ئەوەی زۆری حەز لەخۆیەتی، ئیتر کەیفی بە خەڵک نایە، ئەو نکۆڵی لە هەموو بایەخەکان دەکات..."
لە ئەفسانەی سیزیۆفیش دا چەمکی بێهوودەیی "کردەوە" ی مرۆڤی ئەمڕۆیی، مرۆڤی قەتیس ماو لە پەیوەندیی بێ بەزەییانەی "سەرمایە" و "دراو"دا ـ لە ئوستوورەی یۆنانی وەرگیراوە، سیزیۆف بەهۆی یاخیبوون و سەرپێچیکردن لە بەرامبەر زیۆس، خوای خواکانی یۆنان ـ مەحکووم کراوە بەوەی کە بەردێک لە ناخی

**لە ڕوانگەی کامۆوە، مرۆڤی یاخی، ئەو کەسەیە کە نکوڵی دەکات و دەڵێ: "نا" و لەگەڵ نکوڵیکردن لەخۆی، باسی بایەخێکی هاوبەش و هەمووانی دەکات.**

شیو و دۆڵەکانەوە بەرێتە سەر لووتکەی کێوەکە، بەڵام کاتێک بەردەکە دەگەیەنێتە لووتکەی کێو، بە فەرمانی زیۆس، دیان خلۆر دەبێتەوە خوارەوە بۆ ئەوەی سیزیۆف دیسان بچێتەوە و بەردەکە بەسەر شانان بێنێتەوە سەرێ.
لە ڕاستیدا ئەو کردەوە بەردەوامەی سیزیۆف، خۆی "وێناکردنی پووچی"ـیە.
وێناکردنێک لە کردەوەی مرۆڤی دیلی پەیوەندیگەلی وەحشیانە و نامرۆییانەی سەرمایەداری، لێرەدا دەبێ سەرنج بدەینە دژوازیی هزری کامۆ لەگەڵ ئەگزیستانسیالیستەکان کە پێیان وابوو مرۆڤ خۆی "هۆکارە".
بەڵام هەر وەک گوترا، ئەوە تەنیا لایەنێکی مەسەلەکەیە، لایەنەکەی دیکەی، جوانیی ژیانی باشتر، چەمکی داهاتوو و ئاڵوگۆڕی گشت پەیوەندیگەلی گەمژانەی ژیانی



ئەمڕۆی مرۆڤە کە لە ناخی پووچییەوە هەڵدەقوڵێت و کەڵکەڵەی مرۆیی بیر و هزرەکانی کامۆ پێک دێنێت، لە ڕاستیدا لە بیر و هزری ئەودا "بوون" جوانە، تەنیا شتێکی کە مرۆڤی ئەمڕۆیی هەیەتی و دەبێ بیپارێزێت، بۆ هەر بوون و "حوزور" نییە، کە دەتوانێت مانایەک بێت بۆ ژیانی مرۆڤ؟

کامۆ خۆی دەڵێ: "قەت نەمتوانیوە چاوپۆشی بکەم لە تیشک و شادیی ژیان و ئەو ئازادییەی کە تێیدا گەورە بوومە، کەوابوو دنیا لەبەر چاوی ئەو لێوڕێژ و تژییە لە چێژ و جوانی. ئەو جوانییانەی کە دەکرێ ببنە هۆی حەز و گرۆیی، لەو ڕووەوە عیشق بە لای کامۆوە تەنیا ڕێگەچارەیە، هەر ئەم ڕێگە چارەیە یەکێکە لەو بابەتانەی کە ئەگزیستانسیالیستەکان کەیفیان پێی نایە. بایەخێک کە کامۆ بۆ عیشق و جوانییەکانی ژیانی مرۆڤی دادەنێت، بە پێچەوانەی زۆربەی بیرمەندان "ئەبستراکت" و "خەڵەتێنەر" نییە، جوانی بەلای ئەوەوە هەڵڕشتنی کوڵی دڵە، گاڵتەبزەیەکە بۆ هەموو ئەو بێ سەروبەرەییە دەستکردانەی کە خواکانی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ، کە بۆ هەڵخەڵەتاندن و گەمژەکردنی جەماوەر نەبێ بۆ هیچ شتێکی دیکە نایەنە قسە و کارێک ناکەن.

لە شانۆنامەی "خراپ لێکگەیشتن"دا، کیژۆڵە مارتا بە دایکی دەڵێ:"ئاخ دایە، کاتێک پارەیەکی باشمان کۆ کردەوە و توانیمان واز لەو کاولە وڵاتە بێنین، کاتێک ئەو میوانخانەیە و ئەو شارە باراناوییەمان بەجێ هێشت و ئەو وڵاتە بێ خۆرەتاوەمان لەبیر بردەوە، ڕۆژێک کە ئاخری لە هەمبەر دەریادا کە ئەمن ئەوهەمووە خەونی پێوە دەبینم، دانیشتین، ئیتر ئەو ڕۆژە دەمبینی کە پێدەکەنم، بەڵام بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بە ئازادی لەسەر لێواری دەریا بژی پارەی زۆری پێویستە..."

لە ڕوانگەی کامۆوە، مرۆڤی یاخی، ئەو کەسەیە کە نکوڵی دەکات و دەڵێ:"نا" و لەگەڵ نکوڵیکردن لەخۆی، باسی بایەخێکی هاوبەش و هەمووانی دەکات.

بەو شێوەیە کامۆ بەو بایەخە هاوبەش و هەمووانییەوە، نەک هەر دەچێتە نێو تونێلی تاریکەسەڵاتەوە، بەڵکو ئێمەش بە دوای خۆیدا پەلکێش دەکات، تونێلێک کە لایەکی تاریکەسەڵاتە و لایەکەی دیکەی ڕووناکاییە.

لەو تونێلەدایە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگییەوە و دەڵێین:"هەموو خەڵک، خەیاڵی خاویان لە مێشکدایە، و بیری خراپ و گەندەڵ سەرچاوە و هۆکاری شایی و کەیف خۆشیی ئەوانە، ئەوانی دیکەش، ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک من بە مەرگ مەحکووم دەبن."×

×ئەوەندەیە لە کتێبی بێگانە وەرگیراوە، بۆیەش ناڵێم کتێبی"نامۆ" بەڕای من بێگانە پڕ بەپێست ترە، هەموو نەخوێندەوارێکی کوردیش لە ماناکەی تێدەگات. پێشموایە وشەیەکی تەواو کوردییە.

سەرچاوە:
گۆڤاری ئینتەرنێتیی ماندگار

محەمەدی حەمە باقی:

# دراوسێکانی کوردستان (جگە لە گەلانی ئاریایی نەژاد)، موزیکێکی ڕەسەنیان نەبووە!!



لەم دیدارەدا نووسەر و توێژەر کاک محەمەدی حەمە باقی قسە لەسەر زۆر لایەن و باس و خواستی ئەدەبی و هونەریی و کولتووری دەکات، گرنگترین تەوەری گفتوگۆکەشمان قسەکردن بوو لە سەر مێژووی مۆزیکی کوردی، لەم بوارەشدا ئەو کتێبێکی سەنگینی هەیە بە ناوی (مێژووی مۆزیکی کوردی) ئەوەی ئێمە لەو گفتوگۆیەوە بۆمان دەرکەوت هەوڵە زانستییەکانیەتی بۆ زیندوکردنەوەو سازغکردنەوەی مێژووی مۆزیکی کوردی، ئەمە لای ئێمە خاڵێکی گرنگی دیدارەکەمان بوو، ئەم دیدارە پێش زیاتر لە ساڵ و نیوێک لەمەوبەر سازکراوە، بەڵام دوای پاکنووسکردن و چەندینجار پیاچوونەوە ئەوسا دەرفەتی ئەوە رەخسا لەم ژمارەیەی (ئایندە)دا بڵاوبکرێتەوە.

## سازدانی : کامەران سوبحان- دانا فایەق

**-ئەوەی هەموومان دەیزانین، ئێوە بەو کارە پشوودرێژو بەردەوامانەی بەبێدەنگیی دەیانکەن، کۆمەڵێک کتێبی مێژووییتان (بە وەرگێڕانو نووسینی خۆتانەوە، لە شێوەی چەپکە بەڵگەنامەی جیاجیادا، ئامادەو چاپکردووە، کە بابەتی (مێژوو)ش، لەچاو بابەتی وەک: شیعرو موزیکدا، زۆر لە یەکترەوە نزیک نین، کەچی وتاری زۆرو هەندێ کتێبی سەربەخۆتان لە بارەی (گۆرانیو موزیکیی کوردی) و (سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی)و (مێژووی موزیکیی کوری) یەوە نووسیوە. . ئێمەش لەم دیدارەدا، کە دەرفەتی قسەکردن لەسەر بابەتەکانی ئەو کتێبانەی لە بارەی مێژووی هاوچەرخی کوردەوە نووسیوتنو بەسەرکردنەوە خوێندنەوەی یەکە یەکەیانی دەوێ، بەچاکی دەزانین بۆ دیداری چڕ تریان هەڵبگرینو لەم دیدارەدا بەتەنیا لەنگەر، لەسەر یەکێک لە کارەکانت دەگرین، ئەویش کتێبی (مێژووی موزیکیی کوردی) یەو وەک ئاگاداریشین ئەم کتێبەتان تا ئێستا سێ جار چاپکراوەتەوەو هاوکات ئەوەش دەزانین کە ئەم کتێبەتان بۆتە بابەتێکی خوێندن، لە پەیمانگەو ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی هەرێمدا. . ئێستا ئێمە دەپرسین: ئێوە ئەم تێکەڵکردنانەی بەرهەمەکانتان، لە نێوان موزیکو مێژوودا، چۆن دەبینن؟ !**

-من هەر لە منداڵیمەوە هەست دەکەم گوێچکەیەکی موزیکیی زۆر هۆگرم بەگۆرانیو موزیکیی ڕەسەنی کوردییەوە هەیە، لە تەمەنی خۆمیشدا وام بۆ هەڵکەوتووە لەگەڵ هەندێ لەو گۆرانیبێژە گەورانەی کورددا ئاشنایەتیم پەیدا کردبێت. بۆ نموونە: من چەندین جار بەخزمەتی هونەرمەندی گەورە مامۆستا عەلی مەردان گەیشتوومو ساڵی (١٩٦٧ز) یش لەگەڵ هونەرمەند (حەسەن زیرەک)، بۆ ماوەی چەند مانگێک لە زیندانەکانی سلێمانی، کەرکووکو بەعقووبەدا پێکەوە زیندانی بووین. ساڵی (١٩٨٧ز)یش، لە دوای پەڕینەوەو نیشتەجێبوونمان لە خۆرهەڵاتی کوردستان (شاری سەقز)، لەگەڵ هونەرمەند محەمەدی ماملێ، ئاشنایەتیو دۆستایەتیوهاتوچۆی گەرم لە نێوانماندا بوو. کە دیارە لەو ناسینو ئاشنابوونانەشماندا، گەلێ باسو خواسی دووردرێژم لە بارەی گۆرانیو موزیکیی کوردییەوە لێ بیستوونو لە نزیکەوە گوێم لە خەمو خۆزگەو سەرنجەکانیان بووە. هاوکات هەر لە سەرەتای چێژ وەرگرتنمەوە لە گۆرانی ڕەسەنی کوردیو لە ڕێگەی ئەو خۆشەویستییەی کە باوکم، بۆ دەنگی فریشتەیی هونەرمەند سەیید عەلی ئەسغەر هەیبوو، یەکجار دڵبەستەی دەنگی ئەم هونەرمەندە گەورەیە بووم. لەم بۆنەیەشدا، کە قسە لەسەر موزیکیی کوردی دەکەین، جەخت لەسەر ئەوە دەکەم، کە موزیکیی کوردی، لە چاو موزیکیی دراوسێکانیدا، گەنجینەو میراتێکی زۆر گەورەو دەوڵەمەندی هەیە، بەڵام کورد موزیکدانی خەمخۆرو گەورەی نییە. لەبەر ئەوە من هەستم کرد دەلاقەیەکی گەورە لە نێوان ئەو گەنجینە گەورەیەی موزیکیی کوردیو ئەو توانا کەمەی موزیکژەنو موزیکناسانەی کورددا هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە بەتاسەو پەرۆشەوە کەوتمە ناو کتێبخانەی دەوڵەمەندی فارسی، ئەوسا قووڵ هەستم کرد ئەو نووسەرانەی فارس، چەند بەگرنگییو بایەخ پێدانەوە بۆ موزیکیی ڕەسەنی ئێرانی دەڕوانن. کە دەشڵێم موزیکیی ڕەسەنی ئێرانی، مەبەستم ئەوەیە ئێمە لە ناو موزیکیی ڕەسەنی گەلانی ئاریایی نەژاددا، سامانێکی گەورەی موزیکیی تێکەڵو هاوبەشمان لەگەڵ

نەتەوە ئارياييى نەژادەكاندا هەيە، بەتايبەتى موزيكيى ديرينەى ئايينى (زەرتوشت)، كە لەتەمەنێكى يەكجار درێژدا، لە هەموو دەوڵەتە بەرودواكانى وەك (ماد: ٧٠٨-٥٥٠پ.ز)، (هەخامەنشى: ٥٥٩-٣٣٠پ.ز)، (ئەشكانى- پارتى: ٢٥٦پ.ز-٢٢٦پاش.ز)، ((ساسانى: ٢٢٧-٦٥١ز)، سەردەمى زێرينى پەيڕەوكردنى هەبووەو ئايينى (زەرتوشت)يش لە هەموو بۆنەو ترادسيۆنگەلى ئايينياندا، موزيكييان ژەندووە، چونكە موزيك لە ئايينى زەرتوشتدا، كۆڵەگەيەكى گەورەى پێكهاتەى ئايينەكەيە.
شان بەشانى ئايينى زەرتوشتيش، ئايينى (يەزيدى)، موزيكييان لە ئايينى زەرتوشتى كەمتر نەبووە.
دواى ئەمانيش ئايينى (ئەهلى هەق)، كە شێوە ميراتگرێكى ئايينى زەرتوشت بووە لە كوردستانداو سەرومڕى ڕابەرانو پەيڕەوكارانى ئەم ئايينەش، كوردبوونو لاى ئەمانيش موزيك هەوێنى ئايينەكەيان بووەو لە بۆنەو سرووتەكانى ئايينيياندا، موزيكييان ژەندووە، هەموو ئەمانە، ميراتو كەلەپوورى موزيكييان لە مێژووى موزيكيى كورديدا جێهێشتووە، كە داخەكەم لەبوارەكانى بەسەركردنەوەو كاركردن لەسەر موزيكيى ئەم ئايينانە، كەس كارى بنەوەشيى لەسەر نەكردووە. منيش خۆم زانستى موزيكم بەشێوەيەكى ئەكاديميانە نەخوێندووەو لەمەڕ دەنگسازيىو دەنگخۆشيى خۆميش، شتێكم لە (كلاس)ێكى دەنگسازييدا نەخوێندووە، بەڵام كە ئەو دەلاقەو بۆشاييە گەورەيەى نێوان ئەو ميراتە موزيكييە دەوڵەمەندە نەنووسراوەو ئەو توانا كەمەى موزيكدانانى كورددا هەست پێكرد، زۆر خۆمم خواردەوە.. زۆر بيرم كردەوە، كە: چ بكرێت باشە!. لەگەڵ زۆر لە موزيكژەنانى لاى خۆمان، لەگەڵ ماڵباتى كامگاران، لەگەڵ برايانى عەندەليبى، لە خزمەت كاك ئەنوەر قەرەداخى، لەگەڵ مامۆستا حسين يوسف زەمانى، لەگەڵ موجتەباى ميرزادەى ڕەحمەتى، كە هەموو ئەمانە زۆر بەمن نزيكن، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا قسەمان گۆڕييەوە.
من بەر لەوەى دەست بەهيچ بكەمو هەر بۆ ئابڕووى كارەكەى خۆمو بۆ پەيداكردنى زانياريى لە بارەى دەسگاكانى موزيكيى ئێرانەوە، بۆ ماوەى نزيكەى ساڵێك، چوومە (كلاس) ى موزيكيى لە خزمەت هونەرمەند كاك ڕەسووڵى ميرزا پوور (كە ئێستا ماڵيان لە تارانو ئەوكاتە ماڵيان لە سەقز بوو- يادى بەخێر)و لە ماڵەكەى خۆيدا (كلاس)ى موزيكيى هەبوو، فێرى ژەنينى (سێ تار)ى كردمو زانياريى لەبارەى دەسگاگەلى موزيكيى ئێرانەوە دامێو سەرچاوەى زۆرى خستە بەردەستم.
بەرلەوەش دەست بەكارى نووسينى (مێژووى موزيكيى كوردى) بكەم- كە ئێستا قسەى لەسەر دەكەين- سەرچاوەيەكى زۆرم لەبارەى ئايينە ديرينەكانى كوردستان، وەك (زەرتوشت)و (ئەهلى هەق) خوێندەوەو دەبووايە بەهەمان شێوە لەبارەى ئايينى (يەزيدى)يشەوە زانياريى زۆر پەيدا بكەم، كەئەم ئايينەش لە پێش ئايينى (زەرتوشت)و تا ئێستاش لە كوردستاندا پەيڕەو دەكرێ، بەڵام بەداخەوە لەو سەردەمەدا كە من خەريكى كارى نووسينى (مێژووى موزيكيى كوری) بووم (ساڵى ١٩٩١ز)، سەرچاوەى وام لەبەردەستدا



نەبوو، تا پشتیان پێ ببەسترێ، لە کتێبەکەی مامۆستا (شاکیر فەتتاح) زیاتر، کە لەمەڕ ئایینی (یەزیدی)یەوە نووسیویێتیو زۆر لاوازەو خودی نووسەرانی (یەزیدی)یش، بەو هۆیەوە کە تا ئەوکاتە، خۆیان شتێکی ئەوتۆیان لەبارەی ئایینەکەی خۆیانەوە نەنووسیبوو و هێشتاش هیچ مەڵبەندێکی فەرهەنگییان دانەمەزراندبوو، لەگەڵ چەند کتێبێکی عەرەبی، کە بەدیدێکی ڕەگەزپەرستانەو دوژمنانەو بەمەبەستی بردنەوەی ڕەچەڵەکی یەزیدی، بۆ سەر ڕەچەڵەکی عەرەب نووسرابوون، بۆیە لەچاپی یەکەمو دووەمی (مێژووی موزیکیی کوردیدا)دا، فەسڵی تایبەتم لەسەر موزیکیی ئایینی یەزیدی تەرخان نەکردووە، کە دواترو دوای دەستخستنی سەرچاوە، لە چاپی سێیەمدا، فەسڵی تایبەتم بۆ مێژووی موزیکیی یەزیدی، پێ زیادکردووە.

بەڵام بەر لەخوێندنم لە (کلاس)ی موزیکو بەرلەوەش کە کتێبی (مێژووی موزیکیی کوردی)، هیچ گەرایەکی لە مێشکمدا دانابێو بۆ قۆستنەوەی ئەو دەرفەتەی کە لە کوردستانی ئێران (سەقز) گیرسابوومەوەو هەلێکم بۆ ڕەخسابوو، تا بتوانم خولیاو ئەوینی دێرینەم لە بەرامبەر دەنگی هونەرمەندی گەورە: سەیید عەلی ئەسغەردا بەجێ بهێنمو کتێبێکی لەبارەوە ئامادە بکەمو هاوکات کە لەڕێگەی کتێبخانەی دەوڵەمەندی ئێرانیشەوە، بیروڕای موزیکناسو موزیکژەنانی گەورەی ئێرانیم لەبارەی ناوبراوەوە بۆ دەرکەوت، کە بەچ شکۆو مەزنایەتییەکەوە پلەوپایەی (سەیید عەلی ئەسغەر) دەنرخێننو لە ئاستی باڵادا دایدەنێن، ئیتر هەموو ئەمانە، کەڵکەڵەی ئامادەکردنی کتێبێکم لەسەر ناوبراو، لەلا دروست بوو. لەم پێناوەشدا، کە هێشتا بەیەکجارییماڵۆچکەیشم لە (سەقز)دا پێکەوە نەنابوو، بەپەلە کەوتمە هاتوچۆی نێوان: سەقز–سنە–تارانو پێوەندیو دۆستایەتی دروستکردن لەگەڵ ماڵباتی ناوبراوو دوای ماندووبوونێکی زۆر، زانیارییو بەڵگەنامەو کەرەسەیەکی زۆری باوەڕپێکراوم لەسەر ناوبراو چنگخستو خولیای بەردەوامبوونیشم لە(کلاس)ی موزیکدا، هەر بۆ ئەوەبوو تابتوانم بەپێودانی بیروڕای موزیکناسانی ئێرانی، لە بارەی (سەید عەلی ئەسغەر)ەوە، منیش پێشەکییەکی تێرو تەسەل بۆ کتێبەکەی سەیید عەلی ئەسغەر ئامادە بکەم. بەواتایەکی تر: پڕۆژەی نووسینی (مێژووی موزیکیی کوردی)، لە سەرەتاو بناغەدا، بۆ ئەوەبوو بکرێتە (پێشەکی) کتێبی سەیید عەلی ئەسغەر، بەڵام کە هەستم کرد ئەم (پێشەکی)یە، هەتا دێت پەلوپۆی زیاتری لێ دەبێتەوەو هەتا دێت تەشنە دەکات، ئەوسا بیرم لە دەوڵەمەندکردنی ئەم (پێشەکی)یە کردەوەو وردە وردە کەوتمە پۆلێنکردنی بابەتو فەسڵەکان، کە لە ئامادەکردنی هەردوو کتێبی (سەیید عەلی ئەسغەر)و (مێژووی موزیکیی کوردی)یشدا، زۆرتر بەوەوە ماندووبووم، چۆن چۆنی بەڵگەنامەی زانستیو باوەڕپێکراو، لەسەر مێژووی موزیکیی کوردی پەیدا بکەم، چونکە بەو هۆیەوە کە کورد نرخی مێژوو نازانێو مێژووی نەنووسیوەتەوە، بۆیە دژوارترین تەنگژەو چەڵەمە، لەبەردەم لێکۆڵەری هەر بوارێکی دیرۆکی کورددا، نەبوونو دەست نەکەوتنی بەڵگەنامەو داتایە، کە گەوهەرو بنەمای هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەیە.

من لە نووسینی (مێژووی موزیکیی کوردی)دا، تەقەللاو کۆششم بۆ ئەوەبوو تا لەناو ئەو خەرمانەو سانە گەورەو هاوبەشەی موزیکیی گەلانی ئاریایی نەژاددا، بەشو پشکی تایبەتی موزیکیی کورد، دیاریو جیابکەمەوە، کە ئەمجۆرە جیاکردنەوانەی بۆ ئەو سامانو خەرمان هاوبەشانەی نێوان گەلانی هاوسێکانی خۆیدا نییەو بەجۆرێک ئاوێتەو ئاوقای یەکتربوون، وەک ئەوەی (دوو ڕەنگ)ی جیاواز، تێکەڵ ئاوێک بکرێن، کە لەمەودایەکی دوورو بۆ مێژوویەکی زۆر قووڵی وەک گەلانی ئاریایی نەژادیش، کە سەدانو هەزاران ساڵ پێکەوە دەژینو ئەم گەلانەش، نەک هەر لەبواری موزیک، بەڵکو لە زۆر بواری تری وەک: زمان، ئەفسانە، پەندو داستاندا تێکەڵن.. لەبەر ئەوە لەتەقللای جیاکردنەوەی موزیکیی کوردی، لە موزیکیی گەلانی تری ئاریایی نەژاددا، هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەوە کۆشاوم تا بتوانم ئەو ئایینە کۆنانەی گەلانی ئاریایی نەژاد، کە موزیکییان وەک بنەماو کۆڵەگەیەکی هەموو پەرستنو ترادیسیۆنەکانی ئایینیاندا بەکاربردووە، لە چ جوگرافیایەکدا ژیاون!: کە خۆشبەختانە لەم کۆششو گەڕانەمدا، لەزەرتوشتو ئایینەکەی وردبوومەوەو زۆرترین سەرچاوەم لەبارەیەوە کۆکردەوە، تا شوێنی سەرهەڵدانو قەڵەمڕەوی زەرتوشتو ئایینەکەی دیاری بکەم، چونکە هێشتا بیروڕای فرە جیاواز لەسەرئەوە هەیە، کە زەرتوشت لە کامە ناوچەدا هەڵکەوتووەو لە چ سەردەمێکدا ژیاوە! کە هەندێ لەم بیروڕایانە، زانستییانەنو هەندێکی تریشیان بەو هۆیەوە کە گەورەییو مەزنایەتی زەرتوشت، سەراسیمەی کردوون، حەز دەکەن وەک سەرمایەیەکی شارستانیی، بیکەنە موڵکی خۆیان. بۆیە بەگوێرەی بەرنامەی نووسینەکانیان، بەرەو حەزو خواستی خۆیانی دەبەن، بەڵام لەوەدا، کە کاری من ئەوە نەبووە بچمە ناو جەنجاڵی ئەو بیروبۆچوونانەو بەراوردو تەتەڵە پێکردنیان، بۆیە هەر بەو بەڵگە زانستییانەوە گیرسامەوە، کە بەدڵنیاییەوە دەیسەلمێنن زەرتوشت لە دامێنی زەریاچەی (چیئچست=ورمێ)و باکووری خۆرئاوای ئێراندا هەڵکەوتووە، کە ئەم جوگرافیایە لەوساوەو تا ئێستاش، هەر قەڵەمڕەوی کوردستانی ئێستا دەگرێتەوە. لەمەشدا جگە لە هێنانەوەی بیروبۆچوونی دەیان زانای گەورەی خۆرهەڵاتناس، کە لە (مێژووی موزیکیی کوردی)دا ئاماژەم پێکردوون، بەڵام زۆرترین بەڵگەکانم بۆ سەلماندنی شوێنی هەڵکەوتنی زەرتوشت، هەر پەنام بۆ (ئاڤێستا)ی کتێبەکەی خودی زەرتوشت بردووە، کە لەوێدا بەڕاشکاوی دەڵێ: سەرزەمینی ئاریایی، بە(ئاریان ڤەیجا)، یان: (ئاریان ڤاچ)، یان: (ئاریانا ڤەیجا) ناوبراوەو وەک زانراوە (ئاریان ڤەیجا(ش، دامێنی زەریاچەی (خەزەر)ی ئێستابووە، کە دواتر بەرینتر بووەو بۆتە جێی پێکەوەنانی دەوڵەتی ماد (٧٠٨–٥٥٠پ.ز)و وەک لە نووسراوگەلی (ئاشووری)یشدا هاتووە، سنوورەکەی لە دامێنی زەریاچەی (ورمێ)وە بەرەوخوار دەست



پێدەکات بۆ (سەقز)و (ئەکباتانا-هەمەدان)و دواتریش لە نیوەی شەشەمی پێش زاییندا، ئەم سنووره فراوانتر دەبێ‌و بەشێکیش لە (ئەفغانستان) دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

هاوکات‌و هەر لەم پێناوەداو بۆ زیاتر سەلماندن‌و جەختکردنەوە لەسەر شوێنی هەڵکەوتی زەرتوشت، لە پاڵ پەنابردن بۆ خودی (ئاڤێستا)دا، خۆمیش بۆ ماوەیەکی زۆر، گەشتێکی مەیدانییم لەباکووری (ورمێ)وە، تا باشووری لوڕستان (بەڕێنوێنی‌و هاوکاریی گەلێ لە دۆستانی شارەزا)، بۆ سەردانی ئاتەشگە دێرینەکانی زەرتوشتی دەستپێکرد، کە هێشتا شوێنەواری زۆریان هەر ماون‌و لە نزیکەوەو ڕاستەوخۆ، وینەیانم گرتوون‌و بۆ دووتوێی کتێبەکەم گواستوونەتەوە. لەم کارەدا مەبەست لەوەبووە، تا ڕوونیبکەمەوە، کە زۆرترین ژمارەی ئاتەشگەکانی زەرتوشتی، لە چاو ئاتەشگە پەرتوبڵاوەکانی تری زەرتوشتییدا، لە کوردستاندا هەڵکەوتوون‌و ئەمەش بەڵگەی تربوو بۆ سەلماندنی قەڵەمڕەوی ئایینی زەرتوشت.

هەر بەدەم ئەم کێوماڵکردنەوە، سەردانی ناوچەکانی لوڕستان‌و ئیلام‌و دیتنی ڕاستەوخۆی ئەنجامدانی سرووت‌و ڕێوڕەسمی (چەمەری)و ناوچەکانی پەیڕەوانی ئایینی (ئەهلی هەق)و زۆرینەی مەزارگەو (جەمخانە)کانیان لە کرماشان‌و (سەحنە)و (کرند)و شوێنەکانی تریان‌و دیدارو ئاخاوتنی ڕاستەوخۆی ڕابەرانی (ئەهلی هەق)یشم کردووەو سەرچاوەو زانیاریی زۆریشم لەبارەی ئەم ئایینە چاک‌و بێگەردەی کوردەوە چنگخست، کە تەمەنی ئایینەکەیان نزیکەی هەزار ساڵ پترەو کتێبی ئایینیشیان (سەرئەنجام)، بەزمانی کوردی (دیالیکتیی گۆران)ە.

بەڵام لە سۆراخی بەسەرکردنەوەی مێژووی ئایینی ئەهلی هەقدا، خۆم لە باس‌و خواسی پێوەندی‌و تێکەڵاویی‌و جیاوازیی ئایینی (ئەهلی هەق)و (کاکەیی) نەبان کردووە، چونکە لەلایەکەوە وەک زانای گەورە (تۆفیق وەهبی) دەڵێت: هێشتا نووسەرانمان ئەمەیان بۆ ساغ نەکراوەتەوەو لەلایەکی تریشەوە ئەم کارەم بۆ (مێژووی موزیکیی کوردی)، بەکارێکی لاوەکی‌و جیا لەو تەقەللایەی خۆم دەزانی.

هەڵبەتە هەر لە بواری قسەکردن لەسەر ئەم ئایینانەی کوردستان، دەبێ بڵێم من بەدڵنیاییەوە پێم وایە کە تەمەنی ئایینی (یەزیدی)، لە تەمەنی ئەم هەردوو ئایینەی پێشتر باسکراو، کۆنترە، چونکە ئەگەرچی (بەو هۆیانەی پێشتر ئاماژەم پێکردن)، لە چاپی یەکەم‌و دووەمی (مێژووی موزیکیی کوردی)دا، نەمتوانی سەرچاوەی پێویست‌و باوەڕپێکراو، لەسەر سەرەتاو دێرینەی ئەم ئایینە (یەزیدی) پەیدا بکەم، بەڵام دواترو دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١ز)و بەتایبەتیش دوای گەڕانەوەی یەکجارییم بۆ کوردستانی عێراق، تەقەللای زۆرمدا، تا سەرچاوەی پێویست دەستبخەم‌و سەرانی مەیدانییش بۆ بنکەو پەرستگەو دیداری ڕابەرانی ئەم ئایینە ئەنجام بدەم. هەرچەندە لە بواری دستخستنی سەرچاوەی نووسراو، لە بارەی ئەم ئایینەوە، دەبێ بڵێم کە جگە لە لێکۆڵینەوە زانستی‌و بەنرخەکانی مامۆستای گەورە (تۆفیق وەهبی)ی زیاتر، بەو سەرچاوگەلەی نووسەرانی عەرەب نەبەستووە، کە بەدیدێکی دوژمنانەو ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە لەمەڕ ئایینی یەزیدی نووسراون. لەمەش تایبەت تر، پشتم بەهیچ سەرچاوەیەکی نووسەرانی کورد نەبەستووە، کە خۆیان لە بارەی ئایینی (یەزیدی) نووسیویانە، یان لەعەرەبییەوە تەرجەمەیان کردووە، چونکە هیچیان بۆ گەڕانەوە، بۆ سەرەتاو ڕەچەڵەکی ئایینی یەزیدی ماندوو نەکردووە، بەڵکو هەموویان بەشێوەیەک لە شێوەکان، هەر ئەو بابەتە سواوانەی نووسەرانی عەرەبیان بۆ ناو نووسینەکانیان گواستۆتەوە، کە لە زانستەوە دوورن.. تەنانەت هەردوو کتێبی: (جلوە)و (مەسحەفارەش)یش، کە خودی پێڕەوانی یەزیدی، زۆریان شانازیی پێوەدەکەن، بۆ ئەوە نابن بکرێنە بنەما، یان دەستەچیلەن بۆ لەسەرنووسینی ئایینی یەزیدی، چونکە لە هیچیاندا، هیچ قۆناغێکی (مێژوو)ی ئایینی یەزیدی دیاری نەکراوە. بۆیە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕە سەرەتاییەکانی مێژووی ئایینی یەزیدی، دەبێ مێژووی ئایینە کۆنەکانی گەلانی ئارییایی نەژادو بەتایبەتیش لە ئایینی کۆنی (ماد) بکۆڵینەوە، کە لەپێش سەرهەڵدانی ئایینی زەرتوشتدا، واتە: لە پێش بڕواهێنان بە(یەکتاپەرستیی)دا، کە

زەرتوشت زۆر لە پێش حەزرەتی مووساو حەزرەتی عیسادا، باوەڕی پێهێنا، بەڵام دانیشتووانی قەڵەمڕەوی (ماد)، لە پێش پەیدابوونی زەرتوشتدا، ئایینی تریان هەبووە، کە تێکەڵەیەکی ئایینە کۆنەکانی گەلانی ئارایایی نەژادی وەک: (هیندی-ئێرانی)و (بابلی)، واتە: ئایینەکانی (ریگ ڤیدا، میترا، زرڤانی) بووەو هێزو ڕەگەزەکانی سروشت، وەک: (خۆر، مانگ، باران، ئاگر، با، بروسکە..هتد) یان پەرستووەو هەریەکەش لەم هێزانەی سرووشتییان وەک (خواوەند)ێک داناوەو بۆ هەر یەکێکیش لەم خواوەندانە، نوێژو ستایش‌و پەیکەرو قوربانیکردنی تایبەتیان داناوە.. بۆ بەڕێوەچوونی سرووتەکانی ئەم نوێژو ستایش‌و قوربانیکردنەش، ڕێوڕەسمی زۆر شکۆدارو مەزنیان بەئاهەنگی (موزیک)ەوە ئەنجامداوە. ئەم ڕێوڕەسمانەش لەلایەن دەستەیەکی ڕێبەرانی تایبەت بەئایینەوە سەرپەرشتی کراوەو بەڕێوەبراوە، کە (موغ) یان پێ وتوون. ئەم موغانە، کۆمەڵگەیەکی داخراویان هەبووەو ڕێبەرایەتیی ئایینیان بەمیراتیی بۆ دەمایەوەو قسەو فەرمانیشیان لەناو خەڵکدا ڕۆشتووەو بەم قسە ڕۆیشتنەشیان، دەسەڵاتێکی زۆریان لە ناو خەڵکدا هەبووە. هەر لەبەرئەمەش بووە (شا)یەکانی دەوڵەتی (ماد) بەتایبەتی‌و دواتریش شایەکانی دەوڵەتی (هەخامەنشی، ئەشکانی‌و ساسانی)یش، بەخواستی خۆیان، یان بەناچاریی، بۆبوونە (شا) و (فەرمانڕەواو)و (ئاڵوگۆڕی سیاسی)و (کۆمەڵایەتی)، هەمیشە دەسەڵات‌و پشتیوانیی‌و هاوکارییان هەر لەم موغانە خواستووە.

ئەم خواوەندانەی سروشت:( باران، با، ئاگر، خۆر..هتد)، خواوەندێکی لە هەموویان گەورەتر هەبووە، بەناوی (دئێڤە)، یان: (دیاووس)، کە مانای (درەوشاوە)و (بریسکەدار) دەبەخشێ‌و مەبەستیش لێی، ئەو ئاسمانە سامالّەیە، کە هەموو گەردوونی لە ئامێزگرتووەو مانای گشتیشی: (یەکتاپەرستیی)یە.

بەڵام هەریەکە لەم خواوەندانە، چەندە کەڵک‌و پیت‌و بەرەکەتیان بۆ مرۆڤ هەیە، بەهەمان ئەندازەش مەترسیی: (لافاو، زریان، ئاگرکەوتنەوە، وشکەساڵیی، برسێتیی، هەژاریی) یان لێ چاوەنوارکراوە. بۆیە هەریەکە لەم خواوەندانەی سروشتیان بەخواوەندی (ئاوەڵ دووانە-پنائی)ی (خێر)و (شەڕ) ناوناوەو بۆ هەمیشەش ئەم گەوهەری (خێر)و (شەڕ)ە، لە یەکتری جیانەکراوەتەوەو بۆ ئەوەش خۆیان لە زیان‌و مەترسیی چاوەنوارکراویان بپارێزن‌و هاوکاتیش داوای پیت‌و بەرەکەت‌و بەرهەمی زیاتریان لێبکەن، نوێژو قوربانییان بۆ کردوون‌و پەیکەریان بۆ پەرستنیان بۆ تاشیون.

**-پەرستنی ئەم دیاردەو ڕەگەزانەی سروشت، کە وەک وتتان ئایینی (یەزیدی)یش، هەڵقوڵاوی ئەمانەیە، لە کام قۆناغی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی (ماد)دا بووە؟!.**

-هێشتا لە ڕۆژگاری دەوڵەتی (ماد)دا بووە، کە ئایینی (زەرتوشت) بەدیارکەوتووەو بۆتە مێملێکی مێژینەی ئایینی (یەزیدی)و لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئایینی (زەرتوشت) لەلایەن (شا)یەکانی بەرووداوی دەوڵەتی: هەخامەنشی، ئەشکانی، ساسانییەوە ڕێزی لێگیراوەو کراوەتە ئایینی فەرمیی ئەو سێ دەوڵەتە، بەڵام دیسانیش (وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد) بەهۆی دەسەڵاتی فراوانی (موغ)ەکان‌و تەمەنی قووڵتری ئایینی یەزیدی، بەناو خەڵک‌و هۆگربوونی دانیشتووانی قەڵەمڕەوێکی بەرینتر، لە قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتانەی کە ئایینی (زەرتوشت)، تیایاندا کراوە ئایینی فەرمیی دەوڵەت، ئایینی (یەزیدی) سەرباری هەموو بەزۆر پاوان‌و قەدەغەو تەریککردن‌و تەنگ پێهەڵچنینێکیش، بەهەر دەردەسەریی‌و تەقەللایەک بووبێ، توانیوێتی خۆی ڕابگرێ‌و بەزیندوویی بمێنێ، ئەگەرچی ئەم بەزیندوویی مانەوەیەی ئێستایشی، زۆر زۆری لەسەرکەوتووەو قوربانیی‌و ڕەشەکوژییەکی زۆری بەسەر هێنراوە، بەتایبەتیش لەدوای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان، چونکە لەشکرکێشی‌و هێرشی سوپای ئیسلام بۆ سەر ناوچەکانی ئێران‌و کوردستان، هەر بەتەنیا مەبەست لێی، داگیرکردنی ئەو ناوانە نەبووە، بەڵکو لەگەڵ داگیرکردنەکەشدا، مەبەست بەخورتی پێگۆڕینی بیروبۆچوون‌و فەرهەنگ‌و ئایینی دانیشتووانی ئەو ناوچانەش بووە، کە لەبەرامبەر ئەمەدا، پێڕەوانی ئایینەکانی ترو ئایینی (یەزیدی)یش، بەرەنگاریی‌و بەربەرەکانی زۆریان بۆ پاراستنی ئایین‌و فەرهەنگەکەیان کردووە.. بەکورتی لەئەنجامی ئەم ململانێ‌و بەرەنگاریی درێژخایان‌و خوێناوییەدا، کە دواتر سەردەمی (عوسمانی)یشی گرتۆتەوەو بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی لەم بارەیەوە چنگ کەوتوون، پێڕەوانی ئایینی (یەزیدی)، (٧٢)حەفتاو دوو جار، هێرشی ڕەشەکوژیی‌و قەلاچۆیان بۆ سەرکراوە!.

**-ئەی ئاخۆ لە ئاکامی تێکەڵاویی‌و پێکەوە ژیانی ئەم چەند ئایینە، چ جۆرە ڕەنگدانەوەو جێپەنجەیەکیان لەسەر یەکتر هەبووبێ؟طط!.**

بەتایبەتیش کە ئەوەمان زانی دانیشتووانی قەڵەمڕەوی (ماد)و (ئاشوور)و (بابل)، کە وتمان ڕەگەزەکانی سروشت، ئاوەڵ دووانەی (خێر)و (شەڕ) یان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە، بۆیە سەرلەبەری ئەو پەیکەرو ئەفسانانەی پێوەندییان بەم خواوەندانەوە هەبووە، لە وێنەگەلی ئەو پەیکەرو بەردەنووسانەدا بەدیاردەکەون، کە لە(زێویە)ی نزیک شاری (سەقز)ی ئێستاو (قەلاچی) نزیک شاری (بۆکان)و (ڕەبەت)ی نزیک شاری (سەردەشت)ی ئێستای خۆرهەڵاتی کوردستاندا دۆزراونەتەوەو لەم وێنەو پەیکەرانەشدا، دیسانەوە فەلسەفەی خواوەندی (ئاوەڵ دووانە-جمکانە-پنائی) بەرجەستە کراونەتەوە، وەک بەرجەستەکردنی ڕەمزی: (خێر=چاکە)، لە شێوەی سەگێکداو ڕەمزی: (شەڕ=خراپە)یش، لە شێوەی مارێکدا سومبولبەندیی کراون‌و هەردووکیان لە وێنەی (مارێکی سەگسەر)دا، پێکەوە لکێنراون، تا پێکرا کرداری دروستکردنی جیهان دەربخەن. واتە: تێکەڵەی (مادە)و (ڕۆح)، (چاک‌و بەد)و هەموو شتە دژ بەیەکەکان، کە ئەم جیهانەیان پێکهێناوە.. لەو ڕوانگەیەشەوە کە بڕوایان بەخواوەندەکانی

(شەڕ)و مەترسیدار هەبووە، بۆیە لەم نەخشو بەردەنووسو پەیکەرانەدا، وێنەی شەیتانگەلێکی سەیر دەبینرێن، کە نیوەیان جەستەی مرۆڤنو نیوەکەی تریان ئاژەڵن. لەمجۆرە وێنە خەیاڵاوییانەدا، تێکەڵاویی و ئاوێتە بوونێکی نێوان دوو جۆر گیانلەبەرو ئاژەڵ و باڵندە دەبینرێن، وەک وێنەی جەستەی شێرێک، کە باڵی هەڵۆی پێوەیە، یان: سەری شێرێک، کە باڵی شەهێنی پێوەیە.

**-ئەی زەرتوشت، هەڵوێستی لەم چەند خواوەندە ئاوەڵ دووانانە، چی بووە؟!**

–زەردەتوشت ئەگەرچی بڕوای بەدوو ڕەگەزی (خێر)و (شەڕ)، واتە بە: (ئەهریمەن) هەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا، هەرگیز ئەم دوو ڕەگەزی (خێر)و (شەڕ)ەی وەک دوو خوای یەکسانو بەرامبەر بەیەک نیشان نەداوە، بەڵکو بڕوای وابووە: بۆ ئەوەی ڕەگەزی (شەڕ=ئەهریمەن) لاوازبکرێو نەمێنێ، دەبێ ڕێی لێبگیرێو بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکرێ، نەک بۆ خۆ پاراستن لە مەترسییەکانی، قوربانی بۆ بکرێ. بۆیە زەرتوشت، دژی ڕێوڕەسمی قوربانیکردنی موغەکان بووە بۆ شەڕو خراپە..

لە کاتێکدا پێڕەوانی ئایینی (موغ)ەکان، بڕوایان وابووە کە بەبێ ئەم ناکۆکییە دوولایەنەی (خێر)و (شەڕ)، جیهان ناتوانێ هەبێو بەردەوام بێ.. چونکە (ساردیی) بۆیە هەیە، لەبەرئەوەی پێچەوانەکەی، واتا: (گەرمیی) هەیە. (چاک) ناتوانێ بەردەوام بێ، گەر (بەد)، تای تەرازووی بەردەوامییەکە ڕانەگرێ. واتە: تا (ڕووناکیی) هەبێ، (تاریکیی)یش دەبێ، یان بەپێچەوانەوە.

لە ئاکامدا زەرتوشت لەم ململانێیەدا، ڕکابەرایەتیی زۆری پەرستنی ئەم چەند خواوەندانەی کردووەو بەتەوسو توانجیشەوە، واژەی (دئێڤە)ی خواوەندی ئەم پێڕەوکارانەی بە(دێو)و پێڕەوکارانیشی بە(دێوپەرستان) ناودێرکردووە.. دواتریش لە کتێبی (زەند ئاڤێستا)دا، کە شەرحی (ئاڤێستا)یەو بەزمانی (پەهلەوی)یە، واژەی (دئێڤە)ی تێدا بەمانای (شەیدا) ڕاڤەکرا (کە ئەگەرچی هەر مانای بریسکەدارو درەوشاوە دەگرێتەوە)و کۆی واژەی (شەیدا)ی بە(شەیدان) ناوبردووەو (شەیدان)یش لەڕووی موزیکیی دەنگو پیتەوە لە واژەی (شەیتان) نزیکە، بۆیە نەیارانی ئایینی (یەزیدی)و بەتایبەتیش دوای هاتنی ئیسلام، بۆ سووکایەتییو گێچەڵ پێکردنیان، بە(شەیتان پەرست) ناویان ناون!.

**-ئێستا، کە گوێم لەم بەسەرکردنەوە خێرایەی ئەم چەند ئایینە کۆنە دەبێ، دەمودەست ئەو پرسیارە بەهزرمدا تێپەڕ دەبێ، کە ئاخۆ ئێوە لە کاتی توێژینەوە لەم ئایینانە، هەستتان بەچ جۆرە جیاوازیی، یان هاوبەشییەک لە نێوان ئەم ئایینانەو ئایینی دێرینەی دراوسێکانی وەک: ئاشوور، بابلدا کردووە؟!.**

–بەدڵنیاییەوە بەگوێرەی ئەو نزیکایەتییەی لە نێوان قەڵەمڕەوی ئەم ئایینانەو ئەو شەڕو لەشکرکێشیو ئاشتییەی لە نێوانیاندا ڕوویداوە، بەهەمان شێوە ئاڵوگۆڕی فەرهەنگییو کۆمەڵایەتیش لە نێوانیاندا هاتۆتە گۆڕێ. بۆ نموونە: ئەو فرە جەنگو هەرایەی کە (ئاشوور)



گیانی (شاد)و(حەماسی) لایەنێکی گرنگ لە موزیکیی کوردییە، کە سەرەڕای ئەو تەمەنە درێژەی داگیرکردنو ڕەشەکوژییو ڕاگوێزانو زوڵمو ستەمە، بەردەوامە

لەگەڵ (ماد)دا کردوویەتی، بەپێچەوانەوە (ماد)و (بابل) دۆستایەتیی نزیکو پتەویان هەبووەو ڕێکەوتننامەی دۆستایەتیان بۆ لە ناوبردنی (ئاشوور)ی دوژمنی هاوبەشیان لە نێواندا هەبوو.. یان ئەو جەنگە سەختو بەردەوامانەی لەنێوان (بابل)و (ئیلام)دا هەبووە، لە نێوان (ئیلام)و (ماد)و (ئیلام)و (ئاشوور)دا نەبووە.

بەمجۆرەو بەهۆی نزیکایەتیی سنووری نێوان (ماد)و (ئاشوور)و هاوکات بەهۆی دۆستایەتی نێوان (ماد)و (بابل)و نزیکایەتییو تێکەڵاوییەکی بەرچاویش لە نێوان ئایینی (ماد)و هەردوو ئایینی (ئاشوور)و (بابل)دا هەیە، هەر بەو جۆرەش بەهۆی نزیکایەتیی سنووری نێوان (بابل)و (ئیلام)ەوە، نزیکایەتییو تێکەڵاویی زۆر، لە نێوان میتۆلۆژیایاندا هەیە، کە نموونەی بەرچاوی ئەم میتۆلۆژیا تێکەڵو هاوبەشەیان، لە شێوەی شیوەنی هەردوو خواوەندی (عەشتار) بۆ (تەمووز) لە (بابل)دا، هەمان شیوەنی ناو سرووتی (چەمەری) قەڵەمڕەوی (ئیلام)ە، کە ئەم نەریتە، هێشتا لە هەرێمی (ئیلام)دا پەیڕەو دەکرێو دیسان پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام (مەزهەبی شیعە)ش، هێشتا هەمان شیوەن، بۆ کوژرانی (حسین) دەکەن، کە جێگەی ڕووداوی کوژرانەکەی (حسین)یش هەر لە (بابل) بووەو تا ئێستاش بەشێکی زۆریان تێکەڵەیەک لەمجۆرە شیوەنانەی (عەشتار)، بۆ (تەمووز) لە (بابل)و (چەمەری) ناوچەی (ئیلام)، بەشێوەیەک لە شێوەکان (بەهۆی کۆچی گەرمیانو کوێستانی دێرینەی خێڵەکانی -جاف-ەوە بووبێ، یان هۆی تر)، لەناو خێڵەکانی (جاف)دا، بەناوی (کۆمەڵ)ەوە، بۆ مەرگی گەورە پیاوانو مەزنانی خۆیان پێڕەو دەکەن، بەڵام (لە ئێستادا) جافەکان لە ڕێوڕەسمی (کۆتەڵ)دا، ئامێری (موزیک) بەکارنابەنو هەر تەنیا جۆرە گۆرانییەکی تایبەت (شیوەن)ی بێ موزیک دەچڕن.

**-بەگوێرەی ئەم بەسەرکردنەوەیەی ئێوە، بۆ موزیکیی هەرێمە جیاجیاکانی کوردستان، بەخۆشییەوە هەست دەکەم موزیکیی ئایینە کۆنەکانی کوردستان، بوونەتە هۆی تێکچڕژانو یەکبوونی شاراوەو ئاشکرای موزیکیی کوردی، ئاخۆ هەست پێکردنەکەم لە جێی خۆیدایەتی؟!**

-بەدڵنیاییەوە هەست کردنەکەت لە جێی خۆیدایە، چونکە ئەو موزیکەی کورد هەیەتی، ئەوەندە سەروەریی گەورەی تێدایە، دەتوانم بڵێم تاقانە نەتەوەیەکە لە ناوچەکەدا، کە ئەگەر بەسۆنگەی داگیرکردنو کوشتنو لەتوپەتکردنی ناوچەکانیو خاکەکەیو ڕاگوێزانو تەنانەت بەسۆنگەی خۆجیاکردنەوەی قەڵەمڕەوی میرنشینەکانی کوردیش خۆیەوە لە یەکتری، زۆر کلتوورو خوخدەی نەتەوایەتی خۆی، پێ لەدەست درابێ، یان لێ سەندرابێتەوە، بەڵام هەرگیز نەتوانراوە موزیکە هاوبەشەکەی زەوت، یان لەیەکتر جیابکەنەوە. هەر ئەم خۆڕاگریی موزیکە هاوبەشەی، کارێکی وای کردووە، ئەگەر جیاوازیش کەوتبێتە نێوان دیالیکتو دیالیکتێکی تری زمانی کوردییەوە، بەڵام تۆ، لە (هەکاری)، لەگەڵ موزیکیی (هەڵپەڕین)، چۆن هەڵدەپەڕیت، لە کەرکووکو سنەو موکریانو سلێمانیو کرماشانو دهۆکیش هەر بەو جۆرە ڕیتمو بەو جۆرە دەستوپەنجەو شانو قۆڵو جەستە توند لەیەکتر ئاڵاندنو گیرکردنە هەڵدەپەڕیتو ڕابەری هەڵپەڕینەکەش (سەرچۆپی کێش)، لەهەموو هەرێمەکانی کوردستاندا، هەمان ڕەمزو هێمای ڕابەرایەتیکردنی کاری هەرەوەزو بەکۆمەڵە.

جگە لەم سەرنجەی ئێوە، کە لایەنی (یەکێتیی) موزیکیی کوردییە، بەڵام لەسەروو ئەمەشەوە، لایەنێکی لەمەش گرنگتر لە موزیکیی کوردیدا هەیە، کە هێشتا لێکۆڵەرانی موزیکیی کوردی، ئاماژەیان پێ نەکردووە، ئەویش لایەنی ئەو گیانە (شاد)و لەهەمان کاتیشدا (حەماسی)یەی موزیکیی کوردییە، کە سەرەڕای ئەو تەمەنە درێژەی داگیرکردنو ڕەشەکوژییو ڕاگوێزانو زوڵمو ستەمە بەردەوامە، بەڵام ئەگەر وەک نموونەو هەر لە دیمەنی (هەڵپەڕکێ)و بەتایبەتیش لە دیمەنی (سەرچۆپی کێش) وردببینەوە، هەست دەکەین بەگیانێکی خرۆشاوەوە ڕابەرایەتی دەستەکەی خۆی دەکاتو دەقریوێنێو هەندێ جاریش (لەهەندێ ناوچە) بۆ زیاتر خرۆشاندنی کۆمەڵەکەی، تفەنگو دەمانچە ئاگردەدات، یان خەنجەرێکی ڕووت، بەدەستەوە هەڵدەسووڕێنێ، یان دەسرۆکەیەک، بەژوورسەری هەموانەوە ڕادەوەشێنێو زۆرجاریش شۆڕەشواران بەدەوری بازنەو ئەڵقەی هەڵپەڕینەکەدا، ڕمبازێنو غارغارێن دەکەن.

یان لە نێوان ئەو هەموو جۆرە سترانو موزیکەی ژیانی مرۆڤی کورددا، ئەگەر سەرنج لەو موزیکو سترانە دلێرینەیان بدەین، کە بەشێوەی کۆمەڵو هەرەوەز ئەنجام دەدرێن، چ لە کاتی زەماوەندو خۆشیدا، وەک هەڵپەڕکێو ساوەرکوتانو دروێنەو زۆرکارو پیشەی جیاجیاو چ لە کاتی خەمو پەژارەدا، وەک چەمەریو کۆمەڵدا، سەرەڕای ئەوەش کە موزیکو شیوەنەکە خەمینە، بەڵام بەشداران



تفەنگ بەدەستەوە دەگرن، یان خەنجەرو دەمانچە، لەکەمەرو پشت دەبەستن، یان چەکی مردووەکە، لەسەر پشتی ئەسپێک دەبەستنو بەناو پرسەکاراندا دەگێڕن.

ئەمە ئەگەر لەهەر ناوچەیەکی کوردستاندا، جۆرە زەمانەوەندو هەڵپەڕکێیەکی تایبەتیش هەبێ، بەڵام تێکڕای موزیکیی هەموو ناوچەکان، سیماو مۆرکی ئەو دیمەنە خرۆشو حەماسییو یەک پارچەیەیان پێوەیە، کە لە هەوێنی: لاووک، لاوژە، حەیران، بەیت، هۆرە، سیاچەمانە.. هەڵگۆزرانو بەهەموویان بۆنو بەرامەو ناسنامەی موزیکیی کوردییان پێکهێناوە.. وەک دەزانین تەمەنو مێژووی (هەڵپەڕکێو چەمەری)ش، زۆر کۆننو بەرهەمی ئەم چەند سەد ساڵەی دوایی نینو هیچیشیان زادەی کاتو ساتێکی ڕاگوزارییانەو تایبەت بەناوچەیەکو کاری تاکەکەسیش نین، بەڵکو زادەی سەردەمێکن، کە دەسەڵاتێکی گەورەو بەربڵاوی (ئایینی- هونەریی)، توانیویتی کاری بەکۆمەڵو هەرەوەز ئەنجام بداتو هەمان دەسەڵاتیش، بەسەرتاسەری کوردستاندا بڵاوی بکاتەوە، چونکە ئەگەر کاری تاکەکەس بووایە، یان تایبەت بەناوچەیەک بووایە، ئەوا دەبوو وەک هەندێ دیالیکتی زمانو بابەتی هونەریی، کە تایبەتن بەناوچەیەکەوە، هەر لەو ناوچەیەدا قەتیسو سەقامگیر بووایەو بەناوچەی تردا نەتەنیایەتەوە.. ئەو دەسەڵاتەش کە توانیویێتی کاری بەکۆمەڵی



**ئەو موزیکە ڕەسەنەی کە (ژان دورینگ) باسی دەکات، بێ هیچ سێ‌ودوویەک، هەر موزیکیی نەتەوەی کوردە، کە بەداخەوە موزیسیونانی کورد، بەقەدرایی ئیعتیباری قسەی ئەم موزیکناسەی فەڕەنسا، کاریان لەسەر موزیکیی کوردی نەکردووە**

وەک نموونەی (هەڵپەڕکێ) بخولقێنێ‌و بەناو جوگرافیایەکی بەریندا بڵاوی بکاتەوە، بەدڵنیاییەوە، هەردەبێ دەسەڵاتی (ئایینی) بووبێ، چونکە وەک بەشێوەی جووڵەو بزووتنەوەی بەیەکەوەی ئەم هەڵپەڕکێ‌و سەرمایانەدا دەردەکەوێ، جۆری بەیەکەوە سەروگەردن هەڵبڕین بۆ ئاسمان، نیشانەی و هێمای شێوە پەرستنێک بەبیردا دێت، کە بەدەم ئەم سەروگەردن هەڵبڕینەشەوە، بزووتنەوەو هەڵپەڕین‌و دانەواندنەوەی (بەیەکەوەی) جەستەو پێی هەڵپەڕکێکارانیش (بەتایبەتیش لە هەڵپەڕکێی سێ پێیدا)، بیری (کار)و بەتایبەتیش بیری کاری (کشتوکاڵ)و زەوی کێڵان‌و جووتیاریمان بەبیردا دێنێ‌و لە هەموو ئەمانەشدا، کە بیر بۆ مێژووی ئایینە کۆنەکانی جوگرافیای دێرینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەچێ، هەر ئایینە کۆنەکانی وەک پێڕەوانی (خۆرپەرست)و (زەرتوشتی)و دانیشتووانی کۆنی کوردستان، بانگەوازیان بۆ زەوی کێڵان‌و کشتوکاڵ‌و نیشتەجێبوون‌و گوندو شارۆچکەو شار دروستکردن کردووە.

**-ئەم ڕوونکردنەوای تۆ، ئاسۆی ڕوانینم بۆ مێژوویەکی زۆر دوورو فراوانتر دەبات. بۆ ئەوەش باسەکەمان دەوڵەمەندبکەین، دەپرسم: ئاخۆ ژیارو شارستانێی (ئەمەدون)، تا چەند پێوەندی بەم کەش‌و هەواو ژینگە موزیکییەی کوردستانەوە هەیە؟!**

-نەک هەر پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەژیارو شارستانییەوە هەیە، بەڵکو خودی کەش‌و هەوای موزیک، ژیارو تەمەدونی گەورەو یەکگرتوو دروست دەکات. لەم ڕووەوە حەزدەکەم ئەمەتان بەشێوەیەکی ڕوونتر بۆ باس بکەم، من دەڵێم موزیک بازنەیەکە، هەر هەموومانی وەکو یەک‌و پێکڕا کۆکردۆتەوە. واتە: پشتێنێک شاراوەی لە پەلکەزێڕینە، لە دەوری هەموومان ئاڵاندووەو بەپێچەوانەی دیالیکتەکانی زمانەکەمانەوە، کە هێشتا هەریەکەی تایبەتە بەجوگرافیایەکی دیاریکراو، بەڵام موزیکیی کوردی یەکێتی‌و جڤاتێکی لە هەمووماندا دروستکردووە، یەکێتییەک، بەرلەوەش لەواژەکانی ناو سترانێکی ناوچەیەکی کوردستان تێبگەین، دەم‌و دەست هەست دەکەین بەشێکە لە زمانی ڕۆحی ئێمە. وەک نموونەی هەردوو هونەرمەند: حەسەن زیرەک‌و شڤان پەروەر، لە کاتێکدا کە شێوە زاریان لە یەکتری‌و لە شێوەزاری ناوچەیەکی وەک شاری (کرماشان)یش جیاوازە، کەچی سروودەکانی شڤان پەروەرو گۆرانی (کرماشان شاری شیرینم)ی حەسەن زیرەک، وەک یەک‌و وەک مارشی نەتەوەیی کورد، لە کرماشاندا گوێی لێ ڕادەدێرن.. لە کاتێکدا ئەگەر هەریەکەیان بەجیاجیا، بیەوێ لەگەڵ خەڵکی ناو بازاڕەکانی کرماشان‌و پیشەکاران‌و تەنانەت خوێندەوارانی کرماشانیشدا، بئاخیوێ، زۆر بەگران دەتوانێ پردی هەڤپەیڤین دروست بکات.

ئەم یەکێتییەش، ئەو ناسنامە هاوبەشی موزیکیی کوردییە، کە کەسایەتی‌و تایبەتمەندییەکی بۆ خۆی پێکەوە ناوە. لە کاتێکدا ئێستاش کوردناسانی بیانی، پێیان وایە دیالیکتەکانی زمانی کوردی، نەتەوەی کوردی بەچەند کەرتێکەوە کردووە!، کە ئەمە قسەیەکی زۆر پڕ مەترسیە، تەنانەت هەندێ زماننناسی بیانی، پێی وایە زمانی کوردی، شێوە زمانێکی بن زمانی (فارسی)یە!. کەچی موزیکناسانی جیهان ناتوانن بەموزیکیی کوردی بڵێن: موزیکیی بن شێوە موزیکیی فارسی، یان موزیکیی خواستراوی نەتەوەیەکی دراوسێی کوردستانە. بەپێچەوانەوە: تایبەتمەندیی، کەسایەتیی، ناسنامەی موزیکیی کوردی، ئەوەندە جیاوازو سەربەخۆیە، هەموو موزیکدان‌و شارەزایانی موزیکیی گەلانی جیهان، زۆر بەگەورەیی‌و ڕێزەوە، بۆ موزیکیی کوردی دەنواڕن‌و لەسەر ئەوە کۆکن، کە موزیکیی کوردی، خاوەنی کەسایەتی‌و ناسنامەی خۆیەتی. بۆ نموونە: کەسێکی وەک (ژان دورینگ)ی موزیکدانی فەرەنسایی، کە زۆر ناسراوەو کاری زۆری لەسەر موزیکیی گەلانی ئاریایی نەژادو چەند ساڵێکیش ڕاستەوخۆ، خۆی هاتۆتە کوردستان (ناوچەکانی پێڕەوانی ئەهلی هەق نشین‌و هەورامانی تەخت)و کاری مەیدانیی لە بارەی موزیکیی دێرینەی کورد (بەتایبەتیش موزیکیی ئایینی ئەهلی هەق)ەوە کردووەو دوو کتێبی لەسەر موزیکیی کورد نووسیوە، گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی بڵێ: موزیکیی هەموو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە چیاکانی زاگرۆسەوە هەڵدەقوڵێت: کە خۆشبەختانە کاتێ ئەم موزیکناسە بیانییە، ئەمە دەڵێ، هاوکات ئەوەش دەزانێ کە چیاکانی زاگرۆس، لە هەزاران ساڵەوە تا ئێستا نەتەوەی کوردی تێدا نیشتەجێیە.. کەواتە ئەو موزیکە ڕەسەنەی کە (ژان دورینگ) باسی دەکات، بێ هیچ سێ‌ودوویەک، هەر



موزیکیی نەتەوەی کوردە، کە بەداخەوە موزیسیونانی کورد، بەقەرایی ئیعتیباری قسەی ئەم موزیکناسەی فەرەنسا، کاریان لەسەر موزیکیی کوردی نەکردووە، کە دەبوایەو چاوەنوارِبووم موزیسیونانی خۆمان، کاری توێژینەوەی قووڵو زانستییانە، لەسەر موزیکیی کوردی بکەن. کە موزیکیی کوردی بەهۆی تەمەنە درێژو گەشەکردنەیەوە، کردوویەتی بەخاوەنی کەسایەتیو ناسنامەی سەربەخۆ، بۆیە موزیکناسانی ناوداری تری گەلانی دوورو دراوسێش، وەک نموونەی پرۆفیسۆر کریستین سین (کەنەدا)و محەمەد رەزا دەروێشی (ئێران)، کاری لێکۆڵینەوەی زانستییانەو کتێبی جیاجیاو سەربەخۆیان لەبارەی موزیکیی کوردییەوە نووسیوە.

**-جگە لەو دوو رەگەزی (یەکێتی)و (حەماسیی)یەی لە موزیکیی کوردیدا ئاماژەتان پێکرد، چ رەگەزێکی تر لە موزیکیی کوردیدا، هەست پێدەکەن؟!**

-رەگەزێکی تری ناو پێکهاتەی موزیکیی کوردی، رەگەزی ئارامییو هێمنییو رۆمانسییە، کە لە رەنگدانەوەی خۆیدا کارێکی زۆری لەسەر دەروونی مرۆڤی کورد کردووەو رۆحێکی مرۆڤدۆستانەی بەمرۆڤی کورد بەخشیوە. رۆحێکی نزیکو دۆست بەگەردوونو بوونەوەرەکانی سروشت. تۆ، لە درێژایی مێژوودا، سەیری ئەو چەندان شەپۆلە مرۆڤە ستەم لێکراوو راونراوانەی لە دەست هێرشو شاڵاوی قەلاچۆکردنی: ئایینی، مەزهەبی، ئەتنیکی..هتد، هەڵاتوونو پەنایان بۆ خاکی کوردستان هێناوەو لە کوردستاندا داڵدەو پەنا دراونو وەک هاووڵاتییەکی کوردستانیی ئەژمارکراونو بەوپەڕی ئازادی خۆیانەوە، لەسەر هەمان ئایینو مەزهەبو رەگەزی پێشووی خۆیانییش بەردەوام بوونو زۆرجاریش وا بووە، ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەمانە، لە ژیانی دانیشتووانی رەسەنی ناوچەکە (کورد)، باشتر بوە! ئەم سنگ فراوانییو دەرفەت رەخساندنە، بۆ پێکەوە ژیانی: رەنگو رەگەزی هەمەجۆرو دیالۆگ دروستکردن لەگەڵ فەرهەنگی تردا، دەرەتانو ئارامو ئاسایش، بۆ رۆحی مرۆڤ دروست دەکات، تا مرۆڤ بەرنامەو پرۆژەی نوێ، بۆ خۆیو نەوەکانی ئایندەو بۆ جوانترکردنی ژیانو پێشخستنی کۆمەڵایەتی برێژێو لێرەوە ئیتر ژیارو شارستانێتی تەمەدون دەست پێدەکات. لەم بوارەداو هەر بۆ بەبیرهێنانەوەی هەندێ قۆناغی مێژوویی کوردستان، دەڵێین: لەبیرەوەریی ئەو جوولەکە ئاوارانەی لەم (٧٠-٨٠) ساڵەی دواییدا، لە کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل گەڕاونەتەوە، خودی مێژوونووسانی جولەکە دەنووسن: لە کاتی ئاوارەبوونماندا، بەسەرتاسەری جیهاندا، تاقانە نەتەوەیەک، کە دەیانهێشت لە خاکەکەیاندا ببینە خاوەن زەویو بیکێڵین، هەر نەتەوەی کورد بووە!.. واتە: هەمیشە لەو کاتانەدا، کە کورد دەستی بەسەر خاکەکەی خۆیدا رۆیشتووە، نەک هەر داڵدەو پەنای لێقەوماوانی داوە، بەڵکو بەهاواری لێقەوماوانیشەوە چووە. لێرەدا لە باسەکەمان دوور ناکەوینەوە، ئەگەر شتێکی مێژوویتان بۆ باس بکەم: شەلمانسەری سێیەمی ئاشووری، ساڵانی (٨٥٠-٨٤٤پ.ز)، هێرشی گەورەو بەربڵاوی بۆ سەر ئیسرائیل کردو داگیرکردو نزیکەی (٣٠) سیی هەزاری بەدیل گرتنو لەگەڵ گەڕانەوەی لەشکرەکەی خۆیدا راپێچی کردون لە زێدو نیشتمانی خۆیانی دوورخستنەوەو پەرتەوازەی ناوچە دوورەکانی کردن.

لە (تەورات- ئەشعیا- بەشی دوازدە- بەندی ١٧-٢٢)دا دەڵێ: ئەو دیلانە، ئاواتیان بۆ ئەوە خواستووە، تا هێزو سوپای دەوڵەتی (ماد)، بەهاناو هاواریانەوە بچنو لە چنگی دیلییو ژێردەستیی رزگاریان بکەن!. کەچی سەیر لەوەدایە کە کورد لە دوای رووخانی دەوڵەتی (ماد)ەوە، لێی قەوماوە، هیچ دراوسێیەکی بەمجۆرەی لەگەڵدا نەکردووە، بەڵکو هەوڵدراوە رەگەزو ئایینەکەیشی پێ بگۆڕن!.

**-بەم پێیە، دەبێ تەمەنو مێژووی کەسایەتیو ناسنامەی موزیکیی کوردی، زۆر پێش تەمەنی مێژووی ناسنامەی زمانی کوردی کەوتبێ؟**

-بەدڵنیاییەوە دەڵێم بەڵێ، چونکە ئەگەر شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣-١٦٠٣ز)، واتە: پێش (٤٠٠چوارسەد ساڵ)، باسی کەسایەتی‌و ناسنامەی (زمان)ی کوردی نەکردبێ، بەڵام نزیکەی هەزارو پەنجا ساڵ لەمەوبەر، کۆمەڵەی (ئیخوان ئەلسەفا)، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی (٩٥٠ز)دا ژیاون، لەتەک ناوی موزیکیی گەلانی وەک: دەیلەم، تورک، عەرەب، ئەرمەن‌و زنجدا، ناوی (موزیکیی کوردی)یش دەبەن. ناوهێنانەکەشیان بەجۆرێکە، بێ هیچ دوودڵییەک، باس لە کەسایەتی سەربەخۆی موزیکیی کوردی دەکەن. هەروەها (٨٠٠هەشت سەد ساڵ) لەمەوبەر، شەمسی قەیسی ڕازی (؟-١٢٣٢ز)، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا: المعجم فی معاییر أشعار العجم)دا، کە ساڵی (١٢١٧ز) لە (مەروە) نووسیوێتی، باسی ئاوازو موزیکیی کوردی (هەورامان) دەکات. لەناو ئەم ئاوانەی موزیکیی ناوچەکەشدا، پەیژەیەکی تایبەت بەموزیکیی کوردی هەیە، کە لە دێر زەمانەوە بە(مەقامی کورد) ناسراوەو نزیکەی (٧٠٠) حەوت سەد ساڵ لەمەوبەر، سەفێدینی ئەرمەوی (؟-١٢٩٤ز)، باسی کردووەو وەک ئەوەش کە موزیکیی کوردی، بەهۆی تایبەتمەندیی کەش‌وهەواو هەڵکەوتی جوگرافیایی کوردستانەوە، مۆرکێکی تایبەتی هەبێ‌و گیانی بوێریی‌و ئازایەتیش بەگوێگر ببەخشێ، بۆیە: بەدرەدین ئەربلی هەزبانی (؟-١٣٥٤ز) لە کتێبی: (ارجوزه الانغام)دا، بەموزیکیی ناوچیایی ناودێر کردووەو لە شیعرێکدا ئاماژە بۆ موزیکیی کوردی دەکات:

فان عشاقًا و بوسليكا ثم نوى تفيدنا تسليكا
الى شجاعه وبسط قوه و تبحث الشخص على الفتوه
يليق بالترك و بالزنوج و ساكنى الجبال و العلوج

ئەمانەش هەمووی بەڵگەی سەروەریی‌و کەسایەتی‌و ناسنامەی موزیکیی کوردین.

**-بەگوێرەی ئەم چەند مێژووەی ئێوە ئاماژەتان پێکردن، مانای وایە ئەم کەسایەتی‌و ناسنامەیەی موزیکیی کوردی، لە دوای ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئیسلامیشدا، موزیکیی کوردی هەمان کەسایەتی خۆی هەبووبێ؟**

-بەڵێ، چونکە بەو هۆیەوە کە ڕەگ‌و ڕیشەی موزیکیی کوردی، ئەوەندە بەناخ‌و دەروونی مرۆڤی کورددا ڕۆچووە، نەیتوانیوە دەستبەرداری بێت، بۆیە سەرەڕای ئەو هەموو بەربەست‌و گوشارەش، کە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی، لەسەر موزیک بووە، بەڵام دانیشتووانی ناوچەکە، هەمیشە بەشوێن دەرفەت‌و بیانوویەکدا گەڕاون، تا بەهۆیەوە بتوانن دەرەتانێک بۆ موزیکیی کوردی بدۆزنەوەو پیایدا موزیک، هەناسەیەکی تێدا دەربڕێت، کە ئەم هۆیەش، هەر بۆنەکانی ئایینی ئیسلام بووە، وەک بۆنەی جەژن‌و ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی لەدایکبوونی حەزرەتی محەمەد (د.خ)، کە لەم بوارەدا وەک بەڵگەی مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، دەستپێشخەریی ئەم ڕچەشکاندنانە، بۆ (میر)ی هەولێر: میر موزەفەرەدین کۆکبەری (١١٩٠-١٢٣٢ز) دەگەڕێتەوە، کە توانیوێتی بەهۆی جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، حەزرەتی محەمەدەوە (د.خ)، بیکاتە نەریتێک‌و هەموو ساڵێک ئاهەنگ‌و میوانداریێتی گەورەو بەشکۆ، بۆ ئەم بۆنەیە سازبکات، کە وەک: ئیبن خەلەکان (١٢١١-١٢٨٢ز)، لە کاتی سازکردنی ئەم ئاهەنگانەدا، خۆی ئامادەبووەو بەچاوی خۆی دیویێتی، دەڵێ: دانیشتووانی ناوچەکانی دوورو نزیکی هەولێر، لە شارەکانی وەک بەغداد، موسڵ، جزیرێ، شەنگاڵ‌و قەڵەمڕەوی عەجەم (ئێران)ەوە، ئامادەی ئەم بۆنەو ئاهەنگگێڕانانە دەبوون‌و نزیکەی بیست سەکۆ، لە دارو تەختە دروستدەکران: کە هەریەکە لەم سەکۆیانە، بریتی دەبوون لە پێنج چین، یان پلەو لەدەروازەی (قەڵا)ەوە، تا بەر دەروازەی (خانەقا)ی نزیک مەیدان دادەنران‌و چەند دەستە گۆرانیبێژو تەپڵژەنێکیش، لەسەر هەریەکە لەم سەکۆیانە دادەنیشتن‌و دەکەوتنە گۆرانی چڕین‌و تەپڵژەندن، کە گۆرانی‌و مەقاماتێکی زۆر ئایینی، لەم بۆنەیەدا دەبێژران، وەک ئەوەی لە بەشی یەکەم‌و سەرەتای ئەم ئاهەنگەدا، حەوت (٧) مەقام دەوترا، کە یەکێکیان مەقامی (حیجاز کار کورد) بووە، چونکە ئەم مەقامە (کورد)یە مەقامێکی سەربەخۆ بووەو لە دەمێکەوە لە شارەکانی بەغدادو کەرکووک‌و تەنانەت وڵاتی (میسر)یشدا بڵاوبووە. ئەگەرچی ئەم مەقامە، لەدوای پەیدابوونی دەسەڵاتی عوسمانی لە میسردا، نیمچە مۆرکێکی (تورکی)یان پێوەلکاندووەن، بەڵام نەتوانراوە بەیەکجاریی ناوە ڕەسەنەکەی خۆی (کورد)ی لێ بسڕنەوە، بەڵکو کراوە بە: (کوردلی حیجازکار).

هەر ئەم مەقامە، لە ناو کوردانی (ئەیووبی)یشدا بڵاوبووە، چونکە ئەوەی لەم بارەیەوە زانراو ، ئەوەیە کە (شا عەبدولڕەحیمی کویی عومەری ناسراو بەشای شایەکان (؟-١١٩٠ز)، خۆی لەکۆڕی پیاوانی سۆفی مەشرەبدا ئامادەبووەو شیعری نووسیوەو بۆ گۆرانیبێژانی خوێندوونەتەوەو ئەوانیش بەگۆرانی چڕیویانن. لێرەوە دەتوانین گریمانی ئەوە بکەین، کە دەبێ هەر کوردانی (ئەیووبی)یش، ئەم (مەقامی کورد)ەیان بەمیسر گەیاندبێ.. لێرەدا حەز دەکەم خوێنەری هێژا لەوە دڵنیا بکەم، کە لەهەموو ئەم بەسەرکردنەوە مێژووییانەدا، پشت بەسەرچاوەی متمانە پێکراوو بەڵگەی زانستی بەستراوەو لە کتێبی (مێژووی موزیکیی کوردی)دا، ئاماژە بەو سەرچاوانە کراوە.

**-لێرەدا دەپرسم: ئاخۆ تەقەللای موزیکیی کوردی، بۆ دۆزینەوەی دەرفەت‌و دەرەتان، هەر لە بواری بۆنەو ئاهەنگی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)دا بووە؟.**

-نەخێر، بەڵکو بەهەموو ئەو ئاراستانەشدا بووە، کە ئایینی ئیسلام، بایەخ‌و گرنگیی پێداون. وەک: شەوی میعراج، شەوانی ڕەمەزان (بەتایبەت شەوانی قەدر)، جەژنی بەرات، لەدایکبوونی منداڵ، خەتەنەکردن..هتد. لەهەموو ئەم بۆنانەدا، ئاهەنگ‌و تەپڵ‌و دەف ژەندن‌و گۆرانی سازکراوە، کە ئەم کلتوورە تا ئێستاش زۆر بەڕێزو بەشکۆوە پەیڕەو دەکرێ.

**-ناتوانرێ بزانرێ ئەو جۆری موزیک‌و شیعرانەی لەم بۆنەو ئاهەنگانەدا، پێشکەش کراون، چۆن‌و چی بوون؟**

-وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە، چونکە ئەوەندەی پێوەندی بەموزیکیی

ئەم ئاهەنگانەوە بووبێ، دیارە دەزانین لەو ڕۆژگارەدا، دراوسێکانی کوردستان (جگە لەموزیکیی گەلانی ئارییایی نەژاد)، موزیکییکی ئەوەندە ڕەسەنیان نەبووە، تا لەم بۆنانەدا موزیکییان هەبێ‌و بەکاربرێ، بەڵام لەو بارەیانەدا کە کوردستان ژێردەستەو داگیرکراوبووە، دیارە لەم بۆنانەدا زمانی نەتەوە سەردەستەکە، لە سرووتەکاندا، زمانی موناجات بووە. هەرچەندە لە شیعری زارەکی‌و فۆلکلۆری دێرینەو (بەیت)ی کوردیدا، گەلێ دەقی زیندووی موناجات‌و خواپەرستی لە بەردەستدان کە دەبێ تایبەت بووبن بەم سرووت‌و بۆنانەو دواتریش (واتە لە نزیکەی ٢٠٠-٣٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا)، کە ئیتر شیعرو ئەدەبی کوردین لە ئەدەبی زارەکییەوە بووە ئەدەبی نووسین، دەبینین پشکی زۆری پەندو ئیدیۆم‌و شیعری کوردی (بەهەموو دیالیکتەکانەوە)، لێوڕێژن لە خواپەرستیی‌و ئەم دەقانەش، چ بەموزیک‌و چ بەدەنگەوە، لەسەرلەبەری ئەو بۆنەو سرووتانەدا بەکاربراون، کەبەداخەوە موزیسیۆنانی کورد، ئاوڕی کەمیان لەم لایەنە داوەتەوەو تەقەللای زۆر نەکراوە بۆ. کۆکردنەوەو نۆتکردنی ئەو ئاوازە موزیکییانەی لەم سرووت‌و بۆنانەدا (بەئێستاشەوە) پێشکەش دەکرێن.

**-کەواتە تا ئێستا کەس (مێژوو)ی موزیکیی ئاینیەکانی کوردی نەنووسیووە؟**

-نەخێر، بەڵام تەقەللای تاکەس، بۆ نووسینەوەی (لەهەندێ) ئاوازی بۆنەگەلی ئایینی (ئیسلامی)، لەخۆرهەڵاتی کوردستان کراوە، وەک ئەوەی مامۆستایان: ڕەسوڵ میرزا پوور (تاران)و بەهمەنی حاجی ئەمینی (سنە)، بروانامەی زانکۆییان تایبەتە بەم بابەتە، کە بەداخەوە ئیتر نەمبیستووە تەقەللای تر درابێ.. بەڵام ڕەنگە بەلاتانەوە سەیربێ‌و لەهەمان کاتیشدا وەک مزگێنی بێ بۆتان، کە مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٢ز)، تاقانە شاعیرێکی کوردە، زۆر بەوریایی‌و هۆشیارانەو بەزمانێکی ڕوون‌و زوڵاڵ (بەڵام شیعر)، ئاوڕی زیرەکانەی لەبەسەرکردنەوەی موزیکیی ئایینەی کورد دابێتەوەو زۆر شارەزایانەو بەڕێزو شکۆوە، بەسەری کردوونەتەوە.

**-چۆن؟ حەزدەکەم زۆرتر لەسەر ئەم بابەتە بدوێین.**

-کەوابێ، دەبێ دەرفەتێکی پشوودرێژم بدەیتێ‌و پرسیاری ترم لێ نەکەیت، تا ئەم ئاوڕدانەوە هۆشیارانەو شارەزایانەی (مەولەوی تاوەگۆزی)تان بۆ باسدەکەم.

من زۆر دەمێکە هۆگری شیعری (مەولەوی تاوەگۆزی)م‌و زۆر چێژی بێبڕانەوەی لێدەکەم‌و لەهەموو خوێندنەوەیەکی تازەشمدا، هێماو نهێنی تازەو تایبەتم بۆ دەردەکەوێت‌و بەو ئەنجامە دەگەم کە مەولەوی تاوەگۆزی، لە کاتێکدا لەسەردەمی (ڕێنیسانس)ێکی تازەی هەمەلایەنەی فەرهەنگی‌و ئەدەبیی‌و زماندا ژیاوە، کە شاعیرانی سێ کوچکەی بابان: نالی، سالم‌و کوردی، بەزانیارییەکی زۆرەوە، خەریکی گەشەپێکردن‌و دەوڵەمەندکردنی زمان‌و ئەدەب‌و موتوربەکردنی دیالیکتی کوردستانی نێوەندبوون، بەشیعری نوێ‌و ڕچە دۆزینەوەی تازەو دەرچوون لە نەخشەو بازنەی شیعری سەر بەدیالیکتی سەدان ساڵی سەقامگرتووی دیالیکتی (گۆران)، کەچی مەولەوی تاوەگۆزی، بەهەموو تین‌و توانایەوە، شیعری دیالیکتی گۆران، جوان‌و جوانتر دەکات‌و لە جوغزی ئاوخاوتنی ناوچەی هەورامانی تێدەپەڕێنێ‌و جوگرافیایەکەی هەراوترو گەورەترتر دەکات‌و دەبێتە دیاردەو ڕوداوێکی تازە لە شیعری دیالیکتی گۆرانداو تا دێت زیاتر هۆگرو دڵبەستەی خۆیم دەکات‌و هەربەم هۆگربوونەشمەوە، عەڤداڵ‌و هەڵوەدای زیاترو زیاتر زانینم لە بارەیەوە مەبەست بووەو لە ماوەی ئەو (١٧) ساڵ مانەوەیەشمدا لە خۆرهەڵاتی کوردستان، سەردانی زۆرینەی ئەو شوێنانەم کردوون، کە مەولەوی تیایاندا نیشتەجێ بووە، یان دەرسی تیایاندا خوێندووەو تیایاندا مامۆستایەکی کردووە، کە لەئاکامی ئەم هەڵوەدابوونەمدا، چەند نوسخەیەکی دەستنووسی دیوانی (مەولەوی)یشم چنگخستووەو بەدەم بەراوردی ئەم چەندان نوسخە دەستنووسانەشەوە بۆم دەرکەوتووە، دەیان‌و دەیان شیعری هێشتا بڵاونەکراوەو چاپنەکراوی (مەولەوی)م دەستکەوتووەو چەند ساڵێکیشە لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیانی خۆرهەڵاتی کوردستاندا، خەریکی ئامادەکردنی دیوانێکی تری (مەولەوی)ین.. ئەم کارانەش دیسانەوە مایەی زیاتر ناسینی مەولەوی‌و هەڵوێست‌و ڕامانی تازەتر بوون لەسەر شیعرو جیهانبینی مەولەوی تاوەگۆزی.. لەهەموو ئەم وردبوونەوە قووڵانەشمدا، بۆم دەرکەوتووە کە مەولەوی لەلایەکەوە شاعیرێکی جیاوازو تایبەتی سەردەمی خۆیەتی‌و لەلایەکی تریشەوە تاکانە شاعیرێکە، پتر لە هەموو شاعیرانی پێش خۆی‌و دوای خۆی، لە زۆرینەی شیعرەکانیدا، بەئەندازەو شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، باسی (موزیک) دەکات. بەواتەیەکی تر: کەم شیعری مەولەوی هەن، باسی‌و خواسی (موزیک)یان تێدا نەبێ. لە باسی (موزیک)یشدا، زۆر شارەزایانە باسی دەسگاکانی موزیک‌و پەردەی موزیک‌و زاراوەکانی (زیرو بەم)و (کۆک)و (پەردە)و هەندێ مەقامی کوردی‌و هەموو ئامێرەکانی موزیک‌و (سەماع) دەکات، کە ئەمانەش هەمووی، بۆ من جێگەی ڕامان‌و پرسیاربوون لەوەی کە لەلایەکەوە مەولەوی لە کاتێکدا زۆرینەی ژیانی، لە جێگەی دوورەشارو چەپەک‌و تەریک‌و گونددا ژیاوە، ئەم ئامێرگەلی موزیکانەی لە کوێ پێکەوە دیون‌و لەکوێ پێکەوە بۆی ژەندراون؟. لەلایەکی تریشەوە ئەوە دەزانین کە مەولەوی موسڵمانێکی بیروباوەڕ تۆکمەو پتەوەو چەندان کتێبی وەک: (الفضیلە)، (الفوائح) (عەقیدەی مرضیە)..ی لەبارەی شەریعەت‌و فیقهی ئیسلامەوە نووسیوەو لە هەمان کاتیشدا خەلیفەیەکی ڕێزدارو ناسراوی سەر بەتەریقەتی نەقشبەندییە، کە شێخ عوسمانی سیراجوددینی گەورە: (١٧٨٠-١٨٨٦ز) پیرو ڕابەرێتی‌و ئایینی ئیسلام‌و تەریقەتی نەقشبەندیش بەگشتی، باس‌و خواسی (موزیک)و بەتایبەتیش (سەماع)یان بەلاوە پەسەند نییە.. ئەم پرسیارو لەنگەرگرتنانەش ڕایانکێشام بۆ ئەو ژمارە زۆرە شیعرانەی مەولەوی، کە لەبارەی ئایینی (ئەهلی هەق) سەرنجمدا مەولەوی لە ناو سەرلەبەری شاعیرانی کورددا (موسڵمان)، تاکانە شاعیرێکە بەپێچەوانەی هەموویانەوە،

ڕێزێکی یەکجار زۆر لە ئایینی ئەهلی هەق دەگرێ‌و لەبارەی دیدو بیروباوەڕو فەلسەفەی ئایینەکەیانەوە دەنووسێ‌و خۆی بەشەخسی زیارەتی گڵکۆی ڕابەرەکانیان دەکات‌و شیعری زۆر بەسۆزو بەرز لەسەر گڵکۆی یەکێک لە ڕابەرانیان دەنووسێ، کە (باوەیادگارە)ەو ناوەرۆکی ئەم شیعرەی مەولەوی، ئەوەندە زانیاریی قووڵی لەبارەی پلەو پایەی (باوەیادگار)و (دۆنادۆن=تناسخ)و (حەوتەوانە)و هەندێ لە فریشتەکانی حەوتەوانەو بەتایبەتیش لەسەر حەزرەتی (عەلی-



کەلای پیرەوانی ئەهلی هەق، پلەوپایەی ڕێزداری هەیە) تێدایە، کە نیشانەی پاشخانێکی زۆر دەوڵەمەندو شارەزایانەی (مەولەوی)یە، لەبارەی ئایینی (ئەهلی هەق)ەوە. لەبەرئەوە ئاوڕدانەوەی مەلەوی لە(باوەیادگار)و بەسەرکردنەوەی ئەم ڕابەرو کەسایەتییە مەزنەی ئەهلی هەق، لەلایەن مەولەوییەوە، لەلایەکەوە ئاوڕدانەوەیەکی ئەوپەڕی هۆشیارانەی مەلەوییە، لەم ئایینە کوردییەو لەلایەکی تریشەوە کرانەوەو دیالۆگێکی زۆر خوێندەوارانەو شارستانییانەی تاکانە شاعیرێکی موسڵمانە، لەگەڵ ئایینێکی تری نەتەوەکەی خۆیدا، کە ئەمە نەک هەر بۆ شاعیرێکی موسڵمانی ئەو سەردەمە، بەڵکو بۆ نزیکەی (١٥٠) سەدوپەنجا ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا، زۆر ئەستەم بووە، کە وەک دەزانین ئەم ئایینە لەلایەن زۆر لە موسڵمانانی بیر تەسک‌و دەمارگرژو تەنانەت خوێندەواران‌و شاعیرانیشەوە، دژایەتی کراوەو تانەو تەشەریان لێدراوە.. خۆ ئەگەر لەم بۆنەیەدا ئەو شیعرەی شاعیری گەورە: شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣١-١٨١٠ز)مان بەیادبێتەوە، کە لەهەمان ڕۆژگاری ئەم شیعرەی مەولەوی دا، دژی بیروباوەڕی پێڕەوانی ئایینی (ئەهلی هەق) نووسیوێتی‌و چ سووکایەتییەکی زۆری بەپیرۆزییەکانی ئەم ئایینە کردووەو چۆن چیرۆکی دەست هەڵبەستی بۆ ئەم مەبەستە پێکهێناوەو کردوویەتی بەدرێژترین شیعری دیوانەکەی، کە ژمارەی بەیتەکانی دەگەنە (١٠٠) سەد بەیت‌و بەم بەیتە تێکەڵەی زمانی تورکی‌و عەرەبی دەست پێدەکات:

بابان باشنده بر باطمان یشیل وار
امام القوم فی تقسیم شلوار

یان شاعیرێکی سەر بەهەمان (ڕێباز)و سەر بەهەمان (شێخ‌و پیر)ی مەولەوی، وەک: مەحوی (١٨٣٢-١٩٠٦ز)، کە لە چەند شیعرێکیدا، زۆر بەچاوێکی سووک‌و نزمەوە، توانج‌و تەشەر لە ڕەمزە پیرۆزەکانی ئایینی ئەهلی هەق، واتە: (دایە ڕێزبار) دەدات:

١.دنیا بەحیلە، مەیلی بەئەبنای ئەگەر ببێ
ئەم (دایە ڕێزبار)ە، بەفرزەندی شوو دەکا
٢.ئەکدەشی خینزیرو سەگ، مەعجوونی بەنگ‌و خەندەریس
داکی (دایە ڕێزبار)یی، بابی (بابی)ی قەحبەباب

لەدوای خوێندنەوەی ئەم شیعرانەی شێخ ڕەزاو مەحوی، ئەوسا دەزانین کە ئەم ڕێزو نەوازشەی مەولەوی بۆ پێڕەوانی ئەهلی هەق‌و ئەم شیعرەیشی بۆ (باوەیادگار) لەو ڕۆژەداو بگرە بۆ ئێستاش، وەرسووڕانێکی چەند نوێیەو لەم بوارەدا، چونکە ئەم شیعرەی مەولەوی بۆ (یاوەیادگار)، هەروا ڕووداوێکی شیعریی‌و بیرۆکەیەکی شاعیرانەو سۆزداریی‌و ڕاگوزارییانە نییە، بەتایبەتی کە وەک لە ناوەرۆکی شیعرەکەدا دەردەکەوێ، مەولەوی لەتەمەنێکی تەواو کامڵ‌و پێگەیشتوودا، لەگەڵ ڕۆحی (باوەیادگار) دەدوێ‌و زۆر بەکوڵ‌و بەسۆز لێی دەپاڕێتەوە، تا لە ڕۆژی قیامەتدا، بۆی بپاڕێتەوەو دوعای خێری بۆ بکات. جگە لەوەی ئاستی هونەریی ئەم شیعرە، ئەوەندە بەرزە، ئەگەر لەو شیعرانەی خودی مەولەوی باڵاتر نەبێ، کە بۆ ڕابەرو پیرو پیرزادەکانی خۆی، واتە: شێخ عوسمانی سیراجوددین‌و شێخ عەبدوڵڕەحمانی ئەبولوەفاو شێخ نوری زیائەدینی (جووتەکوڕی شێخ عوسمان) نووسیون، هیچی کەمتر نییە، کە سەرەتای ئەم شیعرەی مەولەوی، بۆ (باوەیادگار) بەم بەیتە دەست پێدەکات:

سەرشار صەهبای بەزم موناجات
مەلجەی ئیلتیجای ئەرباب حاجات

ئەم ڕێزو خۆشەویستییەی مەولەوی بۆ پێڕەوانی ئەهلی هەق‌و ئایینەکەیان، ڕێزو خۆشەویستییەکی هاوشێوەی لای پێڕەوانی ئایینی (ئەهلی هەق) بەرامبەر مەولەوی دروستکردبوو، بۆیە مەولەوی هێشتا خۆی لە ژیاندابووە، کە پێڕەوانی ئایینی ئەهلی هەق، شیعرەکانی (مەولەوی)یان تێکەڵ موزیک (تەموورە)کەی خۆیان کردووەو لە (جەمخانە)و شوێنی گشتیدا، وەک (ڕازو سکاڵا) کردوویانە بە(سروود)و مەقامی بەنامێی (قەتار=گاتا)و بەپێودانی پێشگری (بابا=باوە)ی خۆیانیش کە بەناوی ڕابەرانیانەوەی دەلکێنن، بە(مەولەوی)یان وتووە: باوە مەولەوی‌و بە(عەنبەر خاتوون)ی هاوسەری (مەولەوی)یشیان وتووە: (دایە عەنبەر خاتوون).

بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، مەولەوی لە شیعرەکانیدا جگە لە ئامێری موزیکیی (تەموورە)ی ئەهلی هەق، ناوی موزیکژەنانی بەناوبانگی سەردەمی دەوڵەتی (ساسانی)، کە تیایدا ئایینی (زەرتوشت)، کراوەتە ئایینی فەرمیی دەوڵەت، وەک (باربەد)و (نەکیسا)و گەلێ ئامێری تری موزیکیی ڕۆژگاری دەوڵەتی ساسانی ناو دەبات، کە ئێستا ئەم ئامێرانە، لای پێڕەوانی ئایینی (ئەهلی هەق) بەکارنابرێن، وەک: چەنگ، چل چەنگ، دەف، تەپڵ، شمشاڵ (نەی)، کە لە هەموو ئامێرەکانی تر، زیاتر ناوی دێنێ‌و هەندێی جاریش داوا دەکات کۆڕێکی موزیکیی، لە تێکڕای ئەم ئامێرگەلە موزیکانەی بۆ پێک بهێنن‌و ڕۆحی خرۆشاوی بلاوێننەوە.. لێرەدا هەرچەند سەرنجم لەباری کۆمەڵایەتی‌و قەڵەمڕەوی پێڕەوانی ئایینی (ئەهلی هەق)و ناوچەی (هەورامان)ی زێدی مەولەوی دەدا، کۆڕی موزیکیی لەو جۆرەم لە ڕۆژگاری مەولەوی‌و تەنانەت لە ئێستاشدا نەدەدی، کە مەولەوی داوای پێکهێنان‌و ژەندنیان دەکات، بۆیە کە واژەی (سەماع)یشم لەتەک ئەم ئامێرانەدا، لە شیعری مەولەویدا بینی، بیرم بۆ لای ڕێبازە تایبەتەکەی مەولەوی ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣ز) چوو.. لێرەوە ئیتر کەوتم بەسەر دۆزینەوەی چەندان کلیلی شاراوەدا، تا قفڵەکانی بەراوردو پردی نێوان هەردوو (مەولەوی تاوەگۆزی)، ناوی خۆی: (سەیید عەبدولڕەحیم)و نازناوی شیعریشی (مەعدووم)ەو هەرگیزو لە هیچ شیعرێکیدا بەخۆی نەوتووە: (مەولەوی)، بەڵکو یاران‌و نزیکان‌و شیعردۆستان‌و شیعرناسانی هاوڕۆژگاری خۆی، پێیان وتووە: (مەولەوی)، کە لەسەرەتای هۆگربوونمدا بە(مەولەوی تاوەگۆزی)، ئەو گێڕانەوەیەی مامۆستای کۆچکردوو (عەلائەدین سەجادی)م لای خۆمەوە پێ قبوڵ نەدەکرا، کە لەکتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا دەڵێ: لە کۆڕو ئاهەنگێکی پڕ شکۆدا، کە لەشاری (سنە)و لەلایەن غوڵام شاخان (١٨٢٢-١٨٦٧ز)ی میری ئەردەڵانەوە بۆی سازکراوەو نازناوی (مەولەوی)یان پێداوە. هۆی قبوڵ نەکردنەکەشم لەگێڕانەوەکەی مامۆستا عەلائەددیندا، بەوەوە گرێدەدا، کە بەڵگەنامەیەکم بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم گێڕطانەوەیە نەدەبینی، بەڵام لەدوای دۆزینەوەی ئەم کلیلانەو هەڵدانەوەی گەلێ بەڵگەنامەی میرنشینی ئەردەڵان، بۆم دەرکەوت کە گێڕانەوەکەی مامۆستا سەجاددی، جێگەی پەسەندی هەیە، چونکە وەک دیارە یاران‌و نزیکانی (مەولەوی تاوەگۆزی)، کە پێشتر ئاشنای شیعرەکانی (مەولەوی ڕۆمی) بوون، بۆیان دەرکەوتووە کە (مەولەوی تاوەگۆزی)، شوێن هەڵگری ڕێبازی (مەولەوی ڕۆمی)یەو هەر ئەو سەردەمەش، کە هێشتا (مەولەوی تاوەگۆزی)، خۆی لەژیاندا بووە، پێیان وتووە: (مەولەوی)و لەم بوارەشدا گەلێ بەڵگەی زیندوو لەبەردەستدان‌و لەبەرچاوترینیان هەردوو شیعری شاعیران: (مەحوی)و (مەلا حامیدی کاتب)ن، بۆ بۆنەی مەرگی (مەولەوی تاوەگۆزی)و جگە لەشیعریش، نامەی (حیسامەددین میرزا)ی مامی ناسرەدین شای ئێران (١٨٤٨-١٨٩٦ز)ە، بۆ مەولەوی تاوەگۆزی‌و زۆر بەڵگەی تریش.

بەڵام (مەولەوی ڕۆمی)، ناوی تەواوی خۆی بریتییە لە: (محەمەد کوڕی محەمەدی کوڕی حسینی خەتیبی بەکری)و هەتا خۆی لەژیاندا بووە، نازناوی (جەلالەددین)، یان (خوداوەندگار) بووەو نازناوی (مەولەوی)، لە دوای مردنی‌و لەسەدەکانی دواترو ڕەنگیشە لەسەدەی نۆیەمی کۆچیدا پێی وترابێ: (مەولەوی)و ئیتر لەوە بەدواوە، بەنازناوەکانی: جەلالەددین محەمەدو مەولەوی بەڵخی، کە هەتا خۆی لە ژیاندا بووە، شانازیی بەوەوە کردووە کە خەڵکی (بەڵخ)و هەرێمی (خۆراسان)ە، بەڵام خۆی لە هەندێ شیعریدا، نازناوی خۆی بە: (خامۆش، خەمۆش، خامش) ناوناوەو یەکێکە لە شاعیرو سۆفییە هەرە مەزنەکانی جیهان‌و پڕ بەرهەمترین شاعیری ڕۆژگاری خۆی. ڕێبازەکەیشی بریتی بووە لە گوێگرتن لە کۆڕی موزیک‌و بەدەم ئەم گوێگرتنەشەوە لە ئامێرگەلی موزیک، دەست‌و جەستە ڕاوەشاندن‌و سەماکردن بووە، کە دواتر ئەم کارە (سەماع)ی ناونراو ئەم کارەش سەرەتا لەلایەن: شەمسی تەورێزی (؟-١٢٤٧ز)یەوە بە(مەولەوی ڕۆمی) فێرکرا، کە لەپێش یەکترناسینی ئەم دوو مرۆڤە گەورەیەدا مەولەوی ڕۆمی، وەک مامۆستایەکی پایەبڵندو ناسراوی ئایینی، دەرسی بەقوتابیانی ئایینی دەوت، بەڵام لەدوای ئاشنابوونی لەگەڵ شەمسی تەورێزی، ئیتر دەستی لە مامۆستایەتی‌و مینبەری مزگەوت‌و قوتابیانی هەڵگرت‌و سەروماڕ خۆی بۆ ئەم ڕێبازە تەرخانکرد. ئەم ڕێبازەش سەرئێشەو دەردەسەریی زۆری بۆ دروستکرد، چونکە قوتابیام‌و نزیکان‌و دڵسۆزانی مەولەوی ڕۆمی، بۆ ئەوەی لەم ڕێبازەو لە شەمسی تەورێزی دووربخەنەوە، کەوتنە تانەوتەشەرو توانج لە(شەمس)و تەنگ پێهەڵچنین‌و هێرش بردنە سەری‌و ناچارکردنی، تا لە (مەولەوی ڕۆمی) دووربکەوێتەوە. لە ئاکامی هەموو ئەمانەدا، (شەمس) لەناکاوێکدا بێ سەروشوێن بوو، لە ئاکامی ئەم ونبوونەی (شەمس)یشدا، ئارام‌و ئۆقرە لە(مەولەوی ڕۆمی) بڕاو خۆراک‌و خەوی نەماو دڵسۆزان‌و پێڕەوان‌و لایەنگرانی (مەولەوی ڕۆمی)یش، بۆ هێورکردنەوەو دامرکاندنەوەی مامۆستاکەیان، ناچاربوون سۆراخی (شەمس) هەڵبگرن‌و بیدۆزنەوەو پۆزشی بۆ بهێننەوەو بەتکاوپاڕانەوەی زۆر، بۆ شاری (قۆنیە)، واتە بۆ لای (مەولەوی ڕۆمی)یان بردۆتەوە.. بەڵام دیسانەوە قوتابیان‌و لایەنگرانی مەولەوی ڕۆمی، کە هەستیان



دەکرد (شەمس) هەموو کاتەکانی مامۆستاکەیان (مەولەوی ڕۆمی) لێ داگیرکردوون‌و هەر خەریکی هەڤپەیڤینی دووقۆڵیی‌و دوورکەوتنەوەن لە چاوی خەڵکی، دەردی جاری پێشوویان بەسەر (شەمس) هێنایەوەو ئەمجارە ئیتر (شەمس) ناچارکرا بۆ هەمیشەو یەکجارییو بۆ شوێنێکی نادیار، سەرهەڵبگرێ، کە لەئاکامی ئەم دووجار دوورکەوتنەوەو ونبوونەی (شەمس)و بەتایبەتیش لە دووەمین جاردا، (مەولەوی ڕۆمی) زۆر شپرزەو بێ ئارام‌و خرۆشاو شەیداو پرزە لێبڕاو بووەو لەم قۆناغەدا بەجۆرێک دەستی بەشیعر نووسین کردووە، کە وەک کانیاوێکی پڕ لە هەڵقوڵین، لێشاوێکی زۆری شیعری نووسیو زۆرینەی ئەم شیعرانەیشی بۆ یادو بەرز ڕاگرتنی یادو ناوی (شەمس)ی پیرو ڕابەری خۆی نووسیوەو هەر بەناوی (شەمس)یشەوە ناوی ناوە: دیوانی شەمسی تەوریزی.

لەدوای (شەمس)، کەسێکی تر بەناوی (سەلاحەددین زەرکوب)، دەبێتە پیرو ڕابەری (مەولەوی ڕۆمی)و ئەمیش بۆ ماوەیەکی ئۆخژنی ڕۆحیی (مەولەوی ڕۆمی) دەداتو دوای ئەمیش کەسێکی تر، بەناوی (حیسامەددین چەلەبی)، دەبێتە سێیەمین پیرو ڕابەرو هاودەم هاوڕۆحی (مەولەوی ڕۆمی)، کە ئەمیان کوردەو خەڵکی شاری (ورمێ)ی خۆرهەڵاتی کوردستان بووەو بەپێی قسەی (مەولەوی ڕۆمی)، ئیتر ئەم (حیسامەددین چەلەبی)یە، بۆتە باوکی ڕۆحییو مەعنەویی مەولەوی ڕۆمیو شیعرێکی زۆری دووبەیتیی (مەسنەوی)، بەناوی: (مەسنەوی مەعنەوی)، بەیادی (حیسامەددین چەلەبی) نووسیوە، کە بریتییە لە (شەش) بەرگ، یان (شەش) دەفتەرو سەرەتای هەر دەفتەرێکیش یەیادو بەناوی پیرۆزی (حیسامەددین چەلەبی)یەوە دەست پێدەکات، کە سەرەتای یەکەمین دەفتەریان بەشیعری بەناوبانگی (سروودی نەی=شمشاڵ) دەست پێدەکاتو لەم شیعرەدا، زۆر بەکوڵو بەسۆزێکی ئاگراوییەوە، باسی ژیانی جودایی ئەو (شمشاڵ)ە دەکات، کە لەسەرەتادا لەقامیشەڵانیان بڕیو کردیانە شمشاڵو لە هاوڕێیانی ناو قامیشەڵانیان دابڕیو جیاکردەوە، کە مەبەستیش لە ناوەڕۆکی ئەم شیعرە، هەر مەبەست لە خودی شاعیری خۆیەتی، کە هێشتا منداڵ بووە، کە لەبەر سەرەتای هێرشی سەلجوقیدا، ناچارکراوە خۆیو بنەماڵەکەی، لە زێدی ڕەسەنی خۆیان هەڵبکەندرێنو ڕوو لەئاوارەییو دوور لە نیشتمانی خۆیان بژین.. ئەم شیعری (سروودی شمشاڵ)ە، ئەوەندە بەکوڵو هونەرییو بەنامێیە، لەسەرەتای بڵاوبوونەوەیەوە تا ئێستا، جگە لەوەی لەلایەن لێکۆڵەرو ڕەخنەگرانەوە، دەیانو دەیان وتارو کتێبی هەمەجۆریان لەبارەوە نووسراوە، هاوکات لەلایەن شاعیرانیشەوە بۆتە هەوێنو هێمایەکی پیرۆزو نموونەی بەزۆر لەیەکتردابڕانو جیاکردنەوەو بۆتە سەرمەشقو چەندان شاعیری ناسراوی جیهان، بەهەمان شێوە تەقەللای لاساییکردنەوەیان داوە، کە (هێمن موکریانی)ی کوردیش، شیعری بەناوبانگی (ناڵەی جودایی)، لە ژێر زەبرو ڕەنگدانەوەی ئەم (سروودی نەی)یەدا نووسیوە.



ئەم ڕێبازەی ((مەولەوی ڕۆمی)، کە وەک وتمان لەدوای یەکترناسینی لەگەڵ (شەمسی تەوریزی)دا، دەستی پێکردو دوای ونبوونی (شەمس)و دوای (سەلاحەددین زەرکوب)و (حیسامەددین چەلەبی)و هەر بەردەوامەو هەر لە تەنینەوەدایە، کە وەک نموونە دەڵێین: ساڵی (١٦٣٥ز) ئەولیا چەلەبی لەسەر داخوازیی سوڵتان محەممەدی چوارەم، کاتێ ئامارێک لەسەر خانەقاکانی ڕێبازگەکەی (مەولەوی ڕۆمی) ئامادە دەکات، ژمارەیان بە (٥٥٠) پێنجسەدو پەنجا خانەقاو (٦٠٠٠) شەش هەزار حوجرە دادەنێ. ئەم ئامارەش هێشتا لەسەرتاسەری جیهاندا، لە تەنینەوەو پەرەسەندایە.

بەر لەوەش دوایی بەوەڵامی ئەم پرسیارەتان بهێنم، دەڵێم: پردو سەرەداوەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو (مەولەوی)یش (بەلای منەوە)، لەم چەند پێوەندییەدا بەیەک دەگەنەوە، هەروەها هاوکات هەمان ئەم پردو سەرەداوانەش (بەجۆرێک)، هەردوو (مەولەوی)، بەیەک دەگەیەننەوە:

١.(مەولەوی ڕۆمی) لە ژیانی دڵبەستەبوونیدا بەرابەرو بیرانی ژیانی، خاوەنی سێ رابەر: شەمسی تەوریزی، سەلاحەددین زەرکوب، حیسامەددین چەلەبی بووە. (مەولەوی تاوەگۆزی)یش لە ژیانی خۆیدا، دڵبەستەی سێ رابەرو بیربووە:

شێخ عوسمانی سیراجوددین، شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ

عوسمان‌و شێخ عومەری زیائەدینی کوڕی شێخ عوسمان. هەروەک پێڕەوانی ئایینی (ئەهلی هەق)یش، بەتەنیا (یەک) پیرو ڕابەریان نییە، بەڵکو هەریەکێک لەپێڕەوانی (ئەهلی هەق) بۆی هەیە لە ژیانی خۆیداو بۆ ڕێنوێنی ئایینی‌و لە هەمان کاتیشدا بۆ دیتنەوەی ڕەگەزو گەوهەرو ئاکاری رابەرانی پێشینەی ئایینەکەی، پیرو ڕابەری خەون‌و خەیاڵی خۆی، لەکەسێکی سەر بەئایینەکەی خۆی، هەڵبژێرێ‌و بیکاتە پیرو ڕابەری خۆی.

٢.شیعرەکانی ناو (مەسنەوی مەعنەویی) بریتین لە (شەش) دەفتەرو کتێبگەلی ئایینی ئایینی (ئەهلی هەق)یش، بریتین لە (شەش) دەفتەر.

٣.لای پێڕەوانی ئەهلی هەق‌و ئایینی ئیزدی‌و لای (مەولەوی ڕۆمی)یش، بڕوایان بە(تناسخ-دۆنادۆن) هەیە.

٤.واژەی (قەووال)، کە تایبەتە بەو کەسانەی لە بۆنەکانی ئایینی (ئیزەدی=یەزیدی)دا، شیعرو بەیتی ئایینی دەبێژن، هەمان واژە لە خانەقاکانی (مەولەوی ڕۆمی)داو تا ئێستاش تایبەتە بەو کەسانەی کە لە پێش دەستپێکردنی (سەماع)دا، شیعرو غەزەل بۆ ئامادەبووانی کۆڕی (سەماع) دەخوێننەوەو ڕۆح‌و هەستی ئامادەبووانی کۆڕەکە، بۆ (سەماع) ئامادە دەکەن.

٥.ئەگەرچی زێدو ناسنامەی (شەمسی تەورێزی)، هەر ئەوەندەیە کە بە(تەورێز) ناسراوە، بەڵام لە دوایین کۆچ‌و سەرهەڵگرتن‌و تەرەبوون‌و ونبوونیدا، هێشتا لای مێژوونووسان‌و لێکۆڵەران‌و شوێن کەوتووانی ژیانی (شەمس)دا، ون‌و بێ سەروشوێنە!، بەڵام هەرکاتێ سەردانی (لالش)ی مەڵبەندی پێڕەوانی ئایینی (یەزیدی) بکەیت‌و متمانەت پێبکەن‌و بتبەنە ناو گۆڕستانی ڕابەرانی دێرین‌و پیرۆزیان‌و ڕێنوێنیت بکەن، گۆڕێکت نیشاندەن‌و دەڵێن: ئەمە گۆڕی (شەمسی تەورێزی)یە! کە دیارە ئەم ئاماژەکردنەیان بۆ ئەم گۆڕە، هەروا لە خۆڕا نەهاتووەو دیارە ئەم زانیارییایەیان پشتاوپشت‌و سنگاوسنگی نەوە، دوای نەوە، بۆ ماوەتەوە. هاوکات لە جەژنەکانیشیاندا (سەما)یەکی تایبەتیان هەیە، کە بەموزیکەوە سازدەکرێ‌و سروودیشی بەدەمەوە دەخوێنن، پێی دەڵێن: سەمای (شەمس)!و لە دوو سەردانی تایبەت‌و مەیدانیمدا بۆ (لالش)، تێکستی ئەم سروودەم چنگخستووە.

٦.ئاماژەکردنی زۆری (مەولەوی تاوەگۆزی)، بۆ ئامێری (شمشاڵ=نەی)، لە چاو ئامێرگەلی تری موزیکدا، لە شیعرەکانیدا، شوێن پێهەڵگرتنی (سروودی نەی=شمشاڵ)ی (مەولەوی ڕۆمی)یە، کە هەردوو (مەلەوی)یش مەبەستیان لە (شمشاڵ)، بەزۆرو بەناچاریی‌و بەنابەدڵ دابڕان‌و جیاکردنەوەی خودی خۆیانە، لەزێدو هەرێمی خۆیان‌و جێگەگۆڕکێی زۆر لە ژیانی خۆیاندا..

هەموو ئەمانەشم لە دووتۆی ئەو کتێبەمدا بەرچاوی خوێنەرانی دەخەم، کە کتێبێکی گەورەو پڕ بەڵگەیەو چەندین ساڵە پێوەی ماندووم‌و ناوم ناوە: (خوێندنەوەیەکی تازەی مەولەوی تاوەگۆزی)و لەدەمێکیشەوە لە ناو لیستی ئەو کتێبانەمدایە کە بەڵێنی چاپیم بەخوێنەران داوەو بەهیوام لەم هاوینەدا بەچاپی بگەیەنم.

**-ئێوە پێتان وایە زانکۆکان‌و وەزارەتەکانی پەروەردەو ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، بەرنامەیان بۆ خوێندن‌و پاراستن‌و گەشەپێدانی مێژووی (موزیک)ی ئەم ئایینە کۆنانەی کوردو موزیکیی ڕەسەنی کوردی هەیە؟**

-نەخێر. نەک هەر هیچ لایەکیان ئەمجۆرە بەرنامانەیان نییە، بەڵکو هەر ئاگاشیان لەم باسانە نییە، کە ئەمە دەگێڕمەوە بۆ نەبوونی بەرنامەو ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە بەهیچ شێوەیەک هیچ جۆرە بەرنامەیەکی بۆ ئەم سامانە گرنگ‌و هەستیارە نییە. بۆیە هەر وەزیرو بەرپرسێکی هەرێمی کوردستان‌و هەر ئەندامێکی باڵای حزبەکانی کوردستان، بەگوێرەی مەزاجی شەخسیی خۆی، پشتیوانیی لەم بەناو هونەرمەندو لەو بەناو هونەرمەند دەکات، کە ئەم بەناو هونەرمەندانەش، چونکە لاون‌و پاشخانێکی زانیارییان لەموزیکیی ڕەسەنی کوردی نییەو هیچ دام‌و دەسگایەکی تایبەتیش بۆ پەروەردەو فێرکردنیان دانەمەزراندووەو ئەمەش بۆتە شێواندنێکی زۆر پڕ لە مەترسیی، بۆ موزیک‌و گۆرانی کوردی.. لەمەش سەیرتر: لەناو ئەم بەناو هونەرمەندە بێ بەهرانەدا، کەسی وایان تێدایە، بۆ ختووکەدانی هەستی حزبایەتی ئەم حزب‌و ئەو حزب‌و سروود پێداهەڵدانیان، فێڵ لەو حزبانە دەکەن‌و (ئاواز)ی ئەو سروودە سواوانەی کاتی خۆی بۆ (سەددام حسێن)ی دیکتاتۆر سازدەکران، ئێستا شیعری ستایش‌و پێداهەڵدان بۆ ئەم حزبانە دێنن‌و تێکەڵ ئەم (ئاوازە ڕسوایە)یان دەکەن‌و دەیانکەنە (سروودی نیشتمانی کوردی)!، چونکە دەزانن ئەم حزبانە، بەرنامەو زانیارییەکیان لەمەڕ (موزیک) نییە.

**- بەلای ئێوەوە، ڕێگریی‌و چارەسەریی ئەم کارانەو ئەم شێواندنانە، چۆن دەکرێ؟**

-ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان مەبەستی بێت، دەتوانێ زۆر بەئاسانی چارەسەریی ئەم پاشاگەردانییەی موزیک‌و گۆرانی کوردی بکات.. ئەمەش سەرەتا دەبێ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە، لە شێوەی (یاسا)یەکدا دەست پێبکات‌و دواتر بگاتە سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و بەر لەهەموو شتێکیش دەبێ هەرێمی کوردستان، شوورایەکی تایبەت بەموزیک‌و گۆرانی ڕەسەنی کوردی هەبێت‌و هەمان (شوورا)ش لەهونەرمەندانی دڵسۆزو پسپۆڕو خەمخۆر پێک بێت‌و دەسەڵاتی بنچینەیی لەداڕشتنی (یاسا)ی ناوبراودا هەبێ، کە لەدەمێکەوە لەهەموو وڵاتاندا، لەشێوەی دام‌و دەسگای فەرمیی‌و دەسەڵاتداردا دامەزراوە، نەک وەک لای ئێمە، کەسێکی نەشارەزا دێنن‌و دەیکەنە (ڕاوێژکار)ی ئەم کارە گرنگەو لە جیاتی خەمخۆریی بۆ موزیکیی کوردی، دەکەوێتە ئەنفالکردنی موزیک‌و گۆرانی کوردی، بەوەی دەچێ (C.D)ی ئامادەکراوی عەرەبی‌و تورکی، لە بازاڕەکانی دەرەوەی کوردستاندا دەکڕێ‌و بەناوی ئاوازو گۆرانی هاوچەرخەوە، وەک ژەهر دەرخواردی لاوانی کوردی دەدات‌و ئەوانیش بەوە پەروەردە دەبن.

**بەرهەمی چاپکراوی نووسەر:**

١.ژووان، شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٨٠.
٢.گەشتی ڕیچ بۆ سلێمانی، وەرگێران، چاپی یەکەم، بەرگەڵوو، ١٩٨٤.
٣.کێشەی کورد، وەرگێران، چاپی یەکەم، یاخ سەمەر، ١٩٨٦.
چاپی دووهەم، ئێران، تەوریز، ١٩٩٠.
چاپی سێهەم، هەولێر، ١٩٩٢.
٤.گوڵەکانی دۆزەخ، شیعر، چاپی یەکەم، ئێران، تەوریز، ١٩٩٠.
چاپی دووهەم، هەولێر، ١٩٩٢.
٥.گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان، وەرگێران، چاپی یەکەم، ئێران، تەوریز ١٩٩٢.
چاپی دووهەم، ئێران، تەورییز، ١٩٩٥.
چاپی سێهەم، هەولێر، ٢٠٠٢.
٦.ئەفسانەی ئەدۆنیس، وەرگێران، چاپی یەکەم، ئێران، تەوریز، ١٩٩٤.
٧.گۆرانی کوردی، وەرگێران، چاپی یەکەم، ئێران، تەوریز، ١٩٩٤.
٨.مێژووی مۆسیقای کوردی، وەرگێران، چاپی یەکەم، ئێران، شەهرکرد، ١٩٩٤.
چاپی دووهەم، هەولێر، ٢٠٠٢، دەزگای ئاراس.
چاپی سێهەم، هەولێر، ٢٠٠٨، دەزگای مۆزیکو کەلەپووری کورد.
٩.سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨.
چاپی دووهەم، هەولێر، ٢٠٠٢.
١٠.ڕاوە گزنگ، وتارو ڕەخنەی ئەدەبیی، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨.
١١.بیرەوەرییەکانی وەفایی (تحفه المردین) وەرگێران، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩.
١٢.کەروێشکی زیرەکو گورگی دانا، چیرۆکی منداڵان، وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٣.شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپەمەنیی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠.
١٤.میرنشینیی ئەردەڵان، بابان، سۆران، لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠.
١٥.ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.
١٦.کەروێشکو تانجی، چیرۆکە شیعر بۆ منداڵان، چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠٠٥.
١٧.دیوانی ئەدەب (عەبدوڵڵا بەگی میسباح)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٨.افتتاح ناڵری، (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا)، نووسینی عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، وەرگێران، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
١٩. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، نووسینی، عەلی خان گۆنەخان ئەفشار، وەرگێران، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٠. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمریکاییو ئینگلیزیدا، نووسینی، وەدیع جوەیدە، وەرگێران، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢١. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، نامەی دەرباری و سەربازییانە، نووسینی، حەسەن عەلیخان، وەرگێران، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٢. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، وەرگێران، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٣. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمەنیدا، نووسینی: ئەسکەندەر غۆریانس، وەرگێران، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

بەرهەمی ئامادەی چاپ:
١.خوێندنەوەیەکی تازەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی.
٢.دیوانی شیعری مەولانا خالیدی نەقشبەندی (وەرگێران لە فارسییەوە).
٣.خوێندنەوەیەکی تازەی مەولەوی تاوەگۆزی.
٤.بیرەوەرییەکانی دکتۆر سەیید شەمزینی (ئامادەکردن).
٥.مێژووی ئایینی یەزیدی.
٦.سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک) لە بەڵگەنامەو سەرچاوەگەلی ئێرانیدا.
٧.شیعرو نامەو بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی میسباح دیوان (ئەدەب)ی شاعیر.
٨.کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبیی.
٩.کۆمەڵە وتارێکی تایبەت بەموزیکو گۆرانی کوردی.

زوهدی داودی

# زمانی رۆمانەکانم عەرەبین، بەڵام کەشوهەواو و پاڵەوانەکانی کوردین

دیمانە: سەڵاح حەسەن پاڵەوان






لە عێراق چەندان نووسەر هەن کە بەهۆی ژیان و دابڕانیان لە زمان و کولتووری کوردی کەوتوونەتە نێو کولتوورێکی ترەوە و توانای ئەوەیان نییە بەزمانی دایکیان دەربڕی ژان و هەست و تێگەیشتنەکانیان بن، زوهدی داودی کە لەدایکبووی ناوچەی خورماتووی سەر بەشاری کەرکووکە، هەوڵدانی نووسینی بەزمانی کوردی هەبووە، بۆ یەکەمین جار لە نووسینی شیعردا زمانی کوردیی بەکار هێناوە و ئەو شیعرەش هی سەردەمی هەرزەکاریی بوو، هەروەک خۆی لە دیمانەکەماندا ئاشکرای کرد.
زوهدی داودی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکەمین گرووپی کۆمەڵەی کەرکووک کە لەگەڵ کۆمەڵێ نووسەری ناسراوی وەک جەلیل قەیسی و فازل عەزاوی و موئەیەد راوی و کەسانی تر لە نووسەرانی ناسراوی ئەو شارە دایانمەزراند، زوهدی داودی هەرچەندە بەزمانی عەرەبی دەربڕی حەزە ئەدەبییەکانی بووە، بەڵام ئەمە وای لێ نەکردووە لە پرسە سەرەکی و ژانەکانی میللەتەکەی دابڕێت، دەیەها چیرۆک و بەسەرهاتی خۆی و میللەتەکەی کردووە بەهەوێنی ڕۆمانەکانی، یەکەمین جاریش کە چیرۆکی نووسیووە باسی لەو ئازارانە کردووە و لە ڕۆمانەکانیدا باسی ئەنفال و داگیرکردن و هەڵهاتن و بەعسیبوون و لەناوبردنی مرۆڤی کوردی کردووە.
زوهدی داودی ساڵی ١٩٧٦بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەی مێژوو لە زانکۆی لایبزگ لە ئەڵمانیا بەدەست هێناوە و ساڵی ٢٠٠٥ بووە بەمامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆدا، نووسەر ساڵی ١٩٤٠ لە خورماتوو لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٦٧ ەوە ڕووی لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە، هەر لەوێش خوێندویەتی و زۆر لە ڕۆمانەکانی لەوێ بڵاو کردووەتەوە.
لەگەڵ هاتنی شۆڕشی ١٤ تەمووز ئاشنایی لەگەڵ کۆمەڵێ نووسەر و ڕۆشنبیر پەیدا کرد لەوانە عوسمان مستەفا خۆشناو و سەرگۆن پۆڵس و فەلەکەدین کاکەیی و ساڵی ١٩٥٩ بووە بەئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراق و چەند جارێک گیراوە و لەزیندان دا ئاشنایی پەیدا کردووە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی وەک موزەفەر نەواب و یووسف سائیغ و فازیل سامیر و هاشم ساحیب و چەند ناوێکی تری ناسراوی نێو ئەدەبی عێراقی.
نووسەر خاوەنی ئەم کتێبانەیە: سێ کۆمەڵە چیرۆک و زیاتر لە ٥ ڕۆمان لەوانە (ماڵئاوا ئەی نەینەوا) و (پیاوێک لە هەموو جێگەیەک) و(درێژترین ساڵ) و (سەردەمی هەڵهاتن ) و (بەهەشتی گوندی تارماییەکان).
لەم دیمانەیەدا باس لە پێوەندیەکانی خۆی دەکات بەدنیای نووسین و نووسەران و بڵاوکراوە کوردییەکان، ، هەروەها هەوڵی بەجیهانیبوونی خۆیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لەبارەی شێوەکانی داهێنان و ئەو نوێکارییانەی لە سەرەتادا خۆی و گرووپەکەی لە کەرکووکدا سەرقاڵی گۆڕینی بوون، باس لەو شێوە واقیعە تایبەتییە دەکات کە ئەو و هاوەڵەکانی لە کۆمەڵەی کەرکووک هێنایانە نێو ئەدەبی کوردی، زوهدی بەکارهێنانی واقیعی سیحری لە نێو چیرۆکەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی واقیعی سیحریی نووسەرانی ئەمەریکای لاتینی.

× "ماڵئاوا ئەی نەینەوا" یەکێکە لەو ڕۆمانای کە پاش کۆمەڵە چیرۆکەکانی "ڕەشەبا"و"ئەو زەنجەفیلانەی کە نامرن"و"ئەفسانەی مەملەکەتی کابرا گەورەکە" نووسیوتە، ئایا ئەم ڕۆمانە باسکردنی ژیانی خۆتە، یان گێڕانەوەی چەوساندنەوە و بچووککردنەوەی مرۆڤە؟

– ئەم ڕۆمانەم ساڵی ٢٠٠١ بەئەڵمانی دەرچوو بەعەرەبی نووسیوومە پاشان خۆم وەرمگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی، دەزگەیەک هەیە ناوی دەزگەی ئەدەبی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینیە داوایان لە هاوسەرەکەم کردووە، ئەگەر من پێم قبووڵ بێت ئەوە ئەوان ئەو ڕۆمانە لە ئەنتۆلۆگیایەک بڵاو بکەنەوە، ئەویش گوتوویەتی ئەو ڕێگر نییە و بەوە ڕازییە، ڕووداوی نێو ئەو ڕۆمانە لەبارەی ژیانمە لە زانکۆی مووسڵ ئەو کاتەی کە خەڵکیان بەزۆر دەکرد بەبەعسی ئەو کاتە من لە دەست ئەو بارودۆخە هەڵهاتم، ڕووداوەکان باس لە ژانی هەر کەسێک دەکات کە بەردەوام مۆتەکەی بەعسیبوونی بەدواوەیە، بەو شێوەیی کە دەکرێ بەهۆی پێوەندیی نەکردنی بەحزبی بەعسەوە هەموو ژیانی بدۆڕێنێ، هەندێ جار خۆی و ماڵباتەکەی.

× کۆمەڵەی کەرکووک یەکێک بوو لەو کۆمەڵانەی کە کاریگەریی گەورەیان هەبوو بەسەر ڕۆشنبیری عێراقییەوە، نەک تەنیا عێراق بگرە کاریگەرییان بەسەر ئەدەبی عەرەبیشەوە هەبوو، ئایا پێوەندیی تۆ و کۆمەڵەی کەرکووک چۆن بوو؟

– من یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی کەرکووک بووم، قۆناغی یەکەمی کۆمەڵەی کەرکووک لە ساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٥٨ واتە تا شۆڕشی ١٤ تەمووز بوو، ئەوانەی کە بەشداری ئەم قۆناغەی کۆمەڵەیە بوون، بریتی بوون لە ئەنوەر غەسانی، موئەیەد راوی، فازیل عەزاوی، جەلیل قەیسی، یووسف حەیدەری، محێدین زەنگنە، بەڵام جان دەمۆ درەنگ هات پاش شۆڕشی ١٤ تەمووز، ئەو کاتە تەمەنی ئەوانەی بەشداریی پێکهاتنی ئەم کۆمەڵەیە بوون، دابەش دەبوون بەسەر لەدایکبووانی ١٩٣٧ و ١٩٤٠ واتە تەمەنمان لە نێوان ١٥و١٧ ساڵیدا بوو.

× دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە بەپێی بەرنامەیەکی خۆبۆئامادەکراو بوو، یان ئەم شتە بەهیچ شێوەیەک لە کایەدا نەبوو، هەروا بەرێکەوت دروست کرا؟

– بۆ باسکردنی چۆنیەتیی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە حەز دەکەم ڕووداوێک بگێڕمەوە لەبارەی ئەوەی کە لەخۆیەوە دروست بوو، یان بەپێی بەرنامەیەک، قەحتان هورمزی کە یەکێک بوو لە

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی کەرکووک، باوکی لە خورماتوو کاری دەکرد، هەموو رۆژێکی هەینی کە سەردانی کەرکووکم دەکرد لەوێ لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ – ١٩٥٥ پێوەندیی ناسیاریم لەگەڵ قەحتاندا پەیدا کرد، پاشان پێوەندییەکان بەرفراوان بوو تا ئەم کەسانەی لەژێر باڵی خۆیدا کۆ کردەوە یووسف حەیدەری و ئەنوەر مەحموود سامی و ئەنوەر غەسانی، پاش چواردەی تەمووز لاوانی تازە هاتنە نێو ئەو کۆمەڵەیەوە وەک سەرگۆن پۆڵس، جان دەمۆ، عەلی سەعیدی، شێوەی کارکردنمان بریتی بوو لە کۆبوونەوەی ئەدەبی و سیمیناری رۆشنبیری، بەڵام پاش ئەوەی بارودۆخی رامیاری گۆڕانی بەسەردا هات و مەترسی باڵی بەسەر ناوچەکە و شارەکەدا کێشا، ئیتر ئێمەش وازمان لە کۆبوونەوە و موحازەرە نووسین هێنا.

× سەرەتای دەسپێکردنت بەچیرۆک بوو، یان یەکەمین جار بەڕۆمان دەستت پێ کرد، ئایا کرداری نووسینی ڕۆمان بۆ تۆ ئەو مەودا فراوانەیە کە بوارت دەداتێ زیاتر دەربڕی بەسەرهاتەکانی ژیانت بێ؟

– سەرەتای دەستپێکردنم بە چیرۆک بوو، یەکەم چیرۆک کە بڵاوم کردەوە ناوی (دەرگای چوارەم) بوو کە دواتر لە کۆمەڵە چیرۆکی (رەشەبا) بڵاوم کردەوە، پێشتر ئەو چیرۆکەم لە کۆواری (ئەدیبی لبنانی) ساڵی ١٩٥٨ بڵاو کردەوە ئەو کاتە تەمەنم ١٨ ساڵ بوو، بێگومان من بەشیعر دەستم بەنووسین کرد، پاشان چیرۆک جێگەی بەشیعر لەق کرد و دواجار ڕۆمان بوو بەرووبەرێکی بەرفراوان بۆ دەربرینەکانم، لە ڕۆماندا ئەو مەودایەم دۆزیەوە تا بتوانم بەئازادی باسی ئازارەکان و بەسەرهاتەکانم بکەم.

× ئەو نووسەرە کوردانەی کە پێوەندییت پێوەیان هەبوو، کێ بوون، ئایا ئەو پێوەندییە بنەماکەی بنەمایەکی رۆشنبیری بوو، یان بنەمای سیاسی؟

– لە ناو شاری کەرکووک لە ئەدیبە کوردەکان ئەوانەی کە من پێوەندییم پێیانەوە هەبوو، مارف خەزنەدار، بوو ئەو مامۆستا بوو من قوتابی بووم، ئەو سەر بەنەوەی ئێمە نەبوو، بەڵام پێوەندیم لەگەڵدا هەبوو، محەمەد ئەحمەد رۆستەم ئەو بەعەرەبی دەینووسی، بەڵام کورد بوو، عەبدولسەمەد خانەقا کورد بوو، بەڵام ئەویش بەعەرەبی دەینووسی، حوسێن بەرزنجی و مارف بەرزنجی و محەمەدی مەلا کەریمیش لەگەڵمان بوو، دەربارەی سەدرەدین عارف ئەو شێوەکار بوو، بەڵام چیرۆکیشی دەنووسی، بەڵام پێوەندییەکی دوورمان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو.

× وەک تێبینی دەکرێت لە مێژووی رۆشنبیریی شاری کەرکووکدا ئەو کاتە شەپۆلی رۆشنبیری پێشکەوتووتر بوو لەچاو شارەکانی تر، ئایا ئەمە هۆکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– شەپۆلی رۆشنبیری لە کەرکووک ئەو کاتە لە ئێستە باشتر بوو، واتە شەپۆلەکە وەک ئێستە نەبوو، ئەو کاتە لە کەرکووک ٣ کتێبخانە هەبوو، کتێبخانەی موسەنا خاوەنەکەی ئۆجین شەمعوون بوو لە ١٩٥٩ راستڕەوەکان کوشتیان، ئۆجین شەمعون هەموو کتێبەکانی



میسر و سووریا و وڵاتە عەرەبییەکانی بۆ کەرکووک دەهێنا، پاش ئەو کتێبخانەیە کتێبخانەی عەباس حەبیب هەبوو، بەڵام ئەوەی سێیەم ناویم بیر نەماوە، کتێبخانەیەکی تر هەبوو بەناوی (بێکەس )، کتێبخانەی عەسریش هەبوو خاوەنەکەی ( مەحموود حیلمی ) بوو، بێگومان بوونی ئەو کتێبخانانە لە شارێکی وەک کەرکووک بەڵگەی پێشکەوتنی رۆشنبیریی ئەو شارە بوو، پاشان پێوەندیی بەدەرەوەی سنووری عێراق لە رێگەی ئەو کتێبانەوە دەبوو کە دەهاتنە نێو ئەو کتێبخانانە.

× دوا ڕۆمانت بریتییە لە ڕۆمانی (بیرەوەریی شارێکی لەناوچوو) ئەم ناونیشانە ئاماژەیەکی رەشبینانەیە و دەربڕی ڕووداوێکی گەورەیە، ئایا دەتوانی پێمان بڵێی ئەو ڕۆمانە باسی چی دەکات و بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟

– لە راستیدا نامەوێ باسی وردەکاریی نێو ڕۆمانەکە بکەم. ئەمەیان بۆ خوێنەر بەجێ دێڵم تا ئەو کاتەی دەیخوێننەوە، بەڵام ڕووداوی نێو ڕۆمانە کە باسی گەندەڵی دەکات گەندەڵییەکی تەواو هی سەردەمێکی دیاریکراو، شوێنی ڕووداوی ڕۆمانەکە شاری بەغدایە و سەردەمی ڕووداوەکە ساڵی ١٩٣٠ یە، بەڵام پێوەندیی بەسەردەمی ئێستەوە هەیە، یەکێک لە پاڵەوانانی ڕۆمانەکە سۆزانییەکە، سیاسی و بەڕێوەبەرە گشتی و وەزیرەکانی دەوڵەت هەر هەموویان دەسییان لەگەڵ ئەو سۆزانییە و دەستیان لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵە، ئەو ڕۆمانە بەشێوەیەکی واقیعیی سیحری باس لە گەندەڵی دەکات من شێوازی واقیعی سیحریم بۆ نووسینەوەی ئەو ڕۆمانە بەکار هێناوە، ئەم شێوازەش دەربڕینەکە بۆ بەستنەوەی زەمەنە دوورەکان لەگەڵ یەکتری.

× ئایا شێوازی واقیعی سیحری لای تۆ وەک ڕۆماننووسێک سەرچاوەکەی لە ڕۆمانی ئەمەریکای لاتینەوە وەرنەگیراوە، بەتایبەت لای گابریال گارسیا مارکیز نووسەری ڕۆمانی ( سەد ساڵ گردەنشینی ) و نووسەرانی تری ئەمەریکای لاتینی؟

– زۆر کەس پێیان وایە کە من لەژێر کاریگەریی مارکیز دەنووسم و واقیعەتی سیحریی من لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام من لە ساڵی ١٩٧٠ کاتێ دەستم بەنووسینی ڕۆمانی (درێژترین ساڵ) کرد، ئەوکاتە هێشتا ناوی گابریال گارسیا مارکیز لە بواردا نەبوو، هیچ

نووسینێکی ئەویشم نەخوێندبووەوە، کە تەمەنم ١٥ ساڵان بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە شتێکی تازە بنووسم، شتێک تازە لە رووی شێوازەوە بهێنینە نێو رۆمانەوە واتە واقیعیەتێکی نوێ، ئەو کاتە واقیعی سۆسیالیستی هەبوو کە واقیعێکی دەسەڵاتدار بوو، بەڵام ئێمە وەک کۆمەڵەی کەرکووک شێوە واقعیەتێکمان هێنا، پێوەندیی بەو واقیعەوە نەبوو، بۆ نموونە هەوڵی بەکارهێنانی ئەفسانەمان دەدا هەوڵمان دەدا ئەفسانە بەواقیعەوە ببەستینەوە ئەم شێوازەش پێشتر لە رۆمانی عێراقدا پێڕەو نەکرابوو.

× لە هەندێ لە رۆمانەکانت بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کورد وێنا دەکەیت بەهەموو شێوەکانیەوە، شێوە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە، تۆ لەگەڵ گۆڕانکاریی رووداوەکانی کۆمەڵگەکەت، هەوڵی گۆڕانکاری لە بونیادی رۆمانەکانت نادەیت؟

– ئاشکرایە کە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەخاوی روو دەدات، بەتایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە سەرەتایین، لە هەندێ لە رۆمانەکانمدا پێشبینیی رووداوی هەندێ شتم کردووە، ئەو پێشبینییە دەرئەنجامی روانینمە بۆ گۆڕانکارییەکان ئەمەش لە رۆمانی "گۆڕانکارییەکان" بەدی دەکرێ، ئەو گۆڕانکارییەشی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە لەیەک لایەنەیە، لەبەر ئەوەی هەندێ لایەنی تر هەیە پشتگوێ خراوە و ئەوەندە گرینگیی پێ نەدراوە، ئەمەش بۆ خۆی کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر داهاتوو.

× بزووتنەوەی رۆمانی کوردی لە ئاستێکی وەهادا نییە کە لەگەڵ رۆمانەکانم کوردن و شوێنی ژیان و دەوروپشتم کورد بوون، بۆیە من وەک کەسێک خۆم بەکورد دەزانم تا گەلێکی تر، بۆ نموونە کەسایەتییەکانی (سەردەمی هەڵهاتن) کوردن ، ( گوندی تارماییەکان) لە بارەی ئەنفالەوەیە، سەرەڕای ئەوەی کە رۆمانەکانم بەعەرەبی نووسراون باسی واقیعی کوردی دەکەن.

× هەوڵدانت نەبووە بۆ نووسینی چیرۆک، یان رۆمان بەکوردی؟

– کاتێ کە تۆ رۆمانێ بەعەرەبی دەنووسی بەلایەنی کەمەوە ١٠٠ ملیۆن عەرەب دەیانخوێنێتەوە و ١٠٠ ملیۆنیش نایخوێنێتەوە، ئەی ئەگەر بەکوردی بینووسی چۆن دەبێت، هەوڵدانی نووسین بەزمانی کوردی تەنیا لە بواری شیعردا هەمبووە و شیعرم بەکوردی نووسیوە، کاتی خۆی لە ئێزگەی رادیۆی کوردستان چەند شیعرێکم نووسی، بڵاویشم کردەوە، بەڵام ئەو شیعرانەی کە لەو سەردەمە نووسیمن شیعری سەردەمی لاوی بوون.

× ئەو رۆمانانەی کە لە ئەوروپا بەزمانە جیاجیاکان بڵاوت کردوونەتەوە، هیچ کاریگەریی هەبووە لەسەر خوێنەری ئەوروپایی ئایا لە رۆژنامەی ئەوروپاییدا هیچیان لەسەر نووسراوە؟

– بەڵێ، ٤ کتێبم بەئەڵمانی نووسیوە، یەکێکیان بەناونیشانی (کوردەکان)، لە ساڵی ١٩٨٧ کاریگەریی بەسەر خوێنەری ئەوروپاییەوە هەبوو، رۆمانێکی ترم بەناونیشانی (درێژترین ساڵ) بەئەڵمانی بڵاو کردەوە، هەروەها (هەڵهاتووەکان) و (ماڵئاوا ئەی نەینەوا)، ئەم کتێبانە لەسەریشیان نووسراو و ناوناوبانگیان لە دەرەوەی سنووری عێراقدا هەیە.













رۆمانی دینادا بەراورد بکرێت، بەڵام هەندێ کاری رۆماننووسی کراوە، حەز دەکەم بزانم ئایا زانیاریت لەسەر رۆمانی کوردی هەیە؟ دەشمەوێ بزانم ئایا تۆ لەسەر رۆمانی چ نەتەوەیەک حیسابی ؟

– لە راستیدا ئەوەندە زانیاریم لەسەر رۆمانی کوردی نییە، بەڵام من خۆم حیساب دەکەم لەسەر رۆمانی مرۆڤایەتی بێگومان لایەنی نەتەوەیی لە کارەکانمدا هەیە ئەگەر تۆ تەماشای رۆمانی ( درێژترین ساڵ) بکەیت، دەبینی کەسایەتی و کەشوهەوای کوردی لە رۆمانەکانمدا بەفراوانی ئامادەیە، لەبەر ئەوەی کوردم و تۆ لە رۆمانەکاندا بۆنی کەسایەتیی کورد دەکەی ، ئەگەر من لە باشوور بژیامایە ئەوە لەسەر هۆرەکانم دەنووسی، هەموو کەسایەتیی

× کتێبە چاپکراوەکانت بەزمانی ئەڵمانی چۆن وەرگێڕدراون، خۆت ئەو کارەت کرد، یان ئەڵمانییەکان وەریانگێڕاوە؟

– کتێبەکان هەموویان خۆم وەرمگێڕاوە تەنیا (تۆنوود – هەڵهاتووەکان) نەبێ کە لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە کراوەتە ئەڵمانی، کتێبەکان لە بازاری ئەڵمانیدا باش فرۆشران، ئێستەش لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە و دانراوە بۆ فرۆشتن، ئەوەی کە لە هەموویان زیاتر سەرف بوو رۆمانی (هاربوون ) بوو کە ٣٠ چیرۆکی کوردییە نێزیکەی ٣ هەزاری لێ چاپ کرا ئەو کتێبە ئەڵمانییەکان لەسەریان نووسیوە"چیرۆکی کوردی".



گەروس عەبدولمەلکیان :

# ئەدەبیاتی ئێرانی زنجیرە چیای هیمالایەیە

دانا فایەق

لە وڵاتێکی وەکو ئێراندا، کە بەردەوام مەملەکەتی شیعرو شوێنی لەدایکبوونی شاعیری مەزن و داهێنەربووە، بوون بە ناو و دەرکەوتن لە ناو ئەو هەموو شاعیرە داهێنەرەدا، کارێکی ئاسان نییە.. بە رای زۆرێک لە شاعیرانی ناوداری ئێستای ئێرانی، گەروس عەبدولمەلکیان یەکێکە لەو دەنگە نوێیانەی کە توانیویەتی ببێتە خاوەن دەنگی تایبەت و جۆرێکی جیاواز لە شاعیرانی پێش خۆی شیعر بنووسێ و بە بۆچوونی هەندێکیان گەروس لە داهاتوودا دەبێتە یەکێک لە ناوە هەرە دیارەکانی شیعری ئێرانی.

گەروس عەبدولمەلکیان لەدایکبووی ١٩٨٠/١٠/١٢ی تارانەو لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە بەرهەمی لە گۆڤاری منالآن و مێردمنالآندا بلآوکردووەتەوە. ساڵی ٢٠٠٢ یەکەمین کۆمەڵە شیعری بە ناونیشانی (نیوەی شاراوە)وە بلآوکردووەتەوەو ئەم کۆمەڵە شیعرەی خەلآتی (کتێبی ساڵی شیعری ئەمڕۆی ئێران- کارنامە)ی پێ بەخشراوە. ساڵی ٢٠٠٣ دووەمین کۆمەڵە شیعری بە ناونیشانی (رەنگە کاڵبووەوەکانی دونیا)وە بلآوکردووەتەوەو ئەم کتێبەی تا ئێستا شەش جار چاپکراوەتەوە. ساڵی ٢٠٠٨ سێهەمین دیوانە شیعری بە ناونیشانی (دێڕەکان لە تاریکیدا جێگۆڕکێ دەکەن) چاپکردووەو ئەم دیوانەشی پێشوازییەکی بەرچاوی لێ کراوە.

شیعرەکانی گەروس وەرگێڕدراون بۆ سەر چەندین زمان، لەوانە کوردی و ئەم شاعیرە تا ئێستا کۆمەڵێ خەلآتی گرنگی پێ بەخشراوە، وەکو:

×خەلآتی سەرتاسەریی شیعری لاوانی ئێران- ٢٠٠١.

×خەلآتی کتێبی ساڵی شیعری ئەمڕۆی ئێران- ٢٠٠٢.

×خەلآتی سەرتاسەریی شیعری لاوانی ئێران- ٢٠٠٢.

×خەلآتی کتێبی ساڵی شیعر لە ئێراندا- ٢٠٠٣.

ئەگەرچی ئێمە زۆر بەپەلە ئەم دیدارەمان لەگەڵ گەروسی شاعیردا ئەنجام دا، بەڵام لە روانگەی وەڵامەکانییەوە تێدەگەین ئەم شاعیرە بەهرەمەندە چەندە بەئاگایە لە دونیای شیعرو شاعیرانی پێش خۆی و مێژووی شیعری ئێرانی و ئەدەبیات بە گشتی...

×شاعیری هاوچەرخی ئێرانی (شەمس لەنگرودی) لە شوێنێکدا دەڵێ: (ئێمە نەوەیەکی خۆشبەختین، چونکە لە پێشمانەوە کۆمەڵێک شاعیری مەزن هەبوون و ئیشی ئێمە ململانێ و سەرکەوتن بوو بەسەر ئەواندا.. سەرکەوتن بەسەر قەزەمەکاندا کارێکی ئاسانە، بەڵام سەرکەوتن بەسەر ئەو شاعیرە مەزنانەدا کارێکی سەختبوو..). لە ئێستادا تۆ وەکو شاعیرێک، پێت وایە بەهەمان شێوە لە نەوە خۆشبەختەکانیت و بە سەختی توانیوتە سەربکەویت یاخود لەبەر دەمتدا سەختییەک نەبووە تا ململانێی بکەیت؟

–ڕەنگە بۆ شاعیرێک ئەوە بێتە پێشەوە کە بە خوێندنەوەیەکی کەمەوە کۆمەڵە شیعرێک چاپ بکات و وابزانێ کۆمەڵە شیعرێکی زۆر درەشاوەی نووسیوە، بەڵام دواترو کاتێک ئەو کۆمەڵە شیعرە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران ڕووبەڕووی پێشوازییەکی باش نابێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە شارەزایی باشی نەبووەو دەسەڵاتێکی باشی نەشکاوە بەسەر ئەدەبیاتی پێشووداو وادەزانێ ئەو شتانەی گوتوونی کۆمەڵە شتێکی زۆر گەورەو تازەن و تا ئێستا نەگوتراون!، بەڵام کاتێک تێدەگات کە لەپێش ئەوەوە کۆمەڵێک شاعیری گەورەو داهێنەر شیعری زۆر مەزنیان نووسیوە، ئەوسا دەزانێت کۆمەڵە شیعرەکەی ئەو شتێکی مەزن و سەرکەوتوو نەبوون و زۆر ئاساییin. پێچەوانەکەشی دەبینین، شاعیرانێکمان هەن کە تواناو ڕۆشنبیرییەکی مەزنیان هەیە، بەڵام یەکەمین کۆمەڵە شیعریان لە تەمەنێکی زۆر درەنگدا چاپ دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو کەسانە ئاگادارێکی باشن و شارەزاییەکی فراوانیان لە ئەدەبیاتی پێش خۆیان هەیەو تێدەگەن زۆربەی ئەو شتانەی ئەوان دەیانەوێت بیڵێن، پێشتر گوتراوە. من ئەم پێشەکییەم تەنها بۆ ئەوە وت کە بگەم بە وەڵامی پرسیارەکەی تۆ. سروشتییە کاتێک ئێمە بەرزاییەکی گەورەمان لە ئەدەبیاتدا هەبێ و بیشیان ناسین، وەختێک کە دەنووسین دەبێ شتێکی نوێمان هەبێ بۆ وتن، لەبەر ئەوە لانی کەم پێویستە لە ئاستی ئەو بڵندانەدابین و شتێک بخوڵقێنین. ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٠٠ بەملاوە سیماگەلێکی کەممان هەبێ کە بەرجەستەو دیاربن، بەڵام من زۆر دڵم بەو سیما کەمەی دوای دووهەزار خۆشەو پێم وایە ئەوانە توانایەکی باشیان هەیە بەسەر داهێنەرانی نەوەی ڕابووردووداو بە دڵنیاییەوە دەتوانن کۆمەڵێک شاعیری زۆر باشبن لە ئایندەدا. بەڵام لە هونەردا جۆرێکی ترە، ئێمە لە هونەردا بەرامبەر کۆمەڵە گردێکی بچوکین و ململانێ و کێبەرکێی ئەو بوارە لەگەڵ کۆمەڵێ گردی بچکۆلانەیە. خۆشبەختانە ئەدەبیاتی ئێرانی زنجیرە چیای هیمالایەیە.

×باست لە نەوەی دوای دووهەزار کردو ئاماژەت بەوە دا کە ئەوان کۆمەڵە سیمایەکی جیاوازن لە نەوەی پێش خۆیان و توانیویانە جۆرێکی تر شیعر بنووسن. ئەو جیاوازییانە کامانەن کە ئەم نەوەیە جیادەکاتەوە لە نەوەی پێش خۆیان و



چاپی سێیەم

گەروس عەبدولمەلکیان

# ڕەنگە کاڵبووەوەکانی دونیا

وەرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی

دەکرێ بزانین لە چ لایەنێکەوە پێشڕەوییان کردووە؟
–نەوەی کۆتایی هەفتاکانی ئێمە سەرگەرمی کۆمەڵێک ڕووداوی کۆمەڵایەتی بوون، وا تێدەگەم لەو کاتەدا کوردستانیش هەر بەو جۆرە بووە، واتا لە دۆخی ئینقیلابدا بووین و دواتریش دووچاری هەشت ساڵ جەنگ بووین. لەبەر ئەوە شاعیرەکانی ئێمە کە بەشێکبوون لە کۆمەڵگەی گەورەتری ئێران، بە دڵنیاییەوە ئەو دڵەڕاوکێ سیاسییە کۆمەڵایەتییەیان هەبووە، بەتایبەتیش بەو هەستە ناسکەوە کە لەلایان هەیە. نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی (کۆرت ڤۆنێ گات) کاتێک پرسیاری لێ دەکەن لەبارەی ڕۆڵی هونەرمەندەوە، ئەو لە وەڵامدا دەڵێ: (لەبارەی ڕۆڵی هونەرمەندەوە، من بڕوام بە ڕووداوی کەنارییە لە کانەکانی خەڵوزدا). لە ڕابووردوودا کرێکارانی کانە خەڵوزەکان کاتێک دەیانویست بچنە ناو کانێکی تازەوە بۆ ئەوەی خەڵوزی لێ دەربهێنن، پێش ئەوەی خۆیان بچنە ناوی کەنارییەکیان دەنادرە ناوەوە، بۆ ئەوەی بزانن ئەو کانە گازی ژەهراوی دروست دەکات یان نا؟ ئەگەر کەنارییەکە بیخوێندایە، کرێکارەکان دەڕۆیشتنە ناوەوەو دەستیان دەکرد بە کاری خۆیان، بەڵام ئەگەر کەنارییەکە بێدەنگ بوایە، ئەوە دەیانزانی کەنارییەکە مردووەو کانەکە گازی ژەهراویی پێوەیەو نەدەچوونە ناوەوە. ڤۆنێ گات دەڵێ: (من پێم وایە هونەرمەند ڕۆڵی ئەو کەنارییەی هەیە لەناو کۆمەڵگەدا). لەبەر ئەوەیە هونەرمەندەکان و ئەو هەستیارییە تایبەتەی کە هەیانە زۆر زووترو زیاتر لە خەڵکی ئاسایی تێکەڵیان دەکات بە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەدەبیاتی ئێران لە هەشتاکاندا بەهۆی ئەو دڵەڕاوکێ کۆمەڵایەتییانەوە، ئەدەبیاتێکی بەرپرسیارانەیە، بێگومان ئەمەش خەسارەتێکی زۆرو تایبەتیی هەیە. یەکێک لە خەسارەتەکانی ئەم شێوازە ئەدەبیاتەو شیعری کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە دوو سیمای سەرەکیی هەیە، یەکەمیان وێنە کۆمەڵایەتی و ئەندێشەییەکەیەتی، دووەمیشیان شێوازە ئەدەبییەکەیەتی. ئەم دوو سیمایە لە ڕووی بیرکارییەوە دەکرێ لە سێ حاڵەتدا بەرامبەر یەک بوەستن. ئەگەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی بەهێزتربێ لە لایەنە ئەدەبییەکەی، ئەوە لە شیعرو ئەدەب دەردەچێ و پێی دەگوترێ دروشم. ئەگەر وێنە ئەدەبییەکەی دیارتربێ، ئێمە ڕووبەڕووی شیعرێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی نەبووینەتەوە. بۆیە تاکە ڕێگە ئەوەیە کە دەبێ ئەو دوانە هاوتەریب لەگەڵ یەکدا بچنە پێشەوە.

بۆ شاعیرانی هەشتاکان زۆرجار ئەو خەسارەتە بوونی هەبووەو زۆرێک لە شیعرەکانیان تەنها دروشم بوون، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم زۆربەی شیعرەکانی ئەو نەوەیە کۆمەڵە شیعرێکن لەسەر ناوەڕۆک وەستاون. بێگومان کاتێک شێوازێکی نوێ لە ئەدەبدا سەرهەڵدەدات، بەر لە هەر شتێ لە بەرامبەر شێوازی پێشوودا دەوەستێتەوەو ڕادەپەڕێ.

بەهۆی زنجیرەیەک وەرگێڕانی تایبەتەوە کە لە کۆتایی هەشتاکاندا ئەنجام دران و لەبەر هەندێک هۆکاری تر، شیعری نەوەدەکانی ئێمە بوو بە شیعرێکی (فۆڕمگەرا)و زیاتر لەسەر فۆڕم وەستا. ئەوانە کۆمەڵێک پێشینەی باشبوون بۆ نەوەی ئێمە، ئەگەرچی خەسارەتێکی زۆریشیان هەبوو بۆ ئەدەب بەگشتی.

×ئەو خەسارەتانە کامانەن کە لە نەوەی نەوەدەکاندا هەبوون و بۆ ئێوە وانەیەک بوون کە پێیدا نەڕۆن و هەمان ئەزموون دووبارە نەکەنەوە؟

–یەکێک لە گرنگترین خەسارەتەکانی ئەوەبوو کە هەندێک تیۆرییان هێنایە ناو شیعرەوە لەڕێی وەرگێڕانەوە، بەبێ ئەوەی ئەو تیۆرییانە لەگەڵ ڕەگوڕیشەی ئەو ئەدەبەدا تێکەڵ ببن و بتوانن گونجانێک دروست بکەن. زۆرجار شیعرەکانیان شتێکی بەزۆر دروستکراوبوو و لە زۆربەیاندا هەست بە تەمسیل و زۆر لەخۆکردن دەکرا.

ئەگەر سەیری پرۆسەی چوونەپێشەوەی ئەدەبیاتی ئێمە بکەن دەبینن شێوازێک لە بەرامبەر شێوازی پێشووتردا هەیەو توانیویەتی خاڵە لاوازەکانی شێوازی پێشوو چارەسەر بکات. بێگومان هەر دەبوو وابێ، چونکە ئەو شێوازەی نەوەی پێشوو پێیان دەنووسی یان لە جێی خۆی دەمایەوەو گەشەی نەدەکرد، یاخود دەگۆڕا بۆ خاڵێکی لاوازتر. لە ئەدەبیاتی کۆنی ئێرانیدا نموونەی تری لەو جۆرەمان هەیە. ئەگەر سەیری مەکتەبی کلاسیکی (وقوع) بکەین، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یانزەهەمی کۆچی، ئەو مەکتەبە لە دوای کۆمەڵە کێویکی مەزن هاتن کە ئەویش سەبکی عیراقییە. عیراق ئەوکاتە وڵاتێکی جیا نەبوو و بە ناوەندی ئێرانیش دەگوترا عیراق، بۆیە ئەو ناوە لەو سەبکە نراوەو کەسانی زۆر گەورە سەر بەو سەبکەن لەوانە حافزی شیرازی و سەعدی شیرازی و مەلانا جەلالەدینی ڕۆمی... مەکتەبی وقوع لە دوای ئەم سەبکەوە هاتن، بەڵام لە ڕووی کارکردنی خەیاڵەوە بەرامبەر ئەوانەی پێش خۆیان لاواز بوون. دوای ئەوان سەبکی هیندی دێت. لەناو ئەم سەبکەدا شاعیرانێکی گەورەی وەکو ساحیبی تەبریزی و چەند شاعیرێکی تر هەیە، کە توانییان خاڵە لاوازەکەی سەبکی پێش خۆیان چارەسەر بکەن و هەقیان کردەوە، ئەم سەبکە یەکێکە لە خەیاڵ بڵاوترین و وێنەسازترین و تایبەتیترین سەبکەکان و بوو بە یەکێک لە سەبکە گرنگەکانی شیعری ئێرانی، بەڵام بە پێچەوانەی سەبکی پێشووەوە بایەخی کەمی دا بە زمان.

بۆ ئەم چەند ساڵەی دواییش هەمان شت ڕوویدا. لە شیعری نەوەدەکاندا ناوەڕۆک دەسەڵاتی نەبوو و فۆرم سەنتەری کارکردن بوو، بەپێچەوانەوە لە شیعری هەشتاکاندا ناوەڕۆک سەنتەری کارکردن بوو. ئەمە لەو خەسارەتە سەرەکییانەن کە نەوەی هەشتاکان و نەوەدەکان لە ئەدەبیاتیان دا، بەڵام ئەم خەسارەتانە






بوون بە وانەیەک بۆ نەوەی دوای دووهەزار. شیعری دوای دووهەزارەکان لە رووی ئەو دۆخەوە کە تێیدا دەژی خاوەنی هێزێکی زۆر باشە، لەبەر ئەوەی ئەزموونی دوو دەیەی جیاوازی زۆر نزیکی پێش خۆیی لەبەردەمە، دەیەی هەشتاکانی ناوەڕۆکگەراو دەیەی فۆرمگەرای نەوەدەکان. لەبەر ئەوە شاعیرانی دواتر دەسەڵاتێکی باشیان بەسەر رابووردووی خۆیاندا شکاو ئەزموونی شیعریی ئەم دوو قۆناغەو قۆناغەکانی پێشووتریش سوودێکی گرنگیان هەبوو بۆ ئێمە، پێم وایە ئێمە بە قەدی ئەو درەختەوەین و میوەکانی ئەو درەختە دەبینین، بۆیە وای دەبینم رەوتی شیعریی ئەم دەیەی ئێمە، زۆر درێژترو زیاتر دەڕوا لە دەیەیەک.

×لێرە زۆرجار گوێمان لەو قسەیە دەبێ کە دەگوترێ هەموو کەسێک دەتوانێ شیعر بنووسێ و شیعر پێویستی بە خوێندنەوەو رۆشنبیرییەکی گەورە نییە، لەکاتێکدا دەبینین زۆربەی شاعیرە گەورەکانی دونیا، رۆشنبیری گەورەی وڵاتەکەشیان بوون. تۆ لەو باوەڕەدایت بوارێک لە بوارەکانی ئەدەب هەبێ پێویستی بە خوێندنەوەو رۆشنبیری نەبێ؟ ئایا هەموو کەسێک دەتوانێ شیعر بنووسێ؟

–ئەگەر بمەوێت لە روانگەیەکی زانستییەوە وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە، باسێکی و وەڵامێکی زۆر دوورو درێژمان دەوێ. بێگومان وایە بیرمەندانی دونیا زۆربەیان شاعیرانێکی گەورەبوون و گەلێکیان رۆڵیان هەبووە لە گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا.

ئەو کەسانەی لەبارەی شیعرەوە بۆچوونی لەو جۆرەیان هەیەو ئەگەر دەیانەوێت تاقیی بکەنەوەو بزانن بەڵێ وایە شیعرنووسین ئاسانە، با خۆیان لەگەڵ شاعیرانێکدا بەراورد بکەن کە لە دونیادا ناسراون. با بیرێک بکەنەوەو بزانن ئایا دەتوانن وەکو پاپلۆ نیرۆداو نازم حیکمەت و سوهراب و شاملو و دەیان شاعیری تر بنووسن؟ چونکە ئەمانە شاعیرانی شیعرە راستەقینەکانن و ئەمانە ئەو شاعیرانەن کە




دونیایان لەرزاندووە. هەر کاتێک ئەمانەیان ناسی، ئەوکاتە دەتوانن تێبگەن و دەرک بەوە بکەن کە ئایا شیعرنووسین ئاسانە یان نا؟!

رەنگە بە رواڵەت کاری شاعیرێک زۆر سادە بێتە بەرچاو، وەک چۆن بۆ فەیلەسوفێکیش هەمان بینین هەیە، بەڵام ئایا ئەمە بەو شێوەیەیە؟. گەلێک جار لە کتێبخانەدا مارکس بینراوە کە زۆر بە بێدەنگی و سادەیی دانیشتووەو سەرقاڵی نووسین و خوێندنەوە بووە، هەرگیز هەست بەوە نەدەکراو نەدەزانرا کە هەر ئەو دۆخە ئارام و سادەیەی شتی تێدا دەنووسرا، دواتر جیهان هەڵدەگێڕێتەوە!. با نموونەیەکی ترت بۆ بهێنمەوە. نیوەشەو دزێک خەریکبوو دەرگای ماڵێکی دەکردەوەو دەیویست دزی لەو ماڵە بکات. لە پڕ دەیبینن و پێی دەڵێن: ئەوە خەریکی چییت؟ دزەکە دەڵێ: خەریکی سازژەنینم!. دەپرسن: ئەوە چ جۆرە سازژەنینێکە کە دەنگەکەی نابیستین؟ دزەکە لە وەڵامدا دەڵێ: پەلەتان نەبێ، سبەی سەداکەی دەبیستن!..

رووداوی شاعیرە گەورەکانیش هەر بەو جۆرەیە، ئاکامی شیعرەکانیان سبەینێکان دەردەکەوێ.

×ئەم دیدارە بە هاوکاریی (مەریوان هەڵەبجەیی) ئەنجام دراوەو پرسیارو وەڵامەکان ئەو وەریگێڕاون.

# ئەلیف لام میم

## کەوڵۆسی

ئەوەی دەیەوێت هەستو سۆز تێکەڵی نووسین بکات لەیەک کاتدا دژایەتی نووسینو هەستو سۆزیش دەکات. (پاسکال)

شەهیدێک کەوڵۆسی کە ئێستا سەرگەرمی نووسینەوەی ئافاتگەلێکی زۆرەو هاوکات دڵی بەکەسمان ناکرێتەوە، ئیدی ئێستا دوورە ، هەمان ئەو پیاوە میهرەبانەی جاران نەماوە کە سەری دائەخستو تا بەیەنی دەفرو لێوانی پڕ دەکرد لەبەفرو بارانو دەرخواردی میوانە بەربەریەکانی سەحەری ئەدا، ئەگەرچی هەمیشە بانگەشەی بۆ شۆڕشگەلێکی لەناکاو دەکردو یەک یەک هەموومانی وەکو کۆتر ڕائەهێنا کە چۆن چۆنی سەرو گەردنمان بخەینە نێو مستە هیلاکەکانییەوە، وایی خودایە چەند گرفتارانە هیوای تیا ئەچاندین.

خەونی تیا سەوز دەکردین. ئەشقی تیا بژار دەکردین، زۆرجار خۆم لە زاری ئەوەوە بیستومە کە ئیدی خەلیقەت بەختەوەری لێ زیادە، ئێمە لەبری ئەوەی بەدوای جوانیدا وێڵ بین باشترە پەیامی ناشرینی

بخوێنینەوە، مرۆڤ بۆ ئەوەی بەئازادیی بژی گرنگ ئەوە نییە ئازادی بکەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هێزێک هەبێت ئازادی لێ وەرگرێتەوە، من ئێستا کە بیر لەم ڕستە بێمانایانە دەکەمەوە زیاتر تێدەگەم کە ئەو، واتە کەولۆسی ئوفتادە ویستی چ فێڵێک لە ئێمە بکات، چ پاشقولێکی داهێنابویەوە بۆ تەختکردنی تەبای نێوان بوون‌و نەبوون، وەکو جانەوەرێک دەیویست پێمان بڵێت تۆ مەرد نیت، بۆیە لەوە دەترسن لە سفرەوە دەستپێبکەینەوە، من ئێستا دەزانم لە سفرەوە دەستپێکردنەوە مانای ئەوەی خودا، مێژوو، کولتوور، لە مرۆڤ دەربکەین دەکاتەوە هەمین نوتفەی ساف‌و سۆڵی بەرەڵاکە نێوی سروشتە، بەئاشکرا ئەمەویت ئەو ڕاستیەش بۆ ئێوە بەیان بکەم کە من هەنوکەش خولیام نییە ئەم تێکستانەی کەولۆسی وەک ئەدەب لێکبدەمەوە، لای من چەمکگەلێکی فەلسەفین کە ئەو نامەردە بۆ خۆڵ کردنەچاوی ئێمە شاعیرانە دەریدەبڕین، ئێستا کە چاوەڕێی کاری خێر لەو ناپاکە مەحاڵە لە ڕۆژنامەیەکی فەرەنسیدا ئەم تێکستەی کەولۆسیم بەسوتفە بەرچاو کەوت لەبەر گرنگی تێکستەکە نا، بەڵکە لەبەر هەمان ژەهرسازی بۆ خوێنەرانی ئەو ڕۆژنامە ئەدەبییە هەوڵمدا وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی، هیوادارم هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپخانەیەکی ئەم دونیایە نەکەونە داوی فرتوفێڵەکانی ئەم جادوگەرە کوردەو ناچاری بکەن دوای مەسیرێکی عادەتی بکەوێت، ڕەنگە بەسایەقی پاسێک یان بلیت فرۆشێکی خەواڵوی بەردەمی سینەمایەک بتوانێت لانیکەمی بەختەوەری چنگ بکەوێت، تا دەست لەئەدەب‌و فەنتازیا جەهەنەمیەکانی بەربات، ئێمەش لەم سوسێ کردنە نارەوایە نەجات بدات، هیوادارم بۆ ئەبەد هیوادار، بۆ مێژوو ئەم نووسینە کورتەی شاعیرە ناپاکەکەمانم وەکو خۆی تەرجەمە کردۆتە سەر زمانی شیرینی کوردی..! فەرموون"

ژمارەی ئەو گەنجانەی کە دەیانناسم زۆر نین، وەکو ژمارەی پەنجەی دەستەکانمن کەلەکاتی بێ ئیشیدا لیم تەقن، هەندێکجار بۆ کەپومییان درێژ دەکەم‌و هەنێ جاری دیکە بۆ ئەو شوێنانەی کە تەنها لە کاتی بێ ئیشیدا بیرمان دەکەونەوە، ژمارەی ئەو هاوڕێیانەم زۆر نین کە سەر دەخەنە سەرم‌و پێمدەڵێن، بۆ نانووسیت، ئەمە لە کاتێکدا یەکەمن وەک ئەشقیایەکی ناپاک پشتم لە نووسین کردۆتەوە، من بەخۆڕایی ئەم جەنگاوەرە ڕۆمانسییانەم نەهێناوەتە سەر سنوری گوناە، بەبەلاش خەنجەرم نەخستۆتە نێو مشتی وشەوە، بێهودە زمانم لەم سەحرا بەیارانەیا ڕانەگرتوە بۆ تەمرین لەسەر ڕمبازی، خۆ من لێم عەیانە جەنگاوەر کەسێکە هاومالّی نییە، لە هەوایا قوفلی ئاگرین دەشکێنێت، بەخەیاڵ ڕۆژەکان پرچەک دەکات، شاعیرەکان نایان ئاوزێ کە دونیا ڕەش‌و سپی نییە باش‌و خراپ نییە، جوان‌و ناشرین نییە ئەوەی لەو دیوەوە سوپاسالارە مەسافەی نێوان جەهەنەم‌و ژیانە، زۆرمان بۆ ئەوەی نەچینە جەهەنەم ئەمرین، زۆرمان بۆ ئەوەی بژین مردین، مردن مەحاڵ نییە، ترس لە ژیان وا دەکات مردن ببێتە ڕابەرو خاوەنشکۆ، بێ دوودڵی دەڵێم هەموو ڕابەرەکانی دونیا مەرگ دۆستن، بۆیە جوانترین بەخشیش بۆ سەربازە خۆشمەرامەکان مردنە، خوێنی سوری ئیمپراتۆر کە ئێستا بەسەر جەهەنەم‌و ژیاندا دابەش بووە ئاوها دەنووسێت "بۆ ئەوەی مردوو لە تابوتدا خەو نایباتەوە بنووسە، بۆ ئەوەی بولبول بەسەر دارەوە پیر نەبێت بنووسە.

لەبەر دڵی برین
لەبەر وەنەوزی قامچی
بۆ خاتری خودی نابوتی
هەر بۆ کۆمەک بەگەمژایی
لەبەر دڵدانەوەی ئەقڵێکی دوور بنووسە
کە لە بۆسەی کتێبە بەربەریەکاندا پەرێشانە،
شتێک باز بەسەر نوتقی تۆدا بدات ئەبێتە یاوەری کینە
هێزێک جەسارەت بکات بەدەریای مات‌و مەلولی تۆدا بپەڕێتەوە،
دەبێتە پاڵپشتی جەهل،
تیرێک لە کەوانی تۆدا ڕەها بێت
قوڵایی بەیانی داغان دەکات،
توخودا مەهێڵە قامچی بێ کار بێت
با نابوتی پێی لەباخ‌و باخاتمان نەبڕێت
هۆشی بیمار ناموراد مەکە، بێدەنگی تۆ لایلایەیە بۆ تەرمە خۆشمورادەکانی ناو تابوت، دەست
بەڕووی برینەوە مەنێ، با بولبول بەپیری خۆش نەبێت،
من تەدارەکی جەنگم ئامادەس
کۆڵەپشتی ڕێگەی حەوت خوانم وشەکانمە، کە هەرگیز نەیان ویست عاقیبەتیان خراپ وەرگەڕێ،
ئەسڵەحەو گورزانەکانم خەمێکی قوڵە کە ئەیەوێت سروشتی لێ تێک نەچێت، بۆ یەکەمینجارە پەنجەکانم
لە ژیانما ئەیانەوێت بدوێن، ئەوان کە ژیان‌و بەختەوەری بەتوندی باوەشیان کردوون لە ژێر
قورسایی‌و پارسەنگی خەیاڵدا وا بۆ ئێوە دەنووسن"
مەئویسم، لە هەرچی تۆیە، کە هەیت‌و کەچی نیت! ئەی تۆخترین ئاسەواری عاسیترین مەحاڵ،
بەڵام ئەگەر تەرحێک هەبێت تابوت خۆتیت
ئەگەر بولبولێک مابێت خۆتی پیری
خۆتی خەنجەری ناو برین
لە دەستی شاهانەی تۆدایە کە دیلە قامچی
گەمژەیی لە خوێنی ئێوەدا پێ دەگرێت‌و عاشق دەبێت‌و پیر دەبێت‌و دەمرێت!
لەبری خوێنی جوانی تابوتیتان وەکو بارمتە گلدایەوە
من دەمێک ساڵە دەزانم ئەقڵ لە بۆسەی خەیاڵی بیماری ئێوەدا پەرێشانە

مەئویسم، لە ژمارەی دۆستەکانم،
مەئویسم، لە تاک تاکی خەندەکانم
مەئویسم، لە تەواوی ڕۆژەکانم
بەڵام هێیندەی دژایەتیم لەگەڵ ئێوە ئاشتەوایم لەگەڵ خۆمدا ڕاگەیاندوە
ئەگەرچی کەمتر خەندە ڕێگەی دەکەوێتە شاری رووخسارم
بەڵام ئەمە پێشهاتێکە کە پێشتر ئیمزا کراوە
واتە من ئاشتی وا هەڵێک ئەدەمەوە کە ئەوەی بە ڕێکەوت دێتە ڕێگەمان
کەمتر خۆمانی لەگەڵدا هیلاک دەکەین
کەمتر دەستی بۆ دەگرین بەسینەوە
کەمتر چاو دەبڕینە ڕێگەی
هەست دەکەم، بیری شتێک، کەسێک، شارێک، خاکێکی دوور دەکەم، ،
بەڵام لەبەر ئەوەی دڵم یاخود وجودم نەشکێت، بەخۆمەوە سەرقاڵ نابم
چش، لەو شارە ئەفسووناویانەی لە دڵمدا ئەشکێن
چش، لەو خەون‌و خولیایانەی لەڕۆحما ئەژاکێن
چش، لەو دەنگ‌و هاوارانەی لەسەرو سینەمدا ئەتاسێن
ببورن من لەژیانما بیری کەسم ناکردووە، ئەوە ئێوەن لە مندا بیری خۆتان دەکەن، بەمانایەکی تر لە
ڕاستیا شتێک یاخود کەسێک لە مندا پەنهان نییە
بەڵکو زیندانییە ڕوتوڕەجاڵەکانی ئێوەن کە لە مندا ئازادی خۆیان مومارەسە دەکەن"
بیرمە بەگەنجیی هەموو نووسینەکانم دەربارەی پیریم بوون، من دڵگرانی ئەوەم کە پیربوون دەرفەتی
ئەوەم پێ ڕەوا نابینێت تەنانەت کتێبێکیش دەربارەی لاوێتیم بنووسم، گەنجێتی‌و پیرێتی ئێمە دەرەنجامی
هەڵەیەک بوو کە کتێبخانەکەمان لێی بەرپرسیارە، ژیانی ئێمە هەروا بەڕێکەوت نەبۆتە سزا، وەکو چۆن
سزای ئێمە دەرەنجامی ئەو کتێبانەیە کە نووسیمانن یاخود دەیان نووسین، هەمیشە شتێک هەیە کە من
نازانم چیە،
بەسەر گریان‌و پێکەنیندا دابەش دەبێت
ئەبێت ئەوە بزانیت کە
هیچ شتێک هێندەی پێکەنین مرۆڤ داناپۆشێت
وەکو چۆن هیچ شتێک هێندەی گریان
مرۆڤ ڕوت ڕوت ناکاتەوە،
مەلوول سەیری زمانی ئەم شاعیرە بێشەرمە بکە
کە لە گیرفانیا کەڕوی هەڵێناوە
ئەی هاوڕێی ڕێگە سەختەکانی هەتیویی من، گوناهی ئێمە نییە

ئاوەزی ئەم نووسەرە چڵێسە لە ورگیدا
خانەنشینە، سەیری بۆینباخ لە ملەکانی ئەودیوی شاشەکان بکە، ئەگەر ئازای پێمەکەنە، ئەگەر مەردی
مەگری، ئەگەر زۆڵ نیت ئەم یارییە چۆڵ مەکە، ئەگەر هاوڕێی ڕاستەقینەی منی لەم خەراباتەیا قسە مەکە، ئاخ ئەگەر
جگەرگۆشەی منیت بوەستە با تلوع بات، با ئەو کۆشماخە مۆزمەعلە لە ناو ئاگردا
هەستێتەوە، بوەستە با ئەم ساحیرە نوورانییە دەستی خۆی بەیەکدا بکێشێت بزانین چی دەقەومێت، تۆ
ئەگەر ئازیزی دڵی منیت، ئەگەر چاوت لەسەر هەمان ڕۆژی زەبوونیمانە پێکەوە، هێندە بوەستە تا دەریا
لەگەڵت جووت دەبێت، تا ئاگر دەستی ساردوسڕی خۆیت بۆ بەرز دەکاتەوە تا چەقۆ لە گەروی وشەیا
ڕەوان دەبێت، هێندە بوەستە با ئەم سوارچاکە کڵاو خوارانە لابەلا ببنەوە، تا ئەم پشتێنپانانە لە ستایش
ماندوو دەبن‌و کەرامەتیان لە چاویانەوە دێتەدەرێ، با ئەم شاعیرە مەلعونەی کە نازانێت بۆ
ئەنووسێت، بۆ ئەنوێت، بۆ ئەمرێت
بهێڵە دواین بەیتە مردووەکانی خۆی هەڵڕێژێت
ئەگەرچی دەربارەی (نیشتمانی ماکیاژ) قسەی ترم هەبوون، لەوێدا داینەسور بەجلوبەرگی
موریدەکانەوە دێت‌و موریدەکان بەجلوبەرگی ئەشقیاکانەوە
دەر دەکەونەوە
دەرکەوتنی مشتێک گوڵ‌و گورزەیەک کینە پێکەوە داهاتی خەیاڵی
من‌و تۆ ئەبێت ڕۆژێک، ئێمە
توتکەسەگی بەرەڵامان بینی ڕەشوی ئەسپە ڕەسەنەکانیان بە کوچەو
گوزەرە خوێناویەکانا ڕادەکێشا، مناڵی
خۆش مەرامامان بینی دێوانەگەڵێکی قژبژی قەشەنگدیارن دابویە
بەر، موریدی زەهرسازی نابوتمان بینی
شێخانی تەریقەتی خۆش دیاریان داوەتی نیفاق دەکرد، ئیدی
ڕۆژگاری ئێمە بەسەر چوو بوو، ئیدی
مەزاری ئێمە جێگەی کۆبوونەوەی ئەو یاسینخوێنە خۆشلوتفانە بوو
کە هەرگیز خۆر نەیدابوو لە عەورەتیان،
روون بوو کە ئیتر مەکیاژکردن بۆ دیدەی بیمارمان تیماری زامێک
ناکات کە دڵی خستە سەر فاکوفیکی
واوەیلایەک کە مردن مەژغوڵی تەماشاکردنی دەرکردنی ئێمەبێت
لە نیشتمانی ماکیاژکەراندا،
ئەگەر دروست ڕەنجی ئەم کرێکارە زەبونانەیە
دیوارەکان بەرز دەکاتەوە
ئەگەر ڕەوایە ئەم جوتیارە میهرەبانانە
تەنها لەخەمی چاوی سەوزی کێڵگە دڵنشینەکاندا

پیربوون،
وەکو چۆن دەریاوان دڵی مەلولی دەریا ئەداتەوە
وەکو چۆن دەستو پەنجەی ئەم نیگارکێشە موعتادە لە ڕووخساری ئەویندا چەقیوە. ئاوهاش سەرکردەکان
خەریکی ڕستنی خوێنی ئێمەن بەتەونی نیفاق،
مەژغولی چاندنو ئاودانو دوورینەوەی دوارۆژی ئێمەن لە کێڵگە سیلاویەکانی کینەدا، بەسێلکی
ڕقو کینە شەنو کەوی بەیانیمان دەکەن ئازیزی من،
سارای بوغزە مەعبەدو میحرابمان، سەکۆی تاعونە ئەشکەنجەو فیراقمان،
ئاوها بردینیان، ئەوهایان هێنانینەوە، بەو هەموو دەردەدڵە کەسکونانەوە، وەکو ئەسیرێکی چاوبەستراو
فڕێیاندانیە بەرماڵی خیومان، لە دەرگاماندا کینە وەڵامی دایەوە،
دەستم گیراوە شتێیک سەبرتان هەبێت وا
هاتم
من زۆرجار سەیری نێو لەپی ئاشەوانم کردووە سپی بووە
بۆچی ئێستاکە سورترە لە خوێنی مەسیح؟
دەموپلی حاجیەکانی سەفاو مەروا
چەندە شیرین بوون جاران
ئەمێستاش تاڵ وەک ژەکی ژەهر؟
چەندە جوان بوون
کیژانی شان داچەکیوی ژێر گۆزەی هاوینان
کەچی ئێستاکە
داچەکیوی ژێر باری تفەنگو شەرەفو خوێن،
بەو هەموو دڵەوە بردینیان، بەو هەموو ئێسکو پروسکەوە هێنانینیانەوە، هاوارمان کرد ئەم شارە بۆ بێ
دەرگایە، کوان ڕەونەقی جوانی پەنجەرەکان،
بوغز کە بەفیز ێکەوە
خەنجەری حزبەکانی لە دەستیدا پەنادا بوو وتی،
یان چاوی تۆ خەڵکی ئێرە نییە یان دڵی عەیاری تۆ،
یان سەری تۆ سەر بەنەخشەو زەمانێکی ترە
یان دەستو پەنجەو مەقاماتی خەمباری تۆ
دەرگاکان یەکو تاکو تەنهان،
پەنجەرەکان خەیاڵو فەنتازیان
دەرگایەک هەموومان دەباتەوە ماڵی سەرۆک،
پەنجەرەیەکیش هەموومان دەخاتەوە سەر زیکرو تەهلیلەی
وەچە دەستوپێ سپیەکانی سەرۆک
چەندە ناسازە دەنگی ئەم یاوەرە خوێنتاڵە لە ئەوکمدا کە هەر لە شاعیر دەچێت کە هەر لە خانەخوێیەکی
جەهەنەمی ئەچێت، کە هەر لە خۆم ئەچێت
لەچاوی ئامونی میسردا

پەنهانە ئەم سەرکردە لەش پیسە،
ئەو پەیکەرە ناچیزەی
هەرگیز بیری لەوە نەکردەوە بدوێت
ژەنەراڵ ڕۆژێک نووسیبوی"
بەشانو شەوکەتی بڵندم غیرە دەبەن؟
بەخیلیتان بەددانە ئاڵتونییەکانی من دێت
کە لە هەناوی هەمووتاندا بەنهێنی دەبریسکێتەوە؟
خۆزگە بەجاهوجەلالی من دەخوازن
کە لە ناوەوەی هەمووتاندا
دەستو پا بەزنجیر نوێژ دەکات؟
لەدەرەوەی ئێوە منێکی ناگەهان خەریکی ژماردنی سوجدەکانی ئێوەیە
بۆ ئەو ڕمو تیرە خەسیوانەی هیچتان لەگەڵدا بەش ناکات خوێن نەبێت
بەڵام ئێوە چەندەشۆخن، بەڵام چەندە لەبەر دڵان شینن ئێوە
ڕقتان لەپرچی شێواوی منە کاتێک لەسەر نەزمی خلود با دەیشەکێنێت
خێسەلەو خەندەیە دەکێشن
کە هاوماڵی لەگەڵ جوامێریی ئێوەدا گرتووە
ئێوە بۆیە ناگەن بەمن
چونکە خەریکی دڵ دانەوەی بەندکراوەکانی ناخی خۆتانن لەبیابانە بەیارەکاندا
چونکە خەریکی تیرەندازین لەگەڵ سێبەری جوامێریدا
لەکاتێکدا تاریکی سپی پۆشێکی سەروەرە
منو تۆ دوورین زۆر دوور
وەکو دووری خودا لەنەهەنگەپیرەکانی خۆی لە ئۆقیانووسە خەیاڵیەکاندا
هێندەی دووری نێوان دوو لێوی ناموراد
هێندەی دووری نێوان تیغێکی جەربەزە لەمابەینی عاشقێکو گوڵ فرۆشێکدا
لەسەرت بوو تەنها کەڕەتێک بپرسیت
بۆ ئەم حیکایەت خوانە هاوماڵە
ئەم نیگارکێشە فەوتاوە
ئەم حەکیمو یاوەرە غەمگینانە
بۆ ئەم شاعیرو شاکار نقیسانە حیکایەتی منو تۆ
هەمیشە لە کۆتایدا فەرامۆش دەکەن؟
بە واتا وەکو سۆفیلەکە ڕەنگ زەردەکان
دێنەسەر خوانی منو تۆو
کەچی وەک هەمیشە
یەک یەک ئەماندەنەوەدەستی فەنابون؟
بەڵام چیرۆکی ئێمە درێژە

ئەی کەسیف ترین ڕەقیبی من
وەکو سەبری ئەیوب درێژ
وەکو ڕیشی لولی یەعقوبی کەنعان درێژ
وەکو هەنگاوەکانی گوناه،
وەک ساتی گیان دەرچووی جوانی درێژ
ڕوولەناکۆتایە چیرۆکی منو تۆ
ئەوەی سەری تۆی خستە بەر تیغی ئەبەدیەت
ئیدی ئاوڕ لە خەلیقت نایاتەوە
سەری خۆی ناخاتەوە بەر شەرارەی شەراب"
بەڵام من هەنێ جار بیرم کردۆتەوە
کە بۆچی حیکایەت خوانەزەبونەکان
لەگێڕانەوە چیرۆکی سوڵتانە نەرمو نۆڵەکان ماندونابن
بۆ چاوی ڕەشی ورچێکی سپی ناو بەفرو
دەستو پەنجەی گوڵئەندام
بەیەک نزمی خامۆشی دەنووسنەوە؟
من دەزانم حیکایەت خوانێک لە نێوانی منو تۆدا خەریکی سوسێ کردنە
وەکو چۆن حیکایەت خوانێکی دیکە
سەرگەرمی ڕاژەندنی بێشکەی ناشادی بەیانی منو تۆیە لەسەر هەوەسو هەوای فیراق
خۆ ڕونە ئەگەر ئێمە لەبەیانی دەربکەن
دەکاتەوە حیکایەت خوانێکی بەرەڵا
دەکاتەوە پشکۆیەکی داگیرساو لە هەموو دڵێکی مەلولدا
خودایە ئەگەر منو تۆ لە بەیانی بکەنە دەرەوە ئیدی چۆن گوڵی بەیانی لەمەزارماندا دەم بکاتەوە
بە هەموو هێزی خۆی پێمان بێژێت سڵاو
ئەی دڵ کەی ڕەوایە منو تۆ لە شەوەزەنگدا جەنگابین؟
تا دواجار
دەروێشێکی بریندار بێتو بەزەرگەکانی سنگیەوە خامۆش پێمان بڵێت سڵاو
ئاه بیرم کەوتەوە ئەم گۆرانییەی لە گەروی ئێمەدا گیراوە
کەی شیعر دەتوانێت ڕەوانیکات
ئەم کینەیەی بەرچاوی ئێمەی گرتووەخەنجەر چۆن دەتوانێت ڕێبەری کات
ئەم تاعونەی لەدڵی ئێمەدا قانگ دراوە
عەشق چۆن دەتوانێت خامۆشیکات؟



دووری، دووری، دووریی
هەمیشە جوانی لە دوریدا دەمرێت
گەورەترین دڵی میهر دۆست لەدوریدا فانی ئەبێت،
درەوشاوەترین چاوی بەختەوەری لەدووریدا کوێر دەبێتەوە
قوڵترین دەریای موحیبەت دووری ئەیخنکێنێت.
کاتێک گوناه وەکو هەتیوێکی بێ کەماڵ
لە خوێنماندا سەر بەرز دەکاتەوە
تەنها دووری وەک سوڵتانی مەنجەنیقەکان
دەستی بڵند بۆ بەرزدەکاتەوە
ئاه خودایە چەندە سەمیمییە دۆستایەتی نێوان
دووریو گوناه
ئەگەر بەهەڵایا نەچم حەقیقەتی تاکو تەنها بۆ تەحەمولکردنی
یەکتر هەمیشە دوورییە ئازیزی من.
ئەگەر من غەرقی گوناهم مانای ئەوەیە
چیدی عابیدی دووریم
بەڵام عابیدەکان هەمیشە ناشادن
لەسەر ئەم کەوکەبە فانییە
وەک ڕۆشنای چاوی کوێرێک بزر
ونتر لەخوێنی ناپاکی ئیمپراتۆر لە دڵی مندا،
بێکەڵک تر لە شمشێرە هەڵواسراوەکەی
عەلی کوڕی ئەبوو تالیب لەمەکە
وەک ئەژنۆی شلی حاجیەکی سەفاو مەروا خامۆش
هێندەی دووری دەستی ڕاستی حەلاج
بارتەقای گەمژەی ئەوین
زۆر زیاتر لەئەفسونی گوڵی سەر گۆڕەکەی
حەمدی تەنهام،
تەنهای چییە ئەگەر کلیلی یادەوەری نەبێت؟
یادەوەری چییە ئەگەر دەرگای خود ئەڤینی نەبێت؟
خود ئەڤینی چییە ئەگەر سەردابی خامۆشی نەبێت؟
خامۆشی چییە ئەگەر گەنجینەی بێکەڵکی نەبێت
بۆ کۆترێک بەسەر بانەوە
بۆ چلێک گیای گریاو، بۆ ئەستێرەیەک کە چاوی لەسەر خامۆشی
منو تۆ ڕاگرتووە لە شارە ئاسنینەکاندا،
ئاخر من بەمانای کەلیمە هەمیشە ناشادم
ئەوەی لەدڵەوە هەستی کرد شادی ناوێت وەک هەڵمی دەمی
جوتیارێک لە ناو کێڵگەکاندا ون دەبێت،
وەک کلوە بەفرێک لە ژێر پێی منالێکدا ئەبێتە ئاو، ڕێک وەکو
تۆفان بەریخۆڵەی شمشاڵێکدا هەڵبکات
ئاسەواری خۆی ون دەکات

ئەوەی لە بەختەوەریدا نەیتوانی گۆی زەوی ئاسودەبکات وەک و
ئێمە هەمیشە ناشادە،
ئەوەی نەیتوانی لە خەمباریدا دنیا وێرانکات
وەک ئێمە دایمەو دەرهەم کەسیف خولقەتو نادیارە
من ئەمەم لەجامی جیهاندا بینیوە
هەزار جارم وت بیر لە مردن مەکەنەوە
بۆ ئەوەی زەینی گوناهتان بۆ من نەچێت
من لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا بیرم لەژیان نەکردۆتەوە
کەچی ئێوەم هەر لە یادە کە ڕۆژێک"
بەینی خۆمان بێت وشەی زۆرتان دەرمان خوارد کرد،
کە ڕۆژێک خوا هەڵناگرێت
تابوتی زۆرتان پڕ کرد لە تەرمی کتێب
کە ڕۆژێک بەسەرو زیادەوە ئەقڵتان فریودا،
بەڵام بەچی چوو؟
ئەوەی لە تابوتەکاندا ڕاکشاوە بەیانی ئێوەیە نەک هۆش
ئەوەی لەگۆڕەکاندا ئەگری خەیاڵی بیماری ئێوەیە،
نەک باخو باخاتی وشە
نەک جاهو جەلالی کتێب،
من زۆرم بەبەرەوە نەماوەو چیتر بەنیازم بژیم،
ئەم گرەوەم لە مردن بردۆتەوە بەدووری
ئێوە کە لە هەڕەتی مردندان هیچ نەماوە بیدۆڕێنن هاوماڵێتان
نەبێت لەگەڵ یەکتر.
هەندێک جار هەست دەکەم
هێشتا زەمەنی قسەکردن دوورە
حەز دەکەم بزانین کە
ئەو ئەستێرە دوور دوورە
ئەو تاڵە نورە کاڵ کاڵە
ئەو مشتەخۆڵە ناشادە
ئەو چڵە گیا گریاوە
سەربوردەی منتان بۆ دەگێڕێتەوە ڕۆژێک
جانەوەرێک تۆفان هەڵیگرتو بردی
کێڵگەکان قوتیانداو بزر بوو
کۆترە خەمبارەکان باڵی خۆیان پێبەخشی دیار نەما
شاعیرێک هەستدەکات
دیوارێکی سپی لە نێوان خۆیو گۆی زەوی
بڵند بڵند هەستاوەتە سەر پێ..!

کۆتایی ٢٠٠٧



# (.. داخران ..)

عیسا چیایی

.........کرانەوە.................

دێیتەوە ،

لەدیماهی بایەکی درەنگ هەڵکردوودا
چ. . دەبینی. . ؟
وەک هیچ نەبووبێت . . ئاوا
یان وەک هەموو شتێک بووبێ . .
ئاسمانێکی دڵتەنگ و زەمینێکی بێ ئۆقرە
تەنیاییەکی وەک خۆت .

دێیتەوە . .
ماڵەکەت پڕ بووە لە گمەی کۆتر و
بۆنی ڕەیحانە
تەنیاییت لە گروگاڵیی ڕەنگاوڕەنگ .
لەو بەیانییە شپرزەدا ،
بۆ تۆ و
ئەم شیعرە تازەیەی بەردەستت
لەئەفسانەوە ، گوڵی هێناوە .

(٢٠٠٣/٥/١٤)

**٢. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ( ( ؟ ) )**

تۆ
هێندە ، قسەت نەکرد ،
هەتا ، ئاخاوتنت بیرچوویەوە
هێندە ، گوێت دایە خەمی (( کۆ ))
تا ((تاک))یتی خۆتت ڕووشان .
هێندە باسی گوڵت کرد و
بۆ جارێکیش چییە بۆنی گوڵت نەکرد . !

**٣. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . داخران**

ئێوارەی ،
سەرەتای زستانێکی درەنگ . . درەنگ ، لەجێگەیەکی دوورەوە
دوور . . دوورەوە ، بەشەکەتی خۆت دەکەیت بە ماڵا .
بەدەم ڕەهێڵەی خەمێکی ڕام نەبوودا /
سەری دنیات لێ دێتەوە یەک .
زۆر شت بووە ،
زۆوی تریش . . . .
. . . . . . . .
لە داخرانێکی سەیردا ،
دڵی گەردوون . . ڕائەچڵەکێ . .
پۆلێ کلاوکوڕەی تەڕ . .
ئاسمانی خەونێ شەق دەکەن .
گوندێک دەڵێ : – ئەو کۆشکانە بڕوخێنە
تا فریزم لەسەر سەوز بێ. و
ئاسک بە سەرما بێت و بچێ . .

من دوو دڵم
لەو گرمە گرمە سامناکەی
چۆلەکەو سمۆرەی تاراند
نیگەرانم بەو
تارمایی و ئاماژانەی ،
سەوزایی لەبەهار تۆراند . . !
زۆر شت ، سەنگی خۆی نەماوە ،
زۆو جێگە ، هەیە بەتاڵە دەبوو خوڵکی تێدا هەبا .
زۆر گرێی نهێنی هەیە ، دەبوو لەزاری ئەوەوە بدرکابا . . !
زۆری تریش . . . .

**( ١١ و ١٢ )ی ٢٠٠٨**





# منداڵێنی گەڕەک

هیوا قادر

من لەکۆڵانێکدا لەدایکبووم
باخەکانی پڕبوون لەگوڵی سپی، لەپەپوولەی سوور.
کۆڵانێک ئاگری ژیان تیایدا شین شین بوو،
گەڕەک وەک مەنجەڵێک گەنمەشامی
پڕبوو لەهەڵبەزودابەز و
تریقەتریقی
منداڵانی بەروانکەسپی.

پەنجەرەکانی کۆڵانی ئێمە
هێندەشین بوون،
بەشێکبوون لەئاسمان،
دەرگاکان هێندەسەوزبوون
بەتەقولبابێک بەهار ئەهات بەرەوپیرت.

منداڵانی گەڕەکی ئێمە،
بەڕۆژی نیوەڕۆ چی ئەستێرەی ئاسمان هەبوو لەچاویاندا بوو،
کەلەسەر زەوی یاریان ئەکرد
پێویستیان بەئاسمان نەبوو
چونکەئاسمان لەناویاندابوو،
کەسەیری پێیەپەتییەکانت بکردنایە
وەک ئەوەوابوو
سەیری ژێر قووبەی
کەنیسەیەک بکەیت کەپڕە لە وێنەی فریشتەی باڵدار.

منداڵانی گەڕەکی ئێمە
کەکچێکی پێڵاوسووریان ئەبینی بەکۆڵاندا ئەڕوات،
وەک پۆلێک چۆلەکە کەزمانیان بیگرێ دوای ئەکەوتن و ئەیانووت:
تۆ، جو، جو، جو، جو، جو، جوانیت.

گەڕەکی ئێمە ماڵی خودای تیانەبوو
چونکەتا ئەو کاتە خودا ماڵی جیانەکردبووەوە لەگەڵمان،
هەموومان بەحیکمەتی ئەو پێغەمبەرانەوەی
کەبڕیاریاندابوو نەبن بەپێغەمبەر ئەژیاین،
چونکەلەچاوی ئێمەدا فیلێک و مێروولەیەک
یەکسان بوون
کەعاشق ئەبوون.

منداڵانی هەموو کۆڵانەکانی گەڕەکی ئێمە
بەناوی خۆیانەوە بانگ ئەکران،
بەڵام لەگەڵ ناوبردنی ناوی ئەواندا
کۆترەشینەکان لەئاسمانەوە ئەنیشتنەوە،
شۆڕەبییەکان سەریان بەرز ئەکردەوە،
کەوەکان لەچینەکردن ئەکەوتن،
وەک بەوەی کەسێک ئەوان بانگ بکات بۆ یاریکردن
نەک منداڵان.

ئێستا کۆڵانی ئێمە چۆڵە،
منداڵانی گەڕەکی ئێمەهەموویان ڕۆیشتن بۆ شەڕ
چوون بۆ سەفەری دوور و درێژ و نەگەڕانەوە،
منم تەنها منداڵی گەڕەکی خۆمان،
وەک جاران لەسەر قادرمەی بەردەرگا دانیشتووم و
چاوەڕێم یەکێک بانگم بکات بۆ یاری.
کۆڵانی ئێمە چۆڵە،
پڕە لە سێبەری ئەو منداڵانەی کەکۆڵان خەونی پێوەئەبینین،
دنیاش پڕ بووە لە وپیاوەگەورانەی
کە خەونی منداڵی خۆیان لەناو ئەم کۆڵانانەدا ئەبینن،
من ئەزانم منداڵانی گەڕەکی ئێمە هەرگیز ناگەڕێنەوە
تەنها هەر منم تاقانەترین پیرەپیاوی منداڵی ناو کۆڵان،
کە ئەبێت چیرۆکی ئەو منداڵانە بگێرمەوە
کە هەرگیز لە کوچە و کۆڵانەکانی ئێمەدا نەبوون.
کۆڵانی
ئێمە
چۆڵە.

# مردنی من و خۆم

حەمەکاکەڕەش



من و خۆم پێکەوەلەدایکبووین و
پێکەوەمندالیمان
پێکەوەشەڕو یاریمان
پێکەوەگەورەبووین و
بووین بەدوژمنی یەکتری
پێکەوەدەیان جار شەقمان لەدلی یەکتر داوە
بەلام بەداخەوەپێکەوەدەمرین و
کەسمان مەرگی ئەوی ترمان نابینێت تا کەمێک دلخۆشبێت.

من و ژیان و مردن و خۆم لەیەک دەچین
من پیاوێکی باشم
ئەوەخۆمەئێوەی هەراسان کردووە
ژیان خۆشە کەس قسەی ناشیرین بە ژیان نەڵێت
ئەوەمردنەژیانی ناخۆشکردووە.

تەمەنم کۆمەڵێکساڵی داوەبەکۆڵ دا
کۆمەڵێک ساڵ تەمەنی منیان بەڕێکردووە
من و خۆم بەم تەمەن و ساڵانەوە
هیچ لەتەمەن و ساڵ و یەکتری حاڵی نەبووین

***

زۆر شارو دۆست و یادگاریم بەجێهێشتووە
کەچی ناتوانم مەترێک لەخۆم دووربکەومەوە.

***

جار جار من وەک خۆم بیردەکەمەوە
وەک خۆم دەڕوانمەئاسمان و دەریاو ئینسان و خودا
تۆبڵێی جار جار خۆمیش نەبێتەمن

***

بۆ هەرشوێنێک دەچم خۆم چاوەڕێم دەکات.
لەهەر شوێنێکبم خۆم لەوێیە
لەنێوان ئێرەو ئەوێدا
شوێنێکی تر نییە خۆمی لێ نەبێ تا بۆی بچم.

***

من پەنجەرەم
خۆم تەمە
تا لەخۆم دوورکەومەوەهەستم ڕوونتردەبێتەوە.

***

بۆئەوەی دڵی کەسم لێ نەڕەنجێ
بۆ ئەوەی خۆم لەلای کەس ناوم نەبا
بۆ ئەوەی خۆم ناوی کەسم لا نەبا
بۆ ئاگاداریتان لەئێستاوەلەگەڵ خۆما قسەناکەم.

***

لەزۆر دەرگای کڵێسا و مزگەوت و مەیخانەوە ژوورکەوتم
ئەگەر کەسێک دەستم نەگرێ.
لەم دەرگا بێ دەرگاو ڕەنگەی من و خۆم ناتوانم بچمەژوورەوە.

***

دۆستێکم نەخۆش بوو
تەلەفۆنم بۆکرد کەمێک دڵخۆشی بدەمەوەکەچاک دەبێتەوە
کەچی خۆم نەیهێشت هیچ بڵێم: هیچ تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

ژنێک پیاوەکەی کوژرابوو
چووم بۆ پرسەکەی تا پێی بڵێم : شەریکی خەمتم.
خۆم لەگەرمەی فاتیحا خوێندندا دای لەقاقای پێکەنین

***

ژنم بینیوەبەو پەڕی شەیدایی دڵ حەزمکردووە
هەزار کاتژمێر لەگەڵیا بم
کەچی خۆم لەپڕا پێی وتووەدرەنگەدەبێت بڕۆین کاتمان نییە.

***

ژنێک لەدەریادا پشتەمەلە دەکات
مەمکەکانی وەک دووگوڵ لەبیابانی ئاوا سەردەردەهێنن
من بەهەموو هەستێکمەوەلێیدەڕوانم
خۆم پشتی کردۆتەدەریاو ژن و گوڵی مەمک.
ئای لەخۆم چ وشکەپیاوێکە.

***

کراسیکی جوانم بینی ویستم بیکڕم
پەشیمان بوومەوە
چونکەخۆم کراسێکی ئاوای هەیە.

***

ئەوەمنم یان خۆمەلەئاوێنەکەدا
ئەوەی لەئاوێنەکەدایەخۆمەیان من
ئەوەمنم یان خۆمەخەوتووە
ئەوەی خەوتووەخۆمەیان من

***

لەسەر ئەم کورسییەوە
لەم پەنجەرەیەوە
لەم بالکۆنە
لەم دەرگایەوە
لەم سەربانەوە
لەم شەقامەوە
لەم ئاسمانەوە
لەهەر شوێنێکەوە
سەیری خۆم دەکەم وەک سێوێکی گەنیوو دێتەپێش چاوم

٢٠٠٩





# لە گوڵزارا

سۆهراب سپێهری

و: کاوە گوڵ کار



چیا: سەرکەش
دەشت: بێ سنوور
"گوڵزار" تەژی لە بۆنی گیا
لەچی وێڵم من لەم دێیە؟
ئەز چیم ئەوێ؟
بزەی لێوێ،
یا پرشنگی نیگای چاوێ،
یان سەرخەوێ؟!

***

لەپشت چنارەکانەوە
غەفڵەتێک پاک
بانگم ئەکا.
لەبەر قامیشەلانێکدا
ئیسێک ئەکەم
گڤەی با دێ
گوێ هەڵ ئەخەم
بڵێی کێ بێ من ئەدوێنێ؟
مارمزووکێ ژیکەلانە
ئەخشێو ئەڕوا –گورجو چالاک–
هێدی هێدی ڕێم گرتەبەر
لەسەر ڕێمدا
چەند گوڵێکو
بێستانێکو
پەڵەپەڵەش...
وێنجەو شەوەر.
دیسانەوە بێ دەنگی خاک

***

ئەگەمە سەر
کانیو ئاوێک
کڵاشەکەم دائەکەنم
دائەنیشم
بەپێ کانی ئەهەژێنم
((شین ئەبمەوە،
سەوز ئەنوێنم
لەشم چەندە ئاگادارە!
بەترسەوە سەرنج ئەدەم
نەوەک خەمێک

لەدوور ڕابێو
بەم هاوینە
بگرێ یەخەم
خشەیەکو...
مۆتەکەی سام.
کێیە لە پشت ئەو دارانە
خۆی بنوێنێ؟!
بێدەنگیەک....
لە پڕ گایێک
سەرهەڵدێنێو ئەبۆڕێنێ.
نیوەڕۆیەکی هاوینە
سێبەرەکان باش ئەزانن
گەرما چەند بەتاووتینە.
سێبەرێکی سافی بێگەرد
سوچێکی خاوێنو ڕووناک
هۆ منداڵان، هەستو تاسە
وەرن وەرن یاری بکەن
ژین بۆش نییە
پڕە لە سێو، خۆشەویستی، بروا،
ئەوین...
تا گوڵاڵەی ڕوو سوور هەیە
لەسەر چاومان
پێڵاوی ژین.

شتێک چەشنی
بێشەیەکی زێرکفتی تیشک
یان
شیلەی خەوی دەمەوبەیان
لەدڵمایە
هێند بێ ئۆقرەم حەزم لێیە
ڕاکەم.. ڕاکەم
تا کۆتایی ئەو پێدەشتە
برۆم.. برۆم
تاترۆپکی ئەو کێوانە
لەو دوورەوە ئاوازێکەو
بانگم ئەکا.".

گوڵزار= گوڵستان ناوی ئەو گوندەیە سۆهراب لەوێ لەدایکبووە.
مارمزووک= مارمیلەک.
بۆش= وشەیەکی تورکییە بەمانای خاڵیو کلۆر.

# چەند دڵڕەقە ساڵ ؟!

هۆشیار عەبدوڵڵا



خەون دوور و
زەمەن دوور و
تەمەن دوور..
هەناسەشم ڕۆژە ڕێیەک لە دڵە ناسکەکەی تۆ دوور..
ساڵێک هات..
ساڵێک نەهات...
هات بۆ ئەوەی عەشقی من و تۆ بخاتە نێوان
دوو ژمارەوە،
ئەو نەهات بۆ ئەوەی بیخاتە ناو ئینجانەی مەرگەوە....
ساڵ دێت تا من بباتەوە بۆ خۆی،
دێت تا لەژمارە ٢٠١٠ دا ئیستێک بە عومرم بکات و
پێم بڵێت بەس نییە؟
بەس نییە شاعیر بوون؟
بەسە نییە عاشق بوون ؟!
بەس نییە گەورەنەبوون و مناڵ بوون...؟!
بە س نییە...؟
دێت تا من بیر کۆڵان و جادەکان باتەوە..
دێت تا من لە بیری مایک و شاشەکان باتەوە..
دێت تا من و خەندەکانم لە لێوی کامێراکانی سیاسەت بکاتەوە...
دێت تا من و ئەم عەشقە لە هەناوی سلێمانی و گەڕەکە قوڕاویەکان
بکاتەوە....
ئەو دێت..

دەموەستێنێ
دەمگرێنێ لەبەردەم جوانی تۆ و کورتی دەستی من
دەموەستێنێ لەبەردەم، ئەوق بوونی دڵم و
بێ خەمی دڵی تۆ....
جوانی هەزاران جۆر نازی هەیە
دیارترینیان کوشتنی دڵە و
لەویش دیار تر سووتاندنیەتی بە دووری....
ساڵ دێت و عومری من ڕاناگات بە دیدەنیت..
ڕانەگەیشتنی هەناسە بۆ ئامێز و
لێو بە ئاو و
باران بە زەوی قورس و گرانە عەزیزم...
ڕانەگەیشتنی ئەو تەمەنەی منیش
بە سەری ساڵی بەهاری عومری تۆ مردنە مردن....
ڕۆژەکانی عومر ڕوو لە هەڵکشانن..
قژم پایزێکی تۆسن لێیداوە..
چاوەکانم ورد دەبنەوە لە وجود
هەمیشە لە تۆدا فاریزە دادەنێم و
بەدیار دەموچاوە پر چرچ و لۆچەکەم دەگریم....
ساڵ دێت تا بڵێت کات گرنگ نییە
دڵ نەبێت..
عومر باقی نییە، شەوێک نەبێت..
گەنجێتی بەس نییە، شێتی نەبێت..
گۆرانی بەس نییە پێکێ لە شەرابی یادت نەبێت...
شەوی سەری ساڵێکی نوێیە و
من بێ یادم
دەستم بەسترا و
دەمم داخرا و
ڕوانینم هەڵواسراوە عەزیزم....
ساڵێکی نوێ بە حەسرەتەوە هاتەوە
لە یەکەم ڕۆژیدا خەبەرم دەبێتەوە و
هێشتا دڵنیا نیم تۆ منت خۆشدەوێ
یان ئەوەندەی دوژمنێ ڕقت لێمە..
سەیر کە ساڵ بە ئەوینی کام غەزەبەوە دێت..
بە تاعونی کام تۆفان دێتەوە.



# پێشانگەی دووەمی جەنگ

حوسێن لەتیف

تێبینی: ژەنەڕاڵ و سوپاسالارەکان هەریەکەیان تابلۆیەک یان زیاترلە تابلۆیەکی ئەم پێشانگاییان نەخشاندووە، ئەوان خاوەنی یەکەم و ئاخری تابلۆکانن، بینەر هەر پرسیار و تێبینییەکی هەیە، با پەیوەندی بەیەکێک لەوانەوە بکات یان بۆ ئەوانی ڕەوانە بکات.

**باوکم**

ئەو بەیانییەی ڕۆشتین بۆ جەنگ:
باوکم لەدار هەنار،
بێشکەی بۆ منالآن دروست ئەکرد.
ئەو ئێوارەی هاتینەوە:
دایکم وتی :
دەمێکە بووە بەتابووت ساز.
٢٠٠٩/٨/١٠

**شار**

ئەو بەیانییەی ڕۆشتین بۆ جەنگ:
ماڵ،
کۆڵان،
تەواوی شار ئاوەدان بوو.
ئەو ئێوارەی هاتینەوە:
ماڵ،
کۆڵان،
تەواوی شار گۆڕستان بوو.
٢٠٠٩/٨/١٠

**دنیا لە بەیانییەکدا**

زرم،
زرم،
زرم،
بازارێک لەکەرکووک وێران بوو
لە بۆسنە منداڵێکیان سەربڕی
لە تاران پۆلیسی ئەخلاق کچێکیان ئەتک کرد
لە لەندەن نهێنییەکانی ژیانی شەکسپیر بڵاوکرایەوە
لەکەنداو ژمارەی سەربازە ئەمەریکاییەکان وەک خۆی
دەمێنێتەوە
لەهەولێر بیرە نەوتێکی نوێ دۆزرایەوە
هاوڕێکەم دەڵێ:
نانەکەت بخۆ،
ئەمڕۆ ڕۆژێکی نوێیە.!
٢٠٠٩/٨/١٦

**کچەکان**

ئەوبەیانییەی ڕۆشتین بۆ جەنگ
شەونم،
شەهلا،
شەهێن،
پۆل.. پۆل .. دەچوونە ڕێواسان.
ئەو ئێوارەی هاتینەوە
شەونم،
شەهلا،
شەهێن،
پۆل.. پۆل.. دەچوونە گۆڕستان.
٢٠٠٩/١٠/٧

**فلاش**

منداڵ بووین لاسایی گەورەکانمان کردەوە
حەزمان کرد بڕۆین بۆ جەنگ
گەورەبووین بیری منداڵیمان کرد
حەزمان کرد بڕۆینەوە بۆ ماڵ!
٢٠٠٩/١٠/٧





# سووتە مەرۆ

محەمەد ئەمین ئەحمەد

دایکم گریا، من ترسام ! دایکم گریا، من ترسام !
دایکم بەرەنیسکی دا . قوڵپی دەدا . هەنسکی بەرز دەبووەوە . خوڕەی چاوی دایکم ، خوڕەی ئاوە سپی هاژەی زاژەکان ، هۆنەی با ، شڵپ وهوڕی پیادەکانی ناو چەمەکە و بەنووچاچوونی ئەسپەکان و دەنگی ناڵچەی هێستر و لێکەوتنی سمەکانیان ، بە بەردە ئاسنییەکانی چەمی ئاوەسپی ، پزیسکیان دەدا ، چەخماخەی سمی ئەسپەکە ، ئەوەندەی تر دڵی دەخورپاندم ؟ کاتێ هەواڵەکەیان بە دایکم گەیاند ، ئۆقرەی نەگرت . چاوی وەکو دوو مرواری ، فرمێسک ، ئەوەندە زاخاوی دابوون ، گەش ببوون ، دەبریسکانەوە ، کە چاوی هەڵدەبڕی ، نیگای بەتینی ، دڵی باوکمی دا دەخورپاند . باوکم زۆر خۆشی دەویست . بەهیچ جۆرێک نەیدەهێشت بە ماتەمی ، یان بە دڵتەنگی بیبینێ ، چونکە بە پارە نەیکڕیبوو ، ڕێز و حورمەتی زۆر لە لا بوو . کوڵمە ئاڵە بێتاوانەکانی ، وەکو سێوە لاسوورەی باغی ئیرەمی کورد ، دەبرسکایەوە بە دەم هەنسکەوە ، مەمکە خەرمانە دراوەکەی ، دەرهێنا و تەپاندیە دەمی منداڵە شیرخۆرەکەیەوە . ئێستا بوایە ، حەکیم دەیگوت : نابێ شیری خەم و خەفەتدار و خەفەتبار ، بدرێتە منداڵی کۆرپە و ساوا ، چونکە دەبێتە هۆی ژان و ژۆ .

سی ساڵە ، نەخێر ، سەدان ساڵە ، منداڵی ئێمە بە خەم و خەفەت گۆش دەکرێن فریشک دەگرن . خەیار چەمەر بۆ سکێشەی منداڵ باشە ! کەوتە خۆ کۆکردنەوە . ئەوەی پێویست بوو ، لەناو بەوخچەیەکی دروستکراوی دەستی خۆی بەست و لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرت . ئەسپە زینکراوەکەیان لە حەوشە گەورەکەیاندا بە زنجیرێکەوە بەسترابوەوە . دایکم گریا ، فرمێسکی ڕشت ، من دڵم داخورپا ، ترسام ، حەزم دەکرد لەگەڵیدا بگریم ؟ منداڵبووم تێنەدەگەیشتم ، لەبەر چی دەگری ؟

(حەمەلاڵک ) پیاوێکی کاراما و جەربەزە و چاونەترس بوو ، کەی برسیبوایە ، یان خەرجی پێنەماییە ، بەشەو بۆ دێیەکی دوور ، ئێجگار دوور ، ملی دەنا و دەچوو دوو سێ کاوڕی دوگشۆڕی دەهێنا و هەردەم دەیگوت : ( ئەوان خڕ و خەپان ، منداڵی ئێمەش بە برسێتی سەربنێیەوە ) ؟ ئەگەر ماڵاتەکە هی ئاغا نەبوایە ، پەی پێنەدەبرد ، ناویشی دەرکردبوو . هەر بیانگوتبا ، ( ئەوا هات ) زەلام خۆی نەدەگرت ، میزەچۆڕتکێی پێدەکەوت.

( بۆ نیگایەکی وێڵ و شەیدام باڵی شیعرم هەڵوەری ) بۆ نەوجوانانی ئەم خاکە دڵ و دەروونم دەرپەڕی دایکم بە دەم باڵۆرەوە ، شێوەی ئاوازی ئەو گۆرانیە، سۆزی دەکرد . دەگریا باڵۆرەی دەکرد. بە ساتێک (چل) ساڵم تەیکرد. گوتم : خودایە ئەم شیعرە سۆز بەرزە ، ئاوازەکەی لە خۆی بەرزترە ، دەبێ ئەم ئاوازەم لە کوێ بیستبێ ؟ خومداپێی و بینمخواردەوە هاتەوە گوێم ، هەمان ئاواز خزایە دەروونمەوە ، ئاوازی شیعری گەرمیانی ، فۆلکلۆری ئەو سەردەمەی خستەوە یادم ، لەگەڵ دەنگیدا ، دڵم تەڕ بوو ، جەستەم نەشئە دایگرت . وردە شەپۆلی ئەو ئاوازە ، نەرم و گەرمی ئەو شیعرە قەسەمیانە بۆنی مێخەکبۆنەکەی دایکمی بۆ دەهێنام ، هەناسە گەرمەکەی ، لەو ڕۆژە زوقمبارەدا ، گەرمی دەکردمەوە ، چی ڕۆژێک بوو ئەو ڕۆژە ؟ ڕۆژانی ساڵی ١٩٨٨ بوو ، لامسەیر بوو . لاشەم خاوببوەوە ، گەرمیان گڕی گرتبوو . تەزوویەکی سۆفیگرانە ، مووچڕکێکی گەشکاوی ، بە لەشمدا تێدەپەڕی . کاتێ ، گوێم لە ئاوازی ئەو گۆرانییە گرت ، حەزم کرد ، چەند جارێکیدی ، گوێی لێ بگرم ، باڵۆرەکەی دایکم ، بەتەواوی لە گوێمدا ، تا دەهات ، دەزرنگایەوە و هەر دەزرنگایەوە . تاکو بە تەواوی لەگەڵ ئەو شیعرەدا روونبووەوە . ئای چەندم پێخۆشبوو ، بەڵام دەنگی (ئاینەمەل) ئەو تەزووە خۆشانەی لێزڕاندم . هۆن هۆن ، فرمێسکی دایکم و ترسی منداڵیم و دەنگی ئاینەمەل و لوورەی چەقەڵ و زریکەی سیسرکی ناو ژاژەکان سیریکەی گیا ڕەشی بەهار ، ئەوەندەی تر دەبووە هەڵم و بەری دڵیدەگرتم . گیا ڕەشی بەهاری ئەو سەردەمە زۆر بوو . وەکو ئێستا نەبوو، کە بە پەینیش نەڕوێتەوە . ئەگەر ڕواشەوە ، ئەوا لە باتی گوڵاڵە سوورە لوغم گۆپکەی دەکرد . زەوی دەلوغمیەوە . شوێن نەماوە لوغمی تێدا نەچێنرابێ . قاچ و دەست و پەنجەی نەوجوانانی دەبرد . ناو قەد و باڵای نەمامەکانی ئاڵ دەکرد ، ئاڵتر دەکردەوە .

گووڵاڵەش سوورتر دەبوەوە . کەوتنە ڕێ ، شارێیان گرتە بەر ، گەیشتنە توولە ڕێگایەکی باریک ، لایاندا . دوابەدوای یەک دەرۆیشتن . بەسواری، بە پیادەیی . خۆشم لە پشت دایکمەوە ، چ لە ترسدا ، چ بە بەزەیی هاتنم بە دایکم دا . خۆمم بە تونگ پیادەگرت . نەشم دەزانی بۆچی و لەبەر چی دەگری؟ لەبەر چی سۆز و باڵۆرە دەکات ؟

- بەم شەوە بۆ کوێ دەڕۆن ؟

- زۆریشم حەز لەو دیمانانەی شەو بوو . باوکم هەردەم دەیگوت : ( شەو قەڵای مەردانە . شەو لانەی زەخیرە خستنی قیامەتە )

- ( خۆزگە ئێستا خدری زیندە پەیدا دەبوو ، یان دەمانبینی )

- (ئەگەر دەرکەوت چی پێ دەڵێیت ؟ )

- پێم دەگوت : خدر ئاوی حەیاتی بۆچبوو با فێری نا هومێدی با . لەوەتەی هەین نا هومێدین . دێوانەی سەرگەردان و پەتیادە و بێبەشین .

توولە ڕێگا ، خوڕەی ئاوە سپی ، ئولوتەپە ، چەمی باگەرمی ، قەڵای گاورێ ، پامسپێشن ، شۆراو ، تەقتەق ، تاوێرکەوە ، شیرازتەپە ، پەڵکانە ، تەپەقوت ، ملەکەوە ، دەیان شوێنی دی گەرمیان وەکو : قۆترجە، مەلحەمە ، قوملیجە ، خەرابە ، قوڕی چای ، ئەم ناوانە و سەدان ، ناویدیکە ڕێڕەوەکان بوو . ئەم ناوانە شوێن هەوار و جێگای شەخسن ، پڕن لە کان و کانزا ، تەنانەت ئەڵماسیشیان تێدا دۆزراوەتەوە .کەچی ئێمەش بەبێ شێو سەر دەنێینەوە ؟ ئەم قەڵا گاوریە لەسەر لووتکەی شاخی باگەرمی دروست کراوە و دەڕوانێتە سەر چەمی ئاوە سپی ، وادیارە هەر لە شاخە داتاشراوە . دەبێ ئەوە چی ئەندازیبیارێکی سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا بوو بێ ، کە نەخشەی درووست کردنی ئەو قەڵا گەورەیەی کێشا بێ ؟ ئێدی کەس مێژووی نەدەزانی ، ئەوەندەیان دەگوت ، گوایە لە دێر زەمانەوە ئەو قەڵایە نیشتەجێی خەڵکی باگەرمێی ئەو سەردەمەبووە و هی ئێستاش چ سەردەمێک ؟ کەس نازانێ ، بەڵام بەمەزندەوە ، بەڵکو دەگێڕنەوە و دەماو دەم وا بۆی دەچن ، حوکمڕانی ، گەرمیانییەکانی باشووری کوردستان ، بەخەتی بزماری کۆن ، لەسەر بەردە لوقم سوورەکراوەکانیان ماوەتەوە ، لە دامێنی قەپاڵەکەشدا ، گۆمێکی ترسێنەری گێژ دەدا . ئەوەی ناشارەزا بووایە ، وەکو سێگۆشەکەی (بەرمۆدا) لوولی دەدا و ئیتر کەس نەیدەدیتەوە. ئای دەیان شوان و شوانکار و لاوی دڵگەرمی تێدا نوقم بوو ! بەختەوەرەکان ، تەرمەکانیان ، دەکەوتە کەناری چەمەکەوە ، ئەوەشیان ، لە پاش چەند ڕۆژێک ، پاسەوانی چەمەکەیان دەکرە د و دەپاڕانەوە و قوربانیان بڕیار دەدا و وەکو ئەوەی هیچ قوربانیان نەدابێ ، لە بوونیانەوە تاکو ئێستا بە ئاە و ناڵەوە دەتلێنەوە و ئەگینا لە ناو قوڕە مچەکەی ژێرکەنەکەدا دەچەقی و لەناو بنکەنەکەدا دەبووە خۆراکی ماسی . ماسی سووری گەورە گەورەی تێدابوو . جارێکیان ماسییەکیان گرتبوو ، خستبوویانە سەر پشتی ئێسترێکەوە ، دەم و

کلکی لە زەوی دەخشا . تا ڕۆنی حەیوان و مریشکی کوردی و پەنیر و کەرە و فرۆ هەبوایە ، کێ ماسی دەخوارد ؟

ئەم هەموو دیمەنانە ، بەو شەوە ، بە مێشکمدا تێپەڕین . بیری منداڵی تیژە : دایکم گریا من ترسام ! زۆر حەزم دەکرد ، ڕۆژ دەرکەوێ یەکێکیان قاوچەخماخێکی دەرهێنا ، بە بەردە ئەستێکەی ، سیغارەکەی داگیرساند و کەوتە باسکردنی بەسەرهاتێکی خۆی :

-ئا لەو قەڵایەدا گوێم بۆ شلکرد ، حەزمکرد وەکو ئەو چاو نەترسبم و قەڵا ئاسنینە داستانییەکان بپشکنم و پەنهانیەکانی ، کۆن و قوژبنی مێژووی نغرو کراوی ژێر زەوی ڕووچووی ئەم قۆڵە لە چ باسێکدایە ؟ داخەکەم کەسمان نییە کەسمان نەبوو ؟ ئا لەو قەڵایەدا کە ( ساتێ ) جارێک ، دەرگاکەی دەکرێتەوە ، ئەو کەسە بەختەوەرە ، کە ڕێکەوتی ئەو دەرگا کردنەوەیە دەکەوێت : پڕە لە خەزنە ، خەزنەکەی برای قاڕوونی تێدایە : لیرەی زەرد . مرواری . خشڵ . تاجی ئاڵتوونی زێڕ . زیوو خێوێکی زۆریش ! جیهانێکی سەیر و سەمەرەی تێدایە . ژوور لەناو ژوور . قادرمە . سەکۆ جێگای تەونکردن . قاپ و قاچاخی لە گڵ دروستکراوی ئەو سەردەمە ، بەڵام دەبێ تەلسمی ئەو قەڵایە ، بشکێنی و هێماکانی بکەیتەوە . دیوارەکانی بە خەتی کۆن نووسراون . کێ لێیدەگا : دەستێکی بە سمێڵی خۆیدا هێناو گوتی : کاتێ لە پێچاڵی لایەکی ئەم قەڵایە دانیشتم و چوومە ناخا و بینم خواردەوە ، سا بەڵکو بە کردنەوەی ئەو دەرگایە ، بەختەوەربم ، لە ناکاو دەورووبەرم بوو بە گرمە و ناڵە ناڵ ، گرمە گرم و هەورە تریشقەیەک ، چاو چاو نابینێ ، خۆمم گرت ، چاوم نەکردەوە ، چونکە پێیان گوتبووم ، چاو نەکەیتەوە ، نەشترسی ، لە ترسەوە شت دەپەڕێتەوە سەر مرۆ و شێت و گۆج دەبێ . کەوتمە سەڵاواتدان بە دیاری پاکی نازدار پێغەمبەردا . دەنگەکان دوور دەکەوتنەوە و نزیکدەبوونەوە . ژێیەکان ، ئاوازەکان : چەمەرانە دەهاتنە گوێ ، بە بڵاشوغی تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون و جوێ دەبوونەوە ، لەوانە بوو ، چی ڕیشاڵی دڵ و دەروون و مێشکی هەیە ، بینە گلۆڵەی دەستی پیرێژنێکی نوێژکەری عوزر شۆر ، گەڕایەوە سەر باسەکەی و گوتی : ئەژدیهایەک سەری لە ئاسمان و کلکی لە زەوی ، وەکو گاڕان لە پێش چاومدا ڕەپ وەستا . تیشکی چاوی خۆڵەمێشی بووە مەرگی لێدەبارێ . زۆر سەیر بوو . بە زمانێکی پاراو پێی گوتم : ئەگەر لێرە دەرنەچیت دەتکەم بە خۆڵە مێش ، خۆمم نەچرچاند . دەنگ نەما هەمووشتێک کڕ و کپ . ئاوازی گۆرانییەکەو بالۆرەکەی دایکم و ( بۆ نیگایەکی وێڵ و شەیدام باڵی شیعرم هەڵوەری ) تەیکردنی ساتەکانی چل ساڵ لەمەوبەر و ئەژدیهایەکەی ئەو لالەیە ، خستمیە بیرکردنەوەیەکی قووڵترەوە . دووبارە پێداچوومەوە ئەو دیمەنانە لە کوێ بیستومن ؟ بیرم لێکردەوە ، ئاڤان و خەندە گوتیان :

- بابە تەلەفزیۆنی سەردەمی ئێوە چی پیشان ئەدان ؟

-چیدی سەردەمی ئێمە تەلەفزیۆنی نەبوو ، باپیران چیرۆکی تاقیکردنەوەی خۆیانیان بۆ دەگێڕاینەوە ، پڕ بوو لە مەردایەتی ، ئازایەتی ، دڵپاکی ، داوێنپاکی ، دراوسێتی ، هاتن بە دەنگی یەکترەوە ، ئەم خەسڵەتانە ماکهەوێنی مانی ئم میللەتە بوو ، تەنانەت فێریان دەکردین کە چۆن شووشەی شکاو لە ڕێگای خەڵکی لابەرین ، نەک وەک ئێستا ، بزمار دەخرێتە ژێر تایەی ماشینی خەڵکەوە ، هەر کردەوە و قسەیەکیان پەند بوو .

لەگەڵ هاژەی ژاژ و دەنگی سمی ئەسپ و نەرمە کۆکەی ( لالۆی ) نەپچڕاندنی باسەکەی :

-( خۆشم نازانم چۆن خۆمم ڕاگرت ؟ لە پێش چاوم ون نەبوو ، تووکی سەری بژببوو ، ببووە حوشترلۆک ، کونار ، سەرەشەکرۆک . گوتی : من ( فومم ) باوکی ( گریسۆ )، پێمشەرمە بتسووتێنم ، بەڵام (گریسۆ)ت بۆ دەنێرم )

لەبەر چاوم ونبوو.

جەستەی گیانم تێکشکا . مێشکم شەڵقا . قاچم ببووە هەپک، ئەژنۆم ببووە گوڵنگ . زرانیم لەرزی چاوم لێڵ بوو . لە پڕێکادا دەنگێک لە ناخمدا زرنگایەوە ، وەکو یەکێک تلیدەیتەوە ، تلامە خوارێ ، ئێستاش نەمزانی چ هێزێک بوو پاڵی پێوەنام !

-( پاڕانەوە و سەڵاوەتدانت بۆ دیاری ڕۆحی پێغەمبەری نازداردا ڕزگاری کردووی ).

دایکم مەگری ، خوشکم مەگری ئێستا کێ دەڵێت براکەت تێدا چووە ؟

دایکم بەدەم هەنسکەوە گوتی :

- دڵم خەبەری پێداوم نەماون .

-ئای ڕۆ وەخۆم ڕۆسامان و گۆران و لاوک و کرمانج و ستران و سۆران و بابانم ڕۆ .

ئێستاکی کە بیر لە دڵ دەکەمەوە ، دەزانم چی کۆمپیوتەرێکی خوداوەندی گەورەیە ، بە چرکە وەستانی نییە ، پەنجا ساڵ ، سەد ساڵ ، لێدەدا هەر لێدەدا ، بە بێ وەستان . بێ وچان . ڕاستە دڵ پەیوەندی بە شانەی مێشکەوە هەیە ، بۆیە دا دەخورپێ خەبەری چاک و خراپ ، لێکجیادەکاتەوە . جاری واش هەیە هەستی شەشەم پێش ڕووداو دەکەوێ . دوا بەدوای یەکدا ، بە ناو چەمی ( ئاوە سپی ) دا ، دەڕۆشتن و کەوتنە برینی چەمەکە ، دەشترسان لە پڕێکدا ، یان لە ناکاودا ، لافاو هەڵبکا ! وەرز وەرزی بەهار بوو . کاتی توانەوەی بەفری کوێستان بوو . جاری وا بووە کە لافاو هەڵدەستا ، ئەمبەر و ئەوبەری چەمەکە لرفەی دەهات . چەندەها خانووی دەڕووخاند .خانووەکانی گەرمیان بریتیبوون لە قەڕ و خشتی گڵێنە . بە ڕۆژ پیر و جوان بۆ کۆکردنەوەی کۆترە دارو چیلکە ، دەچوون ، ئەو سەردەمە لە گەرمیاندا هەر کۆترە دار بوو ، ئاگردان و مەقەڵی لە گڵ دروست کراو ، یان لە تەنەکە

دروستکراوی دەستی وەستا ( هەمین )ی خوا لێخۆشبوو . دیکەی گەرم دەکردەوە . ئەم گەرماوانەی ئێستا کە هەن ، لەو سەردەمەدا نەبوون . کەسیش سەرما بردەڵە نەبوو ! کوا هەڵمی دارگوێز و بەڕوو ؟ تا بەیانی پیاو ئارەقی دەردەدا . ئەوەی بێکەس بوایە ماڵۆچەیان بۆ دەکرد. دایکم لای لە ئافرەتەکەی تەنیشتی کردەوە و گوتی :

-( لەگەڵ کیژانی ئاواییەکەماندا دەهاتین بۆ تەق تەق و ڕاستی تەپەقوت ، کنگر و هەپلۆک و پیشۆکمان دەکرد . بە دوای قارچک و کارەکدا دەگەڕاین ، ئەو پانتایەی تەپەقوت بە فەرشی نێرگز و شەواڵە سوورە و گوڵەچاو چۆلەکە و بەیبوون ڕاخرا بوو . چی پەنجەیەک بێ ئەو نەخش و نیگارەی نەخشاندبێ؟ کاتێ چەمی ئاوە سپی تووڕە دەبوو : لافاو هەڵدەستا . دەکەوتینە کۆکردنەوەی کۆترە دار ، هەریەک بەقەد باڵای خۆمانمان کۆدەکردەوە) بەدەم قسەو پڕمەی ئەسپ و دەنگی ناڵچەی بەر چەو زیخ و کووچک کەوتووی ، هەڵکردنی چەرخی دەستی (لالە) و هاژەی ژاژ و وژەی با و خوڕەی چەمەکە و ڕێگای تەق تەق و تێکڕا تێکەڵ دەبوون . گەیشتنە ئەو بەری چەمەکە ، توولە ڕێگایەکی دوور و درێژ و باریکتریان دایە ژێرپێ . ئەمبەر و ئەوبەری گرد و تەپلۆزگ بوو . شاخی بچووک بچووک و تاشەبەرد و بەردە تیژو سنگدار بوو هەڵیان کێشایە بان ، لە پڕێکدا پۆلێک سوێسکە هەڵفڕی . دەنگی باڵیان و شەقەیان وەکو شاری دەستی حەسحەس دڵانی دادەخورپاند . ئای چەندم حەز لە شەقەی باڵی سوێسکە و ڕاپەڕینی ( وەڵە ) و دەکرد ! ئای چەندم حەز لە هەڵۆکان دەکرد ئەوەندەش ڕقم لە بەراز ملان و یەکانە و ماڵوس و کەمتیار و سەگسار و گورگ و گورگاز و گۆڕکەندە بوو ؟ چەندی حەزم لە سینگی سوێسکە و کەو دەکرد . سینگی سوێسکە تورت و بەلەزەتە . زۆریش حەزم دەکرد سوێسکە بەخێو بکەم . سوێسکە سرکە و ماڵی نابێ ، کەچی کەو ماڵی دەبێت . سوێسکە لەناو قەفەزدا دەپرووکێ ، سست دەبێ ، پەڕوباڵ هەڵدەوەرێنێ !

کەوتنە تەختایی شیراز تەپە ، لە وێشەوە بەناو شوێنهەوار و ئاسەوەرە دێرینەکاندا ڕۆیشتن ملەیە بڕی . وردە وردە دێی قەڵاو چراکانی دەترووکان . دەردەکەوتن و نقوم دەبوون . سێبەرەکان دەجمان . دایکم هەر فرمێسکی دەڕشت . گاو خانێک مابوو . دابەزی من و منداڵە شیرخۆرەکەی برامی دایە دەست ( خەجە) ناوێکەوە ، بە خۆ کوشتن خۆی گەیاندە کۆڕی شیوەنەکە . گەرمیان لە بەستنی کۆڕی شیوەندا کارامان . ناوچەیەک خاوەن سێ هەزار ساڵ پڕ سامان و شارستانیەت بێ ، لە ژێر سمی ئەسپی داگیرکەراندا تلابێتەوە ، چۆن لەناو خەمدا قاڵنابیت. بەشیان ئاوارەیی و دەربەدەری . زیندەبەچاڵکردن و چوارمێخەکێشراو . ئەدی چۆن لەناو خەمدا قاڵ نابن ؟ ئێستا میمک و پوور و پوورزا و خوارزا و خزم و قەوم و خوێش ، لە پشت جەوڵەکەوە ، سیر و سوقانی بێتاوانان کۆدەکەنەوە . بە شێوەی بازنەیی ژنان ورد و درشت کۆڕیان گرتبوو . ئافرەتێک لە چەقی کۆڕەکەدا ، سەرشیوەندادەر ، شیعری میللی گەرمیانی دەوت : بە غەریبیدا . بە بێکەسیدا . بە زاوا و بووکدا . شیعری بە سەریاندا هەڵدەدا و دایدەباراند . ئێستاکێ لە لام زۆر سەیرە ! چۆن ئەو ژنە ئەو هەموو شیعرەی لەبەر بوو ؟ دەیانگوت :

-( لە خەویدا بەشی دراوە . . . )بیرم لێکردەوە ، بەشی چی و چۆن دەدرێتێ ؟ گوێم لێبوو گوتیان ( یەکمشت (کونجی) یان لە خەودا داوەتێ ) لام سەیرە ! کەچی ئێستا بۆم دەرکەوت ، کاتێ کڕی ئەو گوتەیە هەڵدەکەم ، دەبینم مەبەستیان لە ( بەهرە ) ی شیعرییە . شیعر بەهرەیە بەبێ وچان کۆڕی گەرم دەکرد ، بەو شەوە سینگکوتان بوو .

دایکم گریا من ترسام ! دایکم بمرێ من چیبکەم ؟!

- خودا گەورەیە . ئومێد بڕاو نیم ، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم کە لە خۆر دەم کەلی قاجرەوە هەڵدێ

هەر لەو ڕۆژەشەوە ، ئاوی سپی بە چاوە گەشەکانیاندا ، ئیتر بە یەکجاری تەرکی خەنە و سمڵ و سۆتکە و مێخەک و ئارایشی کرد . کل و کلدانەکەی و میسکە ئاسکیفەکەی خستە ناو قوتویەکی زیوینەوە خستییەوە ناو باوڵە کلۆم دراوەکەیەوە . بەسەر خەمەکانیدا دەتلایەوە . ئەرشیفێکی هەشتا ساڵەی پێبوو ، وەکو ئەرشیفی ڕەجاڵ و داماوانی کورد . هەنە جارێک ڕووداوێکی بۆ دەگێڕاینەوە لە باسی داماوی کورد و زەبر و زەنگی تورک و عەرەب و عەجەم و ئینگلیز و ڕووس و ئازایەتی ئاوبارێک و بەردە قارەمان و ئاگری داغ و مەهاباد زیاتر هیچی تری لەبیر نەمابوو : پەژارەکانی ببوونە کەفن و دڵ و دەروونی پێچابوونەوە .

ژنان لەگەڵ ئاوازی ئەو شیعرە فۆلکلۆرییەی کە بە ڕێگای پاراوە . گەیشتبوو . کەوتنە ڕێ . لە پێش بەیاندا . تەرمەکانیان کۆدەکردەوە و پاچ و خاکەناز و بێڵ و قوڵنگ و چرا و فانۆسیشیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرت . دارە مەیتەکانیان هەر لە ئازارەکانی ئەم گەرمیانە بۆیان داتاشرابوو . لە پەڕەی سیغاری غەریبیدا ، بە بەردی ئەستێی گەردوون ، سووتان ، گەرمیانی گڕگرتووش مەرگ لەناویاندا شەپۆلی دەدا . کەچی هەر سوور بوون لەسەر گەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوەی شار و شارۆچکە و دێهاتە تەپیوەکانیان . بە هەمان ئامێر و ئەمرازی کەرستە کۆنەکانی چاخیجاران و پڕ مەینەتی و بێبەشی لە سۆز !

سلێمانی ١٩٩٠/٣/٣

# تۆفان

جەلیل کاکەوەیس



هەموو ڕۆژێ سەرلەبەیانی بەخۆی و دەفتەرە گەورەکەی دەستییەوە لە گوزەری حەڵوا چییەکانەوە ڕووی دەکردە بان قەڵا، لەوێ تاوێک بە حەسرەتەوە بەچواردەوری خۆیدا هەڵیدەڕوانی و لەبەر خۆوە ورە ورێکی دەکرد: ئەوە چل ساڵ پترە بەدووی شتێکەوە وێڵم و بۆم نادۆزرێتەوە ، برێ جار خۆم سەرکۆنە دەکەم، کە گوایا بەدوای شتێکی نادیار و تووڕەهاتدا عەودالْم، لێ خولیاکەم بەرۆکم بەرنادات ڕۆژ بە ڕۆژ عەودالْترم دەکات، ئەوەندە دەزانم لە میانەی ئەو خولیایەوە بەدووی کلیلێکدا دەگەڕێم، تا دەرگایەکی ئەفسووناوی مەحکەمی پێ بکەمەوە، ئەویش فێربوونی زمانێکی لە بیرەوە چووە، زمانێک تەنانەت بنیادەمی سەردەمەکەی من ئەلف و بێیەکەیشی نازانن. ڕەنگە نە ناوی زمانەکە بزانن و نە ئاخێوەرەکانیشی بناسن، دەوانی من لەو چل ساڵەدا سۆراغی حەکایەتە لەبیرکراوەکان بوو، بە جۆرێ لە پای کردنەوەی کۆد و هێمای نێو نەخش و نیگارەکان شەوم داوەتە دەم ڕۆژەوە، هەر ئەمەش وای لێکردم هەرگاوێک پەیم بە واتای جەفەنگێک بردبێت، ئەوا بێ ئەوەی بەخۆ بزانم، پێشبینی، یان نوقڵانەیەکم لێداوە، یەکێ لەو پێشبینیانە ئەوە بوو وا دەهاتە بەر چاوم، وەک چۆن کەشناسەکان پێشبینی زریان و باو و بۆران دەکەن، منیش بەو ئاوهایە هەستم دەکرد لە ئاخر و ئۆخری هەزارەی دوودا لەو پشتی حەمرینەوە گەردەلوول و باو و تۆزێک هەڵدەکات و دنیا دەکاتە شەوە زەنگێکی زوڵومات ئاساو کەس ناپرژێتە سەر کەس . وا دەهاتە بەرچاوم گەردەلوول هەردێت و تاریکی و زوڵمات لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت ، ئێ واش بوو لەگەڵ بەرایی گەردەلوولدا دنیا بوو بە ڕۆژی پەسڵان ، ئیدی هەرچی بنیادەم و گیاندار، هەیە بە شەوارە کەوتن و بەرەو شوێنێکی نادیار ملیان ناو ڕێی گەڕانەوەیان دەرنەکردو تا ڕۆژی ئەمڕۆ بێ سۆراغن و بە دنیادا تەرتەو وەرتە بوون . ئەوانەی لە سەردەمی زوڵماتەکە لە کونجی ماڵەکانیان خۆیان قەتیس کرد، ئەمێستا بە حەسرەتەوە حەکایەتەکانی ئەو ڕۆژگارە دەگێڕنەوە : کە لە درزی دەرگاو پەنجەرەوە دەمان ڕوانییە گەردەلوولەکە، بینیمان ئەوگەردولمەی ، کە گەردەلوولەکە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی ، لە بان شار ماوەیەک لە مۆلەق وەستان و ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە و گەورەوەرتر دەبوون، تا لە ئەنجامدا بوون بە تاشە بەردی زەبەلاح و یەکجار گەورە ، ئیدی لەبەر قورسایی خۆیا چەشنی دایناسۆر و واشەی نەکردەنی بە هاژەیەکی ترسناک بەرەو قەڵاشۆڕبوونەوە ، هەر ئەو دەمە هەرچی تەلار هەیە، چی مزگەوت و کەنیسەو قوتابخانە و حوجرەی فەقێیان هەیە، لە چاوترووکانێکدا بەسەر یەکدا دارمان . پاشماوەکانی خەڵکی شار ئەوەش دەگێڕنەوە ، کە گوایە کەشکۆڵ و دەستنووسی شاعیران و گۆچانی پیاوچاکان و مەزاری پێغەمبەرە غەریبەکان لەنێو دارو پەردووی تەلارەکان نەغرۆ بوون و ئەوسا ئێستاش کەسێک نەیدۆزینەوە ، دوای ئەوەی گەردەلوول دەنیشێتەوە ، لە ڕۆژهەڵاتی شارەوە تیلماسکە ڕووناکییەک دەردەکەوێت .

ئیدی ئەوانەی مابوونەوە ، دێنە دەرەوە و دەبینن دنیا گۆڕاوە و وەک بڵێی لە سەردەمێکی یەکجار کۆندا دەژین ، لەگەڵ ڕوون بوونەوەی ئاسمان نیگایان بەقەڵاوە دەنووسێت و هۆپێکیان لە خۆ دەمێنێت، چونکە بە جۆرێ نزم بووبووەوە ، کەسێک نەیدەناسییەوە ، ئیدی هەرکەسەو لە حەناس خۆیەوە دەست بەتووک و نزا دەکات : ئەی خودایە ئێمە لە چی سەردەمێک داین ، لە چی شوێنێک گیرساوینەوە ! وەی سەبەبکارمان بە کۆی زوخاڵ بێت و تووشی دەردی بێدەرمان بێت.

ئەمێستا هەموو خەڵکی شارو ئەو گەشتیارانەی کە لە ڕێگەی دوورەوە دێن پرسیاری ڕووداوی سەردەمی زڵوماتەکە دەکەن، دڵباز دەناسن ، هەندێکیان سەیریان بە ناوەکەی دێت (دڵباز.......) چ ناوێکی عاجبات و سەمەرەیە ! برێکی دی بە دێوانە و شێت و شووری دەزانن، چونکە کاتێ قسەی بۆ گەشتیارەکان دەکرد ، ڕووداوی هەزاران ساڵی وەک ئێستا دەگێڕایەوە و سنوورێکی لە نێوان سەردەمەکان نەدەهێشتەوە ، ئەویش لە نزیکەوە دڵبازی دەناسی ، وای بۆ دەچوو گوایا لەسەردەمی زوڵوماتەکەوە ئاوەزی لە دەست داوە و ئەمڕۆ و دوێنێی خۆی لێک جیاناکاتەوە ، تاک و تەرایەکیش وای بۆ دەچوون، کە دڵباز شاعیرێکی یاخییەو لەنێو دارو پەردووەکاندا بەدووی ئەو کەشکۆڵەدا وێڵە، گوایا شیعرە بڵاونەکراوەکانی شێخ ڕەزاو ئەسیری و مامەندکەرکوکی تێدا تۆمار کراوە .

دڵباز ڕۆژانە بێ ئەوەی گوێ بداتە تانەو تەشەری شارییەکانی خۆی و نیگای ئەبڵەقی گەشتیاران ،

ڕووی دەکردە نێو کەلاوەی تەلارێکی داڕووخاو و لەوێوە بەرەو ژێرزەمینە تاریکەکان شۆڕ دەبووەوە و لەوێ لەعاست نەخش و نیگاری سەر دیوارەکان دۆش دا دەما و چەندین سەعات ڕادەما و دواجار چەند لاپەڕەیەکی لە دەفتەرە گەورەکەی دەنووسی :( ئەم نوسراوەی نێوان نەخش و نیگارەکان شیلەی هزری باوەکواتە ، ئەوەتا باسی شانازی و جەنگە درێژخایەنەکانی خۆی دەکات، باسی هێرش و شکەستەکانی پاشای چوارلا دەکات و ڕووی هاوارەکەی لە ئایندەیە و نەوەیەکی وەک من بێدار دەکاتەوە . ئاە ! باوە کوات ئێستا زانیم هەموو سەردەمەکان بۆ نەوەیەکی وەک من و شارییەکانم چوونیەکن، ئەوەتا وەک ئەوەی تەنها بە من بڵێیت: نەوەکەم دڵباز، ئێرە هی ئەوە نییە بۆ ساتە وەختێک بنیادەم تێیدا چاو لێک بنێت ، چونکە هەر کەچاوت لێک ناو کردەوە ، دەبینیت سەردەمێک گوزەراوەو سەردەمێکی تر جێی گرتوومەتەوە ! مەنوو ڕۆڵەکەم دڵباز مەنوو.....).

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دڵباز سەربردەیەکی نوێی لەنێو نەخش و نیگارەکان دەدۆزییەوە لە دەفتەرە گەورەکەیدا تۆماری دەکرد . ئەوە بوو لە ڕۆژێکی هەینیدا، ئەو دەمەی سەرقاڵی حینجەکردنی نووسراوێکی نێو نەخش و نیگاری سەر دیوارێکی ژێرزەمینەکە بوو، لەناکاو لە مزگەوتی شینەوە گوێچکەی بە بانگ و سەلای مەلا شوانی سیا مەنسووری زرینگایەوە ، موچڕکێک سەرتاپای جەستەی گرتەوە و ئەوەی هاتەوە یاد ، کە جاران مزگەوتی شین لەو ساتەدا جمەی دەهات و بە دەیان تەلاری بەرز دەورە درابوو، کەچی ئێستا چوون نێرکەکاردوویەک بە تەنها لەم پانتاییە هەڵزوپاوە ، مەلا شوانیش هەر بەیادی جارانەوە بە دڵێکی پڕ لە جەخار و حەسرەتەوە، دەنگی لێ هەڵبڕیوەو کەسێک بە دەنگییەوە ناچێت، لەم غایلانەدا بوو لەپڕ بایدایەوە سەر حینجەکردنی نووسراوی نێو نەخش و نیگارەکان:(پەیامێک لە باوەکواتەوە بۆ زیوکیدی سەروەرمان ، دوای دوعا گۆیی ، تەمەنت لەوە درێژتر بێت و لە فەڕت بێبەش نەبین ، دوای ئەوەی لافاو دنیای تەنی و جێ پێیەک وشکانی نەما ، لە ئاسمانەوە گوێت لە دەنگێک بوو، یان ئەوە خودا خۆی بوو بانگی کردیت : زیوکید ، پێویستە بەخۆت و باوەڕدارانەوە لەسەر جوودی لەنگەر بگرن ، ئەوەشم زانیوە کە تۆ بە موو لە تەگبیری خودا لات نەداوە ، بۆیە داوادەکەم سەرێکمان لێ بدەیت و ئامۆژگاریمان بکەیت ، چونکە تۆ ئەزموونێکت هەیە و منیش ترسی لافاوێکی کتوپڕم لێ نیشتووە. ئیمزا باوەکوات.)

دڵباز هەر ئەو ڕۆژە دەیان دانەی لە پەیامەکەی باوەکوات کۆپی کردو لەسەر دیوارو سیلەی هەرکۆڵانێکی شار هەڵیواسی ، پەیامەکە شاری خرۆشان و لە بڵند گۆی مزگەوتەکان و تەلەڤزیۆنە ناوخۆییەکانەوە هاواری دەمکوتکردنی دڵبازیان لێ هەستا، گوایا دڵباز درۆی بە دەم مێژووەوە کردوە گەورە پیاوی خەیاڵکردە دروست دەکات، بەڵام بەو تەک و ترسە سارد نەبوەوە ، تەنانەت لە شەوی ئەنگوستەچاویشدا لەبەر ڕووناکی چەرخە بچکۆلەکەیدا لە نووسراوی نێوان نەخش و نیگارەکان ڕادەماو حینجەی دەکردن:(ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی بەهارە و زیوکیدی پشت و پانامان جێمان دەهێڵێت و بەرەو جوودی دەگەڕێتەوە، لەو ماوەیەی لێرە بوو ڕێنمایی زۆری کردین . . ئیمزا باوەکوات ) ڕۆژ بە ڕۆژ دڵباز سوورتر دەبوو لەسەر دۆزینەوەی پەیامی نێوان باوەکوات و زیوکید، بۆیە تا دەهات لەبەر چاوی ناحەزانی نەفرین دەبوو، چونکە لەگەڵ دۆزینەوەی هەر پەیامێکدا خێرا بە نێو کووچە و کۆڵانەکانی شاردا بڵاوی دەکردەوە و هاوکات لە دەفتەرە گەورەکەیدا تۆماری دەکرد.

ئەو ڕۆژەی نیگای بەم نوسراوەی نێروو نەخش و نیگاری تەلارە داڕووخاوەکەی باوەکواتەوە ڕووا، شاگەشکە بوو} باوەکوات، پێش ئەوەی جێیان بهێڵم، دەمەوێ پێتان بڵێم ڕاستە لافاو هەستاو هەموو دنیای چوون سووراحییەک لێوان لێو پڕ لە ئاو کرد و هەتا چاو بڕ دەکات بریقەی ئاو بوو، لاشەی مرۆی گوناهبار وەک ئاومالکە لەگەڵ شەپۆلاندا بەرەو شوێنێکی نادیار لوولیان دەخوارد و لە چاو ون دەبوون .

ئاە باوەکوات ! لەگەڵ بینینی ئەو لاشانەدا جەرگم پارە پارە دەبوو،لێ چیم بۆ دەکرا ، ئەوە تەگبیری خودا بوو، دەبوو مەرگی ئازیزانم بە چاوی خۆم ببینم . باوەکوات، ڕەنگە ئەو تۆفانە جارێکی دی لە هیچ شوێنێک ڕوونەداتەوە ، بەڵام وای دەبینم لافاو و تۆفانی دیکە و بە جۆرێکی دیکە ڕووبکەنە ئێوە، ئەو لافاوە لافاوی ئاوێک نییە، تۆف و بەستەڵەک و زریان نییە، بەڵکو ناوی دیکەی هەیە: وەک لافاوی ڕق و ئێرەیی ، تەگبیری تۆڵەوەسێن ، لافاوی تەرتەو وەرتەبوون، لافاوی دۆزەخی ناخ، ڕەنگە لافاو و تۆفی ناخی خۆتان چوون بەفری بەهار بتان توێنێتەوە . نا ، کواتی ئازیز ، ترسی لافاوی چەمەزستانەیەکی وەک خاسەتان نەبێت ، ئەوە کەفوکولێکە و زوو دادەمرێتەوە . ئیدی دوعا گۆتان. . . زیوکید).

دڵباز بەم پەیامەی زیوکید لە ناخەوە هەژا، لەوە دەترسا دەبێ خۆی و شارییەکانی هەتا هەتایە چاوەڕوانی تۆفانێکی نادیار بکەن، لەوەش بەدگومان بوو ئاخۆ لەو زستانە سەختەی کە زیوکید و باوەکوات ، لێرە لەبەر ئاگردانی کوڕ کوڕا پێکەوە دوو بە دوو چ

ڕاوێژی دیکەیان کردبێت و نوقلانەی چ مەترسییەکان لێدا بێت ئەم بۆی نادۆزرێتەوە، ئیتر لەبەر خۆوە پێشبینی مەترسی دیکەی دەکرد: ( ئاخر چۆن دەکرێ پەیامەکانی دیکەیان نەدۆزمەوە ، چ عەقڵێک دەیگرێت بە درێژایی زستانێک لەمە زیاتریان نەوتبێت ! نا، ناکرێ دوا پێشنیاری خۆیان بۆ منێکی مزمەحیل جێ نەهێشتبێت، تا منیش ئێستا بە شارییەکانی خۆمی ڕابگەیەنم و بڵێم : شارییە ئازیزەکانم ئیتر ئەوە چارونووسمانە و دەست لە ئەژنۆ دانیشن و چاوەڕێی مەرگی خۆتان بن ، یان پێشیان بڵێم : هەی بێ ئاگایین ئیدی واو ئاوها. ئەوەشیان پێبڵێم: ئەی ئەوە نییە عەبە گاوریش لە هەڵکشانەکەیدا نوقلانەیەکی وای لێداوەو بانگی شارییەکانی خۆی دەکات تا بەرەو لووتکە هەڵزنێن و لە لافاو و تۆفێکی ناوەختە ڕزگاربن ، بەڵام مخابن کەسێک نەتەقیی لە پێشبینییەکەی کرد، نە لەسەرە چەرمووەکەی. )

***

دوای سەردەمێک لە خۆ خواردنەوە و خۆحەشاردان، ئەمێستا دڵباز چاویلکەیەکی زەرەبینی لە چاودایە و ڕیشە چەرمووەکەی تا حەناس سینگی شۆڕ بووەتەوە، نە ناوی لەسەر زاری نەیارانی ماوە و نە لە بڵند گۆکانەوە خوێنی دەکرێتە کاسەوە ، بە دڵی پڕ لە حەسرەتەوە ناتوانێت جەمسەری سەردەمەکان پێکەوە گرێ بدات، شنگی ئەمەشی نەماوە وەک جاری جاران ڕۆژانە سەربکەوێتە بان قەڵا و سەرپردەکانی باوەکوات و زیوکید لە دەفتەرە گەورەکەیدا تۆمار بکات ، ئێستا شتێکی ئەوتۆی لە بارەی سەردەمەکانەوە بیر نەماوە لێ ئەوەی لە بیرە لە سەردەمی خۆحەشاردانەکەیدا بە فەرمانێک تێکڕای نەخش و نیگارەکانی سەر دیواری تەلارە دا ڕووخاوەکەی باوەکوات لە ڕیشەوە هەڵکەنراون و کراونەتە ڕێڕەو و ڕۆژ بە ڕۆژ لە بن پێی گەشتیاراندا ورد و خاش دەبن .
دڵباز بەو بێبڕستیەی خۆیەوە ناو بە ناو گوێی لە دەنگی یەکجار دووری باوەکوات و زیوکید دەبێت، دەنگەکەش پتر لە وژە وژێک دەکات، کە لەگەڵ شەپۆلی ڕەشەبایەکی توند وا پێی بگات و هەر ئەوەتا دەی ژنەوێت و نای ژنەوێت. ئەوەشی لە دەفتەرەکەیدا تۆماری کردوە بریتییە لە کۆمەڵە کۆد و هێمایەک ، نەکەسێک دەتوانێت بیان خوێنێتەوە و نە لە زمانەکەشی حاڵی دەبێت، ئەوەش باش دەزانێت سەربردە و پەیامەکانی باوەکوات لە شوێنێکی هەستیاردا پچڕاون و هیچ پەخشکارێکیش قایل نییە، کە سەربردەیەکی ناتەواوی بۆ چاپ بکات ، بۆیە حەلاج ئاسا بەردەوام لەبەر خۆوە هەر دەڵێت : تۆفان . . تۆفان . . تۆفان . . . . . .

. . . /١/٢٠١٠



# دوو کورته چیرۆک

شیرین. ک

# لەگەڵ منی بوو؟

(١)

هەرچەند ئەوەی دوێ شەوی بیر دەکەوتەوە، بزەیەک دەیگرت وخورپەیەک بە هەناویا دەگەڕا، هەموو ورتە و جووڵە و هەناسەیەکی هاوسەرەکەی وەکو فیلمێکی ڕەنگ کاڵی زەمانی زوو بەبەرچاویا بە پچڕ پچڕی دەهاتو دەچوو، لەگەڵ هەڵتەک هەڵتەکی پاسەکەدا و غەڵبە غەڵبی خەڵکەکەو نوزە نوزی گۆرانی ڕادیۆکەدا کاڵو کاڵتر دەبۆوە تا دەبوو بە فیلمێکی ڕەشوسپی کۆن و بە پەنجەرە تووند داخراوەکەی تەنیشتییەوە دەنووسا و لەسەر یەک گرتەی زۆر ڕۆمانسی دەوەستا، کە لە پڕ شەپۆلی گەرماکە لە هەناوییەوە سەرکەوت و هەناسەی سوار بوو، بەپەلە پڕوسکێ پەنجەرەکەی تەنیشتی ڕاکێشاو بەیەک تەکان کردییەوە، ڕەشەبایەکی سارد وەکو شەختەیەکی باڵدار خۆی کێشا بە ڕووی وسنگ و لاملیا، کوڕە هەرزەکارەکەی تەنیشتی زۆر بە ڕەقی وڕقەوە پەنجەرەکەی داخستەوە، بەجۆرێک کە قۆڵوشانی قەمسەڵە چڵکنە بۆگەنەکەی هەڵسو لە چرۆچاوی ژنەکە.

ژنە کەوتە باوەشێن کردنی خۆی بە چمکی سەرپۆشە سپییەکەی ولەبەر خۆیەوە ورتە ورتێکی کرد(ڕۆڵە هەناسەم توووند بوو بۆیە پەنجەرەکەم کردەوە..)، کوڕە هەرزەکارەکەش بێئەوەی ورتە لە دەمییەوە بێت لەسەرخۆ درزێکی کردە پەنجەرەکە، ژنەش لەبەر خۆیەوە(عەمر درێژ بی).

پاسەکە وەستا، کوڕە هەرزەکارەکە دابەزی، کوڕێکی گەنجی شیک سەرکەوت و لە جێگەکەی دانیشت، بەحاڵ بۆنی جگەرەی لێدەهات، دەستی برد بەهێواشی درزی پەنجەرەکەی گەورەتر کرد بۆنی عەترێکی تیژی بەسەر ژنەکەدا باران، ژنەکە هەناسەیەکی ئارامیی دایەوە، کچە قژکاڵەکەی بەردەمیان بە حاڵ ئاوڕێکی دایەوە و بە تیلەی چاو لە کوڕە گەنجەکەی ڕووانی، ژنەکە بزەیەکی بۆ کردو جارێکیدی ئەوەی دوێ شەوی بیرکەوتەوە(چۆن مێردەکەی شووشە عەترەکەی کرد بەسەروسنگی خۆیاو چۆن دوایی بەلەزەتەوە جگەرەیەکی کێشا کەئەم ناڕەزایی دەربڕی لەوەی چۆن لە ژووری نووستندا جگەرە دەکێشێ، وتی: توخوا وازم لێبێنە زۆرم حەز لە جگەرەیە دوای ئەو شتە و خۆ ئێمەش فەسلاو فەسڵ نەبێ کوا..چۆن هەتا سەعاتێ هەر پێدەکەنین بەیەکتری و.. چۆن..)کچە قژکاڵەکەی بەردەمی ئەمجارە بەتەواوی ئاوڕی دایەوەو زەردەخەنەیەکی پانی بۆ کوڕە گەنجەکە کرد، کوڕەش لە ژێر لێوەوە شتێکی وت کە ئەم تێنەگەیشت، پاسەکە گەیشتە سەر پردەکە، کچەکە بە دەنگێکی ناسک کەبە زۆر ناسکتری کردبوو وتی دابەزین هەیە، کە هەستا کوڕە گەنجەکەش بە پەلە بە دوایدا هەستا و ژنەکەش لەدوایانەوە هەستاو لەناو دەرگای پاسەکەدا لەترێکیدا، خێرا خۆی گرتەوە و دابەزی، دەنگێکی گڕ لە دوایەوە وتی: پیرێژن وریا بە نەکەوی!

ژنەکە لەو چرکەیەدا قاچی بەر زەوییەکە کەوت، بە حەپەساوی ئاوڕی بۆ دواوە دایەوە تا بزانێت چ پیرەژنێک لە دواوەیەتی و خەریک بووە بکەوێت تا یارمەتی بدات یا دەستی بگرێت، ڕووخساری پیاوێکی کامڵی بینی زەردەخەنەیەکی تاڵی گاڵتەجاڕانەی بۆ کردو سەرێکی بادا، ئەمیش لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستاو بە واق وڕماوی(لەگەڵ منی بوو؟ بە منی وت پیرێژن!..)مەوالیدەکەی خۆی هێنایەوە یادی بەپەلە دەساڵ دەساڵ کەوتە ژماردنی، تا گەیشتە شەست و یەک، هەستیکرد هەردوو قاچی بووە بە قوڕقوشم و بە زەوییەکەوە نووساون، دڵی کەوتە خورپە خورپ، دیسانەوە هالاوێکی گەرم لە ناخییەوە سەریکرد، عەباکەی کردەوە، ڕووی وەرگێڕا، تەوژمی ڕەشەبا ساردەکە لە چەند چرکەیەکدا گەرماکەی ڕاماڵی، عەرەقێکی ساردی کردەوە، وردە وردە لەرز دایگرت، پشتی کردەوە ڕەشەباکەو عەباکەی توووند کرد، هەستی کرد هەنگاوەکانی قورسن و بەدوایدا نایەن، سەری هەڵبڕی بۆ ئەو دوکانە گەڕا کە بۆی هاتبوو، بەرچاوی لێڵ بوو، دەستی برد بۆ چاوی (دیسان عەینەکەکەم بیرچووە).

خۆی کرد بەو دوکانی قوماشەدا کەبۆی هاتبوو، کابرای قوماش فرۆش وەکو هەمووجار کەوتە موجامەلەکردنی و یەک لەسەر یەک تۆپە قوماشی جلی کوردی بۆ دەکردەوە لەسەزو و مۆر و شین وقاوەیی و زیرەیی و.. ئاوڕێکی لە ئاوێنەکەی سەردیوارەکەی تەنیشتی دایەوە، ئەوەی لە ئاوێنەکەدا بینی ژنێکی سووروسپی قژسوور بوو، زەردەخەنەیەکی بۆ وێنەکەی خۆی کرد، بەرچاوی بەجارێ چرچ بوو، لۆچێکیش کەوتە نێوچەوانی، بەکابرای دوکانداری وت (ئەو قوماشە چویتییەم بۆ دادڕە).

(٢) کە هەستا بۆ نوێژی بەیانی، سووچێکی پەردەکەی لادا بینی ئەستێرەکان جریوە جریویانەو یەک پەڵە هەور چییە بە ئاسمانەوە نییە.. زانی سبەی کە هەینییە دەبێت بچێت بۆ گۆڕستان.

(ئەی چیبکەم چۆن نەچم! هەر دوو جومعە دیار نەبم دشە دەمەوەرەکەم دنیام لێپڕئەکاو هەزارو یەک قسەو باسم بۆ هەڵەبەستێ و..)

نۆ ساڵ لەمەوبەر مێردەکەی کتوپڕ بێ هیچ نەخۆشی یا ڕووداوێک بەلاداهات و مرد لە کاتێکدا بەرامبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشتبوو سەیری هەواڵەکانی دنیای دەکرد.. وایزانی سوعبەتی لەگەڵ دەکات تائەو دەمەی جگەرەکەی دەستی کەوتە پەنا لاملییەوەو جووڵەی بۆ نەکرد، ئینجا زانی گیانی سپاردووە و کردی بەهاوارو ڕۆڕۆ، سەرەتا یەکەم ساڵ هەموو هەینییەک دەچووە سەر گۆڕەکەی، بەڵام وەکو دەڵێن کە یەکێک دەمرێت هەموو ڕۆژێک کێوێک دەکەوێتە بەینەوە و ئیتر وردە وردە خەمەکە کاڵدەبێتەوەو مەیل کز دەبێ و (وانییە.. بەڵام ئینسان لەگەڵ عەزابی قەبردا ڕایەت نەخوازە ئازیز مردن، ئەگینا ئەو خەمە هەر بەسوێیە و مەیلەکەش هەر ئەمێنێ، بەڵام ئیتر مەشغەڵەتی دنیاو ناساغی ومنیش پەکمە و پی..رر.. ئیتر ئاوا)

خەمەکە کاڵدەبێتەوەو مەیل و پەرۆشیی کەمدەبێتەوەو مرۆ بەرەبەرە تاقەتی دەچێت، چونکە دەزانێت ئەوەی لەو گۆڕەدایە ئەو ئازیزە نییە، بەڵکو کۆمەڵێک ئێسک وپروسک و مووی زبرو خۆڵاوییە، کوا ئەو جەستە گەرمە پڕ ژیانە، ئەو چاوە بەبریسکانە و..

(ئا بەخوا ئەو قژە پڕە خاوەی یەک تاڵی سەری نەڕووتابۆوە هەرچەندە ماشوبرنج ببوو.. ئەو باڵا بەرزەی.. ئەو لەبزە شیرینەی کوا؟! قەت ئەو سوێیەی لە دڵم دەرناچێ.. بەڵام چیبکەم!!)

ئەودەمەی مێردەکەی مرد هێشتا ئەم گەنج بوو، سپیکەلەیەکی خانومان وجوانکەلە بوو، منداڵەکانی هەرزەکار بوون، بەڵام هەرزوو دوای ئەو مردنە کتوپڕەی مێردەکەی، بەچەند ساڵێک تەندروستی داڕما، ئەگەر چی بە ڕواڵەت هێشتا هەر جوانکەلەیە..

(بەخوا وابوو ئەو مردنە کتوپڕە دایڕزانم.. موشکیلەو خەموخەفەتی کچی بێباوک و بەزموڕەزمی کوڕی هەرزەکاریش لەوێوە بوەستێ.. ئاخر کابرا هیچی نەبوو لەو سەردمەیەوە ئەوەندەی پێنەچوو لە حەیزیش وەستامەوە..)

ئەم هەینیەش وەکو هەموو ئەو هەینیانەی کە کەشوهەوا ساماڵ و بێباران دەبێ لەماڵ دەرچوو، ئەمە چەند مانگێکە لەگەڵ کچە دراوسێیەکی ڕێکەوتوون پێکەوە دەڕۆن بۆ گۆڕستانەکە، یەکی چەپکێک گوڵیشیان بەدەستەوە بوو، لەسەر شەقامەکە تاکسییەکیان گرت وبەرەو گۆڕستان کەوتنە ڕێ، ئەو بۆسەر گۆڕی خوشکە گەورەکەی کە تازە بەسەر مناڵەوە ڕۆشتبوو، ئەمیش بۆسەر گۆڕی مێردەکەی، هەر چەند بچوایە بۆ سەر گۆڕی مێردەکەی لە باخچەکەی ماڵەوە چەپکێ گوڵی لێدەکردەوە، هەمیشە چەپکە گوڵەکەی زۆر بەناسکی دەگرت نەکا بژاکێت، هەر وەکو ئەوەی بۆ ژوانیی بچێت و بیەوێ چەپکەکەی بە جوانی و ڕەونەقەوە پێشکەشبکات.

( ئەی چۆن ئەو باخە درەخت بە درەختی، هەموو بنچکە گوڵێکی بەدەستی خۆی چاندوێتی، مێوەکانی ئەبڕی، کەپرەکە خۆی کردی، چوار فەسڵەی ساڵ بە دەورو خوولیا ئەهاتو ئەچوو، ئەی منیش وەکو نوری چاوم ئەیپارێزم و هەموو جار چەپکێکی بۆ ئەبەم حەزم لەو گوڵە بێبۆنانەی دوکانی گوڵفرۆشەکان نییە هەر ئەڵێی گوڵی نایلۆنن.. )

لەمسەر کە گەڕانەوە لە دامێنی گردەکەوە تەکسییەکیان دەستکەوت، کابرایەکی چەنەباز بوو دەیویست لەگەڵیان سەری قسەو باس دامەزرێنێ، بەڵام ئەم نقەی لێوە نەدەهات و بەشداری هیچ قسەوباسێکی نەدەکرد، بەڵام کچە دراوسێکەیان جاروبار وەڵامیدەدایەوەو هەندێ قسەی دەکرد، کەنزیک ماڵەوە بوونەوە ئەم پێنج هەزارییەکی دەرهێنا و دەستی درێژکرد بیداتە دەست سایەقەکە، کچە دراوسێکەیان بەپەلە سێتاک دیناری دەرهێنا و وتی (ئەوەی مەیەرێ من وردەم پێیە) سایەقەکە قاقا پێکەنی و وتی(خوشکم لێیگەڕێ تۆ هەقت چییە بزانین پیرێژن خۆی چەندمان دەداتێ؟!) ژنەکە دەرگای تاکسییەکەی کردەوەو پێنج هەزارییەکەی بۆ سایەقەکە فڕێداو وتی( ها بگرە..خۆت پیرەمێردی من پیرە ژن نیم).

# خەون

موعتەسەم ساڵەیی

خەون دنیایەکی لە بن نەهاتووی بێ کۆتایی بەر هەڵە، ئەوەی بە بیرتدا دێتو نایەت ئەوا هەمووی لە جیهانی جەنجاڵو ئاڵۆزی خەوندا بە دیی دەکەیت، هەر وەکو زانا دەروونناسەکان بۆی چوونەو ڕاڤەی دەکەن، گوایە خەون لە نائاگاییەوە هەڵدەقوڵێتو دێتە ئاراوە، بەڵام سەرەڕای هەمووی جارو بار ئاگاییش خۆی دەخزێنێتە نێو ڕووداوەکانی خەونەوە، ئەوەی ڕاستی بێت من خەونێکم بینیو هەستو هۆش ئاگاییو نائاگاییم ئاوێتەی یەکتری بوونو تێکەڵی خەونەکەم بوون، بێگومان خەونی نووسەرێک یاخود بە شێوەیەکی ڕوونتر خەونی چیرۆکنووسێک زۆر جار بە تانو پۆیەو، بۆ نموونە جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ خەونی خاوەن پیشەیەکدا، زۆر جار لە میانی خەونێکدا سەری دەزوولکەیەکم بۆ دارشتنی چیرۆکێک بە چنگ دەکەوێت، لاتان سەیرو سەمەرە نەبێت گەر بڵێم من لەو خەونەمدا هەردوو لایەنی ئاگاییو بێ ئاگاییم بە یەکەوە گرێداوە، لە سەردەمی منداڵیمدا بە شێوەیەکی ڕوونتر لەو دەمەیدا کە قوتابی بووم لەوانەی بیرکاریو ماتماتیکدا بە ڕادەیەکی زۆر کۆڵەوارو بێ توانا بووم،



ئێستایشی لەگەڵدا بێت هەر بە هەمان شێواز وەکو قوتابییەکی زیرەک یاخود وەکو بازرگانێک سەرم لە ژمارەکان دەرناچێت، هەندێ جار شەوی پێش ڕۆژی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوەی وانەی ماتماتیک، خەونی ناخۆشم دەبینیو هەمووی وەهایان پیشاندەدا کە لە ڕۆژی داهاتوودا لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو نابمو نومرەیەکی کەم بە دەستدەهێنم، لەو خەونە ڕەشو تەڵخانەدا نائاگاییم دیمەنێکی دڵتەزێنی بۆم دەخولْقاندو وەهام دەهاتە پێش چاو گوایە لە سەربانێکی بەرزو بڵندەوە فڕێمدەدەنە خوارەوە، نائاگاییم ئەو کارەساتە تۆقێنەرەی بۆم پێکدەهێناو زەندۆقم دەچوو، زارتەریک دەبووم، لەو ساتە وەختەیدا کە بە ئاسمانەوە بەرەو خوار دەبوومەوە، لە پڕ چەمکی ئاگایی بە فریام دەکەوتو بە پەلە بە هانامەوە دەهاتو هێوری دەکردمەوەو پێی دەوتم، مەترسە ئەمە خەونەو ڕاستی نییە... ئیتر منیش هەندێک لە ترسەکانم دەڕەوینەوەو لە پاشاندا لە خەون ڕادەپەڕیمو سەرتاپای جەستەیشم لە ئارەقەدا تەڕ دەبوو، لەم خەونە نوێیەمدا چەمکی نا ئاگاییو ئاگایی یەکانگیر بوونو بۆی هەبوو کە تەونی چیرۆکێک هەڵبچنم. دەوترێت درێژیی هیچ خەونێک چرکە ساتێک تێپەڕ ناکات، بەڵام لە مێشکی ئەو کەسەی کە خەونەکە دەبینێت کاتو وەخت توولان دەکێشێتو وەهای بۆ دەچێت گوایە چەند سەردەمو عەیامێک دەخایەنێت، ئەو خەونەی منیش بە هەمان شێوازو لە سەر هەمان دەستوور ڕێچکەی بەستبوو، ئەوە بوو لە نێو شارێکی نامۆی گەورەدا خۆم بینیەوە کە هەنگاوم دەناو بە جادەکاندا دەسووڕامەوەو تەماشای دوکانو کۆگاکانم دەکرد، وەها دیار بوو کە هەر وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆم بە دووی کتێبو کتێبخانەدا وێڵ بووم، ئەوەی مێشکمی دەورووژاندو نیگەرانی دەکردم، لە نێو جامخانەکاندا جارو بار خۆمم وەکو کەسێکی بە تەمەنی سەرو ریش سپی دەهاتە پێش چاو، لە هەمووی نەنگترو جەرگ بڕ تر ئەوە بوو کە هێزی پێیەکانم نەبوونو بە زەحمەت هەنگاوم دەنا، وەها دیار بوو کە پیرو کەنەفت ببوومو بۆیە گۆچانێکم بە دەستەوە گرتبوو تاوەکو یارمەتیی ڕۆیشتنم بدات، ئیتر ئەمە خەونەو وەهایش زانراوە کە لە نێو خەوندا هەموو شتێکی نا ئاسایی لە ڕادە بەدەر دێتە ئاراوە، لە پڕ ڕووی خۆم بەلای چەپمدا وەردەچەرخاندو بینیم منداڵێکی تووڵازی دە یاخود دووازدەساڵان لەگەڵمدا هەنگاو دەنێتو بە ئاسپایی بە تەنیشتمەوە ڕەوتی دەکردو هەنگاوەکانی لەگەڵ هەنگاوەکانی مندا دەنا، هەرچەند تەماشام دەکردو لێی ورد دەبوومەوە، شێوەو ڕووخساری لە منداڵیی ڕوودانی کوڕە گەورەکەم دەچوو، هەڵوێستەیەکم کردو ویستم پەردە لەسەر نهێنیە سەرسوڕهێنەرەکان هەڵماڵمو پەی بە ڕاستیەکان بەرم، بۆیە رووی دەمم تێکردو لێم پرسی:

– پێم ناڵێیت تۆ کێیتو بۆچی شان بە شانی من هەنگاو دەنێیت!؟

بە سەر سوڕمانەوە دیقەتی دامو دەستی کرد بە پێکەنین، ئەوسا لێم هاتە وەڵامو وتی:

– باپیرە بۆچی نامناسیتەوە!؟ ئەی گوایە جگەرگۆشەو کوڕەزای تۆ نیم.!؟

بە پەلە بە ڕوویدا هەڵشاخامو پێموت:

– ڕوودانی کوڕە گەورەم هێشتا ژنی نەهێناوە.. جا تۆ چۆن کوڕەزای منیت.!؟

– با پیرە پێویستە بڕوام پێبکەیت..

– هێشتا ئەقڵو هۆشم لە جێی خۆیدایەو نەکەیت بە خرفم تێبگەیتو بە خەڵەفاو بێمە پێش چاوت.!

– هیوادارم خۆت هێور بکەیتەوەو لێم زویر نەبیت.

– ئەی گوایە ناوی تۆ چییە؟

– من بێ ناوەو هێشتا ناوم لێنەنراوە.. جا چۆن بانگم دەکەیت ئارەزووی خۆتە..

ئەم قسانەی ئەو کوڕە منی خستە گێژەنگەوەو تووشی واق وڕمانی کردم، لەبەر خۆمەوە هەر دەمپێواو دەمرشتو، دەمووت داخۆ دەبێت ئەم هەموو قسانە ڕاست بن.! لەم حاڵەتەیشدا پرسیار کردنی زۆر ئاکامی باشی نابێتو بۆیە ناتوانم بە ئارەزووی دڵی خۆم هەموو پرسیارێک بکەمو لە هەموو وردو درشتێک بکۆڵمەوە، بەڵام سەرەڕای هەمووی ناچار بووم کە لە مەسەلەکان بکۆڵمەوەو بچمە بنجو بنەوانەی هەموو وردو درشتێک. گۆچانەکەم بە دەستەوە گرتبوو بە هەنگاوی خاوو خلیسک بەرەو پێشەوە ڕێم دەبڕی، چاویلکەکەیشم یارمەتیی دەدام کە پێشی خۆم بە دیبکەم، لە پڕ نەختێک بە ئاستەم پێم هەڵخلیسکاو ساتمەیەکم دا، کوڕەکە بە هانامەوە هاتو بە توندی مەچەکمی گرت نەبادا لەسەر ئەو شۆستەی نێو ئەو بازاڕە ئاپوورەیەدا بە سەر دەمدا بکەوم، جارێکی دیکەیش بە خۆمدا چوومەوەو لە خۆم پرسی داخۆ دەبێت ئاوەها بەم شێوەیە تەمەنم زیادی کرد بێت، کوڕەکەی تەنیشتم یاخود کوڕەزاکەم وەها پێدەچوو کە ئاگاداری خولیای نێو مێشکم بوو بێت، بۆیە هەڵیدایەو دەمی هەڵهێناو پێیوتم:

– باپیرە ئێستا تۆ پیرەمێردێکی بە تەمەنیتو وەها پێویست دەکات کە بە تەنیشتتەوە چاودێریت بکەمو ئاگاداریی تەواوت بکەم.

بە گومانەوە تەماشام کردو پێموت:

– چۆن بزانم کە من ئێستا کەسێکی بە تەمەنم؟

بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆی بسەلمێنێت دەستمی گرتو بەرەو ئاوێنەیەکی گەورەی هەڵواسراوی تەنیشتی کۆگایەکی بردمو پێیوتم:

– تکایە باپیرە لە نێو ئەم ئاوێنەیەوە تەماشایەکی خۆت بکە..

منیش ڕووبەڕووی ئاوێنەکە وەستام، بە واق وڕمانەوە دیقەتی سەرو ڕووخساری خۆمدا، بینیم وەکو هەر کەسێکی بە تەمەن سەرو ریشم بە تەواوەتی سپی بووەو، چاوە کزەکانیشم لە ژێر چاویلکەکەمەوە چرچو گۆشت پاو بوونە، گۆچانەکەی دەستیشم باشترین بەڵگەو نیشانەی پیریی بوو.. ئەوسا دڵنیا بووم کە کوڕەزاکەم بە ڕاستو ڕەوانی لەگەڵمدا دەدوێتو درۆم لەگەڵدا ناکات، پاش ماوەیەک ڕێ بڕین چاوم گێڕاو لەو سەری شەقامە ئاپوورەکەدا هۆڵو باڵەخانەیەکی گەورەم کەوتە پێش چاو، کە لەبەر دەرکی بە گەورەیی نووسراو بوو (هۆڵی وانەی دەروونناسی)، هەر وەکو ئەوەی گەنجینەیەکم دۆزیبێتەوە ڕەنگو ڕووم گەشایەوە. من وەکو نووسەرێک باشترین شت وەهایە خۆم بکەم بەو هۆڵەداو گوێ بیستی بابەتی دەروونناسی ببم، نیازی دڵی خۆم بۆ کوڕەزاکەم درکاندو داوام لێکرد کە لەگەڵمدا ئامادەی وانەی دەروونناسی ببینو لە نێو هۆڵەکەدا بۆ چەند ساتو وەختێک لێی دابنیشین، بەڵام کوڕەزاکەم وەکو نا ڕەزایی دەربڕین شانێکی هەڵتەکاندو لێم هاتە وەڵامو وتی:

– باپیرە لە ڕاستیدا من حەزم بەم جۆرە شوێنانە نییە..

رووی خۆم لێ گرژ کردو پێموت:

– ئەی گوایە حەزو ئارەزووت چییە؟

– زۆر بە پەرۆشم کە ئێستا لە یاریگای تۆپی پێدا وەکو تەماشاکەرێک دابنیشمو بڕوانمە یاریی تۆپی پێ..

بەو وەڵامە قەرس بوومو بە نیوە تووڕەییەکەوە پێموت:

– ئەگەر تۆ بە ڕاستی لە نەوەی منیت، حەز دەکەم مەیلو ئارەزووت بەرەو ئەدەبو هونەرو بیرو هزرو زانیاری بێت..

بە هەر حاڵ بە جووتە چوینە نێو هۆڵەکەوەو لە ریزی پێشەوە هەردووکمان بە تەنیشتی یەکترەوە لێی دانیشتین، کابرایەکم بینی کە لەسەر کورسییەک بەرامبەر بە دانیشتووانی نێو هۆڵەکە دانیشتبوو، وەها دیار بوو کە وانەی دەروونناسیی دەدایە بەر گوێی ئامادە بووان، بە ریشە تۆبزەکەیو چاویلکە ئەستوورەکەیەوە بە ڕادەیەکی زۆر لە زانایەکی ناسراو دەچوو، وانەکەی بەردەوام بوو کە لە بارەی جیهانی جەنجاڵی خەونەوە بوو، کورتەی قسەکانی لەوەدا چڕ دەبووەوە گوایە خەون لە چەمکی بێ ئاگاییە پەنگ خواردووەکانەوە لە کاتی خەودا سەر هەڵدەدات، هەندێک جار ئەوەیشی دووپات دەکردەوە گوایە چەمکی ئاگاییش جارو بار خۆی هەڵدەقورتێنێتە نێو خەونەوە، بە پەنجەی ئاماژەی بۆ کردمو بە دانیشتوانی نێو هۆڵەکەی وت:

– ئەم کابرایەی کە لە بەرامبەرمدا دانیشتووە ئێستا خەون دەبینێت، ئەوەی شایانی باسە چەمکی بێ ئاگاییو چەمکی ئاگایی لە لای یەکانگیر بوونە..

وتارە دەروونیەکەی گەیشتە کۆتاییو ئەوسا دەرگای ڕاگۆڕینەوەو پرسیارو وەڵام خرایە سەر پشت، کابرایەک لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو خەونێکی خۆی بۆ کابرای پسپۆڕو زانا گێڕایەوەو، داوای ڕاڤە کردنو لێکدانەوەی لێکرد، وتی گوایە لە خەونیدا هەمیشە مارێک دەبینێت کە بە نیاز خراپییەوە بە دووی دەکەوێتو شاڵاوی دەباتە سەر، زاناکە لە کابرای پرسی کە پیشەی

چییه؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی دوکاندارە. زاناکە هاتە وەڵامو وتی:
– لێکدانەوەی ئەم خەونەی تۆ ئاسانە، ماناکەی ئەوەیە کە کابرایەکی دوکانداری نزیکت ئیرەییو حەسوودیت پێدەبات، ئەو مارەی کە بە شەوێ دێتە خەونت هیمایە بۆ ئەو دراوسێ دوکاندارە چاو چنۆکەت کە خۆتی لێدەپارێزیت..
لە ڕیزی پشتەوە کەسێکیتر دەنگی لێهەڵبڕیو پرسیاری کردو خەونێکی خۆی گێڕایەوە، وتی گوایە لە خەونیدا باڵندەیەکی باڵشکاوی لە نێو قەفەسێکدا بە دیکردووە، کە زۆر بە زەبوونیو کەساسیەوە دەیخوێندو دەیچریکاند.. ئەمیش لە خەونەکەیدا بە بێ هوودە زۆر تەقەلای داوە تاوەکو دەرکی قەفەسەکە بۆ باڵندەکە بکاتەوەو لە ئەنجامدا هەڵیفڕێنێتو سەرفرازی بکات.. هەرکە کابرا لە گێڕانەوەی خەونەکەی بووەوە، زاناکە پرسیاری لێکرد کە ئایا کەسێکی نزیکی لە زینداندا بەند کراوە؟ ئەویش بە پەلە بەڵێی بە دەمدا هاتو وتی کە بۆ ماوەیەک دەچێت برایەکی لە زیندان توند کراوە.. زاناکە کەوتە لێکدانەوەی خەونەکەو وتی:
– باڵندەکە هێمایە بۆ برا بەند کراوەکەتو قەفەسەکەیش هێمایە بۆزیندانو بەندیخانە، بێگومان هەر وەکو خەونەکەت هەردەم تۆیش لە ئاستی خۆتەوە لە هەوڵو کۆششدایت بۆ دەرباز کردنی براکەت لە زیندان..
کابرای زاناو پسپۆڕ لە سەر قسەکانی ڕۆیشتو وتی خەون بە پێچەوانەی ڕوواڵەتی ژیانی ڕۆژانەوە ڕەنگاو ڕەنگ نییە، بەڵکو هەردەم ڕەنگی خەون ڕەشو تەڵخە، چاویلکەکانی داکەندو پرسیاری ئاراستەی من کردو وتی:
– من خاوەنی دوو چاوی شینم، بەڵام ئایا تۆ ڕەنگی چاوی من چۆن دەبینیت.!؟
منیش بێ سێو دوو هاتمە وەڵامو وتم:
– بەڕێز.. من ئێستا ڕەنگی هەردوو چاوی تۆ بە ڕەشی قەترانی دەبینم..
هەر کە ئەم قسەیەم لە زار دەرچوو، کابرای زانا بزەیەکی بۆ کردو سەرتاپای دانیشتووانی نێو هۆڵەکەیش دایانە قاقای پێکەنین.. منیش لە ئاستی خۆمەوە نیگەران بوومو دەستی کوڕەزاکەم گرتو بە جووتە لە هۆڵەکە دەرچووینە دەرەوە، بۆ جارێکی تریش کەوتینەوە سەر شۆستی شەقامە ئاپوورەکانی شارەکەوە، جامخانەی دوکانو کۆگاکان دەبریقانەوەو هەموویان تەنرا بوون بە شتو مەکو کاڵای جوانو تازە بابەت، کوڕەزاکەم پەلکێشی



کردم بەرەو کۆگای سیدیو قورس فرۆشێک، بە پەلە خۆی کوتایە ژوورەوەو منیشی لەگەڵ خۆیدا بردو پێمیوت:
– دەمەوێت چەند فیلمێکی ئاکشن بکڕم.
گرژیم بەرامبەری نواندو پێموت:
– وەها چاکە ڕوو بکەینە کتێبخانەکەی ئەو بەری جادەکە، بۆ ئەوەی چەند کتێبێک بکڕیتو بیانخوێنیتەوە،
وەها دیار بوو خاوەن دوکانەکە گوێی لە قسەکانم بوو بێت، بۆیە ئەو لە بری کوڕەزاکەم بەرپەرچی دامەوەو وتی:
– واز لەم کوڕەت بهێنەو سەربەستیو ئازادیی لێ زەوت مەکە.
ناچار بووم نییەت بهێنمو دوکانەکە بە جێبهێڵم، پێش دەرچوونم بە کوڕەزاکەم وت:
– من ڕوو دەکەمە ئەو بەر جادەکەو خۆم دەکەم بە کتێبخانەیەکدا تا وەکو چەند کتێبێک بکڕم، تۆیش کە لە کڕین بوویتەوە بێرە لام.
بەهەرحاڵ جادەکەم بڕیو خۆم کرد بە کتێبخانەی کتێب فرۆشتندا، یەکسەر کتێبی (لێکدانەوەی خەون)ی فرۆید لە نێو ڕەفەکەیدا سەرنجی ڕیاکێشتمو بە پەلە دەستم بردو دەرم هێناو کەوتمە دیقەتدانی، لە کابرای خاوەن کتێبخانەکەم پرسی:
– ئەم کتێبە نرخی چەندەو بە چ زمانێک نووسراوە.؟
ئەویش تاوێک بە قسەکانم پێکەنیو ئەوسا هاتە قسەو وتی:
– وەها باشە لە یادت نەچێت کە تۆ لە خەوندایت، بۆیە هەر کتێبێک بە هەر زمانێک بنووسرێت، ئەوا سەرجەم خەڵکی بە بێ جیاوازی لێی تێدەگەن، یاخود لە هەر جێو شوێنێک بین لە جیهانداو بە هەر زمانێک قسەمان کرد، بێگومان تێکڕای خەڵکی لێمان تێدەگەنو ئێمەیش لە دەمو دووی ئەوان تێدەگەین.
دەرچوومو گەیشتمە سەر شۆستەکەو بە دەستێکم دار دەستەکەم گرتبوو بە دەستەکەی تریشم کتێبەکەم هەڵگرتبوو، بۆ ماوەیەک چاوەڕوانیم کردو بە هەموو لایەکدا چاوم گێڕا، بەڵام هەموو هەوڵو تەقەللایەکم بێ سوود بوونو کوڕەزاکەمم نەکەوتە پێش چاو، بە تەواوەتی تووشی ڕاڕاییو دڵە ڕاوکێ بووم، وەهام بە باش زانی خۆم بگەێنمە دوکانی سیدی فرۆشەکەو لەوێدا بکەومە سەرو سۆراخ، کاتێک چوومە نێو دوکانەکەوەو لە خاوەن

دوکانەکەم پرسی سەبارەت بە کوڕەزاکەم، پێی ڕاگەیاندم کە لە مێژەوە ڕۆیشتووەو ئەو شوێنەی بە جێ هێشتووە.. کابرا لێی پرسیم کە ئایا کوڕەزاکەم ناوی چییەو لە وەڵامدا وتم:

– ناوی نییەو هێشتا ناومان لێ نەناوە..!

ئەویش بە گومانەوە تەماشایەکی کردم.. بەوپەڕی نا ئومێدیو هیوا بڕاوییەوە دەرچوومە دەرەوەو بە تەنیشتی شۆستەکەوە لەسەر سەکۆیەک دانیشتم. پاش بەسەر چوونی ماوەیەک دوو پۆلیس بەرەو ڕووم هاتنو یەکێکیان بەوی تریانی وت:

– بە پێی ناوو نیشانەکە ئەم پیاوە خۆیەتی.!

بەو قسەیە سەرسامو نیگەران بوومو لێیان ورد بوومەوە، پۆلیسەکە لێم نزیک بووەوەو لێمی پرسی:

– ئایا تۆ باوکی ڕوودانیت کە ئێستا ون بوویتە؟

بە پەلە وتم:

– بەڵێ من ئەو کەسەم، بەڵام من ون نەبوومەو بەڵکو کوڕەزاکەم گوم بووە.!

پۆلیسەکە سەرێکی باداو وتی:

– نەخێر، بەڵکو تۆ بزر بوویتەو کوڕەزاکەیشت ئێمەی پیاوانی پۆلیسی ئاگادار کردۆتەوەو ناوو نیشانتی پێ داوینو ئەوەتا شەقام بە شەقام بە دوتدا دەگەڕێین، باش بوو خۆش بەختانە ئێستا تۆمان دۆزییەوە..

بە بیستنی ئەو قسانە شڵەژام، خەریک بوو ئازای لەشم لە داخو خەفەتدا بمەیەت، پۆلیسەکە لێم نزیک بووەوەو زۆر بە هێمنیو لە سەر خۆ قۆڵی گرتمو پێی وتم:

– هەڵسەو وەرە لەگەڵمان.. هەڵسەو وەرە لەگەڵمان..

وەکو شێتگیر چاوم کردەوەو لە خەو ڕاپەڕیم.. بینیم ڕوودانی کوڕم بە دیارمەوە وەستاوەو لەسەر خۆ قۆڵو بازووم ڕادەوەشێنێتو یەک لەسەر یەک پێمدەڵێت:

– هەڵسەو وەرە لەگەڵمان.. هەڵسەو وەرە لەگەڵمان..

بەوپەڕی شپرزەییەوە بە سەر جێگاکەمەوە ڕاپەڕیمو لێیدانیشتمو تەماشای ڕوودانی کوڕم کرد، ئەویش درێژەی پێداو وتی:

– هەڵسەو وەرە لەگەڵمان.. ئەم دەمەو عەسرە کەی وەختی خەوتنە.! دەبێت ئێستا بچین بۆ خوازبێنیو ئێستا ماڵی دەزگیرانەکەم لە چاوەڕوانی ئێمەدان..!

ئەمەی وتو دەرچووە دەرەوەو منیش هێدی هێدی هاتمەوە سەر خۆمو کەوتمە سەر هەردوو پێمو لە ئاوێنە هەڵواسراوەکە نزیک بوومەوە، کەوتمە دیقەتدانی خۆم، خۆشبەختانە خۆمم چاو پێکەوت کە تاکو تەرا سپێتی کەوتۆتە قژە سەرمو هێشتا بە ڕادەی خەونەکەم پیرو کەنەفت نەبوومە..! سەبووریم پێدا هاتەوەو ئەوسا بە خۆمم وت:

– خوازبێنی کردن بۆ ڕوودانی کوڕە گەورەکەم بووە مایەی ئەم خەونە ناخۆشو تەڵخەم..!.





# سوپرمانەکەی شەنگەهای

## بیدرو خوان گوتیریز

و/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

لەو ڕۆژگارانەدا هەمیشە ڕابردوو ببووە خولیام و یادم دەکردەوە، بەردەوام ئەوە حاڵم بوو، نەمدەزانی چۆنی خۆم لێ بتەکێنمەوە، بۆیە ژیانێکی ئاڵۆزم دەگوزەراند، ئێستاش هەر وەک ئەوسام، فێر نەبووم بڕواش ناکەم فێربم، بەڵام هەر نەبێ ئێستاکێ شتێک دەزانم نرخی خۆی هەیە : لە تخوبی ڕابردوو خۆ ڕزگار کردن کارێکی نەکردەینیە، بە ئاسانی ناتوانرێ ئەو شتەی خۆشت ویست بوو دەسبەرداری ببی، بەردەوام هەموو ئەوانە دەبنە بەشێک لە تۆ، هەمیشە دەبنە مایەی زیندوکردنەوەی خواستە ڕەواکان بە هێز و تەوژمی حەزی لەبیربردنەوە و تێکدانی ئەو یادەوەریانەی مایەی ئازارن سڕینەوە و لەبیربردنەوەی یادی ئەوکەسانەی مایەی ئازار بوونە، یا نەهێشتنی نوشستیەکانت و ساتە ناهەموارەکانت ئەو دەمە ئیتر سۆزی ڕابردوو داتدەگرێ. تەنها چارەش ئەوەیە لەگەڵیا بژی و ڕابێی. ئەگەر بەختەوەر بین دەتوانرێ ئەو سۆزە لە شتێکی خەماوی و غەم وروژێنەرەوە بە پزیسکێکی روناکی بچوک بکەیت، کە شتێکی نوێمان لە ناخدا پێ سەرهەڵبدات، بە دوو قوڵی خۆشەویستێکی نوێی سەردەمێکی نوێی جیاوازی بکەی، گرنگیش نییە باشتر بێ یاخود خراپتر، ئەوەی گرنگە ژیان لە تەنیاییدا بە فیڕۆ نەدەی، با کەمێ خۆمان لە دەست بدەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە یەکێک بدۆزینەوە چەنمان پێ دەبڕی لەو ئاهەنگەدا ڕابوێرین، ئا ئەوە ئەو بارودۆخە بوو منی تێدا بوم، لەگەڵ ئەم هەموو ئەنجامانە، گەیشتنە شێت بوون خۆی لە پارێزنابوو لێم، بەڵام توانیم خۆمی لێ قورتار بکەم . . . لە ماوەیەکی کەمدا گەلێ شت ڕوویاندا، بۆ چەند مانگێک لە ( هاڤانا ) نەمام، لە شارێکی

دیکە ژیام و بە کاری کڕین و فرۆشتنەوە خەریک بووم ، شتی کۆنم دەکڕی و دەفرۆشت و لەگەڵ کچێکی شێتۆکەدا ، دەژیام شێت بەمانا خاوێنەکەی . هیچ شتێک تێکی نەدا بوو ، چەند جارێکیش توشی زیندانیکردن بوو ، هەموو جەستەی بە خاڵ کوترا بوو ، کەیفم بە خاڵە کوتراوەکانی سەر ڕانی چەپی دەهات ، بریتی بوو لە سەهمێک ئاماژەی لە هەرامەکەی دەکرد ، لە خواریشەوە نووسرابوو : بخۆ و ڕابوێرە . . لەسەر سمتیشی خاڵە کوتراوەکان دەیان گوت : ئەمە هی فلیپە. . .

لەسەر سمتەکەی تری نووسرابوو : نانسی خۆشم دەوێی . ناوی حەزرەتی مەسیحی بە پیتی گەورە لەسەر قۆڵی چەپی کوترابوو ، لەسەر هەر جوومگەیەکی پێی وێنەی دڵێک و یەکەم پیتی یەکێ لە مەعشوقەکانی هەبوو . . .

( ئۆلگا ) بیست و سێساڵەی تێنەپەڕاندبوو ، بەڵام کیوبیانە دەژیا : سەوزە و خواردنەوە و هەموو جۆرەکانی سێکسی . . تووشی سوسنەک هات ، بەڵام چاک بووەوە . . مانگێک پێکەوە ژیاین ، ژیان لە ژوورەکەی (ئۆلگا)دا ، لە ژیانی ناو فیلمێکی پلە xدەچوو ، لەو مانگەدا گەلێ شت فێربووم ، ڕەنگە ڕۆژێ کتێبێک بنووسم بە ناوی ( ڕابەری لادان )ەوە . . بە پارەیەکی باشەوە بۆ ( هاڤانا ) گەڕامەوە . ئەوەندەم پەیدا کردبوو ماوەیەک بە کامی دڵی خۆم بژیم . . بەڵام کە چوومە ماڵی ( مریەم ) ترس لێی نیشت و وتی : لێرە دوورکەوە هەموو شتێک ئاگادارە و دواجا دەتکوژێ . . مریەم ، جەستەی بە لێدان شین و مۆر هەڵگەڕابوو ، زامێک کەوتبووە سەر برۆی چەپی ، مێردەکەی دەساڵیان بۆ بڕیبووەوە تەنها سێ ساڵ لە زیندان مابووە و دەرچوو بوو . هەر کە گەیشتبووە ماڵەوە ، ورد و باریک هاوڕێکانی حەکایەتی من و مریەمیان بۆ گێڕابووەوە، مارکوژی کردبوو ، دوای ئەوە چەقۆیەکی بە دەستەوە گرتبوو ، سوێندی خواردبوو ، تا قوڕقوڕاگەم نەبڕێ داناساکێ . . بڕیارم دا دووربکەومەوە ، بەڵام هیچ شوێنێکم شک نەدەبرد ڕووی لێ بکەم . بۆ ( ئەیناماریا ) پەنام برد و هەمووو شتێکم بۆ باسکرد ، بۆ چەند شەوێک ڕێگای دام لەوێدا بنووم ، ( ئەینا ) لەگەڵ ( بیتریز )ی دەستە خوشکیدا شەوانە ، وەکو عاشق و مەعشوق لەگەڵ یەکتردا ڕەفتاریان دەکرد(بیتریز) ڕۆڵی پیاوی دەبینی ، نکە نک و ئاخ و ئۆف و هەناسەبڕکێیان منیشیان هەراسان کردبوو ، لە جێگاکەی خۆمەوە ئاگرم تێبەر دەبوو ، موچڕکی لەزەت منیشی دەگرتەوە ، تا شەوێکیان خۆم پێ ڕانەگیرا ، پەتم پچڕی و لەوە زیاتر نەمتوانی ئۆقرە بگرم ، چوومە لای نوێنەکەیان و هەرامەکەشم وەک دار ڕەق بوو بوو ، چراکەم هەڵکرد و وتم : با هەرسێکمان دەستی پێ بکەین . . ( بیتریز ) شاڵاوی بۆ هێنام ، دەستی برد لە ژێر نوێنەکەوەقامچیەکی دەرهێنا و وتی : ئەمە برادەری منە و برۆ دایکی خۆت بگێ . . . من نەمدەزانی ئافرەتی ئاوا بەهێزیش هەیە ، دڕندانە ، شەلم کوێرم بە قامچی لێم بەر بوو ، لە هەر کوێیەکی دەدا سوور هەڵدەگەڕا و خوێنی تێدا دەزیا ، لێو و لووتی شەق کردم ، من کەوتم و ئەویش بە قامچی سێ و دووی لێ نەدەکرد ، لەنێوان ئاگایی و بێ ئاگایمدا دەمژنەوت ( ئەیناماریا ) هاواری دەکرد : وازم لێ بێنی . . دواجا کە لە پەل و پۆ کەوتم هەندێ ئاویان بە ڕوومەتمدا پرژان ، بۆ ڕاڕەوەکەی دەرەوە پەلکێشیان کردم و دەرگاکەیانکلۆم دا . ( پیتریز ) دەیقیژان : زۆڵ . . کوڕی قەحپە . . بێوەفا . . ماریا نابێ بەکەس بڕوا بکەیت . . بۆ ماوەیەک هەر لووێدا ڕاکشام و توانای هەڵسانەوەم نەبوودواتر هەرچۆنێ بوو هەستام ، ئەگەر (بیتریز) بهاتبایە دەرگاکە جارێکی کە بێ بەزەییانە بەر قامچی دەدام . . هەندێ لەو ناوانەدا بە دەوری ( ئەنرەستریا )دا سووڕامەوە ، چووم لەناو پارکی ( فراتیرنیراد ) لەسەر تەختەیەک هەڵاژام ، وایان دەزانی سەرخۆشم ، هەندێکیان گیرفانەکانم دەگەڕان ، بەڵام من پارەکەم لە تۆی کتێبێکدا لە ماڵی ( ئەیتاماریا ) دانابوو . . بۆ سبەینێ چوومە نەخۆشخانەی فریاکەوتن ، تیماریان کردم یەک فلسێکم پێ نەبوو ، هێشتا زوو بوو بڕۆم لە ماڵی ( ئەیتاماریا ) پارەکەم بهێنمەوە . . وام بە باش زانی چەند ڕۆژێک چاوەڕوان بم . . چڵکن و قرێژ و ڕیشهاتوو ، پێم نەدەکرا دەرۆزە بکەم ، چوومە کەنیسەی ( لاکاریراد ) ، لەسەر پەیژەکانی بەردەم دەرگای کەنیسەکە دانیشتم ، برسی و ماندوو دەستم لە هات و چۆکەران پان دەکردەوە ، شتێکی ئەوتۆم دەست نەکەوت ، هەموو پارەیان بە پیرەمێردێکی دەرۆزەکەری لەولای منەوە دەدا ، کە شەو داهات ئەو دەورو و بەرە چۆڵ بوو ، پارەیەکی کەمم دەست کەوتبوو زۆریشم برسی بوو ، بیست و چوار سەعات بوو نانم نەخواردبوو ، ساڵانی نەوەدەکان . برسێتی ( هاڤانا )ی گرتبووەوە . خەڵکەکەی دەست نەڕۆ بوون . پیرەژنێکی پێست ڕەش پارچەیەک ڕووەکی ( مەنیهوت )ی پێدام کە تەماشای کردم وتی : ئەوە چی دەکەیت تۆ کوڕی تشانگیت ؟

- بەڵکو کوڕی ( ئۆتشنیش )م

- بەڵام ( تشانگ ) باوکتە ( ئۆتشنیش ) دایکتە ، نوێژیان بۆ بکە ، داوای یارمەتیان لێ بکە لەم تەنگانەیە دەرت بکەن . .

- سوپاس دایکە سوپاس . .

- بەو دەردەوە چەند ڕۆژێکم گوزەراند ، تا برینەکانم سارێژ بوون ئازارم نەما . . لە شەقامەکە پارچە ئاسنێکم هەڵگرت و لە ژێر کراسەکەمدا شاردمەوە . بەرە و ماڵی( ئەیناماریا ) کەوتمە ڕێ کات چاشتی تێپەڕاندبوو ، وام دانا بوو ( پیتریز ) لەوێ نەبێ . . لە دەرگام دا ئەیناماریا دەرگای لێ کردمەوە ، ویستی بە ڕوومدا دایخاتەوە ئاسنەکەم خستە تۆی دەرگاکەو نەمهێشت . خۆم بە ژوورا کرد قیژانی، ویستی بڕوا چەقۆیەک بێنێ .

- ئارام بگرە ( ئایناماریا ) هیچ ناکەم ، شتێکم لێرانە بە جێهێشتووە دەیبەمەوە . .

- هیچ شتێکی تۆ لێرەدا نییە . . . دەرچۆ ، پیاوهەمووی چوون یەک وان . . گەر ( بیتریز ) لێرە بوایە سەرتی پان دەکردەوە کوڕی قەحپە دەرچۆۆ . . .

- لەم کاتەدا خۆم گەیاندبووە کتێبەکە ،

کردمەوە پارەکە لەتۆی دا بوو . لە گیرفانم ناو بۆی دەرچووم . ئایناماریاش لە پڕ کپ بوو . دەمویست زوو بۆی دەرچم و خۆم لە چاو ون کەم ، لەوە دەترسام هاوار بکاو بڵێ دزم هاتۆتەسەر ، ئەو کات توشی مەخسەرەی دنیا دەبووم . . یەکەم شت بوتڵی شەرابم کڕی ، ماوەیەک بوو شەرابم نەخواردبووەوە ، دواجار چوومە ماڵی برادەرێکم پێکەوە دانیشتین و هیدی هیدی شەرابمان نۆش دەکرد پێی وتم :

– بۆ جێگایەک بۆ خۆت پەیدا ناکەیت . . ئا لەو پێچەی ئەولامانەوە پیرەمێردێک بە تەنیا دەژی ، تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵ دەبێت ، تا بڵێی نا ڕەسەنە ، بەڵام ئەگەر پشووت هەبێ ئەوا دەتوانی لەگەڵیا بژی . چەند مانگێک لەمەوبەر ژنەکەی مرد ، وا خۆشی لە برسانا پێی بە دیار قەبرەوەیە ، بڕۆ لەگەڵیا بژی ، چاوت پێوە بێ و خزمەتی بکە ، جارجاریش خواردنی بۆ بێنە ، کە دەمرێ خانووەکەی بۆ تۆ دەمێنێتەوە . . هەر چۆنێک بێت لە ژیانی سەر شەقامەکان بۆ تۆ باشترە . . .

چۆڕمان لە بوتڵە شەڕابەکە بڕی ، یەکێکی دیکەم کڕی و بۆ لای پیرەمێردەکە چووم . . پیاوێکی ناقوڵا ، پێست ڕەشێکی کەنەفت ، ماندوو پەرێشان ، لە ( ٥٥٨ سان لیزارو ) دەژیا ، ڕۆژ تا ئێوارە کپ و بێدەنگ لەسەر کورسیەکی پێچکەدار هەڵدەکورما لەبەر دەرگا بێ دەنگ دەیڕوانیە هات و چۆکەران و دوکەڵی بەنزینی هەڵدەمژی . لە پاڵێشەوە جگەرەی دەفرۆشت ، لە دوکانەکانی ئەو دەوروبەرەی هەرزانتر دەفرۆشت ، پاکەتێکم لێ کڕی ، جگەرەیەکم بۆ درێژ کرد ، وەرینەگرت . . شەرابەکەم پێدا ئەویشی وەرنەگرت . . من لەو سات و دەمەدا ، کەیف خۆش بووم ، هەندێ پارەشم لە گیرفاندا بوو سەرەڕای بوتڵێ شەراب و پاکەتێ جگەرە ، دنیام بە جۆرێکی دیکە دەدی و دەڕوانی ، ئەمەم بە پیرەمێردەکە ڕاگەیاند . . نیوەی شەرابەکەم فت کردبوو ، بۆیە زۆر دەدوام . . دوای کەمێ ڕازی بوو قومێ لە شەرابەکە بخواتەوە . . ئەو دەستی پێکرد و دەرگای قسە کردنی کردەوە :

– من لەسەر شانۆ کارم دەکرد .

– لە کوێ ؟ لە ( مارتی ) ؟.

– نەو . . . لە شەنگەهای . .

– ئاە . . . لەوێ چیت دەکرد ؟! بیستوومە مەلهایەکی خۆ ڕووت کردنەوە لەوێدا هەبوو ، ڕاستە دایان خستووە کە شۆڕش دەستی پێکردووە ؟

– بەڵێ . . بەڵام زۆر لەوێ نەمامەوە . . من لەوێدا سوپرمان بووم ! اە لە شەقامەکاندا ئاگاداریان بۆ من هەڵدەواسی . . تاقە سوپرمان و تەنها لەسەر ئەم شانۆیەدا . . . )) . . دەزانی درێژی ( هەرامەکەم ) کە ئێرەق دەبوو چەند بوو؟ بیست ئینج . . کەسی دیکە هەرامەکەی درێژی ئەوەی منی نەبوو . . کە دەردەکەوتم گۆرانیان بۆ دەگوتم ( دەگمەن . . یەکێکە لە دەگمەنەکانی سروشت . . سوپرمان . . سی سانتیم . . وا ئێستا لە پێشتاندا دەردەچێ و دەیبینن . . )

– تەنها تۆ لەسەر شانۆکە دەبووی ؟

– بەڵێ تەنها من . . دەهاتمە سەر شانۆ . . قەدیفەیەکی سوور و شینم بە خۆمدا دەدا ، لە ناوەڕاستی شانۆکەدا لە پێش تەماشاکەراندا ڕادەوەستام . . قەدیفەکەم دەکردەوە تورِم دەدا جا ڕووت و قووت دەوەستام هەرامە ڕەپبووەکەشم دەکەوتو جوڵە جوڵێکی شێت گیرانە . لەسەر کورسیەک دادەنیشتم ، وام دەردەخست تەماشای ئامادەبووان دەکەم ، بەڵام بۆ شوێنێکی دیکەم دەڕوانی . کچێکی قژ زەردی سپی پێست لە لاوە دانیشتبوو ، ئەوانەی هۆڵکە نەیان دەبینی ، ئەو ئافرەتە دەیوروژانم ، خۆی لەگەڵ (هەرامەکە)ی خۆیدا یاری دەکرد . . کە حەز و ئارەزووی دەبزوا ، پیاوێک دەهاتە لای ، هەموو کارێکیان دەکرد ، کارێکی سەرسووڕهێنەر بوو . . بەڵام لە من بەولاوە کەسێک نەیدەبینین . . ئیتر هەرامەکەم ئارامی لێ دەبڕا ، بەرەبەرەش دەگەیشتمە پۆپەی لەززەت ئەمجا پلەی ( ڕشتن ) بێ ئەوەی دەستی لێ بدەم دەمڕژان . . من ئەوکاتە لە تەمەنی بیستساڵیدا بووم . . وەک ( نافورە ) تۆماوم پرتەی دەکرد بە ڕادەیەک پرشی دەگەیشتە دانیشتوانی ڕیزی پێشەوەی دانیشتوانی هۆڵەکە ، هەموو ئەو کوڕی قەحپانەم بە تۆماو تەڕدەکرد . . .

– ئەم کارەت هەموو شەوێ دەکرد ؟ !

– هەموو شەوێ ، شەوم نەدەبوارد . . پارەیەکی چاکم دەست دەکەوت . . کاتێ بە دەم ئاە و ئۆفەوە دەمڕشت ، دەمم دادەچەقی و چاوم دەچووە تەوقی سەرم ، لە کورسیەکە هەڵدەستام ، گێژ و وێژ سەرخۆش ئاسا ئاگام لە خۆ نەدەما ، ئەو کوڕی قەحپانەش هاواری خۆشییان هۆڵەکەی دەلەرزاندەوە پرشی تۆماوی ڕژاوم بەریان دەکەوت . . ئەوجا دەستیان بە فڕێدانی پارە دەکرد ، پێیان بە زەویدا دەکێشا ، هاواریان دەکرد ، دەچوونە کەشکەڵان ، دەیانقیڕان ( بتڕەژم . . بتڕەژم سوپەرمان . . ) ئەوانە (جمهوری) من بوون ، منیش ئەکتەری لێهاتوو و پەسەندکراوی ئەوان بووم ، لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەدا دەسکەوتم زۆرتر دەبوو ، هۆڵەکە جێگای یەکێکی دیکەی لێ نەدەبووەوە . . لە هەموو جیهانەوە بۆ دیتنی من دەهاتن .

– ئەی بۆ دەستت لەو کارە هەڵگرت ؟

– چونکە ژیان ئاوایە . . هەندێ جار بەرە و بەرزی و هەندێ جاریش بەرە و نشێوی . . ئێستا توانا و هێزی ئەو کاتانەم نەماوە . . هەندێ جار وام لێدەهات نەمدەتوانی ( تەرکیز ) بکەم . . هەنێ جاریش درەنگ دەهاتە جۆش و خرۆش . . چەند شەوێکیش نەدەگەیشتمە پلەی وروژاندن و ڕشتن ، جا شێتگر دەبووم ، دەستم کرد بە خواردنی هەندێ ڕووەکی چینی تا هێزم بە بەرابێ و یارمەتیم بدات . . هەر لەوێ لە دەرمانخانەیەکی چینیدا لە ( زانجا ) دەرمانێکیان بۆ گرتمەوە تا لەو ڕووەوە بەهێز بم ، بەڵام کاردانەوەیەکی خراپی هەبوو، وام لێهات زوو تووڕە دەبووم . . دواجا ژنێکم هێنا ماوەیەکی دوور و درێژ پێکەوە بووین ، لە ( هاڤانا ) دەژیاین ، تا بەر لە چەند مانگێک مرد . . لەو ماوە دوور و درێژە لەگەڵ ئەو ژنەدا نەگەیشتمە پلەی وروژاندن و ڕشتن منداڵمان نەبوو ، ئەو دوانزە ساڵە پێکەوە بووین ئەو ژنە هەرامەکەی منی نەبینی فریشتەیەک بوو بۆ خۆی . . چونکە دەیزانی ئەگەر لەگەڵ مندا جووت بێ ، ئەوا شەو لەسەر شانۆ ئەو کارەم بۆ ئەنجام نادرێ . . دەبوایە بیست و چوار سەعات خۆم ئامادە و تەیاربکەم بۆ نواندنی سوپەرمانێتی . .

– ئەم خۆ ڕاگرتنەت کارێکی ئاسان نەبووە

- دەبوایە وام بکردایە ، یا خۆم ڕابگردایە یانیش لە برسانا بمردبامایە . . ئەو ڕۆژگارە پارە پەیداکردن ئاسان نەبوو . . .
- ئێستاش کارێکی ئاسان نییە . .
- بەڵی وایە ، هەزاران بۆ ئەوە لە دایک دەبن پیسیان بە سەردا بکرێ . .
- دواجا چی ڕوویدا ؟
- هیچ بۆ ماوەیەکی تر لەسەر شانۆ کارم کرد ، هەندێ نمایشم پێ ڕاسپێردرا ، جێگای کەسانی دیکەم لە نمایشەکەدا پڕ دەکردەوە . . لەگەڵ کچێکی قژ زەرد دا شانۆ نامەیەکی کۆمیدیمان پێشکەش کرد ،
- خەڵکەکە بە دڵیان بوو ، دەیانگوت ( خاوەن هەرامە سوپەرەکە و کچە قژ زەردەکە چاکترین دوانەی سەر شانۆن ) بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبوو ، پارەیەکی کەمم دەستگیر دەبوو . . دوا جار چوومە سێرکێکەوە ، خزمەتی ژمارەیەک شێرم دەکرد ، جار نە جاریش لەسەر پەت نمایشم ئەنجام دەدا ، لە هەر شتێک کەمێکم دەکرد . . ژنەکەم جلی دەدووری ، بۆ چەند ساڵێک بەم جۆرە ژیانمان گوزەراند ، ژیان شێتە ، هەندێ جار ئەوەی چاوەڕوان ناکرێ و بە مێشکتا گوزەر ناکات ڕوودەدات . .
- هەندێ شەرابی دیکەمان خواردەوە ، ڕێگای پێدام و ڕازی بوو ئەو شەوە لە لای بمێنمەوە . بۆ بەیانیەکەی هەندێ گۆڤاری سێکسم بۆ پەیدا کرد ، دەمویست ئەو گۆڤارانە بیوروژێنێ ، پەڕە پەڕە



هەڵیدەدایەوە و تەماشایانی دەکرد . . پرسیم
- ژنەکەت لە پێست ڕەشەکان بوو ؟
- بەڵێ بەڵام ئافرەتێکی شایستە بوو ، دروومانی چاک دەزانی ، نەخشەی جوانی دەکرد . . لەناو جێگەشدا خۆم ئاسایی شێت دەبوو . . .
- سوپەرمان حەز لەم گۆڤارانە دەکەی ؟ دیاری منە بۆ تۆ . .
- نەو ، ڕوڵە نەو . . . ئێستا بە کەڵکی من نایەن ( بڕوانە ) پارچەیەکی لە خۆ ئاڵاندبوو کردیەوە نە هەرامەکەی مابوو نە هەردوو گونی ! ! لەگەڵ قاچیدا لە بن بڕابوونەوە ، تا ئێسکی ڕانیشی بڕابووەوە ، هیچ لەوێدا نەمابوو لە بۆریەکی لاستیکی بچووک نەبێ کە لە جێگای میزکردنەکەی بەند کرابوو ، بەردەوامیش دڵۆپە میز چۆڕەی دەهات و دەچۆڕایەوە ناو کیسەیەکی پلاستیکەوە کە بە تەنگەیەوە بەند کرابوو . . .
- بۆ وات لێهات ؟ !
- نەخۆشی ( شەکرە و کەنگرینا )ش بەرە بەرە بەرەو سەرەوە دەهات تا گەیشتە لاقەکانم ، بڕییانەوە ، دەبینی وا بێ گون جارانیش سوپەرمانی شەنگڤهای بووم . . قا قا پێکەنی . . لە دڵەوە پێکەنی . . پێکەنینەکەی گاڵتە پێکردن نەبوو . . . بە ڕاستی لەگەڵ ئەم پیرەمێردە سەیرەدا گونجام . . دەیزانی چۆن بە خۆی پێ بکەنێ . . منیش دەمەوێ ئاوا بکەم :
فێربم ئەگەر گونیشیان بڕیم چۆن بە خۆم پێ بکەنم .

ـ یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی کوبا. ئێستا لە هاڤانا دەژی و لە یەکێ لە گۆڤارەکانی ئەوێدا کار دەکات.
تاتو ژمارە ( ١٣)، ٢٠١٠/٣/١٥



# سێهەمین ڕۆخی ڕووبارەکە

خۆسێ گۆماریس ڕۆزا
و: سابیر مەلوول شاکر

باوکم پیاوێکی مشورخۆر بوو، ئاکار دروستو سەر ڕاست، بەبۆچوونی چەند کەس لەوانەشی کەپرسیارم لێکردنو پیاوی سەرساغو ئەمین بوون، باوکم هەر لەهەڕەتی هەرزەکارییەوەبگرەهەر لەمنداڵییەوەئەم خەسڵەتانەی هەبووە.

بەبیرەوەریی خۆشم نەشادترو نەماتترو نەڕووترشتر بوو لەو پیاوانەی کەدەمناسین، ڕەنگەهێمنتر بووبێ لەوان، ئەوەی لەماڵێ حوکمی دەکردو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکا دایکم بوو نەک باوکم، ئەوەبوون هەموو ڕۆژێکی خودا سەرزەنشتی دەکردین، سەرزەشنتی خوشکەکەمو براکەمو من، بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوەبوو ڕۆژێک باوکم ڕایسپارد بەلەمێکی بۆ دروست بکرێت! بەجدیشی بوو سوورو مکوڕ بوو لەسەر داواکەی، دەیویست بەتایبەتی لەتەختەی ئەکاسیا سازبکرێو دەبێ ساغو پتەو، سفتو ڕوختەبێ تاوەکوو بیست یان سی ساڵبمێنێو دەبێ تەنها کەسێکیش بگرێ. دایکم گرنگییەکی زۆری دا بەمەسەلەکە: چییەپیاوەکەی دەیەوێت لەپڕێکدا ببێت بەڕاوچیو تۆڕەوان؟ یان ماسیگر؟ باوکم هیچی نەگوت، ماڵەکەمان کەمتر لەمیلێک لەڕووبارەکەوەدووربوو ڕووبارەکەلەو دەفەرەدا قووڵو مەنگ بوو تابڵێی بەرین بەجۆرێ چاو هەتەری نەدەکرد لەدوورەوەهیچی لەسەر ببینێ.

هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێتەوەکەباوکم بەلەمەسەوڵدارەکەی وەرگرت، نەشادی نواند نەهیچ سۆزو هەستێکی تری دەربڕی، هەر ئەوەندەی کرد وەک نەریتی هەمیشەیی خۆی کڵاوەکەی لەسەر ناو ماڵئاوایی لێکردین، نەنانو پێخۆرێکی لەگەڵ خۆی برد نەهیچ بوخچەو پریاسکەیەک، واماندانابوو دایکم بەڕوویدا هەڵدەشاخێ

یان هەرچی قسەی ساردو سووکەبەڕوویدا دەدا، بەڵام ناشتی وا ڕووی نەدا، ڕەنگی دایکم هەڵبرووسکاو ڕووخساری بوو بەلیمۆی زەردو لێوی خۆی دەگەست، تەنها ئەوەندەی گوت: ئەگەر دەڕۆی دوور بڕۆو هەرگیز نەگەڕێیتەوە، باوکم وەڵامی نەدایەوەبەسۆزێکەوەلەمنی ڕوانیو بەئاماژە پێیگوتم لەگەڵیدا سەر ڕێکەوم، ترسام دایکم تووڕەبێ، وێڕای ئەوەش بەشەوقەوەبەگوێی باوکم کردو هەردووکمان بەرەو ڕووبارەکە ڕۆیشتین، بەپەرۆشەوەگوتم: باوکەگیان بەبەلەمەکەلەگەڵ خۆتم نابەی؟ تەنیا تەماشایەکمی کردو بەرەکەتی خۆی پێبەخشیمو بەئاماژەیەک داوای لێکردم بگەڕێمەوە، وا خۆم دەرخست دەگەڕێمەوەو هەر کەباوکم پشتی تێکردم خۆم لەپشتی چەند نەمامێکەوەشاردەوەو هەموو هەڵسوکەوتێکیم خستەژێر چاودێرییەوە، باوکم سواری بەلەمەکەبوو کەوتەسەوڵلێدانو لەکەنارو لێوارەکەدوورکەوتەوە، بەلەمەکەوەک تیمساحێکی درێژو ئارام، نەرم نەرم بەسەر ئاوەکەدا خلیسکا، چیدی باوکم نەگەڕایەوە، ئەوەی ڕاستی بێ بۆ هیچ شوێنێکی دیکەش نەڕۆیشت تەنها بەناوڕاست و لێوارەکانی ڕووبارەکەدا چەرخەی لێدەدا، هەموو سەراسیمەبوون، ئەوەی هەرگیز ڕووی نەدابوو ئەوەی ئەستەمەڕووبدات، وا ئێستا ڕوویدابوو، خزمو خوێش، دەرودراوسێکان، دۆستو ئاشنایان هاتنو بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیەکۆبوونەوە، دایکم لەشەرمان دارڕزابوو، یەک دوو قسەیەکی کردو ئیدی مات بوو و خامۆشی هەڵبژارد. لەئاکامی ئەم بێدەنگییەی دایکمدا هەموو کەسێک پێیوابوو - گەرچی ئەوەی بەزاردا نەهات- کەباوکم شێت بووەو ئەقڵی لەدەستداوە، هەرچۆنێک بێ تاکو تەرا لەوان پێشنیاری ئەوەیان کرد کەدەشێ باوکم لەگەڵ خوای خۆیدا یان لەگەڵ پیرەکەیدا نەزری کردبێ، یان دەشێ تووشی نەخۆشییەکی پیس بۆ نموونەگولی بووبێو لەبەر ساغیو سەلامەتی بنەماڵەکەی ڕۆیشتبێو لەهەمانکاتیشدا بەجۆرێک لەجۆرەکان حەز دەکات لەنزیکیانەوە بێ!

ڕێبوارو موسافیرەکانی سەر ڕووبارەکەو کەنارنشینەکان گوتیان باوکم هەرگیز پێ ناخاتەسەر زەوی، تاقو تەنیا، بێ هیواو ئامانج وەک ئەوەی نەفرەتلێکراوێک بێ هەروا بەسەر ڕووبارەکەوەیە، دایکمو خزمەکانیشمان لەسەر ئەوەکۆک بوون کەبەم نزیکانەئەو خواردنەی لەبەلەمەکەدا شاردویەتییەوەدوایی دێو ئەوکات یان ڕووبارەکەبەجێدێڵێو سەری خۆی بۆ شوێنێکی دوور هەڵدەگرێ- کە ئەمەیان لانیکەم شەرافەتمەندانەیەیان پەشیمان دەبێتەوەو دەگەڕێتەوەماڵێ، بەڵام خەیاڵیان چەند خاوبوو، ئاخر باوکم سەرچاوەیەکی نهێنی هەبوو بۆ زادو خۆراک ئەویش من بووم من!. هەموو ڕۆژێکی خودا خواردنم دەدزیو بۆمدەبرد، لەیەکەم شەوی دوای ڕۆیشتنی باوکمدا هەموومان هاتین لەکەنارەکەئاگرمان کردەوەو بەهاوارێکی پڕ لەپاڕانەوەبانگمان کرد، پەشێوو پەرێشان، غەمێکی قووڵ لەدڵم نیشتو هەستمدەکرد پێویستەشتێکی بۆ بکەمو لەوانیتر زیاتر بەتەنگییەوەبم، بۆ بەیانییەکەی بەخۆمو کولێرەیەکی گەنمو بۆڵەمۆزێکو چەند کلۆ شەکرێکی بۆرەوەبۆ ڕۆخو بەستێنی ڕووبارەکەشۆڕبوومەوە، کاتژمێرێکی دوورودرێژ پەرۆشو بێقەرار چاوەڕێم کرد، پاشان لەدوورەوەبەلەمەکەم بینی، تەنیا بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات بەسەر ئاوی ڕووبارەکپو خامۆشەکەدا دەخزی. باوکم لەبنی بەلەمەکەدا دانیشتبوو، بینیمی، بەڵام نەسەوڵی بەرەو لام لێداو نەئاماژەیەکی دامێ، خواردنەکەم نیشانداو بۆ ئەوەی پارێزراوبێ لەگیانەوەرەکانو لەئاونگو باران، هەستام هەر لەو دەوروبەرەکەلێنەبەردێکم لەسەر ڕۆخەکەدۆزییەوەو خستمەناوی. ڕۆژ لەدوای ڕۆژو بێبڕانەوەئەم کارەم کرد، دواتر بەسەرسوڕمانەوەتێگەیشتم کەدایکم دەیزانی چیم دەکردو لەبەر ئەوەش خۆراکی لەشوێنێک دادەنا کەمن بتوانم بەئاسانی بیدزم، زانیم خۆشەویستیو سۆزێکی گەورەی هەبووە، بەڵام دەرینەدەخستو پەنهانی دەکرد، پاشان دایکم ناردی بەشوێنی براکەیدا بێت لەمەزراو کارەکانیدا یارمەتی بدات، لەبەر ئەوەی ئێمەش کاتێکی زۆرمان لەکیس چووبوو لەمامۆستاکەی گێڕایەوەبێو لەماڵێدا دەرسمان پێبڵێتەوە، هەروەتر لەسەر داوای دایکم ڕۆژێک باوکی ڕۆحانی جلکی کەهنوتی خۆی پۆشیو بەڕۆخو کەنارەکەدا داگەڕاو هەوڵیدا ئەو ڕۆحەشەڕەنگێزانەدەرکات کەچووبوونەگیانی باوکمەوە، کۆشا ئەو دوعایانەبەتاڵبکاتەوەکەلەباوکم گیرابوون، هاواری دەکرد: ئەرکی سەرشانی باوکمەکەدەست لەسەر سرختییەناموبارەکەکەی هەڵبگرێت، ڕۆژێکی دیکەش دایکم لەگەڵ دوو سەربازدا ڕێککەوت بێنو یەک دوو فیشەک بەسەریدا هەڵتۆقێنو بیترسێنن، بەڵام ئەمانەهەموو بێهوودەبوون، ئاخر باوکم لەدوورەوەڕادەبرد هەندێک جاریش دوورتر لەوەکەکەسێک بەزەحمەت نەبێت بتوانێت بیبینێت، هەرگیز نەوەڵامی کەسی دەدایەوەو نەکەسیش گەیشتەلایو لێینزیک بووەوە، وەختێکیش کەژمارەیەکی ڕۆژنامەنووس بەکەشتییەکی هەڵمازۆ هاتن تاوەکو چەند وێنەیەکی بگرن، بەلەمەکەی بۆ لاکەی دیکەی ڕووبارەکەئاژوتو خۆی کرد بەناو ئەو زەلکاوانەدا کەوەک ناو لەپی خۆی دەیناسینو هەر زوو خەڵکییان تیا ون دەبوو، لەوێدا لەو وێڵگەتایبەتیەدا کەچەندین میل دەکشاو لقو پۆکان لێک ئاڵابوونو قارامو زەلو ژاژ چواردەوریان تەنیبوو لەئەماندا بوو، دەبایەبەو بیرۆکەیەڕابێین کەباوکم لەسەر تەختی سینەی ڕووبارەکەیەدەبایەڕابێین، بەڵام نەمانتوانی... هەرگیز نەمانتوانی پێموایەمن تاقەکەسێک بووم کەتاڕادەیەک تێگەیشتم باوکم چی دەویست، وەلێ ئەو شتەی کەنەمتوانی لێیتێبگەم ئەوەبوو چۆن بەشەوو ڕۆژ، بەخۆروباران،

لەگڕەو گەرمای تاقەتپڕوکێنی قرچەی هاویندا، لەشەپۆلی سەرمای سەختی چلەی زستاندا لەگەڵ ڕەشەباو زریان، تۆفو بۆران، وەیشوومەو تۆفاندا بەرگەی ناخۆشیو زەقەتی دەگرت، ئەویش بەکڵاوێک لەسەرداو بەجلێکی شڕو پەتوروە. هەفتەدوای هەفتەو مانگ دوای مانگو ساڵدوای ساڵگوێی نەدەدا بەو بۆشاییو سەرگەردانییەی کەژیانیان وێران دەکرد، هەرگیز پێی نەدەخستەسەر زەوییەک یان گژوگیایەک یان جەزیرەیەک یان وشکاییەکی بەستێنو ڕۆخەکە، گومانی تیا نییەهەندێکجار بەلەمەکەی لەشوێنێکی پەنهان ڕەنگەلەلای زمانەی دوورگەیەک دەبەستەوەتا سەرخەوێک بشکێنێ، هەرگیز ئاگرێکی هەڵنەکرد تەنانەت تەڵەشخاتەیەکی دانەگیرساند، لایتێکیشی پێنەبوو، کەمێکیشی لەو خۆراکەهەڵدەگرت کەلەکونەبەردەکەدا بۆم دادەنا، پێموایەئەو نەختەزادە(قوتێک بوو لایموت) بەشی ژیانێکی مەمرەو مەژیشی نەدەکرد، ئەی تەندروستی چۆن بووە؟ ئەی تاقەت چی؟ لەکاتێکدا دەبوو بەردەوام بۆ بەرزەفتکردنی بەلەمەکەسەوڵ لێبدا. ئەی چۆن گیانی خۆی لەلافاوەساڵانەکاندا دەرباز دەکردو بەزیندوێتی مایەوە، کاتێ هەموو جارێک ڕووبارەکەهەڵدەستاو هەموو جۆرەشتێکی ترسناکی وەک قەدی درەختەکانو لاشەی گیانەوەرەتۆپیوو مرداربووەکانی ڕادەدا، کەدەشێ بەر لۆتکەو بەلەمەچکۆلەکەی ئەو کەوتبن؟ چۆن نەمردو ما؟ خودایەچۆن؟

باوکم هەرگیز لەگەڵهیچ زیندوویەکدا قسەی نەکرد، ئێمەش هەرگیز باسی ئەومان نەدەکرد، تەنها بیرمان لێدەکردەوەقەت قەت نەمانتوانی لەئاگرەکەدووری بخەینەوە، ئەگەر بۆمان دەرکەوتبایەکەبۆ ماوەیەکی کەمیش دەتوانین شتی وابکەین، ئەوەوەک سەرخەوێک خۆی دەنواند کەلەپڕ مچوڕکێک بەلەشماندا دەهات، چونکەهەمیشەهەستو هۆشمان لای دۆخی فەلاکەتبارو سامناکی باوکم بو.

خوشکەکەم بەختی هەستاو شووی کرد، بەڵام دایکم نەیویست شاییو زەماوەندی بۆ بکرێت، ئەوەش جێگەی داخ بوو، چونکەهەموو جارێک کەخواردنێکی خۆشمان بخواردایەبیرمان لای ئەو بوو، هەروەتر هەر شەوێک دنیا ساردو تۆفانو زریان بایە، ئێمەلەناو نوێنی گەرمدا بیرمان لەو دەکردەوە، بیرمان دەکردەوەئێستا بڕۆ بێ پەناو پەسێو تاقو تەنها هەوڵدەدات بەدەستی پەتی، یان بەپارچەکولەکەیەک ئاو لەبەلەمەکەی دەربدا، ئەم بیرەش داخی دەنایەجەرگمانەوەو دڵی پڕ دەکردین لەغەمو کەسەر، جاروبار کەسێک دەیگوت وردەوردەخەریکەشێوەی باوکم دەدەمەوەو کوتومت لەو دەچم، بەڵام ئەو کاتانەدەمزانی ئێستا دەبێ قژی سەرو مووی ڕیشی ئاڵۆزو پەرێشان بووبێ، دەمزانی کەدەبێ نینۆکەکانی درێژبووبن، لاوازو باریکو بنێس، نەخۆشو دەردەدار وێنام دەکرد، وام خەیاڵدەکرد ناساغو لاتەزارە، موونەشتەرو تاوەسوتو خۆرانگاز دەهاتەبەرچاوم، تەقریبەن ڕووتو قووت، ئەو بزگوڕو سیپاڵانەی کەمن جارجار بۆمدەبرد چیێ پێدەکرد؟ هیچ پێنەدەچوو هەرگیز دەربەستی ئێمەبێ، بەڵام من لەئاستیدا هەستم بەسۆزو ڕێزێکی بێپایان دەکردو هەر کاتێک لەسەر ئیشێکی باش ستایشیان کردبام دەمگوت ئەوەنەریتی باوکمە، ئەو فێری کردم بەو جۆرەهەڵسوکەوت بکەم واشنەبایەدرۆیەک بوو سپی.

ئاخر وەک گوتم باوکم گوێی بەئێمەنەدەدا، لەگەڵئەوەشدا ئەی بۆچی لەوێدا مایەوە؟ لەسەر چۆمەکەو نەڕۆیشت بۆ ڕێژگەی ڕووبارەکەیان سەرچاوەکەی؟

تا ئەوەندەدوور بێ کەنە ئێمەبتوانین ئەو ببینین، نەئەویش توانای بینینیئێمەی هەبێ، ئەوەلەم بارەوەهەر خۆی ئەوەی دەزانی بۆ نەدەڕۆشتو دوورنەدەکەوتەوە! نۆبەرەی خوشکەکەم نێرینەیەک بوو، کوڕێکی خشپیلانەو خەپەتۆڵە. تاتکم سووربوو لەسەر ئەوەی کەباوکم هەردەبێ نەوەکەی خۆی ببینێ، لەبەر ئەوەلەڕۆژێکی خۆشدا هەر هەموومان شۆڕبووینەوەو چووین بۆ قەراخی ڕووبارەکە، خوشکەکەم کراسی سپی بووکێنییەکەی پۆشیبوو و منداڵەکەی بەرزکردبۆوەو مێردەکەشی چەترێکی لەسەر سەری ڕاگرتبوو، بەدەنگی بەرز بانگی باوکمان کردو چاوەڕوانبووین، باوکم دەرنەکەوت، خوشکەکەم گریاو هەموومان باوەشمان کرد بەیەکداو تێروپڕ گریاین، دواتر خوشکەکەمو مێردەکەی ڕۆیشتن بۆ شوێنێکی دوور، براکەشم چوو لەشار بژی، دواجار دایکیشم شڕوشیتاڵی خۆی پێچایەوەو گوێزایەوە، پیربوو و ڕۆیشت لەگەڵکچەکەیدا ژیان بباتەسەر، بەڵام من نەچوومو مامەوە، چۆڵم نەکرد، هەرگیز نەمتوانی بیر لەژنهێنان بکەمەوە، لەگەڵهەموو تەنگوچەڵەمەی ژیاندا لەوێ مامەوە، وێڕای هەموو کەندو کۆسپێک ئاخر باوکم کەداماوو خاکەسار، تەنهاو گرفتار لەسەر سینەی ڕووبارەکەهاتووچۆی دەکردو بەردەوام لەگەردشدا بوو، پێویستی بەمن هەبوو، دەمزانی ناگوزورو دەستەپاچەیەو ئاتاجی بەمنە، گەرچی هەرگیز هۆکاری ئەم کارەی خۆی پێنەگوتم، قەت قەت نەیگوت بۆ وای لەخۆی کرد، کاتێکیش خەڵکیم دایەبەر ڕێژنەی پرسیاران تەنها ئەوەندەیان گوت کەبیستوویانەباوکم هەموو مەسەلەکەی بۆ کابرای بەلەمساز ڕوون کردۆتەوە، بەڵام ئەفسوس سەد ئەفسووس، ئەمێستەئەو پیاوەمردووەو کەسێک نابینی شتێک بزانێ یان شتێکی بێتەوەیاد: ئیدی قسەیەکی قۆڕ کەوتبووەسەر زاران، قسەیەکی هیچەکەی بێ مانا نەخاسمەکەباران لەیەکبینەبەلێزمەبباریایەدەیانگوت، باوکم وەک نوحی پێغەمبەر دانا بووەو پێشبینی تۆفانێکی تازەی کردووە، هەر بۆیەڕایسپاردووەبەلەمێکی بۆ سازبکرێت، من ئەم قسانەی خەڵکیم بەشێوەیەکی ناڕوون دێتەوەیاد، هەرچۆنێک بێ سەرزەنشتی باوکم ناکەمو هیچ گوناهێکی نادەمەپاڵ، ئیدی ئەوەی کردی کردیو منیش سەروڕیشم سپی بووەو

جگەلەشتەغەمگینەکان هیچی ترم نییەبیلێیم، ئاخر گوناهی من چی بوو؟ چی خراپەیەکم لێوەشایەوەکەباوکم هەمیشەدووربێو هەمیشەش کسپەی دوورییەکەی لەناخما بێو داخ بنێ بەجەرگمەوە؟ ئیدی بەدەستی ئەو پیرییەوەدەمنالاند کەسەری لێدابووم، ئەو پیرییەی کەژیان تیایدا بەرهەڵداو سەرگەردانە، جار لەدوای جار نەخۆش دەکەوتمو نیگەرانو پەرێشان دەبووم، تووشی ڕۆماتیزمێکی سەخت هاتمو برستی لێبڕیم، ئەی ئەو، ئەو بۆ وا دەکات؟ چی سەودایەچی کەڵکەڵەو خولیایەک لەسەریایە؟ ڕەنگەزۆری چەشتبێ، دەبێ دەردو مەینەتییەکی زۆری کێشابێ. زۆر پیربوو زۆر تابڵێی کۆنساڵ ڕۆژێک دێ دوای ئەوەی هێزوگوڕی خۆی لەدەست دەداو پرزەی لێدەبڕێو کەنەفتو زۆرهان دەبێ، لەوانەیەبەلەمەکەی وەربگێڕێتەوەیان لەوانەیەلێبگەڕێ تەوژمی ئاوەکەلەگەڵ ڕەوتی خۆیدا هەڵیبگرێو تاوەکو لەگەڵ تافگەدا شۆڕبێتەوەو بکەوێتەژێر تەندوورەی گێژاوەکەو تێدابچێ. ئەم بیرۆکەیەنیگەرانی دەکردم، هەروەتر هەمیشەئەم وتووێژەدڵی دەگوشیم کەئەو لەدەرەوەیەو منیش تا هەتایەبێبەشم لەدڵنیایی، من گوناهێکم هەیەو نازانم چییە، ئازارەکەم، ناسۆرو برینێکەلەناخم هەڵکۆڵدراوەو هەدانادا و ناسرەوێ. ڕەنگەگەر وا نەبوایەو بەجۆرێکی جیاواز بایەبمزانیایە، مەزەندەی هەڵەکەم بکردایەو زارم هەڵێناباو بموتایە، ئایا شێت ببووم؟ نەخێر لەماڵی ئێمەبەدرێژایی ساڵەکان هەرگیز ئەم وشەیەبەزاری کەسدا نەهاتو هیچ کەسێک بەهیچ یەکێکی نەگوت شێت، چونکەهیچ کەسێک شێت نییە، ئەگەر واشنەبێ دەشێ هەموو کەسێک شێت بێ.

هەموو ئیشوکارم ئەوەبوو بەلۆژەلۆژ بۆ لێواری ڕووبارەکە دەڕۆیشتمو دەستەسڕم بۆ هەڵدەشەقاند، چونکەئەگەری زۆر هەبوو بمبینێ: خۆم لەدەستنەداو چاوەڕوانیم کرد، دواجار لێرەولەوێ بیچمێکی ناڕوون دەرکەوت، لەکۆتایی پشتەوەی بەلەمەکەدا دانیشتبوو چەند جارێک بانگم کرد، بەتاسەوەئەوەی لەدڵمدابوو گوتم، بەڕێزو حورمەتێکی زۆرەوەگوتم، سوێندم خواردو بەدەنگی بەرزو بڵند گوتم: (هۆباوە، باوەگیان، ماوەیەکی دوورودرێژ لەدەرێ مایتەوە، تۆ پیربووی پیر، بابەس بێ بگەڕێرەوە، چیتر نابێ لەدەرێ بی توخوا بگەڕێوە.. باوکەگیان گەر دەتەوێ من لەجیاتی تۆ دەڕۆم، گەر دەتەوێ هەر ئێستا دەڕۆم.

هەر کاتێ دەتەوێ سواری بەلەمەکەدەبمو شوێنت دەگرمەوە)، ئەمەم گوتو دڵم بەتوندی لێیدا. گوێی لێمبوو، بیستیو وەستا، سەوڵەکەی ڕاوەشاندو ئاراستەی بەلەمەکەی بەرەو من گۆڕی، پێشنیارەکەی منی قەبووڵکردبوو..

لەپڕێکدا تەزوویەک بەلەشمدا هات، ئاخر دوای ساڵانێکی زۆر زۆر ساڵانێکی دوورودرێژ بۆ یەکەمجار دەستی بەرزکردەوەو ڕایوەشاند، نەمتوانی.... لەکاتێکدا mووم ڕاست ببوونەوەو ببوونەنەشتەر، بەترسەوەغارمداو ڕامکرد، شێتانەهەڵاتم، چونکەپێدەچوو لەدنیایەکی ترەوەهاتبێ، هەڵهاتمو داوای لێبووردنم دەکرد داوای لێبووردن... لێبووردن، لەرزێک چووەناو سەرتاپای لەشمەوەو نەخۆش کەوتم، دوای ئەوەچیدی هەرگیز نەکەس باوکمی بینیو نەکەس هیچی دەربارەی بیست، ئایا دوای شکستێکی ئاوا چیدی من پیاوم، منێک کەهەرگیز ناکرێ بمەهیچو بوونو نەبوونم وەک یەکە، منێک کەدەبێ بێدەنگەی لێبکەمو خامۆش بم، دەزانم تازەکار لەکار ترازاوەو دەبێ سارانشین بم، دەبێ تا لەژیاندا ماوم لەبیابانەکانو ئەو دەشتانەدا بمێنمەوەکەخاڵین، لەهەر ئاماژەو نیشانەیەکو نەوێرم بگەڕێمەوەڕۆخو قەراخی چۆمەکە، بەڵام کاتێک مەرگ دێو ئێخەم دەگرێو دەمرم، دەمەوێ هەڵمبگرنو لەو ئاوەسەرمەدییەی نێوان هەردوو ڕۆخەدرێژەکەدا بمخەنەناو بەلەمێکی چکۆلەو لەوێدا لەناو ڕووبارەکەدا، لەڕووبارەکەدا ون بم... لەناو ڕووبارەکەدا... ڕووبارەکەدا.

سەرچاوە:
تواریخ ڕولیە
گۆماریس روزا
ترجمەمحمد ابو العطا
دار شرقیات
١٩٦٢

لۆتکە: بەلەم
هەڵماژۆ: هەڵمەڕۆ
بەستێن: کەنار، ڕۆخ، قەراخی چۆمو ڕووبار
تاتک: خوشک
خۆرانگاز: تاوەسووت: بەخۆرسووتاو
بزگوڕ: پینەوپەڕۆ: شڕەوپڕکە.



# چاو خشاندنێک بە نامە گۆڕینەوەی نێوان ئێرنێست هەمینگوای لەگەڵ ویلیام فاکنەر

و: شۆڕش سوڵتانی

نامە نووسین بۆ ئێرنێست هەمینگوای ڕابواردنێکی بەچێژ بوو، هەم دەیتوانی بە بێ ترس ئەوەیکە لە چیرۆکەکانیدا بێ وەڵام ماونەتەوە دەریبڕێو هەمیش بڕێک سەر بزێوی بکاتو لە چوارچێوەی نووسەرییەکەی بێتە دەرێ و لە پشتە سەری خەڵک قسان بکات و چاکو خراپ بڵێ و بە پەلە داوەری بکاتو کوڵی دڵ هەڵڕێژێ بۆ نووسینی چیرۆکێکی نەمری دیکە.

زۆربەی نامەکانی سەر لە بەیانی دەنووسین، بۆ ئەوەی بۆ نووسینێکی تازە ئامادە بێ، یا دوانیوەڕۆیان لە دوای کۆتاییهاتنی بەشێک یان چیرۆکێک لە کتێبەکەی، بۆ ئەوەی ماندوویی و شەکەتیی لە لەش دەربچێ، لەو بارەیەوە بە یەکێک لە ڕەفیقەکانی دەڵێ:" کاتێک عادەتت بە نووسین کرد، زۆر سەختە دەست لە نووسین هەڵبگری، لەبەر ئەوەیە کە پێمخۆشە لەگەڵ ئێوە بدوێم، تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی نامە و وتووێژێکی گەمژانەو یەک لایەنەش دا بێ. "

هەر ئەوەبوو کە بە درێژایی ئەو نیو سەدەیە، بە لەبەر چاوگرتنی ئەو نامەگەلەی کە بزر بوونە و یان بە قەست یان بە سەهوو لە بەین چوونو بەبێ لە بەرچاو گرتنی ئەو هەمووە تەلەگرافەی کە بۆ کەسانی جیاوازی ناردوون، زیاتر لە شەش هەزار نامەی نووسیوە. نامەکانی ئێرنێست میلەر هەمینگوای هەر چەندی بە پەلە، بێ سەرنجو توو‌ند نووسرابن، لانیکەم بە دوو هۆ گرینگییەکی زۆریان هەیە:

یەکەم: بە قەڵەمی یەکێک لە گەورەترین نووسەرەکانی جیهان نووسراون، نووسەرێک کە چیرۆکەکانی نموونەی بەرچاوەو لە بە تێبینی ترین ، بە سەرنجترینو شوێندانەرترین ئاسەواری ئەدەبیی جیهانن.

دووهەم: سەرچاوەیەکی باشن بۆ ناسینی وردی ئەو(نووسەر)ـە و تێگەیشتن لە پێوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکەو بە تایبەتی نووسەرانی ناوداری ئەو سەردەمە.

ویلیام فاکنەر نووسەری هاوچەرخی هەمینگوای و یەکێکە لە ناودارترینی ئەو کەسایەتییانە، فاکنەر تەنیا دوو ساڵ لە هەمینگوای گەورەترەو بە مەودای یەک ساڵ لەدوای خۆکوژیی هەمینگوای کۆچی دوایی کردووە. هەردووکیان ئامریکاییو لە بەرچاوترین نووسەرانی دونیانو هەردووکیان لە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیدا سەرکەوتوو بوون، بە پێچەوانەی جیاوازیی ڕوونو ئاشکرایان کە لە شێوەی نووسینی ئەو دوانەدا بەرچاو دەکەوێ، بەرهەمە ئەدەبیەکانیان بە زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون و هاندەری زۆرێک لە نووسەران بوون بۆ لاسایی کردنەوە و کەڵک وەرگرتن لەو شێوازەی خۆیان..

ڕستەکانی هەمینگوای سادەو چووکەو سەرسووڕ هێنەرن، لە کاتێکدا ڕستەکانی فاکنەر درێژ، شیکەرەوە و لێڵن.

فاکنەر لە بارەی هەمینگوایدا دەڵێ: " هیچ کات کەڵکی لە وشەیەک وەرنەگرتووە کە مرۆڤ ناچار بکات بۆ تێگەیشتن لێی بڕوانێتە وشەدان(قامووس). " هەمینگوایش لە وەڵامدا دەڵێ: " فاکنەری داماو پێیوایە هەستی بە هێز و وورووژێنەر لە وشەی زلو زەبەلاح دا دەردەکەوێ. "

هەر دوو نووسەرەکە دۆستی شڕۆد ئەندرسۆن بوونو لە ژێر کاریگەریی ئەودا بوون، ئەندرسۆن بۆ چاپی کتێبەکانیان یارمەتییەکی زۆری داونو لە نووسەربوونی هەر دووکیاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، هەمینگوای بە پێشنیاری ئەندرسۆن چوو بۆ پاریسو لە ڕێگەی ئەویشەوە لەگەڵ باگرترۆد ئەستاینو ئەزراپاوند ئاشنا بوو و فاکنەریش زۆر جاران لە پێشکەوتنی خۆی لە بواری نووسەریدا، خۆی بە قەرزداری ئەندەرسۆن زانیوە، هەمینگوای زۆرجاران تاریفی فاکنەری کردوەو فاکنەریش ڕەخنەو پێداچوونەوەی بە زۆرێک لە چیرۆکەکانی ئەودا کردووە.

هەمینگوای لە نامەیەکدا بۆ ماڵکۆڵم کۆلی لە بارەی فاکنەردا دەنووسێ: " ئەو لە هەموو کەسێک بە تواناترە و هەر بڕێک هۆشی لەسەر خۆی بێ بۆ ئەو بەسە، وەک چۆن هیچ نەتەوەیەک نییە کە نیوەی ژێر دەستو نیوەشی ئازاد نەبێ، هیچ کەسێکیش نابینی کە نیوەی نووسراوەکانی هەڵیت و پڵیتو نیوەشی ڕاستو بەکەڵک نەبێ، بەڵام فاکنەر ڕاستو ڕەوانو جوان دەنووسێو زۆریش بە باشی کارەکان تەواو دەکاو نووسراوەکانی وەک وەرزی پاییزو بەهار سادەو لەو کاتەشدا بە گرێ و گۆڵن. "

ئەوەیکە لە پێوەندیی ڕاستەو خۆ لە نێوان ئەو دوو کەسە ناسراوەی سەدەی بیستەم بەجێماوە، پێوەندی بە ڕەوتێکەوەیە کە ساڵێک (ساڵەکە لە دەقی فارسیەکەیدا نەهاتووە- وەرگێڕ) ویلیام فاکنەر بانگێشتی زانکۆی می سی سی پێ دەکرێو لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا لێیدەپرسن کە باشترین نووسەری ئەم سەدەیەکێیە و ئەویش توماس وڵفی لە ڕەدەی یەکەم، خۆی لە ڕەدەی دوهەمو دۆس پاسۆسو هەمینگوای بە دوای یەکدا لە ڕەدەی سێهەمو چوارەمدا ، دادەنێو هۆی هەڵبژاردنی ئێرنێست هەمینگوای لە ڕەدەی چوارەمدا بە " بوێر نەبوونی" ئەو دادەنێ. نیۆیۆرک هەراڵدتریبیون قسەکانی ئەو چاپو بڵاو دەکاتەوە، هەمینگوای ئەوە دەبینێو دڵی دێشێو داوا لە دۆستەکەی سەردەمی شەڕی ژەنڕاڵ بووک لانهام دەکات، تا تاریفی قارەمانیەتییەکانی ئەوی لە شەڕدا بۆ فاکنەر بنووسێ. فاکنەریش بە لەگەڵ گەیشتنی نامەکە، وەڵامێک بۆ لانهام دەنێرێو داوای لێبووردنی لێدەکاتو دەڵێ مەبەستی شێوەی نووسینی هەمینگوای بووەو مەنزوورێکی دیکەی نەبووەو تەنیا گوتوویەتی کە هەمینگوای لە پێوانی ڕەوگەی ئەزموونیی ئەدەبیدا ئەوەندە ئازا نییەو خووی بە شێوەی نووسینی چیرۆکی نەریتی گرتووە، فاکنەر ڕوو نووسێک لە نامەکە بۆ هەمینگوای دەنێرێو لە گەڵیشی دا ئەو یادداشتە چووکەیەش دەنووسێ.

***

بۆ، ئێرنێست هەمینگوای
٢٨ژوئنی ١٩٤٧
هەمینگوای ئازیزم
بە خاتری ئەو مەسەلە بە نەعلەت بووە بەداخەوەم، ٢٥٠ دۆلارم وەگیر دەکەوت و پێشم وانەبوو پێشهاتەکە ئەوەندە ڕەسمی بێ و لە شوێنێک چاپ بێ، دەنا زیاترم سەرنج دەدا، زۆرێک لە گرفتەکان هەر ئەو قسانە پێکیان هێناوەو منیش بەو شێوە قسە کردنەم تەواو خۆم خراپ کردووە، ڕەنگە ئەو پێشهاتە ببێتە هۆی ئەوەیکە ئیدی لەم کارانە نەکەم.
هیوادارم ئەو پێشهاتەت بە دڵ نەگرتبێ، بەڵام ئەگەر واهات و ئاوای لێهاتبێ، بە حسێبی کەرێتیمی دانێ.
ویلیام فاکنەر
هەمینگوای لە دوای وەرگرتنی یادداشتەکە ئاوا بۆ فاکنەر دەنووسێتەوە:
بۆ ویلیام فاکنەر
فینکا ویجا ٢٣ی ژوئیەی ١٩٤٧
بێڵی ئازیز
زۆرم پێخۆشە کە هەواڵی تۆم هەیەو پێکەوە لە پێوەندیداین، نامەکەت هەر ئەمشەو بە دەستم گەیشت، تکات لێدەکەم تەواوی دوودڵیەکان وەلا بنێی، من و بوک لانهامیش دڵمان ئێشا بەڵام هەرکە ڕاستیەکەمان بۆ ڕوون بۆوە زویری و ناڕەحەتیەکەمان نەما، ڕات لە بارەی تی ولف و دۆس پاس دەزانم بەڵام ڕازی نیم، تەنیا پێوەندییەک کە ئەو شتە بە ولفەوەی هەیەتی ئەوەیە کە دەبینم ئەو خەڵکی باکووری کارولینایەو لەوە زیاتر نییە، هەمیشە دۆسم خۆشویستووەو قەدرم گرتووەو چونکی گوێی گرانە، بە نووسەرێکی پلە دووی دەزانم، هەر ئەوکارەی کە لە نەبوونی دەستی چەپ لە مست وەشاند دا دەیکات، نەبوونی گوێیش لەگەڵ نووسەری دەکاو ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێ کە کابرا کاری تەواوەو ئەوە ئەو بەڵایەیە کە بەسەر تەواوی کارەکانی دۆس هاتووە.
جیاوازیی من و تۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم، لەو کاتەی کە نیشتمان پەرەست یا سەربازێکی بەکرێگیراو بووم کە لە دەرەوەی وڵات دەژیام، ئەمرۆ نیشتمانەکەم تێدا چووە، دارەکانی بڕاونەتەوە، لەو کێڵگە و مەزرایانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕاوە قازمان دەکرد، شتێک جیا لە پۆمپی بەنزین و بەشێکی چکۆلە چیدیکەی لێنەماوە، دوورە وڵات، بەڵام وڵاتێکی باشم دۆزییەوەو زمانەکەشی وەک زمانی ئینگلیسی فێیر بووم و لە دەستیشمدا، زۆرکەس ئەوە نازانێ، دۆس زۆرجاران بۆ سەیران دەهاتە لامان، منیش بە شێوەیەک لە شێوەکان خەریک بووم دەژیام، قەرز و قۆڵەکانم داوەو هەمووکاتێک ئامادەی شەڕ بووم، تا ئەو جێگەیەی لە بیرم مابێ، قەت جێیەکی دیارم نەبووە و تا پێش ئەوەی کە شکست بخۆین شەڕمان دەکرد، ئەو جارەی ئاخری بە چەکی زیاترەوە شەڕمان دەکرد و لە هەمیشەش سادەتربوو بەڵام زۆر پیس شکستمان خوارد، خۆ ڕەوشەکە لە ئێستاکە خراپتر نابێ.
تۆ لە فیلدینگ و وەکی فیلدینگ، باشتر دەنووسیی و ئەوەش دەبێ باش بزانی و درێژە بە نووسین بدەی، نووسینی وات هەیە کە بەڕای من لە نووسینی ئەوان باشترە و باوەڕم پێبکە دەزانم کە چ دەڵێم و نەخەرفاوم، ئەو هەڵێت پەڵیتانە نابێ لە بارەی نووسەرە زیندووەکاندا بخوێنییەوە، باشتر وایە ئەو چاک و خراپانە حەواڵەی ئەو تاقمە نووسەرە مردووە بکەی کە باش دەزانی چ قەدرو قیمەتێکیان هەیەو دەبێ یەک یەک بە حیسێبی هەمووان بگەی.
بۆ پێش هەمووان لەگەڵ داستایفسکی تێدەکەوی بڕۆ بۆ شەڕی تورگنێف، هەر ئەو کارەی کە کردمان و تا ماوەیەکی زۆر دەنگی تیک تیک مان گوێ لێدەبوو و فشارم دەچۆ سەرێ بەڵام بەو جۆرەی کە کار دەچۆ پێشێ زۆریش خراپ نەبوو، دۆمۆ پاسان لەخۆت قایم بکە، تا ئەو کاتەی مێکوتەی لێنەهاتبوو کوڕێکی سەر بزێو بوو و بەڵام ئێستاش بە سێ زەربە لەکار ناکەوێ، دوایەش بچۆ بەدوای ستاندالدا و حەولی خۆتی بۆ بدە، ئەگەر لێت بردەوە، هەموومان خۆشحاڵ دەبین، بەڵام وەدوای چەواشە بووەچارەڕەشەکانی ئەم ڕۆژگارە مەکەوەو منیش نێویان ناهێنم، هەردوکمان دەتوانین لە فلۆبێری بەرینەوە کە مامۆستای بەڕێزو جێی شانازیمانە... بەڕاست من لەوە زیاتر ناتوانم بچمە سەرێ چونکە ئەزموونێکی زۆرترم نەبووەو ناشم هەوێ تووشی هەڵەت بکەم، بەهەر حاڵ ئەگەر بە بوونی برایەک کە نووسەریش بێ، قایل بە وبە برای خۆتم دابنێ و پێشم خۆشە لە پەیوەندیدابین، چوار مانگێک دەبێ کوڕە نێونجی یەکەم "پێت" نەخۆشە، ئێستاش چاک دەخواو چاکیش دەخەوێ، بەڵام هێشتا باش وەکەیف نەهاتۆتەوە، بمبوورە کە وەک نەدیەوبدی نامەت بۆ دەنووسم، ئەو کوڕە زۆر بە هۆشە، پیرو پاتاڵ... نازەنین، کاپیتانە چەتر بازەکەمان تا ئێستا سێ جار بریندار بووە، ماوەی چەند مانگێک کەوتە بەندیخانەوە و ئێمەش بە سواری هێرشمان کرد کە ئازادی بکەین، بەڵام بۆ یەکەمجار بەدیل گیراو دوایەش ڕزگارم بوو و عەمەلیاتەکەش تێک چۆوە، کوڕە نەخۆشەکەم وێنەکێشێکی باشە، سواری ماشێنێک بوو کە براچووکەکەی لێیدەخوڕی، وەرگەڕاو سەری زەبری دیت، بمبوورە کە ئەوەندەقۆڕ قسەت بۆ دەکەم، خزمەتکارتم. پێمخۆشە کە پێوەندیەکەمان درێژەی هەبێ.
ئێرنێست هەمینگوای



هەمینگوای زۆرجاران حەولیدا پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ فاکنەر پێکبهێنێ، هەروەکی لەگەڵ ئەسکات فیتز و زۆرێکی دیکە دۆست بوو، بەڵام ئەو پێوەندییە بوونێکی نابێ‌و ئەو مەسەلەیەش وردەوردە دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٤٦و بەخشینی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی بە ویلیام فاکنەر، هەمینگوایش پێی وادەبێ کە تەنیا ڕەقیبی لە ئەدەبیاتی ئەو ڕۆژەی ئامریکا لە خۆی دەرچۆ و حسێب بۆ کەس ناکاو ئەگەرچی لێبوردنەکەی فاکنەر قەبووڵ دەکاو ئاوا دۆستانەش وەڵامی دەداتەوە، بەڵام ئەو مەسەلەیە تا کۆتایی ژیانی لە بیر خۆی ناباتەوە و چەند جارێکیش کە لەدەست فاکنەر تووڕە دەبێ دیسان مەسەلەکە لە سەرڕاوە زیندوو دەکاتەوە ولە ئاخریدا دوای نامە نووسین بۆ فاکنەر لە سێ نامەدا کە دوانیان بۆ هارۆی برێت ڕەخنەگری ئەدەبیی نیویۆرک تایمزو یەکێکیان بۆ لیلیان ڕۆس نووسراوە، گلەیی لە فاکنەر دەکات.
هەمینگوای بە پێچەوانەی ئەوەیکە لە نامەکانیدا توندو بە پەلە دەریدەبڕێ، زۆرجاران فاکنەری بە نووسەرێکی بەتوانا داناوەو تاریفی لە زۆر چیرۆکی ئەو کردووەو فاکنەریش هەروەها بۆ نموونە لە پاییزی ١٩٥٢، لە کاتی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لە کتێبی "پیرە و دەریا" دا، ئەوی بە" زۆر باش" داناوە. هەمینگوای دەڵێ:" من ڕێزێکی زۆر بۆ فاکنەر دادەنێم، بەڵام خۆ ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە جارجارە دەمەتەقەی لەگەڵ نەکەم‌و گاڵتەی لەگەڵ نەکەم." ویلیام فاکنەر لە ٢٠ی ژوئەنی ١٩٥٢دا یادداشتێک بۆ هارۆی برێت دەنووسێ‌و لەوێدا بە ڕەواڵەت تاریف لە هەمینگوای دەکات: ساڵەکانی دوایە، هەمینگوای گوتویەتی کە نووسەرەکان دەبێ هەوای یەکتریان هەبێ، هەر وەکی پزیشکەکان‌و وەکیلەکان‌و گورگەکان هەوای یەکتریان هەیە، بەڕای من لەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان خاڵێکی گرینگتر لە ڕاستی یا پێویست لێرەدا هەیەو لانیکەم لە بارەی هەمینگوای، نووسەرگەلێک کە ناچارن چاویان بەسەر یەکترەوە بێ بۆ ئەوەی تێدا نەچن، وەک ئەو گورگانە دەچن کە تەنیا لەگەڵ ڕەوەدا گورگن و لە تەنیاییش دا سەگن." هەمینگوای کاتێک دەزانێ فاکنەر چی گوتووە، لە هۆشی لەسەر خۆی نامێنێ و ئاوا بۆ بێرت دەنووسێ:

بۆ هاروی بێرت
فینکا ویجا ٢٧ی ژوئەنی ١٩٥٢
هارۆی ئازیز
سوپاس لەوەیکە راو بۆچوونی فاکنەرت بۆ ناردم، پێویستیەک کە بۆ هۆی ئەوەیکە ئەو نووسراوەیەی بۆ بنووسم لەبیر نەچۆتەوە، چاکیشی لەبیر ماوە، جارێکیان کە زۆری مەست کردبوو کە هیوادا‌ریشم ئاوا بووبێ ڕاستەوخۆ گوتبووی کە من ترسەنۆکم، تریبۆنی نیۆیۆرک هرالتریبۆن یش ئەوی هەڵگرتوو لە سەرڕاوە چاپی کردەوە و منیش ئەوەم بۆ سەرتیپ سی تی لانهام فەرماندەری پێشینی لەشکری بیستو دووهەمی پیادە نارد، ئێمە کاتێکی زۆرمان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥ــ ١٩٤٦ پێکەوە رابوارد و داوام لێکرد نامەیەک بۆ فاکنەر بنووسێ. فاکنەریش داوای لێبووردنی لە هەردووکمان کردو نووسیی کە من لە نوسەریدا غیرەتی خۆ تاقیکردنەوە و خۆ لە مەترسی دانم نییە. "رێکۆئیم بۆ راهیبە" چاو لێکە بۆ ئەوەی بزانی کاتێک چەندە سەیر زمانی لە گۆ دەچێ و بە حسێبی خۆی، خۆی لە مەترسی داوە، ئیتر باسی ئازایەتییەکەی هەر مەکە.
نامەیەکی دۆستانەم بۆ فاکنەر نووسیو ئەویش ئاوای وەڵام داوەتەوەو گوتویەتی" وەک ئەو گورگانە دەچن کە تەنیا لە رەوەی گورگەکاندا گورگن و لە تەنیایی دا سەگ."
ئێستاش بزانە مەسەلە چ بووە.
هەڵبەت ڕابردوویەکی باشی هەیە. جارێکیان زۆر چاکی تاریف کردووم کە خۆشت بۆت گێڕامەوە، بەڵام ئەو مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ پیش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی، کاتێک لە جێیەک خوێندمەوە کە نۆبێلی بردۆتەوە، تەلەگرافێکم بۆ نارد و هەر بەو شێوەیەی کە شارەزای کارەکەمم، پیرۆزباییم پێ گوت، هیچکاتێکیش سوپاسێکی نەکرد، ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپا هەڵمکێشا، هەر کات کەسێک پرسیاری لێدەکردم کە باشترین نووسەری ئەمریکا کێیە، دەمگوت فاکنەرە. هەرکات کەسێک پرسیاری خۆمی دەکرد، باسی ئەوم دەکرد، بەخۆم دەگوت ڕەنگە لەگەڵ ئەو مرۆڤە برش هەڵاتوانە تێکەوتبێ و هەر کارێکم لە دەست هات بۆم کرد تا پێوەندیەکەی باشتر بێ، هیچکاتیش نووزەم لێوە نەهات کە ناتوانێ لەوە زیاتر بێ، یا ئەوەیکە دەزانم هەمیشەی خودا چ گرفتێکی هەبووە.
کەوایە پێی وابووە من نامەم بۆ تۆ نووسیوە و داوام لێکردووە ئاگای لێمان بێو هەوایەکی ئێمەشی هەبێ، ئەویش من، قەت. من بەگۆڕی بابم پێدەکەنم ئەگەر شتی وا بێ، وتاری داوە، دەی ئافەرین، لەوە دڵنیام کە نە ئێستاو نە هیچکاتێکی دیکە تازە ناتوانێ وتارێکی ئاوا پێشکەش بکاتەوە و دڵنیاشم کە خۆم زۆر باشترو روونترو ڕاستتر لەو دەتوانم بنووسمو بە بێ ئەوەی هیچ درۆ و کەڵەکو چەنەورییەک لە کاردابێ.
هارۆی، ئێستا ئیدی وردەوردە تووڕە دەبم، کەوایە مەجبوورم زۆر لەو جنێو و قسە ناخۆشانە رەش کەمەوە، سەیر ئەوەیە کە فاکنەر لەو ڕستە سەیرو سەمەرانەی داوای هەڵسوکەوت کردووە کە من داوای یارمەتیم لێ کردووە بەڵێ بە سەری خۆی و ئەویش ئەوەندەی لوتف کردووە کە بڵێ بەڕاستی من پێویستیم بە یارمەتی نییە، بەڕاستی خەبەری مەرگی چ خۆشییەکی هەیە. فاکنەر تا کاتێک کە من زیندووم دەتوانی لە خەڵاتی نۆبێلەکەی چێژ وەرگرێو دڵنیاش بە کە هەر وای لێدێ، بەڵام بیری ئێرەی نەکردۆتەوە کە من وەها دامەزراوەیەکم هیچ بە لاوە گرینگ نییەو کاتێکیش کە خەڵاتەکەی بردەوە بەڕاستی پێی خۆشحاڵ بووم، تەلەگرافێکم بۆ ناردو پێمگوت کە چەندە خۆشحاڵم، بەڵام وەڵامێکی نەدامەوە، ئێستاش کە مەسەلەی گورگو سەگ دێنێتە پێشو شتێک کە ماوەتەوە یانی ئەوەی کە دڵم دێشێنێ، حەتمەن پێوەندیی بە مەرگ لە دوانیوەڕۆدا هەیە.
کتێبێک کە تۆ داوات لێکردبوو کە پێی خۆشە پێداچوونەوەی پێدا بکات هەڵیگرتوو لە بارەیەوە ئەو بابەتەی نووسیوەو تەنانەت خۆشی ماندوو نەکردووە کە بیخوێنێتەوە، دیسان بابەتێکی زۆر سەیریشی هەیە، ڕەنگە من زوو هەڵبچمو لەو و هەر لەخۆمەوە سەگو سەگبابی دەربێنم، قەبوڵمە کە من جارجارە ئاوام لێدێ ڕەنگە زگیشم بەخۆم بسووتێ، بەڵام هەر بەڕاستی بۆچی نایە ڕاستو ڕەوان بڵێ کە من پێداچوونەوە ناکەم یا بە شێوەیەکی دیکە بڵێ لە خۆم ڕانابینم، هەر وەکی چۆن من لەبارەی کتێبی ئۆرویل ئەو کارەم کرد، بۆ دەبێ بۆ وەها بابەتێکی مەسخەرە لانی خۆم بگرمو چاوەڕوانیشیان لێم بێ سەگو سەگبابی لە خۆم دەرنەهێنم ئەو تەنانەت لە پارەگرافی دووهەمو سێهەمی بابەتەکەدا، دیسان بابەتەکەی هێناوە گۆڕێ.

رایی منت پرسی، ئەوەش رای من: من ئیدی هیچکام لە بابەتەکانی فاکنەر ناخوێنمەوە، ئەو کاتێک نووسەرێکی باشە کە باشیش بنووسێ و ئەگەریش بزانێ چۆن کتێبێک تەواو بکاو وەک ئەو honest sugaray لە کۆتاییدا وە قوڕ وەسەری نەکەوێ، لە هەمووکەسێک باشتر دەبێ، هەرچەند باش دەنووسێ و لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی چێژ وەردەگرم، بەڵام هەمیشە بەوە قەڵس بووم کە بۆ باش نانووسێ، هیوای سەرکەوتنم بۆی هەیەو دەشزانم کە پێویستی بە ئارەزووەکەی من هەیە، بەڵام حەیف کە کەموکورتییەکی گەورەی هەیە ئەویش ئەوەیە کە هیچ کات ناتوانی لە سەرڕاوە چیرۆکەکانی بخوێنیەوە، ئەگە قەرار بێ جارێکی دیکە بیخوێنیەوە تازە دەزانی چۆنی کڵاو لەسەر ناوی، گرینگ نییە کە چەند جار نوسراوەیەک دەخوێنیەوە، گرینگ ئەوەیە کە بزانی چۆنی نووسیوە، بەخاتری ئەوەیکە لە نێو هەموو نووسراوەیەکی گەورەدا نهێنی و ڕازێکی شاراوە هەیە کە هیچکات ڕوو نابێ، هەمیشەش هەیە، هەرکات لەسەرڕاوە نووسراوە ڕاستیەکە بخوێنیەوە شتێکی تازە فێر دەبی و تەنیا ئەوەنییە کە بزانی جاری هەوەڵ چۆنت فریو خواردووە، بێل زەمانێک ئەو گرفتەی هەبوو بەڵام ئیدی وا نییە، نووسەری باش ئەوەیە کە ئەوەی کە ئێمە لە دەربڕینی بێ توانایین ئەو بە سادەترین جوملەی هەواڵی دەری بڕێ.

باش، ئەوەش لە وانەی ڕەخنە، تەواو بوو.

زۆر زۆرم پێخۆشە کە ئالیس خاتو برێت کتێبەکەی بە دڵ بووە، پێشتریش بۆم نووسیبووی کە چەندم پێخۆش بوو کە تۆش پێت خۆش بوو، هیوادارم کتێبەکە وەدەست کەسێک بکەوێ کە قەزاوەت نەکاو پێشداوەریش نەکاو تەنیا بیهەوێ ڕەخنەی لێبگرێ، ئەگەریش کەس ئەو کارەی نەکرد، دەی کتێبەکە دەمێنێتەوەو شانسەکەی منە ئیدی.

باشترینەکان، هەمیشە

ئێرنێست

پەراوێزەکان: دەزانم کە زۆرم فشار بۆ فاکنەر هێناوە، بەڵام دڵنیام ئەوەندەی کە فشار بۆ خۆم دێنم بۆ ئەوی ناهێنم، ٢١ی ژوئیە دەچم لە ٥٣ ساڵیمەوەو ئەوەندەی وەبیرم دێ حەولی ئەوەم بووە کە باش بنووسم، زۆرم پێخۆش بوو کە ئەو کتێبەی دواییم ـ بە بێ ئەوەی تێبینیی کەسێک یا شتێک بکەم تەنیا بە خاتری ئەو کۆمەڵە کەسەی کە دەیانهەوێ بیخوێننەوە ـ بنووسم نەک شتێکی دیکە، پێویستیش نییە لیپاو لیپ بخۆمەوە تا ئەو هەستەم هەبێ، ئەوەیکە ئێستا دەمهەوێ بیکەم ئەوەیەکە هەمووشتێک لەبیر بکەم و حەول بدەم یەکی باشتر بنووسم.

تکایە لەبارەی ئەم نووسراوانە شتێک بە فاکنەر مەڵێ، حەوسەڵەی دەمە تەقەم نییە، ئەگەر دوای خوێندنەوەی کتێبەکە هەویستی ڕەخنە بگرێ کە چ باشتر، بەڵام ئەگەر قەرار بێ بە بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە قەزاوەت بکات، زۆر مەسخەرە دەبێ، بەڵام تاقەتی دەمە تەقەم نییەو هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم و هیوادارم ناوچەی ئانوماتۆپیۆی ٣ بە درێژایی دەریا درێژەی هەبێ. گاڵتەی پێناکەم ها، بۆ خۆی ویستوویە، بەڕاستمە، من بەگشتی لە هەموو ناوچەیەک هەست بە دڵتەنگی دەکەم، لە هەموو ناوچەیەک.

بەڵام ئەو هەتیوە شتێکی سەیری کردووەو هیوادارم هەمیشە شاد و بە کەیفی ڕاگرێ.

دوێنێ یەکێک لەو ١٧٦ پاوەندییەکانم کرێ کە هێندەی کۆلکەدارێکی لەتکراوی تەویلە دەبوو، بۆخۆشی پێی وانەبوو ڕۆژێک دەخورێ. ئێستا بۆی وەدەر کەوتووین.

دیسان دیام و باوکی ماری ناساغن و گەرەکمانە بەر لەوەی لێرە بڕۆن بڕێک پێکەوە بین، بمبوورە کە هێندەم باسی فاکنەر کرد بەڵام دڵنیابە کە خەتای تۆش بوو، دەکرێ لە بیر خۆمانی بەرینەوە مەگەر ئەوەیکە کتێبەکە بخوێنێتەوەو بیەوێ شتێک بنووسێ.

هەمینگوای هەرکات دەستی لە چیرۆک نووسین هەڵدەگرت دەستی دەکرد بە نامە نووسین و زۆر گاڵتەی دەکردن و هیچی نەدەگێڕاوە، لەمەڕ نامەکانییەوە دەڵێ: " بۆ ئەو نامە گەمژەییانەم بمبوورە... ئەو نامانە بێ سەرەوبەرە و پڕ لە هەڵیت و پڵیتن بە پەلە نووسیومن و بڕیاریش نەبوو کە دەقێکی ئەدەبی بنووسم و هەرچەندە نووسەرێکی باشیش بیت نامەکانت بێ کەڵکتر دەبن.

هەربۆیەشە کەمتر ڕەچاوی ڕێزمانی دەکرد و لە کاتی نووسینی ڕستەکان دا زۆری گوێ پێ نەدەدان و بێ سەرنجانە دەینووسین، وەک بڵێی کەڵکەڵەی کاتی چیرۆکنووسینەکانی ئازاریان دەدا و بەو شێوەیە خۆی لێ دەرباز دەکردن. دەڵێ: " لە بری چیرۆک نامەم نووسیوەو پێمواببووە ڕادەبوێرم و چێژم لێوەردەگرت و هیوادارم ئێوەش لە خوێندنەوەی دا هەروەها هەستێکتان هەبێ.

سەرچاوە: سایتی دیباچە



# ڤان کوخ...
# ژیانێکی تاریک لە ژوورێکدا

و: هەورامان وریا قانع

هونەرمەندی بەناوبانگ "ڤان کوخ" نە خانووی هەبوو نە پەناگایەک، جگە لەو ئوتێلە سادەو هاکەزاییە (ڕافۆ) نەبێت، ئەم ئوتێلە دەکەوێتە شاری (ئۆفیر)ی فەڕەنسییەوەو "ڤان کوخ" تارادەیەکی زۆر هەموو ژیانی لەوێدا بردووەتەسەر، ئەو لەوێدا وێنەی دەکێشاو نانی دەخواردو لەگەڵ کرێکارە هەژارەکانو وێنەکێشە تازە دەستپێکردووەکاندا دەژیا. ئەم هونەرمەندە هەرگیز نەیدەزانی تابلۆکانی، کە لەو سەردەمەی خۆیدا نەدەفرۆشران، دوای مردنی ملیۆن دۆلار دەکەن، بەم شێوەیە ئەم ئوتێلە سادەو هاکەزاییە، بەهۆی بلیمەتیو لێهاتویی "ڤان کوخ"ەوە، بووەتە مەزارگەیەکو ساڵانە بە هەزاران ئاشقانی وێنەکێش سەردانی دەکەن.

"ڤان کوخ"یش وەک زۆربەی زۆری هونەرمەندەکانی دیکە، لە نموونەی "دودینیی واکۆرت"و "بیسارۆ"و "سیزار"، گەشتە ناوچەی (ئۆنفیر سیر لۆزا) تاکو تێیدا بمێنێتەوەو نیشتەجێببێت. پاشان لە ژوورێکی بچووکی ئوتێلێکدا دادەبەزێت: (لە ئوتێلەکەدا بەرامبەر بە شەش فرەنک بۆ هەر شەوێک، ژوورێکیان بۆ ئامادەکردبووم، بەڵام من لەوەدا سەرکەوتووبووم توانیم لە ئوتێلێکی سادەی دیکە (ڕافۆ)، بە نیوەی ئەو پارەیە، ژوورێکیتر بگرم)، شەش فرەنکی ئەوکات بەرامبەر بە یەک یۆرۆی ئێستایە، بەم شێوەیە نەبوونی کوشندە، "ڤان کوخ"ی ناچارکرد بەشوێن جێگەی هەرزاندا بگەڕێت، تاکو ڕۆژەکانی تێدا بەرێتەسەرو تابلۆکانی بکێشێت.

ئەم هونەرمەندە دەربەدەرە لەو ئوتێلە سادەیەدا جێگیربوو، ئەو هەستیدەکرد تەنها بۆ ماوەیەکی کەمو بەشێوەیەکی کاتیی لەوێدا دەمێنێتەوە، بۆیە زۆر دەستی بەو پارەکەمەوە دەگرت کە پێی بوو. پاشان دوای ئەوەی کەلوپەلەکانی وێنەکێشانو پێداویستییە تایبەتیەکانی خۆی، لەناوچەی (ارل)ەوە گەشتنە دەستی، لە ناوەڕاستی شارەکەدا دەستیکرد بە گەڕان بەشوێن گەلەرییەکی بچووکدا، وەلێ زۆر بە خێرایی لەو بیرۆکەیە پاشگەزبووەوە، چونکە بە ژووری ئوتێلەکە ڕاهاتبوو، نەیدەتوانی بەجێیبێڵێت. ساڵی ١٨٩٠ دەنووسێت: (هێشتا هەر ژیانو هونەرم خۆشدەوێت)، دوای ئەوە بە دوومانگ، ئەم هونەرمەندە لە هەمان ئوتێلدا، بگرە لە هەمان ژووردا، دواساتەکانی ژیانی دەژی. دەبوایە مانەوەی لەوێ مانەوەیەکی کاتییبێت، بەڵام ئەو نەخۆش دەکەوێتو لە جێگەدا دەکەوێت، ئەمەش وادەکات لەو شوێنەداو لەژێر چاودێری یەکێک لە پزیشکەکاندا بمێنێتەوە کە جار جارە سەردانی دەکرد.

لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، یادی "ڤان کوخ"ی بەناوبانگ، سەرنجی ژمارەیەکی زۆری لەو گەشتیارانەی ڕاکێشا کە شەیدای هونەرو یادکردنەوەی بوون، ئیدی لەو کاتوساتەدا، ئوتێل (ڕافۆ) کە ببووە چاخانەکەی "ڤان کوخ"، گەشتیاران بەتایبەت دەهاتن بۆ ئەو شوێنە کە تێیدا وێنەکێشی مەزن نیشتەجێ ببوو. لە ساڵی ١٩٥٢ ئوتێلەکە فرۆشرا بە خانەوادەی (تاگلیانا)، ئەمانیش لەلایەن خۆیانەوە باروودۆخی ئوتێلەکەیان چاکردو وایانلێکرد گونجاوتربێت بۆ میوانداری. لەڕێگەی "ئادلین ڕافۆ"وە کە زوو زوو سەردانی "ڤان کوخ"ی لە ژووری ئوتێلەکەدا کردووە، ژوورەکەی سەرلەنوێ نۆژەنکرایەوە، تەنانەت دەرهێنەری بەناوبانگی جیهانی "ڕفانسونت مینیلی"، وێنەی فیلمە بەناوبانگەکەی لەسەر ژیانی "ڤان کوخ"، لەوێداگرتووە، کە هونەرمەند "کیرک دۆگلاس لە فیلمەکەدا " ڕۆڵی "ڤان کوخ"ی بینیوە.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، خانم "تاگلیانا"ی بێوەژن، ویستی ئوتێلەکە بفرۆشێت، بەڵام "ڕیجین"ی کچی، بەخێرایی هەستی بەوەکرد شوێنەکە یادگارییو گرنگییەکەی مێژوویی هەیەو پێویستە پارێزگاری لێبکرێت. لە ساڵی ١٩٨٥ ئوتێلەکە وەک بینایەکی مێژوویی تۆمارکرا کە نابێت بە هیچ شێوەیەک دەستکاری بکرێت. کاتێک "دۆمەنیک شارل جۆنسۆن" کە کاری نۆژەنکردنەوەی ئوتێلەکەی پێ سپێردرابوو، لە نزیک ئوتێلەکەوە تووشی ڕوداوێکی هاتوچۆ دەبێت، ناچاردەبێت لەو ناوچەیەدا بمێنێتەوە. ئەمە وادەکات شارەزای شوێنەکە بێتو لە ماوەی چاکبوونەوەیدا، دەرفەتی خوێندنەوەی نامەکانی "ڤان کوخ"ی بۆ دەڕەخسێت، بۆیە بڕیاردەدا گرنگیو بایەخی زیاتر بە دواهەمین بنکەی وێنەکێشی جیهانی "ڤان کوخ" بدات. دوای حەوت ساڵ لە ئیشکردنی بەردەوام، کە کێشەو گرفتی ئیداری زۆری تێدەکەوێت، لە پایزی ساڵی ١٩٩٣ دەرگاکانی ئوتێل (ڕافۆ) کرانەوە، لەوکاتەوە گەشتیاران بەبەردەوامیو بێ پچڕان، سەردانی دەکەنو لەوێدا بە ڕێزو خۆشەویستییەکی بێپایانەوە، دواهەمین ژوور دەبینن کە تێیدا "ڤان کوخ" نیشتەجێ ببوو.

### لە پیاوێکی ئاینییەوە بۆ وێنەکێش

"ڤان کوخ" لە (کرۆت زاندیر)ی هۆڵەنداو لە باوکێک کە ناوی "تیۆدۆریس ڤان کوخ" بووە، لەدایکدەبێت، ئەم باوکە لە گوندێکی بچووکدا، پیاوێکی ئاینیی پرۆتستانتی بووە. "ڤان کوخ" سەر بە خێزانێک بووە لە شەش مندال پێکهاتووە، لەنێویاندا "تیۆ"ی برای کە بە چوار ساڵ لە "ڤان کوخ" بچووکتربووەو بە درێژایی ژیانی هاودەمی بووەو یارمەتی زۆریداوە. "ڤان کوخ" لە نێوان ساڵانی ١٨٦٤ –١٨٦٨، بەردەوام بووە لە خوێندنو ژمارەیەکی زۆر کتێبی خوێندووەتەوە، ئەو تابلێی دوورەپەرێز بووەو حەزی کردووە بە تەنها بمێنێتەوەو لە ئەندامانی خێزانەکەی دووردەکەوتەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا لە "تیۆ"ی برا بچووکی نزیکدەبووەوەو پێیخۆش بوو قسەی لەگەڵدا بکاتو پێکەوە پیاسە بکەن.

"ڤان کوخ" لەتەمەنی شانزە ساڵیدا، خاوەنی هیچ ئیشێکی دیاریکراو نەبووە، خاڵی کە تابلۆ فرۆشبوو، پێشنیاری بۆ دەکات لەگەڵیدابێتو پێشنیاری بۆ دەکات لە کتێبخانە کۆنەکەی لە لاهای، کە بەشێک بووە لە خانوی (کۆبیل) ئیشی لەگەڵدا بکات. "ڤان کوخ" لەماوەی سێ ساڵدا، بەجدیی ئیش دەکاتو شارەزاییەکی باش لەئیشەکەدا پەیدادەکات. لە ساڵی ١٨٧٣ وەک بەرزکردنەوەیەک بۆ ئەم گەنجە تێکۆشەرە، نێردرا بۆ لەندەن، تاکو لەوێو لە پاشکۆیەکی دیکەی ئەو کتێبخانەیەدا ئیشبکات. هەر لەوێ لەگەڵ خێزانێکدا نیشتەجێ دەبێت، زۆر بەخێرایی کچێکی ئەو خێزانەی خۆشدەوێت کە ناوی "ئۆرسۆلا" دەبێت، کاتێ مەسەلەکە ئاشکرادەبێت، لە ماڵەکە دەردەکرێت، ئەمە بۆ ئەو وەک شەرمەزارییەکی گەورە وابوو، دوای ئەوە بۆ ماوەیەکی درێژ هەستی بە دڵتەنگیو خەفەتکرد.

"ڤان کوخ" لە ساڵی ١٨٧٦ بەو هیوایەی وەک باوکی ببێت بە پیاوێکی ئایینی، دەست لە ئیشەکەی هەڵدەگرێت، لە ساڵی ١٨٧٧ بۆ ساڵی ١٨٧٩، دەستدەداتە خوێندنی زانستی ئاینو زمانی لاتینیو گریکی، پاشان لەو جۆرە خوێندنە پاشەکشە دەکاتو لە شاری (بۆریناج) وەک کەسێکی تەبشیری کار بۆ ئینجیل دەکات. بەرامبەر بەو ژیانە پڕ نەهامەتیو چەرمەسەریەی کرێکاری کانەکانی تێدادەژیان، زۆر دڵگرانو نارەحەت دەبێت، بۆیە هەمووزەو توانای بۆ کێشەی ئەو کرێکارانە دەخاتەگەڕ، چی هەبوایە پێشکەشی ئەوانی دەکردو خۆشی لە نەبونیدا ژیانی دەگوزەراند، وەلێ بەرپرسانی ئیشەکە، هەستیان کرد ئەم هەڵوێستەی زیادەڕۆیی تێدایە، بۆیە بڕیاریاندا دوای ئەوەی ماوەی ئیشکردنەکەی کۆتایی پێدێت، چیتر گرێبەستەکەی بۆ تازەنەکەنەوە، جگە لەوە ئەو بەرپرسانە پێیانوابوو "ڤان کوخ" زۆر بە زەحمەت دەتوانێت قسە لەبەردەمی خەڵکدا بکاتو قەناعەتیان پێبکات، ئیدی گرێبەستەکەیان بۆ تازەنەکردەوە. لێرەوە "ڤان کوخ" بڕیاریدا ئاراستەی ئیشکردنی لە کاروباری ئاینیدا بگۆڕێت، ئەو لە تەمەنی بیستو حەوت ساڵیدا، حەزی لە وێنەکێشان بوو، بۆیە بڕیاردەدات ببێت بە وێنەکێش.

"ڤان کوخ" بە هۆی کارەکەیەوە، بۆ چەندین ساڵ لە "تیۆ"ی برای کە خۆشیدەویست دوورکەوتبووەوە، براکەی وەک "ڤان کوخ"، ئیشی لە فرۆشتنی تابلۆکاندا دەکرد، ئەو



ئیشەی بە درێژایی ژیانی خەریکی بوو، بەڵام لەماوەی دوورکەوتنەوەیاندا، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نامەیان لەگەڵ یەکتر گۆڕیوەتەوە. "ڤان کوخ" لە ئەکادیمیای (برۆکسل) دەستیکرد بە خوێندنی وێنەکێشان، وەلێ لە ساڵی ١٨٨١دا، تووشی شکستێکی دیکەی سۆزداری بووەوە، یەکێک لە کچەکانی مامی خۆشدەویست، لە ئەنجامی ئەو شکستەدا، هەموو وزەی خۆی بۆ ئیشکردنو وێنەکێشان تەرخانکرد. "ڤان کوخ" لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٦، تابلۆکانی بەناوی "فانسان" واژۆدەکرد. لەو ساتەوەختەدا، "تیۆ"ی برای کە لە زانکۆی (ئەنفیر) دەیخوێند، یارمەتی مادیی دەدا، چونکە پێشانگەکانی "ڤان کوخ" هیچ سەرکەوتنێکی بەدەستنەدەهێنا، "ڤان کوخ" لە پاریس و لە ماڵەکەی "تیۆ"ی برایدا دادەنیشت، بەڵام تەبیعەتی "ڤان کوخ" هەندێ کێشەو گرفتی لەنێوان ئەو دوو برایەدا هێنایەئاراو نێوانیان پەشێوییەکی توندی بەخۆیەوەبینی، بۆیە هەردوو برا پێیان باشبوو بۆ ماوەیەک لەیەکتر دوورکەونەوە، "ڤان کوخ" پێیباش بوو لە وڵاتێکی خۆرەتاودا بژیو بڕیاریدا پاریس جێبێڵێت.

لە ساڵی ١٨٨٨، گەشتە ناوچەی (ئارل)ی خۆرەتاونشین، سروشت یەکەم سەرچاوەی ئیلهامبەخشی "ڤان کوخ" بوو، ئیدی دەستیکرد بە وێنەکێشانی بێستانەکانو گوڵەکانو گوڵەبەڕۆژە کە زۆر سەرسامبوو پێی، تابلۆکانی بۆ براکەی دەنارد، براکەی هەوڵیدەدا ئەو تابلۆیانە بفرۆشێت، کەچی لە فرۆشتنیاندا سەرکەوتوو نەبوو. "تیۆ" موچەیەکی مانگانەی بە بڕی ١٥٠ فرەنک (١٥ یۆرۆ)ی بۆ دەنارد، ئەویش بەو پارەیە خانوویەکی بچووکی بەکرێ گرت، هاوڕێ وێنەکێشەکانیو برادەرەکانی، بانگکرد، تاکو ڕازیبیانبکات لەو خانووە بچووکەدا، گەلەرییەکی هاوبەش دروستبکەن، گەلەرییەک هەرگیز ڕووناکی نەبینی.

لە ڕاڕەوەکانی ئوتێل ڕافۆدا

هیواو ئاواتی "ڤان کوخ" نۆژەنکردنەوەی ئوتێلەکە بوو، ئەم هیواو ئاواتەشی پێش مردنی، لەو نامەیەدا دەربڕی بوو کە لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٠، بۆ براکەی نوسیبووی‌و دەڵێ: (لە ڕۆژێک لە ڕۆژەکان.. لەم چاخانەیەدا ئیشەکانم نمایشدەکەم). بە دروستی هەر ئەوەش ڕوویدا، کاری نۆژەنکردنەوەی ئوتێلەکە سەرکەوتووبوو، بەشێوەیەک چێشتخانەکە بە دیکۆرەکەی‌و بە ڕەنگی دیوارەکانی‌و بە کەلوپەلە کۆنەکانی‌و بە مێزو کورسی‌و ڕەفە کۆنەکانی، شێوەی جارانی وەرگرتەوە، شێوەی دیکۆری سەدەی بیستەم.

ئوتێلەکە هەمووم ڕۆژێک ئەو خواردنە سادەیەی پێشکەش دەکرد کە "ڤان کوخ" حەزی لێبوو، "گاشی" پزیشک کە چارەسەری "ڤان کوخ"ی دەکرد، هەوڵدەدا وەسفی ئەو ژەمە خواردنانەمان بۆ بکات کە ڕۆژانە چوار تا پێنج قاپ لەبەردەمی "ڤان کوخ" دادەنرا، تا وایلێهات ناوی ئوتێلەکە بۆ هەتاهەتایە بە ناوی ئەو خواردنانەوە ناودەبرا کە پێشکەشی دەکردو "ڤان کوخ" داوای دەکرد.

ئەو ژوورەی مردنەکەی "ڤان کوخ"ی بینی

سەبارەت بەو ژوورەی "ڤان کوخ" دواهەمین هەناسەکانی خۆی تێدادا، وەک خۆی مایەوەو بەتاڵییەکی ترسناک دەورەی دابوو: هیچ کەلوپەلێکی تێدا نەبوو لە کورسییەک‌و پەنجەرەیەک‌و دۆلابێک زیاتر. لە تەنیشت ژوورەکەوە، ژووری وێنەکێشی گەنجی هۆڵەندی "هێرشیگ جار فانسنیت" هەبوو کە هاودەمی دوا هەناسەکانی "ڤان کوخ" بوو. ژوورەکەی "ڤان کوخ" لەگەڵ کەلوپەلە ئەسڵییەکانیدا، نۆژەنکرایەوە، بە جۆرێک بەڕوونو ئاشکرایی شێوازی دیکۆراتی کۆتایی سەدەی بیستەمی پێوەدەبینرێت. لە سەر یەکێک لە دیوارەکانی ئەو ژوورەدا، "ڤان کوخ" وێنەی (پیاوە خاوەن سەبیلەکە)ی کێشاوە کە تێیدا وێنەی پزیشکە کەنارگیرو بە وەفاکەی بەرجەستە کردووە.

"ڤان کوخ"ی نەمر ئەو ئوتێلەی وەک پەناگەیەک بۆخۆی هەڵبژارد، نەک لەبەر جوانییەکەی، بەڵکو لەبەر نرخە هەرزانەکەی.

هونەرمەندە تازە دەستپێکردووەکانو کرێکارو خاوەن پیشە سادەکان، سەردانی "ڤان کوخ"یان دەکرد، ئەو لەنێوانیاندا دەژیا. "ڤان کوخ" بە تەواوی نەیدەزانی دوای دەیانو سەدان ساڵ، بگرە دوای هەزاران ساڵ، لە هەموو لایەکی جیهانەوە، گەشتیاران دێن، تاکو بەشداربن لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی کە کاتی خۆی "ڤان کوخ"ی بەرەو ئەو ئوتێلە سادەیەی هێناو هەمان ئەو ژەمە خۆراکانە دەخۆن کە ئەو خواردویەتی، بگرە گوێ لەو هاواری مردنەی دەگرن کە لەنێوان دیوارەکانی ژوورەکەدا بە نەمری ماوەتەوە، بەو هیوایەی هەناسەیەک هەڵمژن شتێک لە ڕۆحی ئەو هونەرمەندەی تێدابێت کە ناوی بۆ هەتاهەتایە وەک پەنجەمۆرێک وایە بەجیهانەوە.

ماڵی دووەمی

"ڤان کوخ" پەیوەندی هاوڕێیەتییەکی قووڵی لەگەڵ "گۆشی" پزیشکدا هەبوو، کاتێ "ڤان کوخ" ئەم پزیشکە دەناسێت، پزیشکەکە بێوە پیاو بووە، کوڕو کچێکی بەناوەکانی "بۆل"و "مارگرێت" هەبووە، لەشەقامێکدا نیشتەجێ بووە هەنووکە پێیدەوترێت (شەقامی دکتۆر گۆشی)، شەقامەکە بریتییە لە خانوویەکی تاکوتەنها لەسەری سەرەوەی گوندەکە، بەهۆی پلیکانەیەکی تەسک‌و تەنگەوە بۆی دەچێت. ئەم خانووە بۆ "ڤان کوخ" گرنگ بووەو ناوبەناو سەردانی کردووە، وەک ماڵی دووەمی وابووە، تێیدا هەستی بە ئازادیو جێگیریی کردووە، تەنانەت تابلۆکانی تێدا دروستکردووە.

سەرچاوە: شاکر نوری، مسارات البیان، ٢٠١٠/٤/٤




# شەوکوتەکان:

## وەک ڕۆمانێکی واقیعیو ترسناک

ئیدریس عەلی

(کەی لەو کۆشکە بەنەعلەتکراوە دەردەچیت؟ گوێبگرە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەوەی ڕوویداوەو تۆ قوربانیەکەی و بینەری بوویت بنووسیتو بڵاوی بکەیتەوە.. سەدام کەوتو سەردەمێکی تر دەستی پێکرد) کچەکەی نووسەری ئەم ڕۆمانە وای پێگووت، ئەمەش پاش ئەوەی جارێکیان باسی ئەو مێردەزمەیەی بۆ کردووە کە پتر لەچل ساڵ بەسەریەوە بوو، هەموو جارێکیش وەک چۆن نووستوو خەو دەبینێ خۆی دەبینی بەراڕەوەکانی کۆشکێکی گەورەدا ڕادەکاتو هەوڵدەدات لێی دەرباز بێت، بەڵام دەرگایەکی نەدیتەوە، لەدەرگای ئەم پەرەگرافەوە خوێنەر دەچێتە ناو دنیای چیرۆکێکی واقعییەوە کە نووسەر خۆی تێیدا ژیاوەو پاڵەوانی بووەو لەخەیاڵو بیرکردنەوەیدا ماوەتەوە، پاش چل ساڵ بەسەر ئەو چیرۆکە تراژیدیو واقیعییەدا کاتیک ئیتر سەدام دەڕووخێتو سەردەمی ئازادی هەڵدەکات لەعیراقدا، کچەکەی (ئیبتیسام نەعیم ئەلرۆمی) داوا لەدایکی دەکات، کە ئیدی چیرۆکە ڕاستەقینەکەی ژیانی گەنجێتی خۆی واتە ئەو سەردەمەی لە ڕێکخستنە سیاسییەکانی حزبی شیوعیدا کاری کردووەو بەهۆیەوە زیندانیکراوەو ئەشکەنجە دراوە بنووسێتەوە و خەڵکی لێئاگادار بکاتەوە، خوێنەر لەگەشتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا، پێویستە ئازاو جەسور بێت، چونکە بەراستی ڕۆمانێکی واقیعی ترسناکە و بەکونوکەلەبەرە ترسناکەکانی دەسەڵاتێکی فاشیست و جەلاددمان دەناسێنێت کە سڵی لەکوشت و برو هەڵواسینو جۆرەکانی سوکایەتی و ئەشکەنجە نەکردووەتەوە، ئەم ڕۆمانە ترسناک و هاوکات غەمناکە تا ئەو سنوورەی هەستدەکەین لەکەشێکی نائارامو نا ئاساییداین.. چونکە ئیدی لەڕێگەی گێڕانەوە سادەو بێخەوشو ڕاستییەکانیەوە گوێبیستی دەیان حیکایەت دەبین کە لەواقیعی ژێر زەمینە تاریک و ژوورە شێدارەکاندا ڕوویانداوەو قوربانییەکان خۆیان ئەو دۆزەخە دەگێڕنەوە کە تێیدا نیشتەجێبوون.

بێگومان ئەدەب ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی هەیە لەگێڕانەوەی برگە مێژوویەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا، وەک سارتەر ئاماژەی پێدەدات (هونەرەکانیتر ناتوانن وەک ئەدەب پابەندبن، چونکە هونەرەکانیتری وەک مۆسیک و وێنەکێشان ناتوانن وەک ئەدەب بەڵگەمەندبن و ماناداربن) لەم پانتاییەدا ڕۆمان زیاتر لەڕەهەندو مانایەک لەهەناوی ڕووداوە مێژووییەکاندا دەدۆزێتەوەو توانای ئەوەی هەیە لەڕێگەی سیحری زمانو شێوازی گێڕانەوەکانەوە فۆرمێکی هونەری چیرۆکئامێز بەڕووداوەکان بدات.

(شەوکوتەکان) لەجۆری ئەو تێکستە واقیعییانەیە کە لەسەر ساتەوەختێکی دیاریکراوی مێژووی سیاسی کۆمەڵگەی عیراق نووسراوە، نووسەری ئەم ڕۆمانە (ئیبتیسام نەعیمو تۆفیق جانی ئەلناشی) یە، دیارە ئیبتیسام بەشبەحاڵی خۆی لەناو ڕووداوەکاندا ژیاوەو پاش چەندین ساڵ بیرکردنەوەو شەنو کەو کردنی جەرەیانو ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیانی سیاسی خۆی بەهاوبەشی لەگەڵ تۆفیق جانی دەستیانکردووە بە نووسینی کتێبی ( شەوکوتەکان) و جەلال دەباغ سەرکەوتوانەو لەڕێگەی زمانێکی ئەدەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێرانی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری چاپو بڵاوی کردۆتەوە.

بەڕای یەکێک لەڕەخنە گران ( پاش خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، مرۆڤ بۆ ئەوەی بێتەوە سەرخۆی پێویستی بەوەیە بەقووڵی هەناسەیەک بداتو بۆ ماوەیەک پیاسە بکات، یاخود گوێ لەو مۆسیقاو گۆرانیانە بگرێت کە ئارەزوویان دەکات) چونکە ئەم ڕۆمانە بەهۆی گێڕانەوەی ڕووداوگەلێکەوە ئاشنامان دەکات بە وەحشیانەترین شێوەی ئازاردانو ئەشکەنجەو کوشتو بڕی کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی سیاسیو چەپو کۆمونیستو پێشکەوتوخواز لە عیراقدا لەناو گرتووخانە دۆزەخیەکاندا.

بێگومان یەکێک لە نووسەرانی ئەم ڕۆمانە واتە ( ئیبتیسام نەعیم ئەلرومی) خودی خۆی پاڵەوانو قوربانی دەری ڕووداوەکانیەتی، ڕووداوەکانی ئەم تێکستە واقیعینو بەراستی ڕوویانداوە لەناوچەی ساڵحیەی بەغداو کۆشکی کۆتاییو یاریگای ئیدارە محەلیو زیندانی ژنان، ئەو ژنە لەماوەی یەک ساڵی زیندانیدا کە بەهۆی بوونی ئینتمای بەحزبی شیوعییەوە لەکودەتا شومەکەی شوباتی ١٩٦٣ دا بەند کراو لەماوەی مانەوەیدا لەزینداندا بووەتە شاهیدی چەندین ڕووداوی تراژیدی کەبەسەر تێکۆشەرە کۆمونیستەکاندا هاتووە.

هەردوو نووسەری ئەم ڕۆمانە وەک ئەوەی کاریگەری ڕووداوەکان تا ئێستاش لەسەریان بێتو وەک سوورە کەوان لەسەر دڵیان مابێتەوە، هێشتا مەستن بەو ڕۆژگارە تاڵو سوێرانەی کە لەسایەی کودەتاچیەکاندا بەسەریان هات، ئەوان شاهیدی ڕۆژگارو ڕووداوێکن کە مرۆڤ لەسایەیدا هەستی بەشکستی ڕۆحییو جەستەییو دارمانی ویژدانو تاریکبوونی ئاسۆکانی بینیی دوارۆژ دەکرد، ئەوەتا ئاماژە بەوەدەکەن کە پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ خۆیاندا بەئەرکی سەرشانیان زانیوە کە لەسەر ئەو قۆناغە سامناکەی مێژووی تازەی عیراق بنووسن کە خۆیان تێیدا ژیاونو لە قوربانیەکانی بوون، مەبەستیش لە حکومڕانی بەعسە کە لە هەشتی شوباتی ١٩٦٣ وە درێژەی کێشاو لەهەژدەی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا تەواو بوو، هەروەها هەردوو نووسەر دەڵێن: ئەوەی کودەتا گێڕانی هەشتی شوبات کردیان نموونەیەکی تازەی فاشیزم بوو.

سەرەتای ڕۆمانەکە بەدەرکەوتنی پاڵەوانەکە دەستپێدەکات کە کیژێکی گەنجی شاری بەغدایە بەناوی ( ئیکرام)، ئەو خوێندکاری زانکۆیەو بەهۆی هەژموونی بیروباوەڕی شیوعیانەوە بەتایبەت لەناو توێژی گەنجانو خوێندکاراندا، ئەمیش بووەتە

هەڵگری ئەو بیروباوەڕە کە لەو ڕۆژەدا باوی بووەو بووەتە یەکێک لەکادرە چستو چالاکەکانی ڕێکخستنەکانی ئەو حزبەو دەورو نەخشی هەبووە لە سازمانکردنو ڕێکخستنی جەماوەردا بۆ ناو ڕیزەکانی حزبو بەشداریکردنیان لە نارەزایەتیو چالاکییە سیاسیەکان و خۆپیشاندانەکاندا، دەرکەوتنی ئیکرام لەساتەوەختی ئەوەدایە کە هێزە تۆقێنەرەکانی ڕژێم بەناو شاری بەغدادا بڵاو بوونەتەوە بۆ گرتنی کۆمۆنیستو تێکۆشەرە نەیارەکان، ئەو کچە حەڤدە ساڵانەیەش کە دەزگیراندارەو عەبایەکی ژنانەی لەخۆی پێچاوە بەدوای ماڵێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی خۆی لێبشارێتەوەو دەست هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی کودەتاچی نەکەوێت.

شاری بەغدا وەک شاری تارماییەکان پێناسە کراوە کە هاتوچۆ تێیدا یاساغکراوە، تێیدا باس لەشوباتی شووم دەکات، ئەو مانگەی ملیۆنان عیراقی بێتاوانی تۆقاندو کارەساتێکی ڕەشی بۆ مێژووی ئەم وڵاتە تۆمارکرد.

جاسم ئەلوەلائی سەبارەت بە ناوی ئەو مانگە شوومە دەڵێت: ناوی ئەم مانگە لەبیرەوەری عیراقیەکاندا بە خراپەکاریو نەخۆشیو تاوانو سەرماو سۆڵەوە لکاوە، ئالەم کەشو هەوا سامناکەدا خەڵک نازانن کەی پاسەوانە مەدەنیەکانی ڕژێم لەدەرگای ماڵەکانیان دەدەنو چەک بەڕووی ژنو منداڵو گەنجو پیریاندا هەڵدەبڕنو ڕاپێچی ژوورە تاریکو ترسناکەکانی زیندان دەکرێن.

بەهەر شێوەیەک بێت ئیکرام وەک سەدان کەس لە هاوڕێو هاوحزبیەکانی بەردەستی هێزەکانی ڕژێم دەکەوێتو زیندانی دەکرێت، وەک کەسێکی نزیک لەڕووداوەکانی ناو زیندانەوە دێتە سەر گێڕانەوەی شێوازە ترسناکەکانی ئەشکەنجەی جەستەییو دەروونی زیندانییەکانو باس لە دڕەندەییو بێویژدانی پیاوانی دەسەڵات دەکات، کە بە چ شێوازێکی نامرۆڤانە دەستیان لە کوشتنو ئازاردانو بێحورمەتکردن بە زیندانیە سیاسیەکانەوە نەپاراستووە، ناوبراو زۆر ڕاستگۆیانەو ئازایانەش باسی لەهەندێک حاڵەتی تایبەتی زیندانیەکان کردووە، بەتایبەت وەک چۆن جەختی لەسەر ئازایەتیو خۆڕاگری زیندانیەکان کردۆتەوە کە لەژێر قامچیو کێبڵو هەڵواسیندا هیچ زانیاریەکی حزبییان بە جەللادەکان نەداوە، ئاوەهاش قسە لەسەر هەندێکیان دەکات کە بەبێ ئەوەی دەستیان بۆ برابێتو زللەیەکیان بەرکەوتبێت دانیان بەهەموو شتێکدا ناوەو ئیعتارافاتیان لەسەر هاوڕێکانیان کردووەو لەناو زیندانیشدا وەک جاسووس کاریان بۆ دەسەڵات کردووە و هەواڵی هاوڕێکانیان پێگەیاندوون.

لەباری دەروونیشەوە ئەم نووسەرە لە ڕێگەی پاڵەوانەکەیەوە واتە ( ئیکرام) کە خودی نووسەرەکەیە زۆر جوان وێنای ئەو حاڵەتە ترسناکانەی ناو زیندانو ڕووبەڕووبونەوەکانی کردووەو شەرحی ئەو هەلومەرجە سیاسیەشی کردووە کە پاش کودەتاو دروستبوونی پشێوییو ڕەشبگیرییو بێهیواییی خەڵکو سیاسیەکانیش دروستبووە، لە ڕەوتی گێڕانەوەکانیدا ( ئیکرام) باس لەهەڵوێستی ئازایانەو ڕاستگۆیانەی چەند ژنێک دەکات کە سەربەرزانەو ئازایانە ڕووبەڕووی هەوڵە نامرۆییەکانی جەللادەکان بوونەتەوە، ئەو لەناوهێنانی ئەو ئافرەتانەش کە لەپێناو فشار دروستکردن لەلایەن جەللادەکانەوە ئەتککراون سڵی نەکردۆتەوەو بەنمونەی ئافرەتی بەباوەڕو داوێن پاکو سەر بەرز ناوزەدیان دەکات.

ئیکرام، بەهۆی ئەوەی کە گەنجێکی سیاسیو زیرەکو چالاکەو بەرگەی جۆرەها ئەشکەنجەو سوکایەتی جەللادەکانی گرتووەو ڕووبەڕوویان بووەتەوە، بەوردیش چاودێری ڕووداوەکانی زیندانی کردووەو کۆی ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەی بە وردی گێڕاوەتەوە کە ڕوویانداوە، پاش ئازادکردنیشی کە دێتەوە بۆ ماڵەوە دەبینێت خێزانەکەیان لەوپەڕی بێهیواییو هەژارییدا دەژین، چونکە باوکیشیان زیندانی کراوەو بەخێوکەرو نان دابینکەری بژێوییان لەدەستداوە،ئیکرام لەم حاڵەتەشدا بێهیوا نابێتو یەکەم شتێک کەبەبیریدادێت دووبارە دۆزینەوەی پاشماوەکانی ڕێکخستنەکانی حزبەکەیەتی لەگەڵ دووبارە چوونەوەی بۆ زانکۆو دەستکردنەوە بەخوێندنو شادبوونەوەی بە دەسگیرانە خۆشەویستەکەی کە ئەویش یەکێک بووە لەتێکۆشەرەکانو لەزیندانی بەسرە بەندکرابوو.

ئیکرام لەشوێنێکی ئەم ڕۆمانەدا باس لەئێوارەیەک دەکات لەناو زینداندا کە ئافرەتێک بووە بەجلی بووکێنییەوە هێناویانە بۆ ناو زیندان، ئەو ئافرەتە کچە کوردێک بووە بەناوی ( هیوا) ئەو ڕۆژە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا ئاهەنگی هاوسەرگیرییان کردووە بەو مەبەستەی پاش ئاهەنگەکە وەک ژن و مێرد هەڵبێن بۆ کوردستان و بەغدا جێبێڵن، بەڵام لەگەرمەی ئاهەنگەکەیاندا پیاوانی ڕژێم بە چەکەکانیانەوە هەڵیانکوتاوەتە سەریان و بەشەقو لێدان پەلکێشیان کردوون بۆ زیندان، ئیکرام دەڵێت: ئەو تازە بووکە بەدەم گریانەوە هاواری دەکرد تەنها فریای ئەوە کەوتم ئەو بیجامەیە بە دەسگیرانەکەم بدەم تا لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت بۆ زیندان کە بۆ شەوی زاوایەتی بە دیاری بۆم کڕیبوو.. هەروەها باس لەکۆمەڵێک ئافرەتی تری گەنج دەکات کە لە ناوزینداندا دەستدرێژی جنسی کراوەتە سەریان و چەندین شێوازی ئازاری دەروونیو جەستەیی دراون بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر پاشماوەی ڕێکخستنە سیاسیەکان بدەن، بەڵام زۆربەیان ئامادەی مەرگ بوونو بەرگەی ئازارو ئەشکەنجەیان گرتووەو دانیان نەناوە بەهیچ زانیارییەکدا، تەنانەت هەندێکیان داوایان لەجەللادەکان کردووە یەکسەر بەمەرگ مەحکومیان بکەن، چونکە گومانیان هەبووە لەوەی بەهۆی ئازاردانەوە ملکەچ ببنو زانیارییەکان بدرکێنن.



ڕەهەندێکی دیکەی سەرکەوتوویی ئەم ڕۆمانەو ڕاستگۆیی‌و ئازایەتی هەردوو نووسەرەکەی ئەوەیە کەناوی ڕاستەقینەی تاوانباران‌و جەللادەکان‌و ئەوانەیان باسکردووە کە لەپرۆسەی دادگاییکردن‌و ئەشکەنجەدان‌و سوکایەتی پێکردنەکانیاندا تووشیان بوون.

محەمەد ڕەشید ئەلسەعیدی، سەبارەت بە دانەرانی ئەم جۆرە کتێبانە دەڵێت: دانەرانی ئەم چەشنە کتێبانە بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان لەئەستۆدایە کە ڕۆڵێکی دروستکارانە لەعیراقی تازەدا بگێڕن، مەبەستی نووسەر لەوەیە کە دانەری ئەم جۆرە کتێبانە کە کار لەسەر گێڕانەوەی برگەیەکی مێژوویی کۆمەڵگە دەکەن، بەو پەڕی دەستپاکیی‌و ڕاستگۆییەوە تەواوی ڕاستیەکان‌و ڕووداوەکان تۆمار بکەن‌و بەڵگە نامەی فەرمی بەکار بێنن لەتاوانبارکردنی لایەنێک‌و چوونە پاڵ لایەنێکی ترەوە،

لەسەر ئەم کتێبە ناوازەیە گەلێک هونەرمەندو نووسەرو رەخنەگرو ئەدیب ڕای خۆیان بەیانکردووەو لەئاستێکی بەرزی ئەدەبی واقیعییدا پێناسەیان کردووە، لەوانە هونەرمەند موسا ئەلخەمیسی پێی وایە ئەم کتێبە کتێبێکی ( بەڵگەنامەییە) بۆ دەنگی قامچی‌و ئازارو دارو مردن‌و پرۆسەی کوشتاری ڕۆژانەو ونبوونی خەڵک لە ( کۆشکی کۆتایی) دا کە بەفەرمانی فاشستەکان دەریان برین‌و مەبەستیان لەوەش ئەوەبوو کە شەڕی قڕکردن‌و جینۆساید دژی ئەو هێزو لایەنانە بکەن کە بڕوایان بە ئازادی‌و بەختەوەری هەبوو.

هەروەها شاعیرێکی وەک ( غالی ئەلعتوانی)یش سەبارەت بەم ڕۆمانە نووسیویەتی: چوونە قووڵایی دەریای ڕۆمانەکە ڕۆچوونە بە قووڵایی دیداردا لەناو قووڵایی گۆشەکانی یادەوەریمدا کە ناوەکەی پڕە لەو هەڵئاوسانەی کارگەی مردن‌و زمانی سەگە هارەکانی داهێنا، کە سێبەرەکانیان دەلێستەوە تا خەونەکانی منداڵی بسوتێنن‌و بە سادیەتیانەوە چێژ لەکوشتنی کۆرپەلە وەربگرن بۆ ئەوەی کورسیە میکافیلیەکانیان بپارێزن‌و ئەم نیشتمانە بکەنە گەورەترین باستیلی گەردوون.

بێگومان لەمێژووی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا بۆ قڕکردن‌و لەناوبردنی نەیاران‌و ئازادیخوازانیان گرتن‌و زیندان‌و ئەشکەنجەی جۆراوجۆری جەستەیی‌و دەروونیی یەکێک بووە لەشێوازەکان، کۆمەڵگەی عیراقیش بەهۆی بوونی دەسەڵاتە دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکان‌و بوونی هێزی بەرهەڵستکارەوە، ئەزموونێکی زۆری لەگەڵ شێوازەکانی دڕندەیی‌و زیندانو ئەشکەنجەدانداهەیە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت چەندین بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەری لێبەبوون بێت، شەوکوتەکان ئەگەرچی ڕەهەندی فەنتازیا تێیدا لاوازە بەهۆی واقیعیەتی ڕووداوەکانیەوە، بەڵام هێشتا دەتوانین وەک بەرهەمێکی ئەدەبی جوان‌و کاریگەر چاوی لێبکەین.

# ڕووبارێک بەقەڵەمی خۆی

ئیدریس عەلی

لەماوەی ڕابردوودا لەلایەن چاپخانەی ڕەنجەوە، کتێبێکی شیعریی قەبارە بچووک بۆ شاعیری ناسراو (جەمال غەمبار) چاپوبڵاوکردەوە، ئەم کتێبە شیعرییە کە دە قەسیدەی کورتو درێژی لەخۆ گرتووە، بەشێکە لە ئەزموونی شیعری جەمال غەمبار کە لەماوەی دە ساڵی ژیانی مەنفایدا نووسیونیو بەبوونی هێناون.

بێگومان قسەکردنی جدی لەسەر دەنگە شیعرییە داهێنەرەکان، بەرپرسێتییەکی گەورەی ئەدەبی ئەخلاقییەو ناکرێت لامسەلایی و ڕاگوزەرانە تەنها بەپشت بەستن بە توانا سنووردارە ئەقڵییو فکرییەکانی خۆمان بێت، چونکە ئەگەر بەو سادەییە لەسەر ئەزمونی قووڵو دەوڵەمەندی هەر شاعیرێک قسە بکەین، دواجار وەک ئەوە وایە بەپای پەتییەوە بەناو شووشەدا هەنگاو بنێین، وەلێ بەپێی توانا هەوڵدەدەین کورتە ناساندێک بۆ کتێبی (ڕووبارێک بەقەڵەمی خۆی)، بکەین بەو ئومێدەی بتوانین خزمەتێک بەو ئەزموونە شیعرییەی ناو دوو توێی ئەم کتێبە بکەینو بەرچاو ڕوونییەک بدەین بە خوێنەران لەسەر دنیای تێکستە شیعرییەکانی ناو ئەم کتێبە.




غەمبار، لەپێشەکییەکی کورتو پوختی ئەم کتێبەیدا دەڵێت: چۆن دەچنە ناوباخچەیەک ئاوا وەرنە ناو بارانی ئەم شیعرانەوە، لە گوڵجاری ئەم دیوانەوە داوەتتان دەکەم سەمایەکی هێمن لەگەڵ ئەم وشانەدا بکەن، پێمخۆشە ئەوە بڵێم بۆ ئەوەی شیعر ئەو سیحرەی لەدەستنەدات کە هەموومان ئەباتەوە لای ژیان، هەموومان ئەباتەوە لای حەقیقەت، بۆ ئەوەی شیعر هەمیشە ئەو نەیژەنە جوانە بێت خەمە ئینسانییەکانمان بژەنێت، شیعر هەردەم ئەو نەسیمە بێت ڕۆحمان بخاتە سەر لەرەی بیرکردنەوە لەو عیشقەی کە پێی دەژین، بۆ خاتری هەموو ئەو بەهایانەی شیعر هەڵگریەتی، ئەز حەز دەکەم هەمیشە ڕێز لەشیعر بگرم. ئەوەی پێشتر ئاگاداری شێوازی نووسینی شیعری غەمبار بووبێت، درکی بەو حاڵەتە نامۆییو تەنهاییە کردووە کە سایەی بەسەر فەزای خەیاڵو فکرو پانتایی دەقەکانیدا کێشاوە، تەنهاییو نامۆبوونی ئەو لەناو نیشتماندا بەجۆرێک لەپرۆسەی نووسیندا فۆرمەڵە ببوو کە مرۆڤ هەستیدەکرد کۆمەڵێک دەنگی دژ بەیەک لەناو ناخیدا هاواریانەو ناگەنە شوێنێک، ئەو بەقووڵی خۆی دابوویە دەم شەپۆلە تاریکەکانی ڕەشبینی، هەر بۆیە لەرێگەی شیعرەوە هەوڵی دەدا یان بڵێین پرۆژەیەکی هەبوو بۆ سەرلەنوێ تێچوونەوە بەناو ژیاندا، ئێستاش کە لەمەنفا دەژی لەفۆرمێکی جیاوازتری نامۆییو تەنهاییدا دەژیو لەرەوتی ئەو تێکستانەی لەپشت زەریا زۆر دوورەکانەوە نووسیونی زیاتر هەست بەحاڵەتە دەروونیەکانی شاعیر دەکرێت، ئەو تێکستانەی لەدەرەوەی نیشتمان نووسیونی گوزارشتێکی تەواون لە ڕۆحێکی ماندو و ناجێگر کە تەواو پابەندن بە شوێنو هەڵگری شوناسی خەمە ئینسانیەکانی تاکی نامۆ و تەنها، پرسیار گەلێکن لە دۆزینەوەی ڕێگەکانی ئاسوودەیی، کۆمەڵێک گومانی شیرینن لە حەقیقەتی بوون و ژیان، ڕوانینێکی تەواو ڕوونو شاعیرانەن بۆ ڕابردوو، چ وەک شوێن و چ وەک کات، کە زۆرجار لەناو فەزای ئەو

کاتو شوێنەدا کارەساتو یادەوەری ڕژاونو هەمیشە بەر ئاگایی شاعیرانەی دەکەون، کە بێگومان لە دنیای قەسیدەکانی ناو ئەم کتێبەیدا ڕەگەزی شوێنو کات پانتاییەکی زۆریان داگیر کردووەو لەڕێگەی سۆزێکی زۆرەوە لە دیالۆگێکی بەردەوامدایە لەگەڵ نیشتمانو مرۆڤو ئازارو یادەوەریەکانیدا.

لە قەسیدەی (نامبینی چۆن پایز دەبمەوە.. نامبیستیت چەند لە گۆرانیە بێڕەنگەکانی ئاو دەچم)دا، شاعیر جۆرە پەشیمانییەکی لەو هیجرەتەی خۆی هەیە کە نیشتمانی جێهێشتووە، ئەو بەهۆی زاڵبوونی فەزای شیعرییەوە بەسەر ڕێگەکانی سەفەرە دوورو درێژو پڕ لەزەحمەتە جەستەیی‌و دەروونیەکانیدا دەڵێت:

هەتا ئەوێ باهەرچی گڕی سۆزی عاشقان هەیە

لەخەرمانی هیجری من بەربێت،

با گوڵەکانی سینەم لەگەڵ هەناسەکانی تۆدا بمرن ئەی تەنیا!

با شەقامو درەختە غەریبەکانی ئەوێم

لەگەڵ ئێوارەی تۆدا پیاسەیەک بکەن ئەی تەنیا..!

شاعیر لەو پەرەگرافەوە ئیعلانی نامۆبوونی خۆی دەکات لەمەنفاو سۆزی بۆ یادەوەریەکانی نیشتمان دەجووڵێت، لەڕاستیدا کۆی ئەم قەسیدەیە لە چیرۆکی پیاوێک دەچێت کە ڕۆژگار پێی سەفەری لێکردبێت بەکەوشداو ناچاری سەر هەڵگرتنی کردبێت بۆ کەنارەکانی غەریبی، پیاوێک کە لەیەکەم خاڵی سنوورەوە ڕۆح و دڵی لای نیشتمان دادەنێتو نالی ئاسا بەجەستەیەکی وشکی بێگیانەوە، خۆی دەدات بەدەم شەپۆلەکانی کۆچەوە، چونکە ئیدی ئەو دەزانێت ڕووەو شارستانیەتو کولتوورو دنیایەک هەنگاو دەنێت کە پێی نامۆیەو لەگەڵ شعوریدا ناتەبان:

ئەو نیگەرانە لەوەی

ئەم شارانە بۆچی ڕقیان لە ئاسمانە !

ئەم ماڵانە لەبەر خاتری چی بێ پەنجەرەن

ئەو توڕەیە لەوەی کەس ناپرسێت

ئەرێ گوڵ هەیە بزانێت لەکوێ جێماوە دڵی ئەو ؟

لەقەسیدەی ( تا ئەبەد چاوەڕێ ، هەمیشە نائومێد وەک چناری عاشقان) یشدا، هەمان حاڵەتی شعوور کردن بە تەنهایی‌و نامۆیی لەفۆرمێکی هونەریتردا دووبارە دەبێتەوە، ئاخر ئەگەرچی کۆی ئەزموونی شیعریی‌و بەتایبەت شیعرەکانی ناو ئەم کتێبەی (جەمال غەمبار) لەچوارچێوەی یەک جۆر زمانی دەربڕیندا دەسووڕێنەوە، بەڵام ئەفسوونەکەی لەوەدایە، فۆرمو مانای جیاواز لەڕێگەی گەمەی زمانەوانییەوە دەبەخشێت بەشیعرەکانو دواجار لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا وێنەکانی خۆی بنیاد دەنێت، بەجۆرێک لەناو وێنەیەکی شیعریدا خوێنەر ناچار دەبێت بۆ پێگەی بوونی خۆی بگەڕێت:

ماڵی شیعرم

وەک دڵی باخ، وەک هەتاوی پێش مردن

وەک پەنجەرەی گریانی خۆم لەسەر پشتە !

بۆ ئەم ماڵە هەیە بە پێڵاوی قسەی ڕەقەوە دێتە ژوورێ !

هەیە بەشمشێری بوختانەوە

سەدەکانی ڕووناکیم بە کوژراوی بۆ فڕێئەداتە

حەوشەوە.

هەیشە بەبادەی سڵاوەوە

هەر لەشەوی کۆڵانەوە هاواری ماچ دەکات !

وشە گەلی وەک پێڵاو و شمشێر و قسەی ڕەقو سەر بڕین، لەلایەن شاعیرەوە هێماگەلێکن بۆ سەردەمێکی ترسناکو بێڕوحم کە تێیدا مرۆڤ ماندوو دەبێت لەهەموو شتێک، مەدلولاتی ئەم وشانە ئاماژەن بۆ چرکە ساتێک کە ئیدی مرۆڤ بێئاگایی‌و لەناکاودا چاوەڕوانی قەومانی شتێک دەبێت ڕەنگە لەڕۆحیدا ڕوودات، یاخود لەشوێنێکی شعوریدا، بێمتمانەیی‌و نا ئارامی دەروونی دەبنە واقیعێکی داسەپاو و شوێنی شتە جوانو بەها پیرۆزەکانی ئینسان دەگرنەوە.

ئەم قەسیدە هەوڵێکی شاعیرانەی شاعیرە بۆ دۆزینەوەی دەریچەیەک هەتا لێوەی تەماشای نیشتمانو سلێمانی یەک بەیەکی ئەو شوێنانە بکات کە یادەوەریەکانی شاعیری لێرژاوەو ڕۆژگارێک لە ئامێزیاندا گۆرانی خۆشەویستی چڕیوە، ئەو بەحەسرەتەوە ئاوات دەخوازێت بۆ تەنها جارێک بگەڕێتەوە لایانو بۆنی کۆڵانو سنەوبەرو گوڵەکانی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیایە لەوەی سلێمانی ئێستا شارەکەی جاران نییەو تەواوێک ڕۆژگار گۆڕیویەتی، بۆیە گومان دەکات لەوەی کە ئەگەر بشگەڕێتەوە بیروەریەکانی حاشای لێبکەنو شار بڵێت نایناسم:

وەک بڵێیت ڕۆحم بەر دڵی ژنێک دەکەوێت
یان مردنێک چاوەڕێمە،
یان وەک بڵێیت بەیانییەکی تر کۆترەکانی نیشتمان لەفرینێکی تردا نەبینمەوە !

( ڕۆژانێک سلێمانی لەوێ بوو لای خودا) ئاستی هەستکردن بە غەریبیو تاسەی بینینەوەی شار و پلەی تەنهاییو سۆز و گومان، لەم قەسیدەدا بەرزتر دەبێتەوە، هێزێک لەناوەوەی ڕا دەیجووڵێنێتو بەرەو نیشتمانو شار، دەنگێک لە نادیارەوە دەیخاتە سەر کەڵکەڵیی گەڕانەوە، لەڕاستیدا خودی گەڕانەوە لەلای غەمبار تەنها پرسێکی فەنتازیو شاعیرانە نییە، بەڵکو زیاتر پرۆژەیەکی پێویستە بۆ درێژە دانو بەردەوامی لە ژیاندا کە ڕۆحی ئەو پێویستیەتی، مرۆڤ بۆ ئەوەی لەحەقیقەتێکی یەک ڕەهەنددا نەژی، هەمیشە شەرعیەت بەوە دەدات کە لەژیان ناڕازییەو هەوڵدەدات بۆ گۆڕینی دۆخە زاتیەکانی خۆی، وەلێ غەمباری شاعیر لە دەرەوەی ئەم تەفسیرەی ئێمەوە لە ناو شیعرو پرۆسەی داهێناندا هەوڵ بۆ ژیانو دنیایەکیتر دەداتو لەحەقیقەتێکیتر دەگەڕێت کە وزەیەکی زیاتری پێببەخشێ بۆ بەردەوامبوون، بەڵام دیسان پرسیارو گومانەکان ناخی دەکرۆشنو زاڵدەبن بەسەر ئەو پرۆژەیەی کە بۆ گەڕانەوە کێشاویەتی:

ئێستا لەبەردەم شورا قوڕاویەکانی سلێمانیدا
بە باوەشێک مەنفاوە ڕاوەستاوم..
ئەم دڵە شیعرەی من چەند سەیرە؟
ئاخر ڕەنگە ئەو
ئێستا منی وەک عاشقێ لە ئاوێنەکەی دەرهێنابێو
ڕەنگە وێنەکەمی لەتو پەت کردبێو
دابێتی بەدەم تانجەرۆی مردنەوە
ڕەنگە بڵێت ئەم قەلەندەرە کێیە
شەڕ بەخۆمو شەقامو چراکانم دەگێڕێت؟
پێی بڵێن بەو قەلەندەرە بڵێن
تازە من ئەو ناناسم
من باخچەکەی جاران نییم.

شاعیر دەزانێت شار گەورە بووەو پڕ بووە لە گوناه.. پڕ بووە لەخەتاو ئەو بەرائەتەی منداڵی جێهێشتووە، ئەو دڵنیایە لەوەی سەردەمێک هەڵیکردووە لەگەڵ خۆیدا زریانی بێوەفایی هێناوە، ئەگەرچی شاعیر بەهەمان بەرائەتی منداڵی جارانەوە دێتەوە بۆ شار، بەڵام شار ئیدی ئەوی لە ئاوێنەکەی خۆیدا دەرهێناوەو نایناسێتەوە، نیگەرانی شاعیر لەم قەسیدەیەدا ئەوەندەی لەدەست زەمەنو ڕۆژگارە ئەوەندە لەخودی شارو ئەو شوێنانە نییە کە ئەم خۆشی دەوێنو شیعریان بۆ دەڵێت.

دواجار ئەو پەرەگرافە شیعرییانەی لە کتێبی (ڕووبارێک بەقەڵەمی خۆی) وەرمانگرتوون، تەنها بۆ ناساندنێکی کورتی دنیای ئەو تێکستانەیە کە مەنفا بە جەمال غەمباری نووسیوە، ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین لەبارەی ئەو چەمکانەی کە جەمال غەمبار لەشیعرەکانیدا کاریان لەسەر دەکات زۆر نووسراونو تا ئەندازەیەکیش لەلایەن چەند قەڵەمێکی دنیای ڕەخنەوە ڕاڤەی شیعرەکانی کراون، ئەز بێگومانم لەوەی کە دەقی نەمرو جاوید، ئەو جۆرە دەقانەی کە لەڕۆحی مرۆڤەوە نزیکن، پێویستیان بە تەفسیرکردنو لێکدانەوەی فرە ڕەهەندی زیاتر هەیە، ڕەنگە زۆرجار دەقێکی ناوازەو جوان ببێتە هۆی نووسینی بابەتێکی ڕەخنەیی فرە مەوداو فرە ڕەهەند کە ئاستی تێگەیشتنمان زیاتر بکاتو مەودای بینینمان فراوانتر بکات.

# بونیاتی زمان له‌ شیعری هاوچه‌رخی کوردیدا ١٩٨٥ ـ ٢٠٠٥




کەمال غەمبار

## پێشەکی

((ئەگەر کەڵەکەبوونی چەردەیی کەڵەکەبوونی جۆرییەتی لێ بکەوێتەوە)) ئەوا لە بواری نامە و تێزە ئەکادیمییەکاندا نابێ وەک ڕێسایەکی ڕەها سەیر بکرێن و بە بنەمایەکی نەگۆڕ لە قەڵەمی بدەین، مادامەکی هەموو ڕێسایەک هەڵاوێراوێکی هەیە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە ئەگەر بە وردی سەیری نامەکانی ماستەر و تێزەکانی دکتۆرا بکەین دەبینین کە کایەی وەرگرتنی ئەم جۆرە باوەڕنامانە بە پێی کەسایەتیی زانستیی خاوەنەکانیان نین، کە هەندێک لەوانە لەو ئاستەدا نین کە شیاوی ئەو پلە بن، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە، کە بە پێی وەرگرتنی تایبەت لە خوێندنی باڵا وەرگیراون، یان لە دەرەوەی زانکۆ و ناوەوەیدا یارمەتی دراون و زانیارییان پێ بەخشراوە، یان لە لایەن سەرپەرشتیار و لیژنەی وتووێژەوە ئاسانکارییان بۆ کراوە، بە پێچەوانەی ئەم بارەش خاوەن باوەڕنامە هەیە کە شیاوی نازناوەکەیە و باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و زانستی فراوانی هەیە کە بەلێهاتوویی پلەی ماستەر، یان دکتۆرای هەیە.

ئەوەی لەم نووسینەدا مەبەستمە ئەوەیە کە زۆربەی باوەڕنامەکان کە لە لایەن لیژنەی وتووێژەوە پەسەند دەکرێن، تەنیا لە ڕۆژنامەکاندا ئاماژەیان پێ دەکرێ و دوایی پشتگوێ دەخرێن، مەگەر جاروبار نەبێ کە دەبنە سەرچاوە و قوتابییانی خوێندنی باڵا پێویستیان پێ دەبێ و دەخوێنرێنەوە، بەڵام کە باوەڕنامەیەک دەکرێتە کتێب ئەو حەلە ڕەهەندێکی تر وەردەگرێ، چونکە دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەر، کە دەرفەتی بۆ دەرەخسێ بۆ خوێندنەوەی و جاری واش هەیە لە بارەیەوە دەنووسرێ، بەڵام چ جۆرە خوێندنەوە و نووسینێک. لێرەدا لە ڕووی خوێندنەوەدا بە پێویستی دەزانم کە وتەیەکی - ئەدۆنیس - بە نموونە بهێنمەوە کە دەڵێ: ((قەیرانی ڕۆشنبیری عەرەبی لە خوێندنەوەدایە)) هەڵبەت مەبەست لە خوێندنەوەدا وەکو من تێیبگەم خوێندنەوە نییە وەک موتالا کردنێکی ئاسایی و سەرپێیی، بەڵکو شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی کتێبەکەیەو لەسەر نووسینێکی رووکەشانە نییە، کە بەداخەوە دەڵێم ئەو کەسانەی کە لە بارەی کتێبێک دەنووسن تەنیا نمایشکردنە، نەک قوڵبوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەی زانستییانە.

لەم ڕوانگەیەوە، لە تێزەکەی دکتۆرای ئازاد ئەحمەد مەحموود دەکۆڵمەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی پراکتیکیی شێوازگەرییە لە بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥ - ٢٠٠٥.

## پوختەی کتێبەکە

ساڵی ٢٠٠٩ ئەکادیمیای کوردی بە ژمارە (٧١) لە چاپی داوەو بریتییە لە سێ بەش:
بەشی یەکەم سێ تەوەر دەگرێتە خۆ:
تەوەری یەکەم: زمان و یەکەکانی پێکهاتنی دەقی شیعرە.
تەوەری دووەم: دەق لە نێوان بونیاتی زمانناسیدا.
تەوەری سێیەم: زمان و مەسەلەکانی ڕیتم و کێش و سەروا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا.
بەشی دووەم: لە شێوازگەری و زمانی شیعری دەدوێ.
بەشی سێیەم: ڕووناکی دەخاتە سەر دیاردەی هونەری و شێوازگەریی لە زمانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا.
هەروەها سەرچاوەکانی کتێبەکە کە پشتی پێ بەستوون.
ئەم کتێبە کە بە (٢١٢) سەرچاوە و ژێدەر بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئەوروپایی دەوڵەمەند کراوە. لە چاپخانەی حاجی هاشم لە هەولێر – چاپ کراوە.

## هەڵسەنگاندنی کتێبەکە

دکتۆر ئازاد شانی داوەتە بەر بابەتێکی سەخت و گرنگ و فراوان، کە وردی و شارەزایی و خۆ ماندووکردن و شەونخوونی گەرەکە، ئەویش زمانە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی و جیاوازی نێوان زمان لە ڕووی لێکۆڵینەوە و شیکاری و تیۆری و پراکتیکییەوە، وەک پسپۆڕێک لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، کە زۆربەی زمانناسان لەگەڵ خودی ((دی سۆسێر)) لە جیاکردنەوەی نێوان ئاخافتن و زماندا کۆکن، بەڵام ناکۆکن لەگەڵی لەبارەی سەنگەکانی محەک کە لەم جیاکردنەوەیەدا بەکار دێن و بە پێی شوێن پێ هەڵگرتنی ئەو هەندێکیان وردەکارییەکی زۆرتر و هەمەلایەنی تری لە ڕێگەی باسکردنی کاری زمانەوانی دیکە و ئاخافتندا پێشکەشی دەکەن و دەڵێن..
((زمان سەبارەت بەقسەکەرەوە چەند پێوەرێکن و ڕەچاو دەکرێن و سەبارەت بەزمانناسیش چەند دیاردەیەکن کە تێبینی دەکرێن و سەبارەت بە زمانناسەوە بابەتی لێکۆڵینەوەیەو سەبارەت بە زمانناسەوە ئامرازی ئاشکراکردنی کۆمەڵگەیە، قسەکەر خۆی پێوە خەریک دەکات. ئاخافتن کاری کردەوەیەو زمان سنووری ئەم کارەیە، ئاخافتن ڕەفتارە و زمان پێوەرەکانی ئەم ڕەفتارەیە، ئاخافتن چالاکییەو زمان ڕێسایەکانی ئەم چالاکییەیە، ئاخافتن براڤە و زمان سیستەمی ئەم بزاڤەیە، ئاخافتن بەگوێ لێبوون بە قسەکردن و دیتن بە نووسین هەستی پێدەکرێ و زمان بە ڕامان لە ئاخافتندا تێی دەگەین، ڕەنگە ئاخافتن کارێکی تاکەکەسی بێ، بەڵام زمان هەر دەبێ کۆمەڵایەتی بێت))(١)
لەم ڕوانگەیەوە دکتۆر ئازاد مامەڵە لەگەڵ زمانی شیعر دەکات، کە ئەو شاعیرانەی خستوونییەتە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەی، نموونەی شیعرەکانیان وەک لێهاتوویێکی زمانناس لێیان دەدوێت.
کە تا چ ڕادەیەک توانای دەربڕینیان لە ئاستی شیعری هاوچەرخدا هەیە، بۆیە (زانستی شێوازگەریی) لە لێکۆڵینەوەکەیدا کردۆتە سەرمەشقی بنیاتنانی زمان، چونکە شێواز هەر وەکو بۆفۆن دەڵێ: (خودی مرۆڤە) و هەر شاعیرێک کە نووسەر نموونەی شیعرەکەی خستۆتە ژێر لێکدانەوە (تـأویل) لە شێوازەکەیەوە بۆی چووە، کە لە ڕووی دەروونی و زەینی و کۆمەڵایەتییەوە لە شاعیرێکی تر جیادەکرێتەوە.
کە شیعری هەر شاعیرێک شی دەکاتەوە تایبەتمەندیی دەقەکە ڕەچاو دەکات، کە ئەرکی ئەو لەم لێکۆڵینەوەیەدا دیارکردنی تایبەتمەندیی شێوازی دەقەکەیە، کە خۆی لە دوو ڕوانگەوە دەقەکان هەڵدەسەنگێنێ، ڕوانگەی یەکەم بە پێی میتۆدێک دوای لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکە ڕای خۆی دەردەبڕێ، واتە لە ڕوانگەی دوای خوێندنەوەی دەقەکە، نەک سەپاندنی چەند مەرج و بنەمایەک لەسەر دەقەکە بەر لە هەڵسەنگاندنی ئەم ڕێچکەو میتۆدە ئەرکی شیکارییە.
کە دکتۆر ئازاد لە دەقەکە دەکۆڵێتەوە لە ناوەوەی نەک لە دەرەوەیدا، هەنگاو بەرەو قۆناغی دووەم دەنێ کە حوکمدانە لەسەر ئێستێتیکای دەقەکە، ئەمەش ئەرکی ڕەخنەگرە و دکتۆر ئازادیش یەکێکە لەو کەسانەی کە لەبواری ڕەخنەدا نووسینی ورد و بەرچاوی هەیە. لەم ڕووەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ((شێواز و شێوازگەریی)) کە کردوویەتییە بنەمای سەرەکی لێکۆڵینەوە پراکتیکییەکەی، بۆمان روون دەبێتەوە کە لەسەر چەند ئاستدا کاری کردووە: کە ئاستی ئاوێتەیی و ئاستی دەنگسازی و ئاستی دەلالی، ئەم ڕێبازەش لە ئاکامدا لەگەڵ وەزیفەی جوانناسی یەکتر دەگرنەوە، لە هەمان کاتدا، ڕێبازێکی بونیاتگەرییە کە وەزیفەی جوانناسیی دەق دەردەخات، هەروەها بە حوکمی ئەوەی کە شێوازگەریی لە بونیاتگەریی دەدوێ و دەکرێ چەندین دەلالەتی جیا بە خۆوە بگرێ، بۆیە نووسەری کتێبەکە زۆر جەخت لەسەر میتۆدی بونیاتگەریی دەکات و بایەخی تەواوی پێ دەدات ، لە ڕەوتی ئەو نموونە شیعرییانەی کە زیرەکانە هەڵیبژاردوون نێوان دوو ڕوو کە دال و مەدلولیان بۆ داندراوە دوور دەخاتەوە، واتە لە چەمکی فەرهەنگییان دەترازێنێ و ڕەهەندی تریان پێ دەبەخشێ، واتە مەدلوولەکەی ناو شیعرەکە دەبێتە مەدلوولێکی تازە لەناو زمانی شیعریدا هەروەکو ئیلیەت دەڵێ: ((پێویستە شیعری نوێ پەنا بباتە بەر سەپاندن ، یان پچڕاندنی زمان لە واتاوە))(٢)
هەرچەندە شێواز لە شیعردا تەنیا لە ئاستی ماناادا دەرناکەوێ، بەڵکو لە ئاستی ئاوێتەبوون و ڕیتم و دەنگ و کێش و وێنەدا، بۆ سەلماندنی ڕاو بۆچوونەکانی دکتۆر ئازاد، ڕاڤەکردنی هەریەک لەو

ڕەگەزانە و بەهێزکردنی هەر بابەتێک بە چەندین سەرچاوە و ژێدەر نیشانەی باکگراوندی نووسەرەو، ئەوەی تێبینی دەکرێ کە شێوازی نووسەر تەنیا کۆکردنەوەی ڕاو بۆچوونی ئەم و ئەو نییە بە تایبەت مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە پاڵ ڕای هەمەجۆر ڕای تایبەت بەخۆی و بۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو، ویڕای ئەمەش تیۆر بە پراکتیک دەبەستێتەوە و سەرەتا لە زمانەوە دەست پێدەکات ، لە ڕوانگەی ئەدەب و ڕەخنەو ڕێزمانەوە هەنگاو دەنێ و دێتە سەر دەلالەتەکان لە زمانی شیعرەکاندا ، بەهای بنیاتی تایبەت ، دارشتنی جیاواز، هەروەها لێلی و تەمومژ و چەند لایەنێکی هونەری تر لە شیعردا.

دەتوانم بڵێم ئەگەر بە چاوی بایەخ دوای خوێندنەوەیەکی قووڵ سەیری ناوەڕۆکی کتێبەکە بکەین دەتوانم بەشی سێیەم بە سەرکەوتووترین بەشەکان لە قەڵەم بدەین، کە تیۆر بە پراکتیک دەبەستێتەوە و چەندین میتۆد پێڕەو دەکات، ئەگەرچی لە بەشی یەکەمیشدا زانیاریی ورد و پڕ بەهای بەدەستەوە داوە، ئەمڕۆش لێکۆڵینەوەی پراکتیکی ئاستی بەرز و نزمی کتێب دەردەخات کە تا چ ڕادەیەک نووسەر توانیوەتی کەسایەتی خۆی لە ڕووی باکگراوندی مەعریفییەوە بسەلمێنێ. ئایا لەم بەرهەمەیدا شتێکی تازەی خستۆتە سەر خەرمانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کە مایەی سوود لێ وەرگرتن و دەستخۆشی بێ، یان تەنیا کۆکردنەوەی زانیاری هەمە جۆرە وەک هەندێ تێزی دکتۆرا بەتایبەت بە پلەی یەکەم لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا؟!

لە ڕاستیدا ئەگەر بەچاوی بایەخ و دیدی زانستی و بابەتی، ئەم بەرهەمە هەڵسەنگێنین و بەراوردی بکەین لەگەڵ چەند تێزی دکتۆرای تر لە کایەی زمان و ئەدەب و ڕەخنەدا، بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە ئەم بەرهەمە لە ئاستێکدایە کە گرەوی لێکۆڵینەوەی شیکاری و لێکدانەوە ئامێز و بەراوردکاری و شێوازگەریی و بونیاتگەریی بە شیاوی بردۆتەوە، بە پێی ئەوەی لە بابەتی هەمە جۆر دواوە و وردەکاری بۆ هەر بابەتێک کردووە ، بە بۆچوون و چەمکی تایبەت بەخۆیی و سەرچاوە و ڕوونبێژیی لێکچوون و درکە و خواستنەوە و هونەرەکانی جوانکاری ڕۆنانی تۆژینەوەکەی بەرجەستە کردووە و بە تەواوەتی پشتی بە سەرچاوە و ژێدەری هەمە ڕەنگ بەستووە، هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆریان بە زمانی عەرەبی بوون ، لەم ڕووە بارگرانی کەوتۆتە سەرشانی کە بیانکاتە کوردی و لە ئەنجامدا تووشی وەرگێرانی زاراوە بووە ، لە هەموو زمانێکدا تێکئالان و ئالۆزبوونی زاراوە هەیە و گرفتێکی گەورەیە و ڕووبەڕووی توێژەر دەبێتەوە، نەخوازەلا وەرگێرانی زاراوە بۆ زمانی کوردی بەوەی کە ((زمانی زاراوە کۆڕی ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتی و پایتەختی پایتەختانی لێکدووری زمان دەنوێنێ ، خۆی زمانی جیهانگەرابیە بە جیاوازیێکی زۆرەوە ، زاراوە تێکئالانێکی ڕەخنەسازیی دژوار و گیروگرفتێکی گوتاری ڕەخنەسازیی هاوچەرخی عەرەبی و پێگەیەکی سەختی شێوەکانی پێگەکانە کە ڕەخنەگران تێیدا هەڤبرکێ دەکەن و، بە تەوژمترین تیشکۆیە کە پشێوی و هاڕەی وا دەوروژێنێ، کە لەو جۆرەیە نێوان توێژەر و لێکۆڵەران بوروژێنێ))(٣)

کە دەڵێین ئەم تێزە دەکرێ لە تێزی تری دکتۆرا جیا بکرێتەوە لەبەر ئەوەیە کە ڕێچکەیەکی تازەی لە لێکۆڵینەوەدا پێڕەو کردووە و بایەخێکی زۆری بە شێوازگەریی داوە و لە ڕەوانبێژی جیاکردۆتەوە، چونکە ڕەوانبێژی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک جیادەکاتەوە کە فۆرم پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە نییە، ئەوە لە کاتێکا کە شێوازگەریی زانستی تایبەتە نەک گشتی و ئەرکی دیارکردنی خاسیەتە شێوازگەرییەکەنە لە دەق ، یان لە کتێب ، یان نووسەر، میتۆدێکی وایە کە وەک بەشێک وەرناگیرێ، چونکە شیکاریی شێوازی هەموو ئاستەکانی دەق لەیەک بۆتەدا کۆدەکاتەوە دوای ئەوەی هەر ئاستێک بە تەنیا شی دەکاتەوە بە پێچەوانەی ڕەوانبێژی، پاشان هەموو ئاستەکانی بنیاتنانی زمان پێکەوە گرێ دەدات، کە ئاستی ئاوێتەیی و ئاستی دەنگسازی و ئاستی دەلالین، وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد وەزیفەی جوانکاریی دەق دەردەخەن.

کەواتە شێوازگەریی لە دیدی ڕەخنەگر و توێژەرەوە ئەڵتەرناتیڤی ڕەوانبێژییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناکرێ بە تەواوەتی لێک دابڕێن، چونکە شێوازگەریی هەر پێویستی بە ڕەوانبێژیی دەبێ، هەر نەبێ لە لێکۆڵینەوەی وێنەی شیعریدا، کە پێویستی بە زاراوەی لێکچوون و درکە و خواستنەوە و هونەرەکانی جوانناسی هەیە، بە مەرجێ بخرێنە چوارچێوەی میتۆدی تێکەڵکردنی لەیەک بۆتەدا بۆ بنیاتنانی گشتیی دەقەکە بە شێوەیەکی هونەری و شارەزایانە.

بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆییانەوە دەڵێم: د. ئازاد ئەم ڕێبازەی گرتۆتە بەر و بەم شێوەش دەچێتە ناوجەرگەی هاوچەرخ و نوێخوازی ، لە ڕێگەی کردنی ناماقووڵ بە ماقووڵ و پێچەوانەوە و پێشکەشکردنی پاساوی بەجێ و ڕەوا، کە شتەکان لە ڕەهەندی فەرهەنگیدا دەردەکات و ئاسۆیەکەیان فراوانتر دەکات ، لەو ئاستەدا دایان دەبڕێ کە وەک زاراوەی فەرهەنگی بۆیان داندراوە ، ئاستی دەلالییان پێ دەبەخشێ کە لە واقیعدا مانای خودیی تایبەتی شاعیرن.

بەم جۆرە بواری ڕەمزەکان فرە مانا بەخۆ دەگرن و پاساویش بەدەستەوە دەدەن، کەواتە شێواز نەک تەنیا مرۆڤە وەک بۆ فۆن دەبێژێ، بەڵکو پاساودان و ڕێپێدان و جیاوازی و لادان و ترازانە، بە تایبەتی لە شیعردا کە نووسەری کتێبەکە چەند نموونەیەکی شاعیرانی هاوچەرخی هێناوەتەوە و میتۆدی شێوازگەریی لەسەر پراکتیزە کردوون ، نەهاتووە لەمانای شیعرەکانی بکۆڵێتەوە، کە تەنیا یەک ئاست وەربگرێ بەڵکو ئاستی پێکهاتن و ریتم و دەنگ و کێش و وێنەشی ڕەچاو کردووە.

کە نووسەر پێڕەوی میتۆدی بونیاتگەریی کردووە لە تۆژینەوەکەیدا، وەکو ڕەخنەگرێکی بونیاتگەریی بایەخی بە کرۆک و شێوەکاریی

دەقە شیعرییەکان داوە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەنگاونانە بەرەو نوێخوازی ، کە لێکۆڵینەوەی لە خودی دەقەکان کردووە، هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی داوە بۆ ئەوەی بچێتە بنج و بنەوانیان و ئامرازەکان و پێکهاتەکانیان لە ڕووی زمانەوانی و هونەرییەوە شی بکاتەوە، بە تایبەتی دەرخستنی تەونی زمانەوانیی هەر دەقێک، هەرچەندە کە خودی (ڕۆلان بارت) وازی لە بونیاتگەری و دوابەدوای بونیاتگەریی هێنا، بەڵام بۆ ئێمەی کورد هێشتا ئەم میتۆدە باوی ماوە کە لێکۆڵەر توانیویەتی سنووری ڕەوانبێژیی کۆن بەزێنێ و دیراسەی خاسیەتەکانی شێواز و وێنەی شیعریی و درکە و ریتم و هونەرەکانی جوانکاری و کێش و ڕەگەزەکانی تری بنیاتنانی شیعریی بکات ، لە شێوازی پێوەری (میعماری) دەرچێ و ئەو وزەی کە لەزماندا داکراوە بە کاربێنێ، بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ شێوازدا بکات کە زمان باڵاترین ڕەگەزی بنیاتی شیعرە و سوود لەم وزەیە وەربگرێ کە چۆن شاعیرانمان مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە. کە دوو ئاستیان شی کردۆتەوە ئاستی دیار (ئاشکرا) و ئاستی ناوەوە (پەنهان) کە لێکدانەوەی دەلالی زمان لە ئاستی ناواخنی قووڵ دەست پێدەکات وەک چۆن لێکدانەوەی دەنگ ئامێز لە بنیاتی ڕووکەش و دیار دەست پێدەکات، ڕووناکی خستنە سەر ئەم دوو ڕەهەندە لە شیعردا گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە نەخوازەڵا لە کێش و ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکان، نووسەر لەم ڕوانگەیەوە چەندین خاڵی گرنگی خستۆتە بەردەم شاعیر کە چۆن مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکات، هەروەک چۆن شێوەکار لەگەڵ ڕەنگ و مۆسیقاژەن لەگەڵ ڕیتم و ئاواز هەڵوەستە دەکات ، لە بارەی وێنەی شیعریشەوە لە ناوەندی زماندا دەڵێ: ((ئەگەر هاتوو حاڵەتێکی ئاڵۆز و لێڵ هاتە پێشەوە ، بەڵام شاعیر نەیتوانی بە ئاشکرا دەری ببڕێ، ئەو کاتە وێنە شیعرییەکان بۆ چەمک گەیاندن و گوزارشتکردن شێوازی ناڕاستەوخۆ دەگرنە بەر، ئەم دیاردەیەش لە ڕێگەی زمانەوە، لە ناخ و بونیاتی دەقە شیعرییەکەدا بونیاتێکی زیندوو دروست دەکات، بۆ گەیاندن و دەربڕین چالاک دەبێت، سەرەنجام بەهۆی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەنێوان وێنەکان و واقیعی ژیان پەیدا دەبێت . ))

بەلای منەوە گرنگترین خاڵ لەم لێکۆڵینەوەی دکتۆر ئازاد دا، دەرگا واڵا کردنە بۆ شاعیران، بە تایبەتی ئەو شاعیرانەی کە نموونەی شیعرەکانیانی شی کردۆتەوە و ڕووناکی خستۆتە سەر شێوازی بە دەقکردنی ئەفسانە و پەند و قسەی پێشینان و هەندێ مەسەلەی میتۆلۆژی و بابەتی مێژوویی و ئاینی. چ لە ڕێگەی تەوزیفکردنی بابەتە کۆنەکەوە لە دەقێکی شیعری هاوچەرخدا و بکرێتە دەقێکی تازە، کە وەک سەرچاوە شاعیرەکە سوودی لە کۆنەکە وەرگرتووە کە کێشەی گەلێکە بۆ نموونە، یان لە ڕێگەی تێهەڵکێشکردنی دەقە تازەکە بە کۆنەکە و بە جۆرێ دارشتنی شیعرە تازەکە لە ڕوانگەی وروژاندنێکی ترەوە بێ، یان بەکارهێنانی ماسک وەکو هێما (ڕەمز) و ڕادەی سەرکەوتنی شاعیر لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنیکی هونەری و هزری و داهێنانی هاوچەرخ و ئاستی ڕۆشنبیری و بەکارهێنانی دەلالەت و تازەگەریی لە بواری مرۆڤی و دەروونی و ئەفراندن و کۆمەڵێ بابەتی تردا.

ئەم دەرگا واڵاکردنە بەم شێوە فراوان و قووڵە هەنگاوێکی تازە لە بواری ڕەخنەسازی و شێوازگەریدا دەڕەخسێنێ، لە هەمان کاتدا باکگراوندی دکتۆر ئازاد نیشان دەدات کە تا چ ڕادەیەک سوودی لە کلتوور و سامانی کوردی و مرۆڤایەتی وەرگرتووە و توانیویەتی بە قووڵی بەناو دەقە شیعرییەکاندا شۆڕ بێتەوە و دەسەڵاتی تەواوی بەسەریاندا بشکێ و هێز و پێزی هەر دەقێک دەستنیشان بکات.

لە کۆتاییدا حەزدەکەم ئاماژە بە خاڵێکی تر بکەم کە نووسەر چەندین بابەتی وروژاندووە و چەندین میتۆدیشی پێڕەو کردووە، کە ئەمەش دیسانەوە دەرگا واڵاکردنە بۆ قوتابیانی خوێندنی باڵا، چ ماستەر چ دکتۆرا کە سوودێکی تەواو لەو کتێبە وەربگرن ، هەریەک لەو بابەتانەی کە ئەو هەڵی بژاردوون و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون بکرێنە بابەتێکی ئەکادیمی سەربەخۆ و مەودایەکی فراوانتری پێ بدرێ و، چەندین شاعیری تر بگرێتەوە.

دوای دەستخۆشی و نرخاندنی توێژینەوەکە لە هەموو ڕووێکەوە کە شیاوی ئەوەیە جارێکی تر لە دوای هەموارکردنی دیزاینی ناوەوە و دەرهێنانی کتێبەکە بە شێوەیەکی هونەریی باڵاتر چاپ بکرێتەوە، هیوادارم ئەم نووسینەی من دەروازەیەک بێت بۆ قوتابییانی زانکۆ کە خوێندنەوەیەکی وردی بۆ بکەن و ببێتە سەرچاوەیەکی بە پێز و پر بەها، نەک تەنیا بۆ ئەوان، بەڵکو بۆ خوێنەری پەیوەندیدار بەرەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و، لە کتێبخانەی کوردیدا شوێنی شیاوی خۆی بکاتەوە.

بۆ زیاتر نرخاندن و بایەخ پێدانی ئەم کتێبە لە سیدییەکەی وتوویژ لەسەر تێزەکەدا هاتووە کە پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ گوتوویەتی: ((کە ئەم تێزە لە تێزە هەرە باشەکانە کە من لە گفتوگۆکانیاندا بەشدار بووم . ))

پەراوێزەکان

(١) سيكولوجيه اللغه والمرض العقلى. تاليف: د. جمعه سيد يوسف – عالم المعرفه ١٤٥ – الكويت ١٩٩٠ ل (٥٤).

(٢) بروانە: طرائق الحداپه ضد المتوائمين الجدد. تاليف: رايموند ويليامز. ترجمه: فاروق عبدالقادر – عالم المعرفه العدد (٢٤٦) – الكويت ١٩٩٩ ل (١٥)

(٣) اشكاليه المصلح فى الخظاب النقدى العربى الجديد – د. يوسف دغليسى – منشورات الاختلاف – الجزائر ل (١١)



# (لەبات) نیشتیمانی منە

کامەران سوبحان

سەردار عەبدوڵڵا لە گەڕانەوەیدا لە مانجستەرەوە بۆ سلێمانی کۆمەڵێک تابلۆی نوێ و ئەزموونێک لە کاری هونەریی کۆمەڵێک ڕەنگی گەش و لبات و چوراچێوەی بۆ پێشانگە تایبەتییەکەی هێنابوویەوە، لە شوێنی نمایشکردنی تابلۆکانییەوە بۆ ستایلی کارکردن و فۆڕمی دانانی تابلۆکانی جۆرێک لە تایبەتمەندی پێوەدیاربوو، ڕەنگە ئەو تایبەتمەندییەش پەیوەستبێت بە گۆشە نیگای ئەو بۆ کارکردنی هونەریی...

سەرجەم کەرەستەی تابلۆو فیگەر و ڕەنگ و شێوازی تابلۆکێشانی ئەو ڕەگێکی کوردییانە زاڵە بەسەریدا، ڕەنگە ئەو تایبەتمەندییەش بۆ ئەو بەرکەوتنە کولتوورییە بگەڕێتەوە کە ئەو ساڵانێکە لە ئەوروپا لە بەرامبەر ئەزموون و کاری ڕۆژئاواییی بێت کە هونەرمەند ناچار دەکات بە دوای تایبەتمەندییەکدا بگەڕێت کە کە جێگەی سەرنجی بینەری ڕۆژئاوایی بێت.

ئەم تایبەتمەندییە لە کاری هونەرییدا زیاتر کار لە بینین و چاوی بینەری ئەوێ دەکات، بۆ ئەم تێڕوانینەش سەردار عەبدوڵڵا پێیوایە: (ئەوروپییەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگی ڕۆژهەڵاتی و بیرۆکەی سادەو قوڵ جێگەی تێڕامانییانە، چونکە ئەوان بە شوێن شتێکدا دەگەڕێن و حەزیان بە بینینی هونەرێکە لەوەی خۆیان پێشکەوتوتر یان جیاوازتربێت، حەزیان بە کارێکی هونەریی نییە کۆپی کاری هونەریی خۆیان بکاتەوە بەشێوەیەکی نا هونەریی، بەو پێیەی من لەوێم و ئاگام لە ئەزموونی کارکردنی هونەریی ئەوێیە، ئەوان بەردەوام حەزیان بەو فۆڕمە کارکردنەی منە، ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ ئەو تایبەتمەندییە بگەڕێتەوە کە لە فیگەر و تەکنیک و شێوازی کار و مادەی بەکارهاتووی تابلۆکانمدا بەکاری دێنم.)

پێشتریش چەند جارێک و لە چەند شوێنێکی جیاوازی بەریتانیا ئەم ئەزموونەم نمایشکردووە، بە دڵنیاییەوە هەموو کەس حەزی بەم فۆرمە ئیشکردنە نییە، بەڵام زۆربەی بینەر کە هاتوون بۆ بینی تابلۆکانم دەستخۆشییان کردووە، من پێمخۆشە بینەر رەخنە و کەم کورتیەکان باسبکەن بۆ ئەوەی بە ئەزموونی کارکردنی خۆمدا بچمەوە. بزانم باشە یان خراپ.

لە بارەی (لەبات) کە کەرەستەیەکی کوردییەو رەگەزێکی سەرەکی کارکردنی (سەردار عەبدوڵلا)یە لەم پێشانگەیەدا، ئایا هێنانی لبات وەک کەرەستەیەکی کۆنی کوردی چ مانا و دەلالەتێکی نوێ لە کاری هونەریی ئەودا دەردەخات؟ سەردار عەبدوڵلا هێما بۆ ئەوە دەکات (کە ئەو کەرەستەیە لە کۆنەوە تا ئێستا کەرەستەیەکی گرنگ لە هەمان کاتدا پەراوێزخراوی کۆمەڵگەی ئێمەبووە، ئەمەش وایکردووە من بەدوای ئەو کەرەستەیەوە بم، چونکە هونەر ئیشکردنە لەسەر ئەو چەمک و کەرستانەی کە خەڵکی ئاسایی دەیانبینێت و وەک پێویست لە جوانی و بەهایان تێناگات، من بۆیەکەمجار لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کوردیدا شێوازی دروستکردنی (لبات)م بینی، کە بە چ زەحمەت و ماندوبوونێک دروستدەکرێت، بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت تا دەبێتە ئەو راخەرەی کە ئێمە لەسەری دادەنیشین، بەڵام ئێستا لبات لای من ئەو مانایەی نەماوەو چیرۆکێکی تر لە پێشانگەکەمدا دەگێڕێتەوە نەک چیرۆکە باوەکەی ژیانی خۆی، ئەم بیرۆکەیە لام گەڵاڵە بوو، تا دواجار بیرۆکەی ئیشکردنم لەسەر لبات چوویە چوارچێوەی کاری هونەرییەوە)

بینەر لەسەیرکردنی تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەوەو وردبوونەوە لە کەرەستەو شێوازی دروستکردنی تابلۆکانەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە لبات کرۆکی ئیشکردنی ئەوە، بە جۆرێک بە بێ بوونی لبات شتێک لە تابلۆکانی ئەوەوە نامێنێتەوە بە ناوی تەکنیک و هونەر، (لبات) بەدەر لە کەرەستەی ئیشکردن دواجار بەرهەمهێنانەوەی مانایەکی تریی کولتوورییە لە ناو چوارچێوەی تابلۆدا، چونکە (لبات) بۆ ئەم هونەرمەندە نیشتیمانێکی ترە، بە جۆرێک ئەو نیشتیمانە کۆکەرەوەی سەرجەم رەگەز و تایبەتمەندی و رەنگ و رووخسارەکانە، لبات نیشتیمانی ئەوە بە شێوازێکی گریمانکراو، چونکە لە پێشانگەکەدا (لبات) و (بەرەکەی میم گوڵچین و فەرەنجییەکەی لالۆ فەتاح) هەریەکەیان بەشێوازێک دەستیان لە گەردنی یەکدی ئاڵاندبوو بۆ نمایشکردنی کۆمەڵێک دیمەن لە رەنگی کوردی و روخساری گەرمەسێرانە.

لە بارەی کەشی گەرمەسێر و تایبەتمەندی سرووشتی گەرمیان لە ناو تابلۆکانی سەردارەوە بە چ هێڵ و لە چ رەهەندێکەوە بەستراوەتەوە بە کارەساتی ئەنفال و بۆنەیەکی دیاریکراوەوە؟

بۆ ئەم حاڵەتەش هونەرمەند باوەڕی وایە هونەریی بۆنە هونەرێکی مردووە، چونکە لەگەڵ تەواوبوونی بۆنەکەدا هونەرەکەش دەمرێت، بەڵام بیرکردنەوەیەکی قوڵ و هونەرییانە لە هەریەک لە بۆنە تایبەتمەندییەکانی کورددا جارێکی تر رەهەندێکی جیهانی و رەهەندێکی قوڵ بە کارەسات و بۆنەکە دەبەخشێتەوە، نەک رەهەندی یادکردنەوەو ئاهەنگسازی وەک ئەوەی لای خۆمان هەیە، بۆ ئەو





حاڵەتەش ئاماژە بە کارکردنی هونەریی خۆی دەدات و لەو بارەیەوە دەڵێت:( هەموو ئەو تابلۆیانەی من کردوومە لەم پێشانگەیەدا پەیوەندی بە ئەنفال و گەرمیانەوە هەیە، ئەمە بەشێکە لە فەلسەفەی پێشانگەکە، ئەمە ئەو رۆحەیە کە تابلۆکان و چیرۆکی کارەساتەکە بە شوێنەکەوەو بە کەشی گشتی ئەم شوێنەوە دەبەستێتەوە، من بەدەر لەوەی بە کەرەستە دیارەکانی گەرمیان، لە (لبات و خوری و رەنگ و فەرەنجی و ...هتد)کارم لە یادەوەریی ئەو شوێنەدا کردووە، جارێکی تریش لە رێگەی پەیوەندی ئەنفال و بەعس و دەزگا سەرکوتکەرەکانییەوە ئەو هێڵەم دۆزییەوەتەوە کە یادەوەریی و ئەندێشەی مرۆڤی کورد لەو کارەساتەدا گەورەتر دەکات، کە بینای سەرا لە ساڵانی زوودا هەموو تاکێکی کورد ئەم بینایەی وەک ماڵی بەعسییەکان و قەتڵ و عامی ئەوان دەیبینی، ئێستا من بەو یادەوەرییە بریندارەوە هاتووم تابلۆو حیکایەتی ئەو کارەساتەم لەو ماڵە خوێناوییەدا نمایشکردووە کە بەعسییەکان پلانی ئەنفالیان تێدا دادەرێژا، رەنگە ئەمە خاڵی بەهێزی ئەو هێڵ و رەهەندانە بێت کە تابلۆکانی من وز ئەنفال بەیەکەوە دەبەستێتەوە.)

لە بارەی ئەو پرسیارەی کە ئایا بینەر دەتوانێت بڵێت لەم پێشانگەیەدا تۆ بۆ بۆنەیەکی تایبەت ئیشتکردووە کە ئەنفالە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت ( من ئیشناکەم بۆ بۆنەیەکی تایبەتی، ئەوەندەی ئیشدەکەم بۆ ناخ و بینینی خۆم، چونکە گەر بۆ بۆنە ئیش بکەین کە بۆنەکە تەواوبوو ئیشەکەشت تەواو دەبێت، بەڵام گەر بۆ ناخ و بینینی تایبەتی خۆت و بە خەیاڵ ئیشبکەیت هەرگیز بینین و خەیاڵی مرۆڤ تەواو نابێت، بۆیە ئەوە بینینی منە بۆ ئەنفال وەک کارەساتێکی گەورەی مرۆڤایەتی، نەک وەک بۆنەیەکی دیاریکراو.

یەکێک لەو بنەمایانەی کە تاڕادەیەک هارمۆنییەتی نێوان تابلۆ و چوارچێوەی لەم پێشانگەیەدا شێواندبوو، جیاوازیی نێوان لبات وەک کەرەستەیەکی میللی و چوارچێوەی تابلۆکان وەک کەرەستەیەکی مۆدێرن، کە تارادەیەک سیمایەکی کۆنتراسییانەی لە چاوی بینەردا دروستدەکردو تێکەڵاوییەکی خولقاندبوو لە نێوان کەرەستەی میللی و کەرەستەی مۆدێرنی کارکردن، بۆ وەڵامی ئەم رەخنەیە هونەرمەند پشتگیریی لەو رەخنەیە دەکات و پێی وایە ئەو رەخنەیە لە جێگەی خۆیدایە، بەڵام هۆکاری ئەو حاڵەتەش بۆ هەندێ گرفت دەگێڕێتەوە لە دەرەوەی دەسەڵات و چێژی هونەریی خۆی.

(رەخنەکەتان لە جێگەی خۆیەتی، من ئەوەم دەزانی، سەرەتا لەگەڵ بەرێزانی بەرێوبەرایەتی هونەری شێوەکاری قسەمکرد کە بچم بۆ کەلار و کفری ئەو شوێنەی (لبات) دروستدەکەن بە پێی قەبارەی هەر تابلۆیەک بۆ نموونە (٧٠ئسم بە ٨٠سم ) (٥٠سم بە ٧٠سم) بێت، بەو شێوەیە بۆ هەر تابلۆیەکم (لبات)ێک دروستکەم، چونکە (لبات) لە بازاڕدا هەیە (١م بە ٢م)ن و بۆ ئیشەکەی من نابێت، بەڵام کەمی کات و هەندێ گرفتی ئیداری وایکرد نەتوانم بەم کارە هەڵسم و دواجاریش زیانی بە تابلۆکان گەیاند، چونکە من پێش ئەو رەخنەیەی ئێوە ئەم بیرۆکەیەم هەبوو، بەڵام هەندێجار بیرۆکە لە بیری هونەرمەندایەو ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.)

لە بارەی پێگەی رەنگەوە کە یەکێکە لە پێگە بەهێزەکانی هونەرمەند لەم پێشانگەیەو لەم ئەزموونە نوێیەی کارکردنیدا ئەو بەم شێوەیە پێناسەی رەنگ دەکات کە (رەنگ خەونە، خەیاڵە، بیرکردنەوەیە، نەستە، بینینی رەنگ، بینینی ژیانە بۆ مرۆڤ و بۆ هونەرمەند.

* ئێوارەی ١٧-٤/٢١ لە یەکێک لە هۆڵەکانی (سەرا)ی شاری سلێمانی، (سەردار عەبدوڵڵا) سێیەمین پێشانگەی تایبەتی خۆی کردەوە.

سەردار عەبدوڵڵا ساڵی ١٩٧٠ لە سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٩١ بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، لە ٢٠٠٠ لە بەریتانیا دەژی و ئەندامی گروپی هونەریی (کۆمەنتی نۆرس ئارت ) هو ئەندامی دامەزرێنەری گروپی (هونەرو کولتووری کوردییە لە مانجستەر) و ئەندامی شێوەکارانی (هیروج)ە لە بەریتانیا.